تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ریشەی کاریگەرییەکانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا

زەکی سالح
وەرگێر: کامیل محەممەد قەرەداغی

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى . عربي . فارسي)

ڕیشەی کاریگەرییەکانی بریتانیا
لە میسۆپۆتامیادا

زەکی ساڵح

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
کامیل محەمەد قەرەداغی

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

- ناوی کتێب: ریشەی کاریگەرییەکانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا
- نووسەر: زەکی سالح
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کامل محەمەد قەرەداغی
- پیتچنین: وەرگێڕ
- دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
- بەرگ: رەنج شوکری
- ژمارەی سپاردن: ١٣٣٤/ ساڵی٢٠٠٩
- چاپخانە: رەنج/ سلێمانی
- تیراژ:١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٢٥٠٠ دینار
- زنجیرە: ٣١

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥
تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣
kurdology2006@yahoo.com

ناوەڕۆك

بابەت	لا
سەرەتا	٧
بەشی یەکەم: سەرەتاکان، پێش ١٧٩٨	١٣
١. ڕێپێدانە بەراییەکان لەلایەن ئاستانەوە	١٣
٢. سەرەتاکانی بازرگانیی ترانزێتی (گواستنەوە)	١٩
٣. بارەگا سەرەتاییەکانی ناو کەنداوی فارس	٢٣
بەشی دووەم: کێبەرکێی ئەنگلۆ- فەرەنسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا ساڵی١٨٠٢	٣٧
١. ململانە ئەنگلۆ- فەرەنسییەکان لەپێش سەردەمی ناپلیۆنەوە تا ساڵی ١٧٩٨	٣٧
٢. یەکەمین سەرکەوتنی بریتانیا لە بەرامبەر ناپلیۆندا (١٧٩٨-١٨٠١)	٤٦
بەشی سێیەم: دوایین قۆناغی کێبەرکێی ئەنگلۆ- فەرەنسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا١٨٠٢-١٨٠٩	٦٣
١. نوچدانی باڵادەستیی بریتانیا لە ١٨٠٢ بۆ ١٨٠٧	٦٣
٢. دووەمین و دوایین سەرکەوتنی بریتانیا بەسەر ناپلیۆندا ١٨٠٨-١٨٠٩	٨٠
بەشی چوارەم: ناوبـــــــــڕی ١٨١٠-١٨٣٠	٩٩
١. بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی کاریگەریی بریتانیا	٩٩
٢. کۆتایی سەردەمێك لە میسۆپۆتامیادا	١٠٨
بەشی پێنجەم: پاڵنەرەکانی ڕووسیا و دامەزرانی باڵادەستیی بریتانییەکان لە ١٨٣٠- ١٨٦٠	١٢٣
١. چالاکییەکانی ڕووسیا	١٢٣
٢. دەریاوانیی بریتانییەکان لەناو دیجلە و فوراتدا	١٣٢
٣. میسۆپۆتامیا، وەك کایەیەکی کاریگەریی بریتانیا	١٤٠
سەرچاوەکان	I

سەرەتا

بەگشتی ئەوە شتێکی زانراوە، کە ناوچەی میسۆپۆتامیا، ئەوەندەی سیحری هەبووە بۆسەر خوێندکارانی مێژووی دێرین و تەنانەت مێژووی چاخەکانی ناوینیش، ئەوەندە لەلایەن خوێندکارانی مێژووی مۆدێرنەوە گرنگیی پێنەدراوە. بنکەی یەکێك لە ناودارترین ئیمپراتۆریاکانی سەردەمی دێرین لەسەر کەنارەکانی دوو رووبار بووە و لە بەغداوە خەلیفە (ئەلمەئمون٨١٣-٨٣٣) فەرمانڕەوایی بەسەر ناوچەیەکدا کردووە، کە بە درێژایی هەموو سەردەمەکان بەرفراوانترین و گەشەسەندوترین ناوچەی جیهانی کۆن بووە لە تەنها رووداوێکی رەوتەنییەوە نەبووە، بەڵکو بەپیتیی خاکەکەی و سەرچاوە و داهاتی دوو رووبارە شکۆدارەکەی و شوێنەکەی، کە ناوجەرگەی زەوییەکانی رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و ئەوانەی دەریالوشی هیندی بووە، هەموو ئەمانە فاکتەری بنچینەیی بوون لە دروستکردنی مێژووە گەش و ناودارەکەیدا.

ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕیی قەدەر بوو، ئەوەبوو سەرباری ئەم دەستکەوتانە ئەو بەدبەختییەیان بەدواداهات، کە وڵاتەکە هەرەسی هێنا. هەورازی سەختی هاتەسەر رێ و کۆسپی کەمیی کەرەستەی خۆراکی رێگەی پێگرت. سوپا بەربەرییەکانی ناوەڕاستی ئاسیا دابارین بەسەر دۆڵی نێوان دوو رووباردا، بەغدایان داگیرکرد. لەساڵی (١٢٥٨) دا بە یەکجار ئیمپراتۆریا گەورەکەی عەباسی و وەچەکەیشیان بە ئاکامێکی ترسناك گەیاند. بەدوای ئەوەشدا سێ سەدەی شپرزەیی (تەمەنی تاریکیی میسۆپۆتامیا) هات. ئەمە سەردەمی پێش فەرمانڕەوایی تورکە عوسمانییەکان بوو بەسەر وڵاتەکەدا، کە ئەمانیش ماوەی نزیکەی زیاتر لە چوار سەدە و تا ساڵانی (١٩١٤-١٩١٨) وڵاتەکەیان بەڕێوەبرد. لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانیشدا میسۆپۆتامیا نە گەشەیەکی کولتووریی بەخۆیەوە دی و نە حکومەتێکی باشیشی هەبوو.

لەو دەمەدا بەهۆی ستراتیجیبوونی شوێنەکەیەوە، میسۆپۆتامیا بابەتێکی زۆر گرنگ بووە و سەرنجی بریتانیای بەلای خۆیدا راکێشاوە. هەر لە سەرەتاکانی ساڵانی (١٥٨٠)ەکانەوە شاژنە ئەلیزابیس بەڵێنی دابینکردنی ئاسایش و مامەڵەی باشی بۆ

بازرگانه بریتانییەکان لەناو خاکی عوسمانییەکاندا لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانیی باڵاوە وەرگرتبوو. بازرگانە بریتانییەکان کەوتنە ئەوەی بە رەوتەنی و بەشێوەی کاتی لەسەر رێگای هاتن وچوونیان بۆ ئیندیز بە میسۆپۆتامیادا تێپەڕن. ئینجا ماوەیەکی کەم پاش ئەوە هێزە دەریاییەکانی بریتانیا، پورتوگالی و پاشانیش هۆڵەندییەکانیان لە کەنداوی فارس رامالی، کە ئەویێ دەروازەیەکی سروشتی بوو بۆ میسۆپۆتامیا و بوو بە بەردی بناغەیش بۆ کاریگەریی بریتانیا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی.

کاتێکیش، کە فەرەنسا بەدووای هۆڵەندەدا لە دەریالووشی هیندیدا بوو بە رکەبەرێکی بازرگانیی گەورەی بریتانیا، بە مسۆگەری زاری کەنداوی فارسیش بوو بە خاڵێکی چەقبەستنی ململانەی نێوانی دوو دەسەڵاتەکە. ئەم پێشڤەچوونانە تا ساڵی (١٧٩٨) لە بەشی یەك و دووی ئەم کارەی ئێستەدا باسیان لێوەکراوە.

هەرچەندە بریتانیا پێش ساڵی (١٧٨٩) هیچ گرنگییەکی گەورەی بە ئیمپراتۆریای عوسمانی نەداوە، بەڵام لەو ساڵە زۆر گرنگەدا (ناپلیۆن بۆناپارت) میسری داگیرکردووە و سەرەتای ئەو شتەی داناوە، کە دەتوانین ناوی لێبنێین (سەردەمی ناپلیۆنی لە رۆژهەڵاتدا). کاریگەریی ئەم شتە لەسەر پەیوەندییەکانی بریتانیا لەگەڵ وڵاتاندا ئەوە بوو کشانەکەی لە ئیستەنبوڵەوە تا کەلکوتا زۆر بەباشی گەشەی کرد و گەورە بوو.

لە راستیدا هەر لە دەماودەمی ساڵە یەکلاییکەرەوەکانی (١٧٩٨ تا١٨٠٩) دا بوو، کە کاریگەریی بریتانیا بە یەکجاری کەوتە سەر تورکیا، ئێران و لەسەرووی هەمووشیانەوە کەوتەسەر نیمچەدورگە گەورەکەی هیند. بەبێ ئەم رووداوانە بریتانیا بۆی نەدەلوا دەسەڵاتی خۆی لەناو میسۆپۆتامیا و بەسەریشیدا بسەپێنێت، بۆیە بەشی دوو و سێ تەرخان کراون بۆ ئەم باسە.

لە دوو دەیەی یەك بەدوای یەکی (١٨١٠ – ١٨٢٠) دا کاریگەریی بریتانی لە ناوچەی ئێران و کەنداوی فارسدا بەرفراوانتر بوو. هەروەها رژێمە مەملوکییەکەی ناو میسۆپۆتامیاش لەساڵی (١٨٣٠) دا وازی لە دەسەلات هێنا و دای بە دەستی دەسەڵاتە گریمانەییەکەی سوڵتانی عوسمانییەوە. ئەم رووداوانەش، کە وایان کرد راسانی کاریگەریی بریتانا لە میسۆپۆتامیادا زۆر ئاسان و زۆر سروشتی بێت، لە بەشی چوارەمدا باسکراون.

لە دەمی ساڵانی (١٨٣٠–١٨٦٠) کاریگەریی بریتانیا بۆ دواجار لەسەر کەنارەکانی روباری دیجلە و فورات، لە رێگەی زنجیرەیەك چالاکیی بەرچاوی بریتانییەکانەوە

دامەزرا. پاڵنەری سەرەتایی ئەم دامەزرانە بوونی ترسی ئەو گریمانە بوو روسیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر میسۆپۆتامیا و کەنداوی فارسدا بسەپێنێت. ئەم ترسانە تاچەند بەجێ و راستەقینە بوون و ئەو چالاکییانە تاچەند بەرچاو بوون، ئەمە لە بەشی پێنجەمدا باسی لێکراوە.

هۆی ئەوەی، کە ژمارەیەکی باشی لاپەڕەکانی پاشتر تەرخان کراون بۆ باسی کاروباری تورکیا و هیندستان، ئەو راستییەیە، کە میسۆپۆتامیا سەر بە عوسمانییەکان بووە، هەروەها پەیوەندییە ئەنگلۆ-هیندییەکانیش بە توندی گرێدرابوون بە مەسەلەی گەشەی کاریگەریی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا.

هۆی ئەوەش، کە بەشێکیش تەرخان کراوە بۆ ئێران و کەنداوی فارسی، ئەوەیە کە پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێ ئەم ناوچانە لە واقعدا پێکەوە، لەگەڵ دۆڵی دیجلە و فوراتدا یەک کایەی کاریگەریی بریتانییان پێکدەهێنا، وا چاویان لێدەکرێ، لەمانەوە خزانی بەرەو جەنگی جیهانی دەستی پێکردبێ. وەک سەرەتایەک دەبێ باس لەوە بکەین، کە تێرمی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە بەشەکانی داهاتووی ئەم گێڕانەوەیەدا بۆ ئاماژەدان بەو ناوچانە بەگشتی بەکارهێنراوە.

پاشان دەبینرێ، کە چوار بەش لەم پێنج بەشەی ئەم وتارە باس لەو شتە دەکات، کە دەتوانین راست و دروست پێی بڵێین روانینەکانی بریتانیا بۆ میسۆپۆتامیا و پێنجەم بەشیشیان باس لە جێگیربوونیان لەو ناوچەیەدا دەکات.

ئەوە روونە، کە لە سەردەمانی رابوردوودا بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بریتانیا پچڕپچڕ و نیمچە لەرزۆک بوو، بەڵام پاشتر بەو بەها ستراتیجییانەی لەبەرچاوگیران لە رکەبەریکردنی هەر یەکەی پورتوگال، کۆماری هۆڵەندە و فەرەنسا یەک لەدوای یەک و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، وایان کرد بۆ بریتانیا پێویست بێت چالاکانە دەست وەربداتە ناو کاروبارەکانی عەرەبستانی باشوور و کەنداوی فارس و خودی وڵاتی ئێرانیش. لە راستییشدا ئەم بەرژەوەندییە نوێیەی بریتانیا بەڕوونی شتێکی ناوەندی بوو لەچاو پرۆژەکەی خۆی لەناو هیندستاندا. ئەم گۆڕانە لە شتێکی هەڕەمەکییانەی لەخۆوە، بۆ پێوەسەرقاڵبوونێکی چالاکانە لە رێگەی بەلەمی هەڵمی و ئەو هێڵە ئاسنینیانەوە بوو، کە بە هەڵم کاریان دەکرد.

لەبەر دوو بەها، کارکردنی سەر ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بە پرۆژەی (ئەودیوو دەریاکان) ی بریتانی بەستووە، نەک مێژووی ناوخۆیی میسۆپۆتامیا: یەکەمیان ئەوەیە

دەستپێشخەریکردن بۆ کاریگەرییەکە لەلایەن بریتانیاوە بووە و بەدەستی خەڵکی میسۆپۆتامیا نەبووە. دووەمیان ئەوەیە خەڵکی دۆڵی دوو رووبارە گەورەکە هیچ تۆمارێکی ئەوتۆیان لەبارەی بەریەککەوتنی خۆیان لەگەڵ بریتانیا لێ جێ نەماوە. هەر ئەم بەهایە ئەوەش روون دەکاتەوە، کە بۆچی دەبێ کەرەستەکانی ئەم مێژووە بەشێوەیەکی تایبەتی لەناو سەرچاوە بریتانییەکانەوە دەربهێنرێن.

بە پشتگیریی پرۆفیسۆر کارلتن .ج .ه .هایز: ئەم کارەی ئێستە (واتە ئەم کتێبە–و) بووە بە سەرچاوەیەکی ئەکادیمیانەی بەتام و زۆر بەبەهای راهێنانی نووسەرەکەی. لە هەموو قۆناغەکانی ئەم تێزەدا نووسەر سوودی گەورەی لە ئامۆژگارییە هۆشیارانەکان و رەخنە زانستییەکانی پرۆفیسۆر هایز وەرگرتووە. بۆیە ئەم کارە دەگونجێ لەگەڵ ئەو فێرکردنە بالایەی ، کە هەر لەسەرەتاوە نووسەر لە پرۆفیسۆر هایزی وەرگرتووە، بۆیە تا چەند قوتابییەك بتوانێت قەرزارباری مامۆستایەك بێت، ئەوەندەیش نووسەر قەرزارباری ئەم مامۆستا بەتوانا و هۆشیارەیە. بۆیە لەگەڵ سوپاس و پێزانینی لەدڵەوە ئەم هەست بە چاکەکردنەی لێرەدا بۆ تۆمار کراوە.

هەروەها سوپاسی (پرۆفیسۆر ج .ب .برێبنەر) دەکەم و هەست بە چاکەکانی دەکەم و هەمان شتیش بۆ پرۆفیسۆر (سی. و. کۆڵ) بە ئەرکی سەرشانم دەزانم.

بەشی یەکەم

سەرەتاکان، پێش ١٧٩٨

سەرەتاكان، پێش ١٧٩٨

لە هەوڵە سەرەتاییەکانیاندا بۆ بازرگانی کردن لەگەڵ رۆژهەڵاتدا و بەناو رێگا وشکانییەکانی سەرزەویدا، بازرگانە بریتانییەکان دەبوو بەناو خاکی عوسمانییەکاندا تێپەڕن، بۆیە دەبوو بەڵێنی دابینکردنی ئاسایش و مامەڵەی دادپەروەرانە لە سوڵتان وەربگرن. بەدیویێکی تریشدا، رێگایەکی تریش گیرایەبەر، کە هەمووی ئاویی بوو، ئەمەیان لە (رأس الرجاء الصالح–سەری ئومێدی باش–Cape of Good Hope)ەوە بوو، لێرەوە پەیوەندییان لەگەڵ ناوەندە بازرگانییەکانی کەنداوی فارسدا دروستکرد، لێرەشەوە و بەماوەیەکی کاتی توانییان بەندەرێك بۆ خۆیان دروست بکەن. بەمەش ئیستەنبوڵ و کەنداوی فارس زوتر بوونە ئەو ناوەندانەی، کە لێیانەوە کاریگەریی بریتانیا توانیی ئامبازی میسۆپۆتامیاش بێت.

١-رێپێدانە بەراییەکان لەلایەن ئاستانەوە

پێدەچێت لە مێژووی تازەدا (ئەنتۆنی جێنکنسن) یەکەمین بازرگانی ئینگلیز بووبێت پێی نابێتە ناو بەشە ئاسیاییەکەی تورکیاوە. ئەم کابرایە لە ساڵی (١٥٥٣) دا لە حەلەب رێپێدانێکی لەلای سوڵتان سولەیمانی گەورە وەرگرتووە، کە ئەمیش بە هەمان شێوازی خەڵکە فرەنسی و ڤینیسییەکان لە تورکیا بازرگانی بکات. داوای ئەوەشی لێ نەکرابوو، باجێکی زیاتر لە باجی ئاسایی بدات.[1] بەڵام ئەم کارەش بواری ئەوەی نەڕەخساند چالاکییەکی بازرگانیی گەورە دەست پێبکات ئەگەرچی لەساڵی (١٥٥٣) دا ئەو ئیمتیازە درابوو بەو خانەدانە گەورەیە (مستەر ئەنتۆنی جێنکنسن) و تا بەلای کەمەوە دو دەیەی

---

[1] Epstein, M. , The Early History of the Levant Company(London (London, 1908), 7-8.
هەروەها هەژمارێکی گشتی لەلایەن زانای شارەزا سێر ویلیەم فۆستەرەوە
England's Quest of Eastern Trade (London (London, 1933)

پاشتریش ئەو بازرگانی کردنە هەر بە فەرامۆشکراوی مایەوە.[2]

رووداوێکی تر، کە بۆ خۆی وەکو رووداوێکی گرنگ سەلێمنرابێ و لەوانەش بێت وەك دەستپێکردنی چالاکیی بازرگانی کردنی بریتانیا دانرابێت لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، لە ساڵی (١٥٧٥) دا روویداوە. لەم ساڵەدا بوو سێر (ئێدوارد ئۆسبۆرن) و (ریچارد ستەیپەر) بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمپانیایەی، کە بەناوی (کۆمپانیای رۆژهەلات) دەوە ناسراوبوو دوو تەتەری خۆیانیان نارد بۆ ئیستەنبوڵ بۆئەوەی رێگە بۆ هاتنی (ویلیەم هاربۆرن)یش خۆش بکات. هاربۆرنیش کاربەدەستی سێر ئەدوارد بوو. ئەرکەکە سەرکەوتووانە ئەنجام درا و لە مانگی (تشرینی یەکەمی ١٥٧٨) دا بە گەشتێکی نهێنی بەسەر زەویدا هاربۆرن گەیشتە ئیستەنبوڵ.[3]

گرنگیی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی هاربۆرن بوو، ئەوە بوو بەڕاستی بناغەی پرۆژەیەکی بازرگانیی دانا بۆ هەر پیاوێکی ئینگلیز ، کە لەناو هەر موڵکێکی تورکیادا، بێگومان بە میسۆپۆتامیاشەوە بیانەوێت، بتوانن بازرگانی بکەن. هاربۆرن توانیبووی نامەیەك لە سوڵتان موورادی سێیەمەوە بۆ شاژنە ئەلیزابیس دابین بکات، ئەو نامەیە بە بەرواری (١٥/ئادار/١٥٧٩) بوو. لەو نامەیەدا سوڵتان بەڵێنی ئەوەی دابوو، کە (هەمیشە وڵاتەکەی کراوە دەبێت بۆ بازرگانە ئینگلیزەکان. (هەروەها ئێمەیش) بۆ ئەوەی سوود لە وتە نووسراوەکانی سوڵتان وەربگرین (هەرگیز کۆ لەوە ناکەینەوە کۆمەك و فریادرەسی هەرکامیان بین، ئەگەر بمانەوێ رێز لەم هاورێیەتی و داوا و یارمەتییەمان بگرین، ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین بە هەموو مەبەستێکی باشەوە بەتەنگ ئەم چاکەیەوە بین).[4]

لەوەناچێت، نامەکەی سوڵتان، کە بە ئاوازێکی زۆر بەرێزانەوە نووسرابوو، هەروەها ئەو ئیمتیازە رژدانەش کە بەرامبەر خواستە بریتانییەکان بەخشرابوون، بەپێی پێویست حکومەتی بریتانیایان قایل کردبێ. بەدڵنیاییەوە نامەکە لە هەندێ شوێنیدا زۆر

---

[2] Haklyut, Richard, The Principal Navigations, Voyages, Traffiques and Discoveries of the English Nation (Glasgow 1903), V, 168: Lardner, Dionysius (ed.), The History of Maritime and Inland Discovery (London, 1830), II, 187-190; Birdwood, Sir, G. C. M. , Report on miscellaneous old records at the India Office (London, 1890), 195.

[3] Miles, S. B. The Countries and Tribes of the Persian Gulf (London, 1919), I, 205.
ئەم گەشتە بە نهێنی هێڵرایەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك ڤینیسییەکان لەلای کۆشکی ئیمپراتۆریای عوسمانی وا هەڵسوکەوت بکەن، خۆیان لە بەرامبەر ئینگلیزەکاندا هاوسەنگ بکەن.

[4] Haklyut, op. cit. V, 170; ١٧١-١٦٩. , سەرچاوەی پێشوو ، دەقی نامەکە

گشتییانە بووە. سوڵتان هەر ئەوە نەبووە ویستبێتی لەنامەکەیدا چەند ئیمتیازێك ببەخشێت، بەڵکو ویستویەتی هەلی ئەو نامەناردنە بقۆزێتەوە و ئەوە پیشانی شاژن بدات، کە خۆی چەند کەسێکی خانەدان و مرۆڤ دۆست بووە. لەبەرئەوەی هەموو موڵکەکانی ئەو کراوەبوون بۆ هەموو بازرگانەکانی (دوژمنان و دۆستان) زۆر بەدڵنیاییەوە ئارەزووی ئەوەشی هەبوو بەڕووی خواستەکانی شاژنیشدا دۆستانە و یارمەتیدەر بێت، لەبەرئەوەی (شاژن شکۆدارییەکی پادشایی زۆر مەزنی هەبوو، پڕبوو لە نیازپاکی، هەموو جۆرەکانی هەستی خۆشەویستیی هەبوو.) بەرامبەر بە سوڵتان. بەڵام بەلای شاژنی سەلارەوە ئەم شتە گشتییانە زیادەیەك بوون و خرانە سەر ئەو راستییەی، کە خودی نامەکە لەلایەن کەسێکی تایبەتەوە بەدەست هێنراوە و بەڵگەیەکی وای تێدابوو شاژن تێبگات ئەو بەڵێنانە قایلکار نین.

بەڵام ئەم رووداوە وای لە شاژن کرد بکەوێتە سەودای بەدەستهێنانی بەڵگەیەکی (دۆکیومێنتێکی) فەرمی و وردتر و روونتر بۆ تێگەیشتن. لەم رووەوە و بۆ ئەم مەبەستە نامەیەکی نارد بۆ سوڵتان و تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، کە ئەمیش لەلای خۆیەوە، لە ناوچەکەی خۆیدا هەمان ئیمتیاز دەبەخشێتە بابەتە بازرگانییەکانی عوسمانییەکان.[5] بە گەیشتنی ئەم نامەیە، سوڵتان لە ساڵی (١٥٨٠)دا پەیماننامەیەکی دەرکرد، تێیدا ئیمتیازی تەواو دەبەخشێتە بازرگانە ئینگلیزەکان. ئەم پەیماننامەیە دەبێتە یەکەمین بەڵگەی ئەنگلۆ- عوسمانیی لەم شێوەیە. ئەم دەقی راگەیاندنەی خوارەوە بەشێکە لەو پەیماننامەیە وەرگیراوە و بەڵگەیشە لەسەر ناوەڕۆکەکەی:

(لەبەرئەوە ئێمە رێگە بە هەموو خەڵکەکەی (خاوەن شکۆ شاژنی بریتانیا) و بازرگانەکانیشی دەدەین، کە بەڕێگەیەکی ئاشتییانە و بێوەییانە بێنە ناو موڵکە ئیمپراتۆرییەکانی ئێمەوە بە هەموو کارە بازرگانی و کاڵاکانیشیانەوە بەبێ ئەوەی هیچ رێگرییەکیان لێ بکرێ، هاتوچۆی خۆیان بکەن، دابوونەریتی خۆیان بەکاربهێنن، بەپێی مۆدێلی باوی تایبەت بە وڵاتی خۆیان کڕین و فرۆشتن بکەن.)[6]

ماوەیەکی زۆر نەبوو ئەو پەیماننامەیە خرابووەگەڕ، باڵوێزی فەرەنسا لە ئیستەنبوڵ (م. دی. جێرماینی) هەوڵیدا ئەو بیروبۆچوونانەی سوڵتان لەبارەی ئینگلیزەکانەوە هەڵگەڕێنێتەوە. ئەم هەوڵانەیشی بۆ ماوەیەکی کاتی سەرکەوتوو بوون. وەك

[5] بۆ بینینی دەقی نامەکانی شاژن، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٧٥-١٧٨.

[6] Haklyut, op. cit., V, 185; text of the charter, ibid, 183-189; Epstine, op., cit., APP. VIII, No. I

سەلمێنراوە، ئەو پەیماننامە نووسراوە بەزوویی و بۆ ماوەیەکی کاتی بوو بە پەیامێکی مردوو.[7]

بەڵام (هاربۆرن) لە هەوڵی سەرلەنوێ گەڕاندنەوە و جەخت لێکردنەوەی ئەو ئیمتیازانەی ئینگلیزدا نائومێد نەبوو، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری دووجار سەردانی ئینگلتەرای کردەوە. لەسەردانەوەی دووەمیدا بەڵێنی ئەوەی لە شاژنە ئەلیزابیس وەرگرت، کە ئەم وەك باڵوێزی خۆیان بۆ ئیستەنبوڵ دیاری بکات و دەسەڵاتی سەرۆکاری کردنی هەموو بابەتە بازرگانییەکانی ئینگلیزی ناو تورکیای پێبدات. هەروەها بەرپرسیارێتیی دەستنیشانکردنی کونسوڵ و ڕێکخستنی کاروبارەکانی حوکمکردنی چالاکییەکانی ئینگلیزی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانیشی پێدرا.[8]

ئینجارە کە گەڕایەوە بۆ ئیستەنبوڵ بەرپرسیارێتییەکی سیاسیی هەبوو، چەند نامەی ڕاسپاردن و دیاریی بۆ سوڵتان پێبوو. لە ڕۆژی (٣/مایس/١٥٨٣) دا دیاری و بەڵگەکانی خۆیی پێشکەش کرد و بەزووییش پەیماننامەکەی زیندووکردەوە. بۆیە ئەرکەکەی لەوێ چۆن تەواو ئابوورییانە دەستی پێکرد، بە وەرچەرخانێك بە هەمان شێوە بوو بە سیاسییش. چۆن وەك بریکاری بازرگانی بەسەر سکەی پارەی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتەوە کاری دەکرد، وەك باڵوێزیش لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە ڕاسپێردرا و متمانەی پێدرا. تا ساڵی (١٨٠٣) یش باڵوێزی بریتانیا لە ئیستەنبوڵ لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە دیاری دەکرا و مووچەشی پێدەدرا.[9]

لەوە ناچێت ڕەچەڵەك و گەشەی پەیماننامەکانی بریتانیا، یان بڵێین ئیمتیازاتەکانی ئەوان لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێ.[10]

---

[7] Epstine, op. cit. , 11- 12.

[8] بۆ بینینی دەقی ئەم بەڵگەنامەیە بروانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
Hakluyt, op. cit., V, 222 - 224

[9] Miller, William, The ottoman Empire and its successors, 1801-1922(London 1936), 13; Epstine, op. cit., 74.

[10] یەکەمین باڵوێزی بریتانیا بۆ تورکیا(ئێدوارد بورتن) بووە، لەساڵی (١٥٩٣) دا نێردراوەتە ئیستەنبوڵ
Hammer, J. de, Histoire de l'Empire Ottoman, XVII, 134

ئەگەرچی سێر ئێدوین پیرس وا ناوی (ویلیەم هاربۆرن) ی بردووە، کە یەکەمین باڵوێزی ئینگلیزی بووبێت بۆ لای سوڵتان و گەشتنەکەشی بە ئیستەنبوڵ لەساڵی (١٥٨٣) دا بووبێت Pears, Turkey 388 and its ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە ئێمە لەبارەی ڕەچەڵەکی پەیماننامەکانەوە لەناو تێزی دکتۆرای ◄◄

ئەگەرچی لەم کارەی ئێستاشماندا تەنها ئەو ڕووانەی ئەو پەیماننامانەمان بە هەند وەرگرتووە، کە پەیوەندییان بە مەسەلەی بابەتەکەی ئێمەوە هەیە.

یەکەمین دەرکەوتنەکانی پەیماننامەکانی بریتانیا لەساڵی (١٥٨٠) دا بووە، بەڵام سێ ساڵ لەپاش ئەو بەروارەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە. لە دووسەدەی پاشتردا و بەتایبەتییش لە ساڵانی سەدەی حەڤدەدا بریتانیا چاوی بڕیبووە کۆمەڵە ئیمتیازاتێکی نوێی تر و چەندجاریش ئەو کۆنانەی خۆیی هەموار و ساغ کردۆتەوە. بەڵام تا سەرەتای سەدەی نۆزدە هیچ کامی ئەو پەیماننامانە وەك دەستوورێکی دیار و پشت پێبەستراو لەبەرچاو نەگیرابوون. کاری کۆکردنەوەی بەڵگەنامەیی لەگەڵ پەیماننامەکانی ساڵی (١٨٠٩) دا دەستی پێکردووە و باسی لەوانەی ساڵی (١٦٧٥) کردووە، کە سەرەتایی بوون و کەموکورتییان تێدابووە و شتی سەرپێیی بوون.[11]

جگە لەوەش ئەو ئیمتیازانەی زوو لە دەمێکی تایبەتدا گرنگیی خۆیانیان هەبووە، لەو دەمەدا کە پەسەندبوون، ئەگەر لە جارێکیشدا فەرامۆشیان کردبا، لەوانەبوو لە جارێکی تردا لەبەرچاوبگیرانایەتەوە.

جیاوازیی گەورە و بەرچاو لەناو بەندەکانی هیچ کامی ئەم پەیماننامە بەراییانەدا دەرناکەوێ. لە پەیماننامەکەی ساڵی (١٥٨٠–١٥٨٣) دا ئەو ڕێپێدان و ئاسانکارییە خوازراوانەی بریتانیا داوای کردبوون، بوون بە مۆدێل بۆ هەموو ئەو بەڵگەنامانەی تر ، کە تا ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدە لەو بوارەدا پێکدەهێنران. لەساڵی (١٦٠٤) دا بریتانیا داوای ئەو مافەی کرد کە چونە بەندەرەکانی عوسمانیەکان بۆ بازرگانیکردن ئاڵای وڵاتی خۆیان هەڵبدەن (دیارە بەسەر پاپۆڕەکانیانەوە–و) ئەم داوایە لە کاتێکدا بوو، کە جگە لە خەڵکی ڤینیسیا هەموو نەتەوەکانی تر بۆ چوونە ئەو شوێنانە ئاڵای

The Capituality Regime of Turkey; its history, origin and nature, Baltimore, 1933, by Sussa, Nasim. See p. 60n

لەبارەی گەشەکانی سەرەتاوە تەنها یەك ئاماژە لەناو ئەم دەستنوسەشدا هەیە, ئەویش هەر لە لاپەڕەی(٦٠ن) دایە لەناو وتاری (٤) (هێرتزل– مامەڵە بازرگانییەکان) ٢ , ٢٧٥ (ڕاستتر ٢٧٣) بەڵام هەر ئەم وتارە چەندان ئاماژەی دڵنیای لەبارەی پەیماننامەکانی ساڵانی (١٦٧٥) و (١٨٠٩) وە تێدایە. لەو پەرەگرافەی خوازراوەی سەرەوەدا، وا ناوی (ئێدوارد بۆرتن) هاتووە، کە دڵنیان لەوەی بەدوای (هاربۆرن) دا هاتووە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :

Purchas, Samuel, His Pilgrimes (London, 1625), II, lib. VIII, 1337; Miller, op. cit. 13; Epstine, op. cit., 75

[11] British and Foreign State Papers, I, 747; Hertselt, Comercial Treaties, II, 346, 373; Farley, J. Lewis, Turkey (London, 1866), 280.

فرەنسا هەڵبکەن.[12] لەساڵی (١٦٤١) دا چارلسی یەکەم لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا ڕێکەوتننامەیەکی گرێدا، بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە کۆمپانیای ڕۆژهەڵات بۆی هەبوو ئازادانە بازرگانی لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بکات.[13] لەساڵی (١٦٧٥) دا پێداچوونەوە و جەختکردنەوە لەسەر پەیماننامەکانی ساڵی (١٦٦١) کرایەوە. بۆیە ساڵی (١٦٧٥) یش بە دووەمین ساڵی لوتکەیی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی دەستکەوتەکانی بریتانیای پێش پەیماننامەکانی سەدەی نۆزدەیەم. لەپاش ئەمەوە ئیتر تا ساڵی (١٨٠٩) هیچ ئاسانکارییەکی تریان لەلایەن سوڵتانەوە بەدەست نەهێنا.

ئامانجی سەرەکی لەم پەیماننامانە ئەوە بوو بازرگانی بریتانی مافی بازرگانیکردن لەگەڵ عوسمانییەکاندا بەدەستبهێنێت و بشتوانێت کاڵاکانیشی بەناو خاکی ئەواندا هاتوچۆ پێبکات، هەروەها ئارامی و سەلامەتیی خۆی و کاڵاکانیشی دابین بکرێ. هەمان ئەم ئیمتیازانەش بەناو بۆ بازرگانە عوسمانییەکانیش لەناو خاکی بریتانیادا دابین بکرێ. ئەگەرچی دەستکەوتی ڕاستەقینە لەم پەیماننامانە بۆ سوڵتان و پاشاکانی ئەو بوو، چونکە بازرگانە بریتانییەکان دەبوو باجی (٣٪) ی نرخی کاڵاکانیان بدەن بەوان.

لەسەر کاغەز و بەنووسین ئەمە ناوەڕۆکی پەیماننامە سەرەتاییەکان بوو، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە کەم جار بە تەواوی بەو شێوەیە پیادە دەکران. تەنانەت ئەگەر سوڵتانیش بیویستبا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێ، نەیدەتوانی بە تەواوی پاشاکانی خۆی کۆنتڕۆڵ بکات. ئەم شتە بە تایبەتی بۆ ناوچەی میسۆپۆتامیا ڕاست بوو، چونکە فەرمانڕەواکانی ئەوێ تەنها ناوەکەیان نەبێت، کە سەر بە عوسمانییەکان بوو، ئیتر لە هەموو شتەکاندا سەربەخۆبوون. لەم هەرێمەی میسۆپۆتامیادا سەلیقەی شت چارەسەرکردنی پاشاکان، نامەی واسیتەکاری، خەڵات و دیاری دان بە بازرگانە بریتانییەکان لەم هەرێمە دورەدەستەدا چارەسەرێکی خوازراوتر و باشتر بوو لە بەڵگەنووسراوە ئەنگلۆ عوسمانییەکان.[14]

---

[12] Miller, op. cit., 2

[13] Bruce, John, Annals of The Honorable East India Company (London, 1810), I, 67.

[14] Longriggs, S. H., Four Centuries of Modern Iraq (London, 1925) , 108.

٢- سەرەتاکانی بازرگانیی ترانزێتی (گواستنەوە)

هەموو پەیماننامە بریتانییەکانی پێش سەدەی نۆزدە بەشێوەیەکی سەرەکی، بەو جۆرە داڕێژرابوون خزمەت بە کار و پێویستییەکانی (تورکیا و کۆمپانیای ڕۆژهەلات) بکەن. بریکارەکانی ئەو کۆمپانیایە یەکەمین کەسانێکی بریتانی بوون لەسەردەمی مۆدێرندا قاچیان خستبێتە ناو خاکی میسۆپۆتامیاوە.

لەپاش چەند سالێکی کەمی سکپڕی (کۆمپانیای ڕۆژهەلات) لەسالی (١٥٨١) لە لەندەن لەدایکبووە. بەشێوەیەکی سەرەکی بەتەنگ ئەوەوە بووە بەناو ڕۆژهەلات و کەنداوی فارسدا بچێت و بازرگانی لەگەل هیندا بکات. بۆیە بازرگانەکانی لە ڕێگەی حەلەب و بەغداوە بەناو میسۆپۆتامیادا ڕۆیشتوون.[١٥]

(پورچاس) ناوی (جۆن نیوبری) دەهێنێت و دەلێت ئەو یەکەمین کەس بووە و لە سالی (١٥٨١) دا بەوێدا گەشتی لەو شێوەیەی کردووە. بەلام ئەوەش سەرکێشییەکی تایبەت بووە کردوویەتی.[١٦] دوو سال پاش ئەوە نۆ یان دە بازرگانی تری ئینگلیزی سەر بە کۆمپانیای ڕۆژهەلات گەشتێکی تریان لە لەندەنەوە بۆ هیندستان ڕێکخستووە. بەو مەبەستەی بتوانن پەرە بە ئەو بازرگانییە بدەن، کە تازە لە ڕۆژهەلات دەستیان پێکردبوو. ئەوانیش بریتی بوون لە:_(جۆن نیوبری، رالف فیچ، جۆن ئێلدرد و شەش، یان حەوت کەسی تریش بوون، کە ویلیەم لیدز و جەیمس ستۆرەی) یان لەنێواندابووە.[١٧] لە ڕێگاکەیاندا بەرەو هیندستان بەناو دەریای سپیی ناوەڕاستدا بەرەو

---

15 Birdwood, op. cit. , 195-196.

16 Purchas, op. cit. , II, lib. IX, 1410-1413; see also ibid, V, 579

لەبارەی بازرگانیکردنی بریتانیا لەگەل ئینیدیزی ڕۆژهەلاتدا بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٤٨٤-٤٨٧) کە ڕاگەیاندنێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە لەبارەی بیرکردنەوەکانی پورچاسەوە لەسەر ئەوەی چۆن سەرکێشە بریتانییەکان لە ڕۆژهەلاتدا کاریان لەسەر سەرمایە و ئاین و کێبەرکێکردن کردووە. بۆ نموونە لەبارەی سەرکێشییەکانی (نیوبری)یەوە بڕوانە فۆستەر – بەشی حەوتەم.

17 Foster, op. cit. , Chapter VIII; Lardner, op. cit. , II, 191; Pinkerton, op. cit., IX, 406; Miles, op. cit., I, 205; Curzon, G. N., Persia and Persian Question (London, 1892), II, 416.

(تەواوکاری پەراوێزی لاپەڕەی پێشوو) ئەم چوار سەرچاوەیە تەنها باس لەو چوار بازرگانە دەکەن, کە گەشتیان کردووە. بەلام (جۆن ئێلدرد) کە گەشتیاری پێنجەمی پال ئەوانە دەلێت :"من لەناو پاپۆڕێکدا، کە ناوی (زە تایگەر) بوو لە لەندەن دەرچووم لەگەل مستەر جۆن نیوبێری و مستەر رالف فێچ و شەش یان حەوت بازرگانی جدیی تردا لەرۆژی دووشەممە سوورەی ١٥٨٣ دا" بڕوانە:

Halkuyt, op. cit. , VI(1904), I.

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ملی دەریاگرتنی ئەم بازرگانانەوە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو, بەشی پێنج, لاپەڕە ٤٢٥-٥١٥ و بەشی شەشەم لاپەڕە ١ – ١٧.

کەنداو، بەناو ترابولس و حەڵەب و بیر و بەغدا و بەسرە و پاشانیش هورمزدا تێپەڕیوون.
دووایی کە (ڕاڵف فیچ) بە تەنها گەڕاوەتەوە بە میسۆپۆتامیادا تێپەڕیوە، ویستویەتی سەفەرەکەی خۆش بێت،[18] بۆیە لەنێوانی بەغدا و بیردا سەردانی سێ شاری تریشی کردووە، ئەوانیش (موسڵ و ماردین و ئۆرفە) بوون.

لەراپۆرتی خۆیدا (فیچ) دەڵێت بەغدا ناوەندێکی گەورەی بازرگانیکردنی گواستنەوە بووە، بەناو بەغدادا چەندان کاروان بەرەو ئێران، تورکیا، عەرەبیە (مەبەست لە عەرەبیی سعودیەیە–و) و شوێنانی تر تێپەڕیون.[19] بەسرە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی کردنی داو و دەرمان بووە، بەڕوونی دیاربووە، کە ئەو داوودەرمانەی لە هیندەوە، یان لە بەندەرەکانی باشووری ئێرانەوە بەناو هورمزدا بۆ هاتووە. ئەم دوورگە زۆر بێ پیت و بێ بەرهەمە لەمیانەی بازرگانیکردنەوە گەشەکردنێکی باش و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. شوێنە ستراتیجییەکەی دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی کەنداوی فارسەوە و بووەتە ناوەندێکی سروشتیی بازرگانی کردنی نێوانی هیندستان و ئێران و میسۆپۆتامیاوە. لێرە دەتوانیت هەموو جۆرە کالآیەك ببینیت:– (داودەرمان– دەرمانی پزیشکی، ئاوریشم، جلوبەرگی ئاوریشم، قوماشی چنراوی جوانی ئێرانی، کۆگای گەورەی ئەو مرواریيانەی لە دورگەی (بەهریم– بەحرەین)ەوە دەهاتن وباشترین مرواریی خەڵکانی تریش، چەندان ئەسپی جوانی ئێرانی).[20]

هۆکارو پاڵنەرێکی ئەم سەرکێشییە بەراییانەی لەلایەن بازرگانەکانی کۆمپانیای رۆژهەڵاتەوە کراون ، ئەوەبووە شاژنە ئەلیزابیس ئەو ئاسانکاری و ڕێخۆشکردنانە بەدەست بهێنێت، کە بەدەستیهێنان. ئەوەبوو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیاندا، بەناو میسۆپۆتامیا و کەنداوی فارس و دەریاڵووشی هیندییەوە گەیشتنە هیندستان و

---

[18] "The Voyage of Mr. Ralph Fitch, merchant of London, 1583-1591," in Pinkerton, John, General collection of the best and most interesting voyages, and travels in all parts of the world; many of which are now first translated into English, 17 vols. (London, 1808-1814), IX, 406-425; Purchas, op. cit. , II, lib. X, 1730-1744.

[19] پێدەچێت، بۆ بەسرە و کەنداو بووبن، هەندێ جاریش کالآکان بەرەو هیندستان بارکرابن، یان بەپێچەوانەوە، بەشێکی بۆ بازاڕی بەغدا بووە بەڵام بەزۆری وەك بازرگانیی گواستنەوە، واتە ترانزێت نێردراون.

[20] Pinkerton, op. cit., IX, 407; see also ibid, 406; Purchas, op. cit., II, lib. X, 1730-1744.

هەروەها بۆ پێناسەی هورمز وچەند بەندەرێکی کەمی تری کەنداو بڕوانە:
Purchas, op. cit., II, lib. X, 1785-1787.

ئیندیزی ڕۆژهەڵات. لەڕووی بازرگانیشەوە گرنگیدان بەوشوێنانە سەرکەوتو و باش بوو، بوو بە هاندەرێك بۆ گرێدانی پڕۆژەی بازرگانیی زیاتر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا. ئەو راوبۆچانانەی لەلایەن (فیچ و نیوبری و ئێڵدرید)ەوە لەبارەی ئەو هەرێمانەوە نووسراوبوون، کە سەردانیان کردبوون زۆر بەرچاوڕوونی بوون و بوونە مایەی گرنگیپێدانێکی بەردەوام.

(ئەنتۆنی شیرلی) کە لە دەروبەری سەدەی شانزەدا لە ڕێگایدا بەرەو ئێران بەناو میسۆپۆتامیادا تێپەڕیوە شتێکی زیاتر لەوەی (ڕاڵف فیچ)ی لەبارەی ئەم وڵاتەوە نەنووسیوە.[٢١]

لەوە دەچێت لە سەدەی حەڤدەیەمدا تەنها یەك گەشتی بەرچاوی بریتانی هەبێ بەناو میسۆپۆتامیادا.[٢٢] ئەو گەیشتە لەلایەن (سێر ویلیەم هێدجس) ەوە بەئەستۆگیراوە، پێدەچێت ئەو یەکەمین بازرگان بووبێ لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتدا چووبێتە ئیستەنبوڵ. لەساڵی (١٦٨١) دا وەك یەکێك لە بیست و چوار بەڕێوەبەرەکەی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندستان هەڵبژێردرا. نزیکەی چوار مانگ پاش ئەوەش وەك بریکار و فەرمانڕەوای کاروباری کۆمپانیاکە لە کەنداوی (بەنگاڵ) هەڵبژێردرا.[٢٣] لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ بریتانیا بەناو ئێران و میسۆپۆتامیادا هێدج لە ڕۆژی (٢١ی شوباتی ١٦٨٦)دا بە چەند باری هێستر لە کاڵای گرانبەهاوە گەیشتووەتە بەغدا. سوڵتانیش نامەیەکی واسیتەکردنی پێدابوو، ئامانجی نامەکە وەك ئەوەی هێدج خۆی باسی دەکات ئەوەبووە، سوڵتان دڵنیابێت لەوەی هێدج بەڕێز بە بەزەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

---

[21] بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەبارەی سەرکێشییەکانی هەر سێ برایانی (شیرلی) یەوە، واتە تۆماس و ئەنتۆنی و ڕۆبەرت و کارە دیار و گەورەکانیان لەمێژووی ناوچەی ئێران لەو دەمەدا بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

The Shirley Brothers, by James Hutton in the Asiatic Quarterly Review, IV (1887), 118-141

گەشتە دەریاییەکەی ئەنتۆنی لە ساڵی (١٥٩٩) دا دەستی پێکردووە و سەرچاوەیەکی سەرنجراکێشیش لەبارەی گەشتەکەی دەریاییەکەی ڕۆبەرتەوە قسەی کردبێ لەمەدا هەیە:

Acts of Privy Council, 1625-1626 (London;1934), 440, 468-469

[22] ئەم تاکە نمونەیە لە سەردەمی نوێدا، لە هیچ سەرچاوەیەکدا لەبارەی گەشتەکانی ناوچەی میسۆپۆتامیاوە ئاماژەی پێنەدراوە، بڕوانە ئەم کتێبەی لۆنگریگ:

Four Centuries of Modern Iraq, Appendix I.

[23] -The Dictionery of National Biography, IX, 363-364.

هـەورەها شـتێكی لـەوەش زیـاتری پێنەبێـت، كـە بـەپێی پەیماننامەكـەمان لەگـەڵ خانەدانی گەورە (مەبەست لە لایەنی بریتانیی هاوپەیمانێتییەكەیە –و) ڕێگەی پێدراوە و لە دەستی من دەرهێنرابێ.[24]

ئەگەرچی ئەم دەستتێوەردانەی سوڵتان بەنیوەناچڵی لەبەرچاوگیرا، هێدج بەسۆزەوە لەلایەن پاشا و خەڵكە ناودارەكانی ناو بەغداوە مامەڵەی لەگەڵدا كرا. بەڵام نەیشیتوانی خۆی لەوە دەربازبكات، كە دەبوو باجی زۆر لەسەر كاڵا گرانبەهاكانی بدات. ئەو دەبوو زیاتر لە ڕێژەی لەسەداسێی نرخی ئەو كاڵایانەی بدات ، كە بەپێی پەیماننامەكان ڕێپێدراو بوون. هەروەها دەبوو بڕی باجەكەش بە بەراوردكردنی قورس بدات. بۆیە بڕێكی زۆری جلوبەرگی هیندی و كاڵای تری فرۆشت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو باجانەی بدات. چونكە دەیویست بەو پارەیە باجی ئەو ئاڵتونانە بدات، كە لە ئیسفەهانەوە هێنابوونی، لەبەرئەوەی خۆی گومانی ئەوەی هەبوو، كە دەگونجێ ژیانیشی بكەوێتە بەر مەترسییەوە، بەتایبەتییش لە ڕێگەی گەیشتنەكەیدا لەنێوانی بەغدا بۆ حەڵەب.[25]

گرنگیدانی بریتانیا بە میسۆپۆتامیا تا سەرەتاكانی سەدەی نۆزدە، هـەر بـەردەوام و تـەواویش گرنگیپێـدانێكی بازرگانییانـە بـوو. بەتایبـەتییش لەبەرئـەوەی هاتوچـۆ و گواستنەوە لەگەڵ هیندستاندا بەردەوام بوو. ژمارەیەكی باشی بریتانییەكان لە سـەدەی هەژدەیەمدا بەناو دۆڵی دوو ڕوباری دیجلە و فوراتـدا گەشـتیان كردبـوو[26] هـیچ كـام لـەم گەشــتیارە بریتانییانــە نــەیتوانیوە بــەپێی هەلومەرجــە ئــابووری و سیاســی و كۆمەڵایەتییــەكان خــۆی بگونجێنێـت، دیـارە لەبەرئـەوەی ئـەو هەلومەرجانـە بەتـەواوی

---

[24] Hedges, Sir William, Diary, 1681-1687 (Halkyut Society ed., London, 1887), 218-219.

[25] سەربەخۆیی پاشا و نەبوونی باری ئاسایشی گشتی و بەكارهێنانی وڵاتەكە بۆ ترانزێت، زیاتر لەوەی، كە وەكو بازاڕێك وابێت، لە باسەكەی (Hedge) دا ئاماژەیان پێكراوە، ئەم هەلومەرجە تا دەوروبـەری ساڵی (١٨٣١) هەر بەوشێوەیە بووە، ئیتر لەوێدا عەلی ڕەزاپاشا لەلایەن سوڵتانەوە دەسـەڵاتی پێدرا و چووە جێگەی دوایین پاشا، كە سەربەخۆیانەو بەدەر لە دەسەڵاتی سوڵتان كاری دەكرد. بۆ زانیـاریی زیاتر بڕوانە:

Longrigg, op. cit., 277 ff.

[26] – لیستێكی تەواوی ناوەكانیان و بەرواری گەشتەكانیشیان بەگشتی لەناو كتێبەكەی لۆنگرینگ
Four Centuries of Modern Iraq, App. I, 333-335
دا دەدۆزیتەوە، تەنها باسـی (گریفیس و فـرانكلین و هـاوڵ) ی تێدانییـە، باسـی ئـەمانیش لـەناو ئـەم سەرچاوەیەدا هاتووە:..(Dictionery of National Biography)

جیاواز بوون لە هەلومەرجە باوەکانی سەدەی پێشووتر.[٢٧] لەبەر کرانەوە و کەوتنەگەڕی ڕێگایەکی تەواو ئاوی لە بریتانیاوە بۆ هیندستان، ئیتر لەسەدەی هەژدەدا ئەو گرنگییەی بریتانیا میسۆپۆتامیای پێدەبینی کەمتربوو لەو گرنگییەی لەسالآنی (١٥٨٠) کاندا هەیبوو.

دەستکەوتە دیار و گەورەکانی شاژنە ئەلیزابیس و ویلیەم هاریۆرن و دەستە سەرسەخت و یەککرتووەکانی بازرگانەکانی ناو کۆمپانیای ڕۆژهەڵات، کردنەوەی (سەری ئومێدی باش- رأس الرجاء الصالح) ی وەك ڕێگایەك بۆ بازرگانیکردنی بریتانیا لێکەوتەوە. ئەم ڕوداوە مێژووییە، بەدیوێکدا بووە هۆی وازلێهێنانی ڕێگای میسۆپۆتامیا و بە دیوێکی دیکەیشدا پەیوەندییەکی دیار و باشی بۆ بریتانییەکان لەگەڵ کەنداوی فارسدا دروستکرد. ململانەی سەخت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەنداوەدا زوو دەستی پێکرد، لەپاش دوو سەدە لە ململانەی سەخت، دەرکەوت بریتانییەکان سەرکەوتووبوون. ئەم ململانە درێژ و دراماتیکییە ئەڵقەیەك لە زنجیرەی سەرسوورهێنەری مێژووی فراوانخوازیی ئەورووپا پێکدەهێنێت.

٣-بارەگا سەرەتاییەکانی ناو کەنداوی فارس

پێدەچێ سەرکەوتنە بەراییەکەی ڕێگاکەی میسۆپۆتامیا هەندێ ناکۆك و پێچەوانەبێ لەگەڵ گواستنەوەی هاتوچۆکردن بۆسەر ڕێگای (سەری ئومێدی باش). ئەو سەرکەوتن و چەشانەی لەناو ڕاپۆرتەکانی ڕاڵف فیچ و هاوڕێیەکانیدا، لە ساڵەکانی (١٨٥٠) دا باسکرابوون، وایانکرد کۆمپانیای ڕۆژهەڵات بە تەنگ ئەوەوە بێت لە ئاستێکی باڵاتر و زیاتر لەوەی لەسەر زەوی بەڕێوەدەچوو بازرگانییەکی زۆرتر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا بکات. سەرباری مەترسییەکانی هاتوچۆی دەریایی لەو سەردەمە زووەدا و ڕکەبەرییە سەختە حەتمیەکەی تەك پۆرتوگالیش، کۆمپانیاکەی بڕیاری دا ئەو ڕێگایانە بگرێتەبەر، کە هەموویان ئاویی بوون. ئەم بڕیارە هەر زوو خرایە بواری جێبەجێکردن و لەساڵی(١٥٩١) دا سێ پاپۆڕ بە دەوری سەری باشووری ئەفریقیادا نێردران بۆ ئیندیزی ڕۆژهەڵات.[٢٨]

---

[27] شەڕەکانی نێوانی ئێران و میسۆپۆتامیا لە ساڵانی (١٧٢٤-١٧٤٧) دا ڕوویانداوە، هەروەها لە (١٧٧٤-١٧٧٩) ئەو شەڕانەش بێبەری نەبوون لەوەی کاریگەریی خراپی خۆیان بخەنەسەر کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکە.

[28] Miles , op. cit., I, 205; Birdwood, op. cit., 196.

ئەمە یەکەمین نوقلانە بوو. سەرەتایەکی گەورە و دیاری ئەو جولانەوەیە بوو، کە بە ماوەیەکی کەمی کاتیی پاشتر قەبەبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی.

لەسالی (١٦٠١) دا و بە یەك سال پاش ڕێپێدانی دامەزراندنەکەی لەلایەن شاژنە ئەلیزابیسەوە، کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی هیندستان، بە فەرمانی (جەیمس لانکاستەر) یەکەمین باری بازرگانیی خۆیی ناردە ناو هیندستان. ئەمە بوونی سەرکەوتنێکی گەورەی سەلماند، بارەکە لە ناردنیدا بڕی یەك ملیۆن پاوەند بیبەری تێدابوو (بە کیلۆگرام دەکاتە(٢٠٦٠٠٠) کیلۆگرام ، واتە ٢٠٦ تەن، چونکە هەر یەك پاوەند دەکاتە نزیکەی (٠,٢٠٦ کیلۆگرام)–و).[٢٩] دووەمین باری نێردراویان دووسالی پاشتر بوو. (بروس– کە مێژوونووسێکی کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی هیندە) پێماندەلێ ، کە قازانجی پوخت و تەواوی ئەم دووبارە بەرێژەی (٩٥٪) بووە.[٣٠] ئەمەش بەڕاستی بازرگانییەکی قازانجبەخش بووە بۆ کۆمپانیاکەو ئیتر پێویستی بەوە نەماوە لەوە زیاتر خۆی بخاتە بەرمەترسی تایبەت و هەڕەشەی تر.

یەکەمین مەترسی لەلایەن پۆرتوگالەوە پەیدابوو، چونکە پورتوگالییەکان خوویەکی وایان هەبوو ململانە لەگەل هەر پرۆژەیەکی کێبەرکێکاردا بکەن. ئەم توانا و دەسەلاتە دەریاییە کۆنە نزیکەی یەك سەدە پێش بریتانیا شوێنپێی خۆیی لە ڕۆژهەلاتدا دیاری کردبوو[٣١]، لە هەمان کاتیشدا پورتوگالییەکان ئیمتیازی باشیشیان لەو خەلکانە وەردەگرت، کە تازە دەهاتنە ئەو ناوچانە.هەروەها بۆ بریتانییەکانیش نەدەلوا خۆیان وەکو سەرکەوتوو پیشان بدەن، چونکە کاتێکی گونجاوی وایان نەبوو داوای هاریکاریی هۆلەندی و فارسەکان بکەن لە دژی دوژمنە ناسراو و باوەکەیان. کایەی ئەم ململانە درێژە، بەلام لەکۆتاییدا یەکلاکراوەیە لە کەنارەکانی ئەفریقاوە درێژەی کێشا و بەرەو

29 Sykes , Sir Percy, A History of Persia (2nd ed., London, 1921) , II, 188.

30 Bruce, op. cit., I, 153. The Standard modern work is H. H. Dowell (ed.) The Cambridge History of The British Empire vol. IV: British India 1497-1858 (Cambridge, 1929)

31– لە سالانی بیستەکانی (١٦٢٠) دا پورچاس زۆر بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشەرانە نوسیویەتی، کە لە سالی (١٤٨٩) دا پورتوگالییەکان ماوەی یانزە مانگ لە لیشبۆنە ئامادەکاریی خۆیانیان کردبوو، ئینجا سوك و ئاسان دەستیان بەسەر (سەری ئومێدی باش) دا گرت، سەرەتا چوونە ناو زەریای هیندییەوە و ئینجا چوونە کەلکەتا. سەرکردەی ئەو پۆلە کەشتییە (ڤاسکۆ دو گاما) بوو، کە لەگەل پاشا ئیمانۆئیلدا ناکۆکیی هەبوو، بڕوانە:

Purchas, op. cit., Vol. V, Lib. V, 483

کەنارەکانی هیندستان چوو، بەڵام لەهیچ شوێنێکی تر هێندەی ئەم شوێنەیان لە کەنداوی فارس، بەباشی ئەو ململانەیە دەرنەکەوت.

لە بەختەوەریی بریتانییەکان بوو، کە رکەبەرەکانیان لەو دەمەدا بەدەست شکستی گەورە گەورەوە دەینالاند.[32] بەهۆی تێکەڵیی وڵاتەکەیانەوە لەگەڵ ئیسپانیادا، لە (١٥٨٠ - ١٦٤٠) یەکە پورتوگالییەکان لە رۆژهەڵات پاڵپشتی و کۆمەکی کەمیان بۆ دەهات و لە هەمان کاتیشدا دەبوو لەگەڵ ئەو بێزاری و کاردانەوەی خەڵکدا رووبەروو بینەوە، کە لە هەموو شوێنێکەوە لەبەرامبەر سیاسەتە کۆنەکانیان (هێندەی یەك سەدە کۆن بوون) دروست دەبوو. لەپاڵ ئەوەشدا، شاعەباسی گەورە، کە لە (١٥٨٧-١٦٢٩) فەرمانڕەوایەکی چالاکی ئێران بوو، خۆی وەك دوژمنێکی تەواو سەرسەخت سەلماند. توانیی لە ساڵی (١٦٠٢) دا لە دورگەکانی بەحرەین دەریان بپەڕێنێت. هەروەها لە ساڵی (١٦١٤)شدا توانیی فەرمانڕەوایی (گەمبروون)[33] بگرێتەدەست، کە تا ئەو کاتە دوو ساڵ بوو لەژێر فەرمانڕەوایی پورتوگالییەکاندا بوو. شاعەباس چاوەڕوانی هەڵوێستی باشی دەکرد لە بریتانییەکان، ئەگەر پێویستیی بە یارمەتی و کۆمەك هەبێت بۆ بەزاندنی دوژمنەکانی، بێن بە هانایەوە و یارمەتی بدەن.

لەهەمان کاتدا بریتانییەکانیش بۆ یەکەمین جار لەسەر کەنارەکانی ئێران و لەناوجەرگەی ناوچەی ناکۆکییەکانی نێوانی شاعەباس و پورتوگالییەکانەوە دەرکەوتن. لە سەرەتاکانی ساڵی (١٦١٤) دا دوو کرێگرتەی ئینگلیزی لەلایەن کۆمپانیای، رۆژهەڵاتی هیندستانەوە لە (سورات) ەوە نێردران بۆ (ئیسفەهان) بۆ ئەوەی رێ خۆشکەریی بۆ ئاڵوگۆرێکی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا بکەن.

لە رێگەی یارمەتییەکانی (سێر رۆبەرت شێرلی) یەوە، کە باڵوێزی بریتانیا بوو لە ئێران، ئەم دوو نێردراوە توانییان سێ (فەرمان)ی رەسمی لە شاعەباسەوە وەربگرن (فەرمان- بریاری یاسایی- لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا هەر نووسراوە فەرمان)، کە بۆ سێ فەرمانڕەوای جیاواز نووسرابوون داوایان لێدەکردن لەناو ئاوەکانی ئێراندا کارئاسانی بۆ هەموو پاپۆڕە بریتانییەکان بکەن. هەر دووساڵ پاش ئەوە و لە ساڵی

---

[32] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی سەرەتاکانی دەسەڵاتی پورتوگالییەکان لە هیندستان و کەنداودا و زانیاریی تر لەبارەی سەرکەوتنەکانی ئەلبوکریکەوە بروانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
Lardner, op. cit., II, chapter VIII . Detailed and authenitic account of portuguess eastern enterprises is J. Strandes' Die Portugiesenzeit von Deutsch- und English – Ostafrika (Berlin, 1899).

[33] لەپاش شاوە و لە ساڵی (١٦٢٢) بەدواوە پێیگوتراوە (بەندەر عەباس).

(١٦١٦) دا فەرمانێکی تری شاعەباس لەلایەن بازرگانەکانی کۆمپانیای رۆژهەڵاتی ناو هیندستانەوە بەدەستهێنرا، کە هەندێ یارمەتیی زیاتر و ئازادیی بازرگانیی تێدابوو.[٣٤]

بەم شێوەیە باربەرە بریتانییەکانی ناو سورات هاندران و لە ساڵی (١٦١٨) دا لە (یاسك) لە دەروازەکانی کەنداوی فارس دەرکەوتن. ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە هەر زوو سەرکەوتویی باشی خۆیی سەلماند و بە قۆناغ گەشەی کرد و بەرفراوانتر بوو، چەند بەندەرێکی تری کەنداوەکەی گرتەوە.

لە (١٩ی ئازاری ١٦٢٠) دا (شا جەیمسی یەکەم) نامەیەکی ئاراستەی (شاعەباس) کرد، تێیدا سوپاسی ئەو چاکانە دەکات، بەرامبەر بە بازرگانە بریتانییەکان کراون، هەروەها داوای ئیمتیازی زیاتر دەکات بۆ ئەو کۆمپانیایەی، کە خەریکە کارگەیەکی رستنی ئاوریشم لە نزیك بەندەری (یاسك) دابمەزرێنێت.[٣٥]

بەلام ئەم داوایەی (شاجەیمس) هەندێ درەنگتر جێبەجێکرا، کەوتە پاش ئەو دەمەی کە پەیوەندییە ئەنگلۆئێرانییەکان بەوە فراوانتر بۆوە، کە پێکەوە چالاکییەکی هاوبەشیان لە دژی پورتوگالییەکان ئەنجامدا.

بریتانییەکان لەلای خۆیانەوە نەیاندەتوانی خۆیان لە ململانەکردنی راستەقینەی دژی پورتوگالییەکان بپارێزن، چونکە لێبڕاوانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون جێگەکەیان لێبگرن. بۆیە یەکەمین رووبەڕووبونەوەی ئەو شتەی پێیدەوترێ شەڕی (یاسك) لە ساڵی (١٦٢٠) دا رویدا. تێیدا بریتانییەکان سەرکەوتن. بەزووییش گەڕانەوە سەر ئیشوکارەکەی خۆیان، پێنج سەد و بیست بالە (شلیف) ی ئاوریشمیان برد و گەڕانەوە بۆ سورات.[٣٦]

بۆیە ئەمانیش وەك فارسەکان بوون بە دوژمنی کارای پورتوگالییەکان و هەر خۆیان بە سروشتی هەستیان بەوە کردبوو کە ئەنجامدانی هاریکارییەکی سەربازی لەگەڵ فارسەکاندا و لەدژی دوژمنە هاوبەشەکەیان سودێکی هاوبەشی بۆ هەردوولای ئینگلیزی و ئێرانی دەبێ. ئەوان گریمانی ئەوەیان دانابوو، کە ئەم هاریکاریکردنەیان چاکەیەکە لەگەڵ فارسەکاندا دەیکەن، بۆ ئەوەی وایان لێبکەن شتی باشتری نوێیان لێ بەدەستبهێنن، بەلام ئەستەم بوو شای ئێران بە گریمانی لەو شێوەیە بخەڵەتێت.

---

[34] Sykes, op. cit. , Ii, 189.
[35] - Low, C. R., History of Indian Navy (London, 1877), I, 30.
[36] Sykes, op. cit. , Ii, 190-191.

بەڵام پێدەچێ فارسەکان وایاندانابێت ئەو چاوپۆشییانەی لەبەرامبەر کۆمپانیاکەدا کردبوویان لەبەرامبەری ئەنجامدانی کاردابووە، نەك تەنها قسەوباس. زۆر بەڕوونی دیاربوو، کە سەرەکیترین هۆکاری وەرگرتن و پیشاندانی هەڵوێستی گونجاو لەلایەن فارسەکانەوە بۆ راستەوخۆ پەسەندکردنی بیرۆکەی کۆمپانیاکە ئەوەبوو پێویستیان بە یارمەتیدان هەبوو لە شەڕکردنی دژی پورتوگالییەکاندا. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٦٢١) دا کە بازرگانە بریتانییەکان گەیشتنە (یاسك) فەرمانڕەوای کەنارەکە بواری ئەوەی نەدان بارەکانیان دابگرن تا ملیان بەوە نەدا لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنکاریی پورتوگالییەکاندا هاوکارییان بکەن.[٣٧] بەڵام بە هەرحاڵ ئەوە مەسەلەیەکی حەتمی بوو، کە دەبوو ئەو لایەنانە پێکەوە کاربکەن. لەڕاستییشدا هەردووکیان کەوتبوونە سەر دەروازەی ئاستێکی باڵای هاریکاریی یەکترکردن بۆ دەرکردنی پورتوگالییەکان لە دورگە ستراتیجی و زۆر بەناوبانگەکەی (هورمز).

به بەرزیی سەروی کۆشکێکی دەوڵەتی پادشاییەوە پرشنگی خەزێنە و دەوڵەمەندیی هورمز و هیند دەبریقێتەوە، لەم رۆژهەڵاتە نازدارەدا رێژنە بارانی زێڕ و مرواری بەسەر دەستی پادشا بەربەرییەکانیاندا دەباریێ شەیتان بە خۆشنودی بەسەر ئەم شتانەوە دانیشتووە.[38]

(دەوڵەمەندیی هورمز) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەلایەن (میلتن) ەوە ئاماژەی پێدراوە. هەروەها (راڵف فیچ) یش راستیی ئەو دەوڵەمەندییەی سەلماندووە، کاتێك یەکەمین حسابی خۆیی لەبارەی ئەم شوێنەوە نووسیوە. هەروەها (پیورچاس) یش وا ئاماژەی پێداوە، کە دورگەیەکە بووکی دەوروبەرەکەی خۆیەتی و بەرهەمبەخشێکی سەرەکییشە بەو بەشانەی جیهان.[٣٩] ئەوە (قەڵا بەناوبانگەکەی هورمز) بوو، کە بۆ (پتر لە یەك سەدە وای لە پورتوگالییەکان کردبوو بازرگانیی نێوانی هیندستان و ئەوروپا بەناو کەنداوی فارسدا بخەنە بەر بەزەیی و دەسەڵاتی خۆیان.)[٤٠]

دەست بەسەرداگرتنی ئەم پنتە چاولەسەرە، ئەرکێکی گرنگ و هەروەها مەترسیداریش بوو. هەر لایەك دەستی بەسەردا گرتبا بازرگانییەکی لەبار و بنکەی توانایەکی سەربازیی و هەورەها ناوبانگێکی گەورەی باشیشی بەدەست دەهێنا. ئەمە و بە دیوێکی دیکەیشدا بارودۆخەکان بۆ پورتوگالییەکان بەباشی ساز نەدەدرانەوە،

[37] Bruce, op. cit., I, 230.
[38] Milton, Paradise Lost, Book II, lines 1-5.
[39] Purchas, op. ciy., V, Lib, V, 580.
[40] Sykes, op. cit. , II, 193.

ئەمەش گرفتێك بوو بۆ خۆی و بۆ ئەوانەی دەستیان بەسەریدا گرتبوو، چونکە دەبوو لەدژی هەر پەلامارەدرێك بەرەڤانییەکی لێبڕاوانەی لێبکەن.

ئەگەرچی شا و هاوکارەکانی رازی بووبوون بەپیر ئەو ئەرکەوە بچن. ئەو ئەرکەی کە کاری یەکەمی ئەوەبوو پورتوگالییەکان بەدەرنرێن، دووەمیشی بریتی بوو لەو ئارەزووەی، جێگەکەیان بگرنەوە. هەر زوو ململانەیەکی چەکداریی گرنگ، لەسالّی (١٦٢٢)دا بەدوای ئەم ئارەزووانەدا هات. هاوپەیمانەکان و دوژمنەکانیشیان زیانی گەورەیان لێکەوت.[41] لەپاش چەندان پەلامار و بۆژۆکردنێکی پالّەوانانە، توانای بەرەنگاریکردنی پورتوگالییەکان بەتەواوی تێکشکا. ئەو پاسەوانانەیان، کە مابوون بەرەو باشوور هەلّهاتن، بریتانییەکانیش، کە لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بوون دەستیان بەسەر دورگەکەدا گرت.

(پەیوەندییە سیاسییەکانی بریتانیای مەزن لەگەلّ کەنداوی فارسدا) چووە ئاستێکی چەماوەریی گشتیترەوە (لەو بەروارەی سالّی ١٦٢٢ بەدواوە)، کاتێك بە رێکەوتنێك لەگەلّ شای ئێراندا کۆمپانیای رۆژهەلاّت لە هندستانەوە دوو پیاوی جەنگاوەری بۆ پارێزگاریکردن لە کەنداوەکە دانا).[42] ئەمەش ئەگەرچی باشترین بەروبوومی سەرکەوتنی بریتانییەکان نەبوو، بەلاّم داگیرکردنی هورمز بازارێکی باشتر لەو بازارەی پێبەخشین، کە خۆیان لە (یاسك) هەیانبوو. هەروەها رێگەشیان پێدرابوو، کە شوێنپێیەکی خۆشیان ببەنە ناو بەندەر عەباس و لەوێش کارگەیەکی ئاوریشم رستنیان دامەزراندبوو. بازرگانە بریتانییەکان رێگەیان پێدرابوو ئاوریشمی فارسی بکڕن و بیشیگوێزنەوە بۆ باشوور بۆ ئیسفەهان بەبێ ئەوەی باجی لەسەر بدەن. ئەگەرچی لەلایەن شاوە ئەم شتەش رەت کرابۆوە. شا بە توندی و یەکجاری ئەوەی رەت کردبۆوە ئەوان بتوانن لە هورمز یان هەر دوورگەیەکی تری ئێراندا بنکە دابکوتن.[43]

هەر هەمان ئەو سالّەی، کە بانگی سەروەری و دەسەلاّتی بریتانیا بەسەر دورگەکەدا

---

41 – چیرۆکی ئەم شەڕە بووەتە داستانێك لەناو مێژووی کۆلۆنیالّیی بریتانیدا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە Low, op. cit., I, 37-43.
42 Moberly, F. J., (ed.) The Capmaign in Mesopotamia, 1914-1918 (London, 1923-1927). I, 45.
43 - Low, op. cit., I, 44-45.

درا، بووه سـەرەتایەکیش بۆ کۆتاییهاتنی رکەبەرەکانیشیان.[44] ئەگەرچی ئەوەش راستە، کە لەپاش ئەوکاتەشەوە پورتوگالییەکان توانییان بۆ ماوەی سێ دەیەی تر (سی سالّ-و) لە سنووری کەنداوەکەدا بمێننەوە. پاش لەدەستدانی هورمز ملی رێگەیان گرت بەرەو (عوومـان) و دەستیان بەسەر بەندەری (مەسقەت) دا گرت. لەوێوە، لەو بنکەیەوە دەستیان دایەوە چالاکیکردن، بە ئومێدی بەدەستهێنانەوەی دەسەلاّتە لەکیسچووەکەیان. بەلاّم وەك دەرکەوت، هەولّەکەیان نەزۆك بوو، چونکە نەك هەر بریتانیا، فارسەکان و ئیمامی فەرمانڕەوای عوممان و هەروەها هۆلّەندییەکانیش بەو پڕ چەکییەوە لەدژیان بوون.

یەکەمین و دووایەمین هەولّی راستەقینەی پورتوگالییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی هورمز لە سالّی (١٦٣٠) دا بوو، کە شکستیشی هێنا. دەسەلاّتیان بەسەر هەر شوێنێکی تری کەنداوەکەدا بۆ دوو دەیەی پاشتریش هەر ناجێگیر بوو. لە سالّی (١٦٥٠) دا ئیمامی عووممانیش لە مەسقەت دەریکردن و[45] هیچ شتێکیان بەدەستەوە نەمایەوە، تەنها چەند بنکەیەکی شاردراوە نەبێت، کە پاش ماوەیەکی کەمی تر ئەوانیشیان لەدەست دا. لەناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا هەرچی توانایەکی ئەنجامدانی کاری پراکتیکییان هەبوو لەناو کەنداودا گەیشتە کۆتایی خۆی و هیچیان بەدەستەوە نەمایەوە. سەرکەوتن بەسەر پورتوگالییەکاندا بریتانییەکانی گەیاندە نیوەی قۆناغی دەستگرتن بەسەر کەنداوەکەدا، لەم بارودۆخەدا سەرباری تێکشکانێکی کاتی ، بەدەست زۆر شتەوە دەیاننالاّند. لەم دەمەدا ئیتر دەبوو دانووستاندن لەگەلّ هۆلّەندییەکاندا بکەن، کە ئەمانیش رکەبەرێکی نوێ و بەتواناو پڕچەك بوون. لە سالّی (١٥٩٥)دا پاپۆڕە هۆلّەندییەکان لەناو ئاوە رۆژهەلاّتییەکاندا دەرکەوتن و هەر زوو ململانەیەکی سەختیان لەدژی پورتوگالییەکان دەست پێکرد.[46] بۆ گەیشتن بە کۆمەلّە ئەنجامێکی باشتر لە شەڕکردن و هەروەها لە بازرگانیکردنیشدا ، هۆلّەندییەکانیش لە سالّی (١٦٠٢) دا بە پێکەوەلکاندنی چەند کۆمپانیایەکی قەوارە بچووك (کۆمپانیای رۆژهەلاّتی هیندستان) ی خۆیانیان دامەزراند.

---

[44] Coupland, R., East Africa and its Invaders: from the earliest times to the death of Seyyd Said in 1856 (Oxford, 1938), Particularly Chapter II-VI, relates the international rivalries near the Persian Gulf to the larger competition for Indian and African trade.

[45] - Sykes, op. cit. , II, 194; Longrigg, op. cit., 106.

[46] ئەوەش لەیادناچێت، کە لە سالآنی (١٥٨٠ – ١٦٤٠) دا پورتوگال پاشکۆی ئیسپانیا بووە و ئیسپانیاش دوژمنی هۆلّەندە بووە.

لەماوەی بیست ساڵی پاشتردا لەناو ئاوەکانی ئەفریقا و هندستاندا هەر سەرقاڵی لاوازکردنی دوژمنەکەیان بوون، لە هەمان کاتدا ئەو دووژمنە لە کەنداویشدا بە چالاکیی هاوبەشی ئەنگلۆ– فارسی لاواز کرابوو. کۆنترین پەیوەندی پێکەوەکردنی هۆڵەندییەکان لەگەڵ بریتانییەکاندا، لەناو سنووری کەنداودا لە کاتێکی زووی دوای داگیرکردنەکەی ساڵی (١٦٢٢) ی هورمز بوو، ئەوکاتە هەردوولایان ئاسوودەی ئەوەبوون دوژمنە هاوبەشەکەیان ئەو دەسەلاتەی نەمابوو. ئینگلیزەکان و هۆڵەندییەکان هەردوولایان لەودەمەدا خۆشحاڵی ئەوەبوون تازە سەرکەوتن بەسەر پورتوگالییەکاندا بەدەستهاتبوو. دەستگرتنی بریتانیا بەسەر هورمزدا و ئەو تەنازولانەی بەهۆی ئەو دەست بەسەرداگرتنەوە لەلایەن شاوە پێشکەش کران زۆر گرنگ بوون. سەرکەوتنەکانی هۆڵەندە لە یەکەمین دوو دەیەی سەرەتای سەدەکەدا، بەدیوێکی دیکەدا گرنگیەکەیان لەوەی پێشوو کەمتر نەبوو، بەڵام هەر لەو دەمانەدا لە ئەفریقا و هیندستان، لەدەریادا و لەسەر وشکانییش(لە تەنیشتیشەوە زیانی زۆر) لەلایەن هۆڵەندییەکانەوە لە پورتوگالییەکان دران.

(هۆڵەندییەکان لەو دەمانەدا(٣٧) کارگە و (٢٠) قەڵا و شورابەندیان لە ئیندیزی رۆژهەڵات هەبوو.)[٤٧] لەماوەی کەمتر لە بیست ساڵی پاش گەڵاڵەبوونیەوە، کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندیی سەر بە هۆڵەندە چەند ئاماژەیەکی باش و دڵنیای هەڵکشانی خۆی لەناو دەریاکانی هیندستاندا پیشان دا. لە ساڵی (١٦١٤) دا هۆڵەندە لەم ناوچەیەدا زیاتر لە (٢٧) کەشتیی پرچەکی هەبوو، سەرباری ئەو خەرجییە زۆرانەی بۆ پرچەك کردن سەرف دەکران، تێکڕای قازانجی ساڵانەیان لەنێوانی ساڵانی (١٦٠٥– ١٦١٤) لە دەوروبەری (٣١٪)دا بوو.[٤٨]

لە کۆتاییدا ئەم دوو هێزە سەرکەوتووەش کەوتنە ئەوەی ململانەی یەکتری بکەن. بەڵام ئەو ململانەیەش لەپاش ماوەیەکی هاورێیەتی و پێکەوەیی نێوانیان دەرکەوت. دەرکەوتنی هۆڵەندە لەسەر ئاوەکانی ئێران لەسەرەتاوە لەلایەن ئینگلیز و فارسەکانیشەوە پێشوازیی لێکرا، هەردوولایان ئەو خەڵکە تازەهاتووەیان وەك هاوپەیمانێکی چاوەڕوانکراو دەبینی. کابرایەکی هۆڵەندی بەناوی (هێربەرت ڤیسنیخ) ەوە لەساڵی (١٦٢٣) دا فەرمانێکی لەلای شاعەباسەوە بەدەستهێناو بەپێی ئەو فەرمانەش کارگەیەکی ئاوریشم بۆ هۆڵەندە لە بەندەر عەباس و لە تەنیشتی کارگەی

---

47 Purchas, op. cit., V, Lib. V, 483.
48 Keller, A. G., Colonization (Boston, 1908), 401-404.

ئاوریشمەکەی بریتانیاوە دامەزرێنرا: ئیدی هۆڵەندییەکان و بریتانییەکان پێکەوە شەڕی پورتوگالییەکانیان کرد. نموونەی ئەم پێکەوە شەڕکردنە، شەڕی (بەندەر عەباس)ی ساڵی (١٦٢٥)ە.[49]

سەردەمی بەزینی پورتوگالییەکان سەردەمی هەڵکشان و سەرکەوتنی هۆڵەندییەکان بوو. بۆیە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی حەقدەیەم هەرەسی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتێك و هەڵکشانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتێکی تری بەخۆیەوە بینی، کە لەڕووی تواناوە لەوی تر کەمتر نەبوو. هێشتا پورتوگالییەکان بە تەواوی شکستیان نەخواردبوو، سیما زەق و دیارەکانی ململانەی ئەنگلۆ – هۆڵەندی بە باشیی هەست پێدەکران و کەم نەبوون.[50] بەڵام تا ساڵانی (١٦٥٠) کان قورسایی ئەو ململانەو دژایەتییە بە تەواوی هەست پێنەکرا.

لەو ساڵانەدا هۆڵەندییەکان کۆنترۆڵی تەواوی بازاڕەکانی ئێران و کەنداوەکەشیان گرتبووە دەست و ئەمەش لەسەر حسابی بریتانییەکان بوو، چونکە لەو دەمانەدا ئیتر ئەوان لەم هەرێمانە وەدەرنرابوون.[51]

گوشاری هۆڵەندییەکان بەدیوێکدا و توانای لاوازبووی رکەبەریکردنی پورتوگالییەکان بە دیوەکەی تردا بریتانییەکانی بە دیوی بەسرەدا خستە جووڵە. لە دەورووبەری ساڵی (١٦٣٥) دا لەم بەندەرەی میسۆپۆتامیادا دەرکەوتن و سەرەتایەکی بازرگانیکردنی سەرکەوتوویان دەست پێکرد. پێنج ساڵ پاش ئەوە چەندین باری کاڵای بازرگانیی پورتوگالی ، کە لە (مەسقەت) ەوە بارکرابوون گەیشتنە بەسرە و کاڵا بریتانییەکانیان لەو بازاڕەش دایەلاوە. لەپاش ئەم روداوەوە لەپڕدا توانای رکەبەریکردنی

---

49 Sykes, op. cit. , II, 194-195: Longrigg op. cit., 103.

50 بۆ باسی زیاتر لەبارەی کێبەرکێ دێرینەکانی ئینگلیز و پورتوگال و هۆڵەنداوە بڕوانە کتێبەکەی(مایلز) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٢٠٦–٢١٠). عەرەبەکانی کەناری رۆژهەڵاتی کەنداو، بەتایبەتییش ئەوانەی عوممان بووبوونە فاکتەری چوارەمی ناو ئەم ململانەیە. تورکەکان زۆر لەوەوە دووربوون ببنە لایەن تێیدا، لەو دەمەدا فارسیش هێزی دەریایی نەبوو.

51 بڕوانە

Bruce, Op. cit., I, 498-499, 522

بریتانییەکان بە مردنی شاعەباس لەساڵی (١٦٢٩) دا هاوپەیمانێکی دێرینیان لەدەست دا و هەرچی هۆڵەندییەکانیشن بە سەلیقەوە هەڵسوکەوتیان کرد. ئەمان کاڵا فارسییەکانیان بە پارەیەکی زۆرباش دەکڕی و هەندێك جار پەنایان بۆ بەرتیلدانیش دەبرد. ئەوان لە بەکارهێنانی ئەو هێزەدا، کە بەکارهێنانیشی بۆ داگیرکردنی دورگەی قیشم پێویست بوو، پەلەیەکیان نەبوو.

پورتوگالییەکان لاواز بوو (هەر زوو بەسەرەیش بوو بە یەکێك لە هەرە گرنگترین ناوەندەکانی ئاڵوگۆڕکردنی سەر بە کۆمپانیاکە).[٥٢]

لەم رۆژگارەدا توانای هۆڵەندییەکان بۆ رکەبەریکردن قەبەتر دەبۆوە و ئەمەش بۆ دەمێك بریتانییەکانی لەم هەرێمە دوورەدا هەراسان کردبوو.لە دەوروبەریساڵی (١٦٤٥) دا گەلەکەشتییەکی هەشت پاپۆڕیی هۆڵەندە بازاڕی بەسرەی داگیرکرد و خێراش بازرگانی و ناوبانگەکەی بریتانیای وێرانکرد و تێکیشکاندن.[٥٣]

سەروەری و باڵادەستیی هۆڵەندییەکان لەناوچەی کەنداودا، کە تەنگی بە بازرگانیکردنەکەی بریتانییەکان هەڵچنی بوو، بۆ ماوەیەکی کورتخایەن بوو، هەر تەنها نزیکەی بیست ساڵێکی خایاند (١٦٥٠-١٦٧٠)[٥٤] رووداوەکانی سەر شانۆی ناوەوەی ئەورووپا بە ئاراستەیەکدا جوولان، کە لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا سەروەری و باڵادەستیەکەی هۆڵەندییەکان درایە دەستی بریتانییەکان، وا ئێستا لێرەدا روانینێك لەبارەی ئەو رواداوانەی ناو ئەورووپاوە پێشکەش دەکەین.

لە ساڵی (١٦٧٢) دا لویسی چواردە (Louis XIV -١٦٣٨ – ١٧١٥ ژیاوە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە پاشای فەرەنسا بووە و پێیگوتراوە پادشای خۆر- وەرگێڕ) شەڕێکی دوژمنکارانەی بە هۆڵەندە فرۆشت و پەلاماری دا. بۆیە بەهۆی ئەم پەلامارەوە هۆڵەندە ناچاربوو لە بەرژەوەندیی بریتانییەکان چاوپۆشی لەو باڵادەستی و سەروەرییانەی خۆی بکات، کە لە پشتی دەریاکانەوە هەیبوون. ئەگەرچی پێش ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم دوو نەتەوەیە لەناو یەکێتییەکی وەچەیی و بنەماڵەییدا یەکیان گرتبوو.

لەساڵی (١٦٨٨) دا شۆڕشێك لە بریتانیادا دواوین پادشای بنەماڵەی ستیوارتەکانی لەکار لادا و لەبریی ئەو (ویلیەمی سێیەم) ی کرد بە پاشا، کە بە ویلیەمی پرتەقاڵ ناسراوە و فەرمانڕەوای هۆڵەندە و مێردی کچی پاشا لەسەر کار لادراوەکەش بوو، واتە زاوای بوو. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ویلیەمدا (١٦٨٩- ١٧٠٢) ململانە ئەنگلۆ – هۆڵەندییەکە بوونی نەما و لەبری ئەو ململانەیەش هەردوو نەتەوەکە لە دژی (لویسی

---

[52] ئەم نورگە گرنگە کەوتۆتە ناو ئاوی شەتولعەرەبەوە، شەتولعەرەب ئەو ئاوەیە، کە بە یەکگرتنی هەردوو ئاوی رووبارەکانی دیجلە و فورات دروست بووە. ئەم دوو ئاوە لە ناوچەی قورنە یەکیان گرتووە، پاشان بەیەکەوە سنووری (١٢٣) میلێك دادەپۆشن و لە فاودا دەرژێنە کەنداوی فارسەوە. ماوەی نێوانی فاو و بەسرە(٧٥) میلە.

[53] Moberly, op. cit., I, 43; Longrigg, op. cit., 107-108.

[54] On the heyday of Dutch power in the east, see Bruce, op. cit., I, 26-39.

چوارده) یەکیان گرت. لەڕۆژگاری سالانی (١٧٠٢ – ١٧١٣) دا بریتانیا و هۆڵەندە و هەروەها دەسەڵاتەکانی تری ناو ئەوروپاش لەو شەڕەوە گلان، کە بە شەڕی (شوێنکەوتنی ئیسپانیا) ناسراوە و لە دژی فرەنسییەکان بوو. لەرووی بەرەی کۆلۆنیالی و بازرگانییەوە بریتانیا لەو شەڕەدا رۆڵی سەرەکیی بینی. بۆیە بەپێی رێکەوتننامەکەی (یوترێخت ١٧١٣) کە کۆتایی بە شەڕەکە هێنا، پاداشتی باشی درایەوە. بوو بە دەسەڵاتێکی باڵادەست لە ئەمریکای باکوور، هەروەها ئاسانکاریی بازرگانیی لە ئەمریکای باشووریش بۆ کرا، کە پاشتر زۆربەیان کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی ئیسپانیا. بریتانیاش چەند شوێنپێیەکی ستراتیجییانەی لەناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست بۆ خۆی پەیداکرد. بەو شەڕە هۆڵەندە لاواز بوو، نەیتوانی لە سنوورە کۆنەکانی وڵاتەکەی خۆی بەولاوە هیچی دیکە بەدەست بهێنێت. ئیتر ئەوەش روون بوویەوە، کە هۆڵەندە چییتر ئەو توانایەی نەماوە لە کاروباری کۆلۆنیالکردن و بازرگانیکردندا هاوشانیی بریتانیا بکات.

لەناو ئەم گۆڕانە گەورەیەدا، کەنداوی فارس بەزوویی دەستی بۆنەبرا. نە هۆڵەندە ونە بریتانیاش هیچ حسابێکی تایبەتیان بۆ ئەم ناوچەیە نەکردبوو. هەرچی هۆڵەندەیە لە هەلومەرجێکی وادا نەبوو کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکات و هەرچی بریتانیاشە سەرقاڵی چەسپاندنی دەستکەوتە نوێیەکانی خۆی بوو. بەڵام پاشان لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا بارودۆخی کەنداوەکە کەوتە سەر رەوتی روودانی گۆڕانێکی بەرچاو. هەرچی شوێنەوارێکی دەسەڵاتی هۆڵەندە لەم ناوچەیەدا مابۆوە، لەپڕدا بەتەواوی هەرەسیانهێنا و بە سەروەری و باڵادەستییەکی دڵنیای بریتانی جێگەکەیان گیرایەوە.

دیاربوو هۆڵەندە دەبوو پاشەکشە بکات، نەك تەنها لەبەرئەوەی نەکەوێتە بەر رکەبەریی کاریگەری بریتانییەکان، بەڵکو بۆ ئەوەش کە پێش ئەوەی بکەوێتە بەر پەلامارە هەراسانکەرەکانی عەرەبەکانیش، رێگاکان بەربدات. دوواین کارگەی ئەوان قەڵایەك بوو بەسەر دوورگەی (خەرەك)ەوە، لە ساڵی (١٧٦٦) دا کەوتە دەستی عەرەبەکان و (هەرچی چالاکیەکانی هۆڵەندە بوو لەم ناوچەیەدا کۆتایی پێهات)[٥٥]. هەروەك لە بەشی داهاتودا دەبینین بریتانییە سەرکەوتووەکانیش دەبوو لەنێوانی ساڵانی (١٧٤٠ – ١٧٨٣) دا لەناو زەریای هیندی و کەنداوی فارسدا رووبەڕووی تەحەدایەکی گەورەی فرەنسا ببنەوە.

[55] Persian Gulf (Hand book, London, 1920), 65.

بەگشتی لەبەرئەوەی شوێن و پایەی بریتانیا بەهێزتر بووبوو لە ساڵی (١٧٧٢) دا یەکەمین نێردراوی خۆیانیان بۆ ڕوپێوکردن لە (بۆمبای) یەوە ناردە کەنداوی فارس. ١٣ ساڵ پاش ئەوە کاری ڕوپێوکردنەکە لەلایەن (ئەفسەری پلە یەکەم مەك کلور) لە هێزی دەریایی هیندەوە پەسەند کرا و بەمەش (یەکەمین ڕوپێوی بەڕاستی گرنگی کەنداو بە ئەنجام گەیەندرا.)[56]

لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا بریتانیای مەزن لەڕووی بازرگانی و سیاسییشەوە باڵادەستترین دەسەڵاتی زاڵی ناو کەنداو بوو.[57]

زاڵبوونی ئەو لە سەرەتاوە بەهۆی نەبوونی هەر جۆرە ڕکەبەرییەکی ڕاستەقینەوە بوو، نەك وەك ئەوەی سیاسەتێکی سەرنجراکێشی پیادەکردبێ. بۆیە بەهەرحاڵ، لە کۆتایی سەدەکەدا لەبەر دەروازەی ئەنجامدانی هەڵوێست گۆڕینێکی سەراپاگیردابوو، نەك تەنها بەرامبەر بە کەنداو، بەڵکو بەرامبەر بە میسۆپۆتامیا و شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەر بەهەمان شێوە. باڵادەست بوون لەم ناوچەیەی جیهاندا بەوشێوەیە نەبوو، کە تەنها ڕابوەستێتە سەر مەسەلەی ئارەزوو، بەڵکو پەیوەندیی بە پێویستبوونی ڕەهای پاراستنی بەرژەوەندی و ناوبانگی بریتانیاوە هەبوو لە ڕۆژهەڵاتدا. ئەو گۆڕانە مێژوویەی ئەو هەڵوێستە لە ئەنجامی دەرکەوتنی ڕکەبەرێکی نوێ و ترسناکەوە بوو، کە ئەویش (ناپلیۆن بۆناپارت) بوو. داگیرکردنی میسر لەلایەن بۆناپارتەوە و پلاندانانیشی بۆ دواتر داگیرکردنی هیندستان وای لە حکومەتی بریتانیا کرد جدییانەتر بیربکاتەوە و چالاکانەتر بکەوێتە جموجوڵ. هەر لەسەردەمی ناپلیۆنیشدا بوو، کە نفوز و کاریگەریی بریتانیا بۆ یەکەمین جار لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەسپیوی دامەزرا.

---

[56] - Fraser, Lovat, Some Problems of the Persian Gulf (London, Central Asian Society, 1908), 6.
[57] Persian Gulf (Handbook), op. cit., 68.

بەشی دووەم

کێبەرکێی ئەنگلۆ-فەڕەنسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا ساڵی ١٨٠٢

کێبەرکێی ئەنگلۆ-فەڕەنسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا ساڵی ١٨٠٢

هەرچۆن ململانەی ئینگلیز و هۆڵەندییەکان بەدوای ململانەی ئینگلیز و پورتوگالییەکاندا هات، ئاواش ململانەی ئینگلیز لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا، بەدوای ململانەیان لەگەڵ هۆڵەندییەکاندا هات. بەدڵنیاییەوە ماوەیەکی زۆر پێش ڕەگ داماڵینی یەکجارەکیی هۆڵەندییەکان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، سیماکانی کێبەرکێی نێوانی ئینگلیز و فەڕەنسییەکان دەرکەوتبوون، بەڵام دەرکەوتنەکەی زۆر ڕوون نەبوو تا ئەو دەمەی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا فەڕەنسا بە گرنگییەوە دەیڕوانییە پایەی ئینگلیز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە کۆتایی سەدەکەیشدا (ناپلیۆن بۆناپارت) ڕێنوێنیی هەڵپەکارییەکەی فەڕەنسای کرد بەرەو ئەو ناوچەیەی، کە بریتانیا جموجوڵێکی چالاکانەی هەبوو تێیدا. ئیتر لە ساڵی (١٨٠١) دا بریتانییەکان توانییان یەکەمین سەرکەوتنی خۆیان بەسەر فەڕەنسییەکاندا بەدەستبهێنن. ئەم سەرکەوتنە ئەگەرچی بەڕاستی سەرکەوتنێکی ڕەوتەنییانەیش بوو، بەڵام بووەهۆی ئەوەی بریتانیا بتوانێت کاریگەرییەکی (کاتی بەڵام بنچینەیی) بۆ خۆی لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابمەزرێنێ.

١- ململانە ئەنگلۆ-فەڕەنسییەکان لە پێش سەردەمی ناپلیۆنەوە تا ساڵی ١٧٩٨

بە بەراورد لەگەڵ ئەوەشدا، کە درەنگ توند و خەست بۆوە، ململانەی ئەنگلۆ - فەڕەنسی سەرەتایەکی مێژوویيانەی هەیە. یەکەمین دەرکەوتنی لە ئیستەنبوڵ و لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەدا بووە. فەڕەنسا بەنیو سەدە پێش دەرکەوتنی ئینگلیز پەیوەندیی دۆستانەی خۆیی لەگەڵ ئاستانەدا دروست کردبوو. (فەڕەنسیسی یەکەم) یەکەمین ڕێکخەری ئەم پەیوەندییە بووە، لە ساڵی(١٥٣٥) دا توانیویەتی لەلای سوڵتان (سولەیمانی مەزن) ەوە یەکەمین ڕێپێدانی کارکردن بۆ فەڕەنسا لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بەدەستبهێنێت. لەمەوە بازرگانە فەڕەنسییەکان ڕێگەیان پێدرابوو ئازادانە بەناو هەرێمی تورکیدا بازرگانی بکەن و بازرگانانی نەتەوەکانی تریش دەبوو لە" ژێر باڵ و پاراستنی" فەڕەنسادا لەو ناوچەیەدا کاربکەن.

پاشان لەسالانی هەشتاکانی سەدەی شانزەدا (ویلیەم هاربۆرن) توانیی سەرباری پلانگێڕییەکانی (م. دی. جێرماینی) ی باڵوێزی فەرەنسا لە ئیستەنبوڵ، یەکەمین ڕێپێدان بۆ ئینگلیز لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا وەربگرێ. لەماوەی ٢٠ ساڵدا ئینگلیزەکان وەك خۆشەویستترین نەتەوەی لای ئاستانە جێگەیان بە فەرەنسییەکان چۆڵ کرد.

لە کۆتایی سەدەکەدا فەرەنسییەکان توانییان زۆرینە بۆ خۆیان ببەنەوە و لە ساڵی (١٦٠٤) یشدا جارێکی تریش نوێکردنەوەی ڕێپێدانەکانی خۆیانیان مسۆگەر کردەوە.[58] ئیتر دەبوو بازرگانانی هەموو نەتەوەکانی تر، تەنها دوو نەتەوە نەبێت، کە ئەوانیش (ڤینیسی و ئینگلیزەکان) بوون لەژێر "پاراستن"ی فەرەنسییەکاندا داوای مۆڵەتی کارکردن بکەنەوە. لەو کاتەدا ، کە واچاوەڕوان دەکرا ئیمپراتۆریای عوسمانی ببێتە ناوەندی ململانەی ئەنگلۆ – فەرەنسی گۆڕانێکی کاتیی ڕێگای بازرگانیکردن لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بۆ دەوروبەری (سەری ئومێدی باش) وایکرد پنتی ئەو ململانەیەش لە ناوچەی ئیمپراتۆریاوە بگوێزرێتەوە و هێندەی ئەوەش کاریگەریی خستەسەر بازرگانیی ڕۆژهەلات و بەرەو ڕێگای دەریایی برد.

کۆنترین هەوڵی فەرەنسی بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ڕۆژهەلاتدا لە ڕێگەی (سەری ئومێدی باش) ەوە لەلایەن گرووپێك خەڵکی سەرکێشی نۆرمەندییەوە دراوە. ئەم گرووپە لەساڵی (١٦٠١) دا و لەژێر فەرمانی (فرەنکۆیس پیرارد دێ لەیڤەڵ) دا و لە (سەینت مالۆ) وە ملی دەریایان گرت، ئەو سەرکردەیەش هەر بازرگانێکی ناو ئەو بەندەرە بوو. لەگەڵ گەشتنیاندا بۆ دورگەکانی (مالدیف) لە جەمسەری باشووری ڕۆژهەلاتی هیندستان پاپۆڕەکەیان لە ئاودا بەر (ڕچەی مرواری و مەرجان) کەوت و بەمەش گەیشتە دەریاییەکەیان کۆتایی پێهات. ماوەیەکی کەم، پاش ئەوە کۆمپانیایەکی لاوازی فەرەنسیی ڕۆژهەلاتی هیندی دامەزرا. ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی (١٦٠٤) دا گەلاڵە بوو. هەر ماوەیەکی کەمی خایاند و ئیتر لە یاد چووەوە. لەو دەمانەدا چەندان گرووپی بازرگانانی فەرەنسی نیگەرانیی ئەوەیان هەبوو، کە چۆن بەشداریی ئەو سود و قازانجانە بکەن، کە لەو شوێنانە لەلایەن بازرگانە ئینگلیز و هۆڵەندییەکانەوە بەدەستدەهاتن. لەپاش بڕێکی زۆری سەرقاڵبوون بە سازشکردنەوە لەسەر ئیمتیازاتە مۆنۆپۆلییەکان پرۆژەیەکی چالاکی فەرەنسییانە بە گرتنەبەری دوو هەڵمەتی سەرکەوتووانە لە ساڵی (١٦١٦) دا

[58] Miller, op. cit., 2; Epstein, op. cit., 12

دەستی پێکرد.[59] بەدڵنیاییەوە ئەم کۆمپانیایە لە هەلومەرجێکی وادا نەبوو بتوانێت بناغە بۆ سیاسەتێکی چالاکی فرەنسییانە لە رۆژهەڵاتدا دابمەزرێنێت.

لەساڵی(١٦٢٦) دا (کاردینال رێشیلیۆ) (لویس دیشایین)ی بە ئەرکێکی سیاسی-ئابوری نارده لای (شاعەباسی گەورە) ی ئێران. ئەرکەکەی (دیشایین) ئەوەبوو، شا قایل بکات، لەدژی تورکەکان هیچ یارمەتییەکی ئیسپانییەکان نەدات، هەروەها بۆ ئەوەش بوو، کە لەناو هەرێمی ئێراندا ئاسایش و یارمەتی بۆ بازرگانە فرەنسییەکان دابین بکات، بەڵام نێردراوەکە هێشتا نەگەشتبووە پایتەختی تورکیا سەرهەڵدانی ناکۆکییەك لەنێوانی ئەم و باڵوێزی فرەنسا لە ئیستەنبوڵ گوڵی پرۆژەکەی بە خونچەیی هەڵوەراند.[60]

دووساڵ پاش ئەوە دوو قەشەی فرەنسی گەیشتنە ئێران و لەوێ بەسۆزەوە لەلایەن شاوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، بەڵام لەو گەیشتەیاندا سەرقاڵی مەسەلە ئابووری و سیاسییەکان نەبوون[61]، هەروەها گەڵاڵەکردنی کۆمپانیایەکی نوێی رۆژهەڵاتی هیندییش لە ساڵی (١٦٤٢) دا و لەلایەن کاردینال رێشیلیۆوە زۆر لەو هەوڵانەی پێش خۆی کاریگەرتر نەبوو.

کاتێکیش، کە (کۆلبەرت) وەزیرە بوێرەکەی فرەنسا لای کردەوە بەلای رۆژهەڵاتدا و گرنگیی پێدا هیچ پشتی بەو شتانەی پێشوو نەبەست، کە ماندەر بوون، بەڵکو لەوەوە دێرینترین هەڵپەکاریی فرەنسا بەرەو ئێران دەستی پێکرد. لە ساڵی (١٦٦٤) دا و لە هەوڵێکیدا بۆ بەدەستهێنانی ئاسانکاری و رێپێدانی بازرگانیکردن باڵوێزێکی نارده لای (شاعەباسی دووەم). حکومەتی ئێران لەو راستییە نیگەران و بێتاقەت بوو، کە ئەو شاندەی فرەنسا ناردبووی، خەڵکانێك بوون، بەپێی پێویست لە ئاستێکی باڵادا نەبوون، بەتایبەتییش لەبەرئەوەی ئەوان پێشوازییەکی باشیان لە شاندەکە کردبوو، ئەو ئەرکەیش، کە بۆی هاتبوون تەواو سەرکەوتو و باش بوو. هەرچی بازرگانە فرەنسییەکانن لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە هەر باج و زیانێك پارێزراوبوون، هەروەها ئەو هەلومەرجی ئاسانکاریی بازرگانیکردنەشیان پەسەندکرد، کە وەکو هۆڵەندی و

---

[59] Cole C. W., Colbert and Century of French Mercantilism, (New York, 1939), I,. 113-116

[60] دی ریال جیرارد: هەوڵی دانانی باڵوێزخانەیەکی فرەنسی بۆ ئێران، لەژێر سەرپەرشتیی کاردینال رێشیلیۆ، هەروەها فەرمانێکی بڵاونەکراوەی لویسی سیانزەیەم، لەبارەی کردنەوەی باڵوێزخانەیەکی فرەنسییەوە لەم سەرچاوەیەدایە:
Asiatic Quarterly Review, 3 ser., vol. 1-2, 163-180 (January, 18914)

[61] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ١٧٧-١٧٨.

ئینگلیزەکان پێیان بەخشرابوو.[٦٢] ئەم مەرجانە ئەگەرچی سادە و ساکاریش بوون، بەڵام هەر بەپێی ئەمانە چەند کارگەیەکی فەرەنسی لە ئیسفەهان و بەندەر عەباس دامەزران و بوونێکی لاوازیان هەبوو تا ساڵەکانی کۆتایی سەدەکەیش بازرگانیی فرانکۆ–ئێرانی هەرشتێك نەبوو شایانی باس بێت. بەڵام ، کە لە ساڵی (١٧٠٨) دا پەیماننامەیەك لەنێوانی "لویسی چواردە و شا سوڵتان حسەین" دا بەسترا بازرگانییەکەش بۆ ماوەیەکی کورتی کاتی ژیایەوە. چواردە ساڵ پاش ئەوە و لە کاتی داگیرکردنی ئەفغانستاندا فەرەنسییەکان لە ئێران چوونە دەرەوە و ئیتر بە دەرکەوتن و سەردەرهێنانی سەردەمی ناپلیۆن هیچ گرنگییەکی ئەوتۆیان بەم وڵاتە نەدا.

بەم شێوەیە و وەك لەم چەند پەرەگرافەی پێشوودا بینیمان، تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە بوونی کێبەرکێیەکی راستەقینە لەنێوانی ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا، چ لە ناوچەی ئێران و چ لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دەرنەکەوت. ئەگەرچی لەناو کەنداوی فارسدا بارودۆخەکە جیاواز بوو. یەکەمین ئاماژەی سەرقاڵبوونی فەرەنسا بەم ناوچەیەوە، لە ساڵی (١٦٧٩) لە بەسرە دەرکەوت. لەو ساڵەدا نێردراوێکی کەرملیی بە رەگەز ئیتالی لە بەسرە، وەك کۆنسڵی فەرەنسی لەو شارە دەستنیشان کرا.[٦٣] بەڵام نوێنەرە فەرەنسییەکان و ئینگلیزەکانیش لەوێ ئەرکێکی بەرچاوی وایان لەسەرشان نەبوو، تا دوادواییەکانی ساڵی (١٧٤١) یش هەر لەژێر بەزەیی و فەرمانی پارێزگارە خۆجێیەکانی ئەوێدا دەژیان.[٦٤] لە ساڵی (١٧٥٥) دا یەك مافی نیشتەجێبوون (ئیقامە) ی هەمیشەیی فەرەنسی لە بەسرە وەرگیراو ١٠ ساڵ پاش ئەوەش کونسڵێکی فەرەنسی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستی نیشتەجێبوونە دیاریکرا.

وەك ئەوەی (سێر ئارنۆڵد. ت. ویلسن) ئاماژەی پێداوە، لە ساڵی (١٧٨٥) دا داوا لە ئیمامی مەسقەت کراوە رێگە بدات لەوێ کارگەیەك دابمەزرێنرێ، بەڵام ئەم داوایەش وەك داوا پێشووەکانی بریتانیا کە بۆ هەمان مەبەست پێشکەش دەکران، رەتکرایەوە. لەنێوانی ساڵانی (١٧٦٣ و ١٧٩٣) دا و لە کۆتایی شەڕی حەوت ساڵەوە تا

---

[62] Sykes , op. cit., II, 195; Curzon, op. cit., II, 549.

[63] بەسرە سەرەکیترین بەندەری سەر میسۆپۆتامیایە، هەورەها وەك گرنگترین بەندەری ناو هەموو کەنداوی فارسیش دادەنرێ.

[64] Longrigg , op .cit , III 157.

دەستپێکردنی فەرمانڕەوایی ناپلیۆن، لە بەسرە تێپەڕێت، فرەنسییەکان هیچ نوێنەرایەتییەکی ڕەسمییان لەناوچەی کەنداوی فارسدا نەبووە.[٦٥]

لەکاتی پێشبڕکێ گەورەکەی نێوانی بریتانیای مەزن و فرەنسادا لە پێناوی ئیمپراتۆریای پشت دەریادا، کە بە شەڕی (شوێنکەوتنی نەمسا١٧٤٠-١٧٤٨) و هەروەها شەڕی حەوت ساڵەی (١٧٥٦-١٧٦٣) و شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا (١٧٧٥-١٧٨٣) دا دەریالووشی هیندی و سنوورەکانیشی بووبوونە زەمینەی ڕوودانی چەندان ململانەی دەریایی. فرەنسییەکان بنکەی خۆیانیان لە مۆریشیۆس (ئیل دی فرەنس) و چەند دوورگەیەکی نەناسراوی تر دانابوو. لەوێوە پەلاماری ئەو ڕێگا بازرگانییانەی بریتانیان دەدا، کە لە سەر و هیندەوە دەردەچوون و هەر پاپۆڕو دەستکەوتێکی ئەو پەلامارانەشیان هەبووایە، دەیانبرد لە (مەسقەت) دەیانفرۆشت. بۆیە لەمەوە زاری کەنداوی فارس بووبووە ناوەندێکی دابەشکردن بەسەر سعودیەی عەرەبی و میسۆپۆتامیا و باشووری ئێراندا.

ئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو، کە (عوومان) وەك بەهێز ترین دەوڵەتۆکەی عەرەبی لە کەنداودا بووە زەمینەی ڕوودانی زنجیرەیەك شەڕی ئەنگلۆ- فرەنسی.[٦٦]

یەکەمین ڕوداوی نێوانیان لەساڵی (١٧٥٩) دا بووە. کاتێك سێ کەشتی پرچەکی فرەنسی هەوڵیانداوە بە زۆرەملەیی ڕەوەکەشتییەکی گەورەی بریتانی لە بەندەری مەسقەت بەرنە دەرەوە. ئەم پەلامارە دوژمنکارانە لەناو ئاوە هەرێمایەتییەکانی مەسقەتدا سوکایەتییەك بوو بە (خەلفان بن موحەمەد) ی فەرمانڕەوای بەندەرەکە کرا، بۆیە ئەمیش کەوتە تەقەکردن لە پاپۆڕە پرچەکەکانی فرەنسا و ناچاری کردن لە ڕێگەکە لابدەن. وەك تۆڵەکردنەوەیەك لەم پەنەی بەسەریاندا هات، گەورەترین دانەی سێ کەشتییەکە ملی ڕێگەی گرت بەرەو بەندەر عەباس، لەوێ پەلاماری کارگەیەکی بریتانیی دا و نیمچە وێرانی کرد.

هەوڵێکی تری کەشتیی پرچەککراوی فرەنسی بۆ ناچارکردنی پاپۆڕی ئینگلیزی و دەرکردنی لە ئاوەکانی مەسقەت لە ساڵی (١٧٦١) دا ڕوویداوە. ئەمەشیان هەر بەهەمان شێوە لەلایەن هەمان والیی بەندەرەکەوە پوچەڵکرایەوە. سێیەم ڕوداوی گەورەی لەم

---

[65] Wilson, A. T. , The Persian Gulf (Oxford, 1928), 189; Longrigg, op. cit., 187.

[66] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم ململانە ئەنگلۆ- فرەنسییانەوە بڕوانە:

Auzoux, A., "La France et Muscat aux XVIIIe et XIXe siecles," Revue d'histoire diplomatique , XXIII (Paris, 1909), PP.518-540; Prentout, H., L'Ile de France sous Decaen (Paris, 1901)

شێوەیە لە ساڵی (١٧٧٨) دا روویداوە. ئەو دەمە پاپۆڕێکی ئینگلیزی بە بارێکی (٥٠٠) باڵەیی جلوبەرگەوە لە شاری (سورات) ەوە هاتبوو، راوەدوونرا و بەناچاری پەنای بردە بەر کەنارەکانی مەسقەت و هەر ئەوێشی بەدەستەوە مابوو. دیسان والی بەم فەرامۆشییە گەورەیەی دەزگا دادوەرییەکانی لای خۆی زۆر تووڕە بوو، کەوتە تەقەکردن لە کەشتییە فڕەنسییەکان و ناچاری کردن ئاوەکانی والی بەجێبهێڵن.[٦٧]

نابێ ئەو راستییەی، کە بەرپرسیارانی عوومماان لە هەموو ئەم کێشانەدا لەدژی فڕەنسییەکان پشتگیریی ئینگلیزەکانیان کردووە، بەرەو ئەو ئاکامەمان ببات، کە بڵێین ئەو بەرپرسیارانە بەشێوەیەکی جێگیر دۆستی لایەنێك و نەیاری لایەنێکی تر بوون.[٦٨] لەکاتێکدا، کە برێك (پێوەرێك) لە راستی لەم ئاکامەدا هەیە، کە پێی گەشتین، دەتوانین باشترین روونکردنەوە بۆ ئەم هەڵسوکەوتەی والیی مەسقەت لەناو نەریتێکی زۆر باوی عەرەبدا بدۆزینەوە، کە پێی دەوترێ (دەخیل) و ئەوەش ئەوەیە، کە بە هەر نرخێك بێت، دەبێ خواستی پەنابەریی ئەو کەسەی لە دەست مەینەتیی ستەمی دوژمنەکەی هەڵدێت، ڕێزی لێبگیرێ، تەنانەت ئەگەر بەڕوونییش خۆی داوای نەکردبێ. ڕەگەز و ئاینیش بەگشتی نابنە ڕێگری بەردەم ئەنجامدانی ئەم چاکەیە. ئەو کاتەی بازرگانە ئینگلیزەکان لەلایەن دوژمنانیانەوە راوەدوونران و چوونە ناو بەندەری مەسقەتەوە بەڕوونی لە نەریتی عەرەبی پارانەوە بیانپارێزن،، ئەو نەریتەیش بەشێوەیەکی ڕەمەکی بەلای خێڵە عەرەبییەکانەوە هێزێکی باشی هەیە.[٦٩] بێگومان لە بەرامبەری ئەم خزمەتگوزارییە گەورەیەشدا هیچ پارەیەك لە ئینگلیزەکان وەرنەگیرا.

وەك ئەوەی ئەم ململانە فرانکۆ- عوومانییانە لە سەرەتاوە وەك ئەنجامی سیاسەتی نەیاریکردنی یەکتری نەهاتبوونە ئاراوە، فڕەنسییەکانیش هەمیشە بەو خەونەوە ژیاون، کە لەناو بازاڕی مەسقەتدا جێگەی ئینگلیزەکان بگرنەوە. هەمیشە بە خەڵات بەخشین و پۆزشهێنانەوەیان ویستویانە برێك لەو تووڕەییانەی ئیمام لەبەرامبەر کارەکانیاندا کەم بکەنەوە. لە دەوروبەری ساڵی (١٧٦٠) دا پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانی

---

[67] Miles, op. cit., II, 268-270, 274-275.

[68] چەندان داوای یەك لەدوای یەکی ئینگلیزەکان، هەر وەکو داوای فڕەنسییەکان بۆ دامەزراندنی کارگەیەك لەلایەن ئیمامەوە ڕەتکراوەتەوە، بڕوانە سەرچاوەی پێشوولاپەڕە ٢٨٢، هەروەها :
Wilson, op. cit. , 189.

[69] لەو دەمەوە کە عەرەب ژیانی شارنشینییان هەڵبژاردووە ئەم نەریتەش کز بووە. بەڵام لەناو زۆرینەی خێڵە عەرەبەکاندا زۆر بەهێز ماوەتەوە و لەناو دانیشتوانی شارەکاندا بوونێکی نییە.

مۆریشیۆس و مەسقەت دەستی پێکرد و چالاکانە تا نزیکی کۆتایی سەدەکە بەردەوام بوو. دورگەی مۆریشیۆس شەکری هەناردەی دەرەوە دەکرد و زەیتی ڕۆن ماسی و خورما و قاوەی هاوردە دەکرد.

لە ساڵی (١٧٨١) دا قەیرانی ڕاستەقینەی فرانکۆ – عوومانی دەرکەوت. لەو ساڵەدا بە کردەوە چوارەمین پەلاماری سەر کەشتییە بازرگانییەکانی ئینگلیز لەناو بەندەری مەسقەتدا لەلایەن والییەوە پووچەڵکرایەوە. پاش ئەوەی بەم سەرنەکەوتنەشیان زۆر تووڕەبوون سێ کەشتییە پڕچەککراوە فرەنسییەکە بەرەو بەشی سەرەوەی کەنداوی فارس کەوتنە جووڵە. لە ڕێگەدا چاویان بە (سالح) کەوت و دەستگیریان کرد، (سالح) یەکێك لە کەشتیی (فورقاتە)ەکانی ئیمام خۆی بوو. ئیمامیش یەکسەر دوونامەی ئیدانەکردنی ئەم کارەی نووسی، یەکێکیان بۆ بەرپرسیارانی مۆریشیۆس و ئەوی تریشیان بۆ حکومەتی فرەنسی. لەوەش زیاتر هەستا بە دەست بەسەرداگرتنی یەکێك لە سێ کەشتییە جەنگییەکە. حکومەتی فرەنسی لە پاریسەوە مەسەلەکەیان بە سەلیقەوە وەرگرت و مامەڵەیان لە تەکدا کرد. هاتن نیگەرانیی خۆیانیان لەبارەی ڕووداوەکەوە دەربڕی و کەشتییەکیشیان لەبریی سالح نارد بۆ ئیمام، ناوی (کۆرێ دێ لا فرێنس) بوو.[٧٠] لەمەشەوە پەیوەندیی دۆستانە دەستی پێکردەوە، ئەگەرچی (کۆرێ) لەڕێگاکەیدا بەرەو عووممان لەلایەن چەتەکانی ئینگلیزەوە دەستی بەسەرداگیرا. بەڵام لە ساڵی (١٧٩٠) دا فرەنسییەکان کەشتییەکی تریان بۆ نارد و ئەمەیان گەیشتە دەست ئیمام.

شەڕی حەوت ساڵە بە ئامانجەکانی باڵادەستیی هێزی ئاویی بریتانیاشەوە لەو شەڕەدا فرەنسییەکانی ناچارکرد ئارەزووی ئەوە بکەن جارێکی تر بەدوای ڕێگایەکی وشکانیدا بگەڕێن لە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە بەرەو هیندستان. بۆیە لەوەوە دەستیان پێکرد، کە لێکۆڵینەوە لە گریمانەکانی گونجانی (کەناڵی سویس) بۆ ئەو مەبەستە بکەنەوە. بۆیە بە بەرهەمترین و خێراترین هەل لە دوا چارەکەی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت و بریتی بوو لەوەی هەریەکەی میسر و سعودیە بهێننە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیانەوە و هاوپەیمانێتییەکیش لەگەڵ ئێراندا دروست بکەن.

---

[70] Miles, op. cit., 277-278.

سـالانی (١٧٩٠) ەكـان گەشـەیەكی جـێگیری چـالاكییەكانی فەرەنـسایان بەخۆیانەوەبینی، نەك هەر لە عووممانداُ، بەڵكو لە تەواوی رۆژهەلاتی ناوین و رۆژهـەلاتی نزیك و چەند بەشێكی دیاریكراوی هیندیشدا.

لەبەرامبەری ئەمەدا و بە دیوێكی دیكەدا كاریگەریی ئینگلیزیش لاواز بوو.

ئـەم دوو ئاراسـتە پێچەوانەیە لـە سـالّی (١٧٩٣) دا بـووە هانـدەرێكی تایبـەت بـۆ سەرهەڵدانی ناكۆكی و دژایەتی لە نێوانی بریتانیا و فەرەنسای شۆڕشگێڕدا. پەلامارەكانی فەرەنسا بۆسەر پاپۆڕ و كەشتییەكانی ئینگلیز لەناو دەریالووشی هیندیدا چڕبوونەوە. پـەلامارەكانی فەرەنـسا دەستبەسـەرداگرتنی بڕێكـی ئـەو تالانیانـەی رژێنرابوونـە نـاو بازاڕەكـانی عووممانـەوە و هەندێكیـشیان لـە كـەلكوتا گـیران و هـەر لـە هـەمان ئـەو بازاڕانەشدا، كە تیایاندا گیران دانرانەوە بۆ فرۆشتن.[71]

خەسڵەتی تایبەتمەندبوونی دەیەی نەوەدەكانی سەدەی هەژدە لەوەدا نییە، كە هـەر زوو ئەم پەلامارانەی ئەم كەشـتییە جەنگییانـە دەسـتیان پێكـردووە، بـەڵكو لـەوە پـتر، لەوەدایە، كە پێیدەگوترێ سەرهەڵدانی (ئەركە فەرەنسییەكان– ئەرك بە مانـای مـەهام– و–). هاولاتیانی فەرەنسی لە چەند ناوچـەیەكی رۆژئـاوای ئاسـیا دەركـەوتن و هـەموویان مەبەسـتی زانـستی یـان سیاسـییان هـەبوو، هەریەكەشـیان بەشـێوەیەك لـە شـێوەكان سـەوداییەكیان بـۆ خزمـەتكردن بـە پرسـی نەتـەوەیی خۆیـان هـەبووە. ئەمانـە زۆرجـار ئینگلیزیان بێزاركردووە، هیچ نەبێ لە كایە سیاسی– ئابورییەكاندا، بەلام هیچیشیان لەو بێزاركردنە بەدەست نەهێنا.

یەكێك لە بەرچاوترینی ئەم ئەركانە ئەوەیان بـوو، كـە لەلایـەن حكومەتـەوە كۆمـەكی پێكرابـوو، لـەنێوانی سـالانی (١٧٩٣–١٧٩٨) دا روویـدا و لەلایـەن دوو زانـای سروشتناسـەوە بـەڕێوەبرا، كـە بریتـی بـوون لـە (بروجێـر و ئـۆلیڤێر) دانیـشتوانە ئینگلیزەكانی ئەم سەردەمەی بووشـەهر و بەسـرە ،بـە دوودڵییـەوە وا دەزانـن ئامـانجی هـاتنی ئـەو سروشتناسـانە ئـەوەبووە لـە بەغـداوە و بـەناو ئێرانـدا رێگایـەك بـەرەو هیندستان بكەنەوە.[72]

---

71 لەسالانی فەرمانڕەوایی سولتاندا لە (١٧٩٣–١٨٠٤) بڕی ئەو زیانانەی لەناو دەریالووشی هیندیدا لە بازرگانیی بریتانی كەوتن لە سێ ملیۆن ستەرلینی كەمتر نەبوون. – مایلز، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دوو، لاپەڕە ٣٠٢.

72 Wilson, op. cit., 190.

بۆ بینینـی ڕاگەیانـدنێكی كـورت لـەبارەی ئـەم ئەركـەوە بڕوانـە سەرچـاوەكەی پێشوو، لاپـەڕەكانی ١٨٩–١٩٠ هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە: ◄◄

لە راستیدا ئەو دوو کەسە سەرکێشە فڕەنسییە لە ساڵی (١٧٩٦) دا سەردانی تورکیا و میسریان کردبوو، پاشانیش ڕێگای (حەڵەب– بەغدا) یان گرتبووە بەر بەرەو تاران و تارانیش دووایین خاڵی گەیشتەکەیان بوو. بە ووتەی خوودی (ئۆلیڤێر) "ئەو ئەرکەی بۆ ناو ئێران پێیان سپێردرابوو، ئەوپەڕی گرنگ بوو".[٧٣]

لەبەرئەوەی لەلایەن حکومەتەوە کۆمەکی پێکرابوو، سەرباری ئەوەشی، کە ئۆلیڤێر جەخت لەوە دەکاتەوە گرنگ بووە، بریتانیاش وا لێی تێدەگات، کە مەترسیدار بووە، ئەو ئەرکە لە دەرەوەی کایەی زانستەوە ئەنجام دراوە و هیچ ئەرکێکی زانستیی گرنگی بەپەلەی وا لە ئارادانەبووە. لە یەکەمین شوێنیاندا و پێموایە لە ئەرکەکانی تریشیاندا بوونی هیچ پلانێك لە ئەرکەکانیاندا دەرنەکەوتووە. تەنانەت گەیشتەکەشیان بۆ ئێران هەر شتێك بووە، لەدەرەوەی بیرلێکردنەوە. ئەنجامی پووختی سەردانەکەیان بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ ئەوە بووە میانکارییەك لەلای ئەو ئیمپراتۆریایە بکەن، بۆئەوەی فڕەنسا بتوانێت میسر داگیربکات، چونکە لەو دەمەدا بۆناپارت تازە کەوتبووە بیرکردنەوە لە میسر.

لە ئێران مەبەستەکەیان بریتی بوو لە هەوڵی سەرلەنوێ بوونیادنانەوەی ئەو کارگانەی وازیان لێهێنرابوو، لەگەڵ بوونیادنانی چەند کارگەیەکی نوێی تر و چەند ئاسانکارییەك، بەڵام هەوڵەکەیان شکستی خوارد. هەروەها لەو هەوڵەشدا سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، کە دەیانویست ئێران قەناعەت پێبکەن، کە بە هاوبەرەیی لەگەڵ تورکیادا لەدژی رووسیا هەستنەوە.[٧٤]

لەکاتێکدا ئەم ئەرکانە ئارامیی ئینگلیزیان دەشێواند و ئەو ڕێوشوێنە سەختانەشی لە دەریاوە لەدژیان گیرابوونە بەر بووبوونە مایەی نیگەرانییان. لەو دەمەدا ناپلیۆن بۆناپارت لێدانێکی توندی ئاراستەی میسر و سوریا کرد و ئەمەش دەیەیەکی پڕ لە ململانەی ئەنگلۆ–فڕەنسیی هێنایە ئاراوە و سەرەتای سەردەمێکی پڕ لە ململانەی نێوانی ئینگلیز و فڕەنسای لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپاکرد. سەردەمی ناپلیۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەردەمێکی ناوازەی زۆر دیارە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا، نەك هەر

Watson, R. A., A History of Persia, from the beginning of the nineteenth century to the year 1858 (London, 1866), 99-100.

[73] Olivier, G. A., Travels in the Ottoman Empire, Egypt and Persia, "Translated From French" (London, 1801), I, P. XXIX

[74] Wilson, op. cit., 189-190; Aitchison, C. U., Collection of Treaties, Engagements and Sanads relating to India and Neighboring Countries (revised., Calcutta, 1909) , XII, 7.

تەنها لەبەر روداوەکانی ناوی، بەڵکو بەهۆی ئەو ئەنجامانەشەوە، کە لێیکەوتنەوە. کاردانەوەی خێرای ئینگلیز لەبەرامبەر ئەم مەترسییە نوێیەدا، ئەوەش هەوڵێکی چەشەکاریی پێکهێنانی بالادەستییەکی بریتانی بوو لەناو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا ئەمرۆ. دیارە بەڕاستی ئەمەش سەرەتای کاریگەرییەکە نەبوو، بەڵکو سەرەتای تەواوی ئەو کاریگەرییە لە دەیەیەکی پاش ئەوەوە دەستی پێکرد.

٢-یەکەمین سەرکەوتنی بریتانیا لەبەرامبەر ناپلیۆندا (١٧٩٨-١٨٠١)

هەرچەند بۆناپارت پێیبکرێ خۆی لە مەترسییەکانی دەریا لادەدات، لەبەرئەوەی دەریا بەشێك نییە لە کارەکەی ئەودا، بەڵام بە پشتبەستن و متمانەکردن بە تواناکانی خۆی و هەلپەی شوێنکەوتووەکانی هەوڵی پێکانی مەبەستەکەی خۆی دەدات، کە بریتییە لەوەی بە سەرمەشقکردنی نمونەی کارەکەی ئەلێکزاندەر بە حەڵەبدا بڕوات و لە فوراتەوە بپەڕێتەوە و پاشان ملی رێگای دیجلە و فورات بگرێت و بەرەو کەنداوی فارس شۆڕببێتەوە و لەوێشەوە بەدرێژایی کەنارەکەدا تا ئیندیز پەل بکوتێت[٧٥].

بۆچوونێکی سەرنجڕاکێش هەیە لەم بەڵگەنامەیەدا دووپاتکراوەتەوە، مانای ئەم بۆچوونەش ئەوەیە، کە بۆناپارت لە بەرنامەیدا بووە هیندستان داگیربکات و لەوێشەوە لە رێگای رۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاستەوە ملی رێگە بگرێتەبەر بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی. دیارە ئەو بەڵگەیە راڤەکردنێکی سادەکراوەی کەسێکی بریتانیی دیار و بەرچاو بوو، کە لەبارەی مەترسییەکانی ناپلیۆنەوە بۆسەر ئیمپراتۆریا رۆژهەلاتییەکەی خۆیان زەنگی مەترسیی لێدابوو. سەرباری ئەوەش، کە مەترسییەکە گەیشتبووە ئاستێکی بالا، گومانی ئەوەش پەیدابووبوو، کە ئەو دوژمنکارییەی فەرەنسا گەیشتبووە دوا ئاکامی رەشی خۆی.

کاربەدەستە بریتانییەکانی ناو هیند ترسێکی تایبەتییان لێنیشتبوو. "ئێمە هەست بە مەترسییەکی قووڵ دەکەین لەبارەی مەترسیی فەرەنساوە بۆسەر هیندستان. هەمیشە ئەو ئیمپراتۆریایەی ئێمە لە رۆژهەلات لەلایەن فەرەنساوە چاوی تێبڕدراوە، هەروەها دەشزانین کە حکومەتی پێشوویان ئومێدی سووری ئەوەی هەبوو بتوانێت بە سووڕانەوەیەکی کورتتر لە رێگەی سەری ئومێدی باشەوە بگاتە هیندستان، هەروەها

---

[75] Henry Dundas, Secretary of War, to Lord Grenville, 13. 6.1798. (Autograph letter.) Quoted in Wilson, op. cit., In.

گومانێکمـان لـەوەش نییـە، کـە ئـەم حکومەتـەی ئێستەشیان سەرکێشی بـە پـلان و پرۆژەیەکی گەورەوە دەکات و پێوەری سەرسوورهێنەر و نائاساییش لەبەرچاو دەگرێ بـە ئومێدی ئـەوەی دەسـەڵات و کاریگـەریی بریتانیـا لـەم گۆشـەیەی جیهانـدا، ئەگـەر قەڵاچۆیش نەکات، کەمی بکاتەوە". [٧٦]

هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم نیگەرانییە گەورەیە داگیرکردنی میسر بوو لەلایەن ناپلیۆن بۆناپارتەوە. لەپاش چەند و چوونکردنێکی درێژخایەن ئەوەبوو دواجار لە مانگی ئاداری ساڵی (١٧٩٨) دا حکومـەتی فرەنـسی بڕیـاری داگیرکردنـی میـسری دا. ئیـدی سـوپای فرەنـسا بـەرەو (ماڵتـە) کەوتـە جووڵـە و لـە ١٩/ حوزەیرانـدا لەوێـشەوە بـەرەو ئەسکەندەرییە کەوتـە جووڵە و لـە ١/ تـەممووزدا لـە ئەسـکەندەرییە لەنگـەری گـرت. [٧٧] لەوێوە ئیتر ، کە زانییان بۆناپـارت بـەرەو میـسر بەڕێوەیـە وەزیـری جـەنگی بریتـانی و فـەرمانڕەوا بریتانییـەکانی هینـد کەوتنـە لێـدانی زەنگـی مەترسـی ، هێـشتا نـاپلیۆن بەڕێگاوەبوو، ئەوان یەکەمین پـەیامی خۆیانیـان لـەم بارەیـەوە ڕاگەیانـد. داگیرکردنەکـە بەڕێوە دەچوو، نیگەرانیی بریتانییەکانیش لەبارەی موڵکە دوورەدەستەکانی خۆیـان لـە هیندسـتان گـەورەتر دەبـوو، ئەمـەش وایلێکـردن زنجیـرە ڕێوشـوێنێکی بـاش لەبەرچـاو بگرن. بە کاری ڕێکەوت ئەو نیگەرانییەیان دڵەڕاوکەیەکی سـەرنجڕاکیش بـوو. قورسـی و درێژخایـەنیی پەیوەنـدیکردن لـە ڕێگـای ووشـکانییەوە، هەڕەشـەی خـەڵکانی عەشـایەر بەدرێژایی ڕێگاکان، مەترسیی پـەتا و نەخۆشی، کـەمیی کەرەسـتەو پێداویـستی، هـەموو ئەمانە پێکەوە لەمپەری ڕێگر و پەکخەر بوون بۆ بە واقعی بوونی هەر هەڵپەیەك لەلایـەن بۆناپارتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـای زەمینییـەوە و لـە میـسرەوە ڕێگـای شـەڕێك بـەرەو هیندستان بگرێتەبەر. . لەگەڵ ئێران و هەروەها لەگەڵ عووممانیـشدا، کـە سـەرەکیترین دەوڵـەتی عـەرەبیی نـاو کەنـداوی فـارس بـوو، کۆمەڵـە ڕێکەوتننامەیـەکی چـالاکانەیان هێنایەپێـشەوە و لـــەبارەی میـــسۆپۆتامیاشەوە بـــۆ یەکـــەمین جـــار گرنگییـــەکی دیپلۆماسییانەی جدییانەیان پێدا.

سـەرباری ئـەوەش کاردانـەوەی بریتانیـا بـەپێی مەترسـییە گـەورەکانی خۆیـان بـوو. توانییـان ئاسـتانە بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشن، بـۆ ئـەوەی بەمـە بەشـی ڕۆژئـاوای ڕێگـای

---

[76] "Extract of letter from the Secret Committee of the court of Directors, to the governor-General in Council of Bengal, dated 18th June, 1798. " Owen, S. J. (ed.), A Selection from Wellesley's Dispatches (Oxford, 1877), 2. Copies of this dispatch were transmitted to the Governors of Madras and Bombay.

[77] Cambridge Modern History, VIII, 594-596, 598, 599.

وشـــكانيی بـــەرەو هيندســـتان بپـــارێزن. لـــەناو هيندســـتان خۆيـــشيدا بـــۆ بـــەهێزكردنی پلەوپايەی خۆيان سياسەتێكی چالاكانەيان گرتەبەر.

كاروباری مامەڵە كردن لەگەڵ سوڵتانی ئيستەنبوڵدا درايە دەست حكومەتی نـاوخۆيی و مامەڵـــەكردن لەگـــەڵ رۆژهـــەڵاتی ناوەڕاستيـــشدا ســـپێردرايە دەســـت حكومەتەكـــەی هيندستان. رێكەوتننامەيەكی هاوپـــەيمانێتی لەگـەڵ توركيـادا دەسـت پێكرا و لـە رۆژی (٥/كـــانوونی دووەم/١٧٩٩) دا لـــە ئيـــستەنبوڵ ئيمـــزا كـــرا. ئـــەم رێكەوتننامەيـــە لـــە دیباجەيـــەكی ســـيانزە بەنـدی پێكهـاتبوو. دیباجەكـە ئامـاژە بـەوە دەكـات، كـە ئـەو رێكەوتننامەيە وەك كاردانەوەيەك بە (خيانەت و دەستدرێژييە بێشومارەكانی فرەنـسا) پێكهێنـراوە. بـەپێی بەنـدی يەكـەم، ئامـانج لـەو هاوپەيمانێتييـە هـەمان ئامـانجی ئـەو هاوپەيمانێتييەيە، كە لـە نێـوانی بريتانيـا و رووسـيادا ئيمـزا كـراوە. بـەڕوونی بـۆ ئـەوە سازكراوە هاوپەيمانێتييەكی سێ لايەنەی لەگەڵ بريتانيـادا پـێ تـەواو بكـرێ و بريتانيـا سەری گرێ داوە كـە بێـت. بريتانيـای مـەزن و توركيـا بەهاوبەشـی لـە بەنـدی دووەمـدا موڵكـەكانی خۆيانيـان دەستنيـشان كـردووە"موڵكـەكانيان لـەپێش داگيركردنـی ميـسر لەلايەن فرەنساوە چۆن بووە، بەو شێوەيە دايانناونەتـەوە." ئـەم دابينبوونەشـيان وەك رووح و بابەتی سەرەكيی هاوپەيمانێتييەكەيان لەقەڵەم دەدرێ.[٧٨]

ساڵی (١٧٩٩) بۆ بريتانيا چەند ساڵێكی يەكلاييكەرەوە بوو، بۆ سوڵتانيش شـتێكی لەوە كەمتر نەبوو، چونكە موڵكەكانی ئەمانيش راستەوخۆ كەوتبوونە بـەر پـەلامارەكانی بۆناپارت. سوڵتان هات شەڕی لە دژی فرەنـسا راگەيانـد، لەبەرئـەوەی ئـەوان ميـسريان داگيركردبوو، ميسريش بەشێكی ديار و بەرچاوی ناو موڵكەكانی ئيمپراتۆريای عوسمـانی بوو. وەڵام و كاردانەوەی بۆناپـارتيش ئـەوەبوو لـە بـەهاری سـاڵی (١٧٩٩) دا پـەلاماری سورياشی دا، كە ئەويش ناوچەيەكی سەر بە ئيمپراتۆريـای عوسمـانی بـوو، بـۆ ئـەوەی لەوێشەوە بتوانێت پەلاماری ئيستەنبوڵيش بدات. بەڵام ئەم هێرشـەيان سـەرنەكەوتنێكی تراژيديیانە بوو. لە پايزدا كەنارە ئاوييەكانی ميسر و سوريا بـە كـردەوە لەلايـەن هێـزی دەريايی بريتانييەوە گەمارۆ دران و بەمەش رێگای ئەو كۆمەكە سـەربازيانە بەسـترا، كـە

---

[78] بۆ بينينی دەقی رێكەوتننامەكە بڕوانە ئەم سەرچاوەيەی خوارەوە:
Parliamentary History, XXXVI, 309-312; Parliamentary Debate, 1808, X , 497ff. In British and Foreign State papers, Vol. I, pt. I, 768-773,
بەداخەوە دیباجەی پەيماننامەكە بە تەواوی شێوێنراوە، چونكە هەر ئاماژەيەكی خراپی تێدابوبێ بۆ فرەنسييەكان تێدانەهێڵراوەتەوە و لابراوە

بە فرۆشراوە بۆ سوپا فرەنسییەکە دەهاتن. ئیدی بۆناپارت خۆی و دەستەیەك لە باشترین ئەفسەرەکانی بەرێگایەکی نهێنی لەمیسرەوە هەڵاتن و لە رۆژی ٩/ ئۆکتۆبەردا گەیشتنەوە فرەنسا. ئەگەرچی سوپایەکی بەهێزی فرەنسی هێشتا لە میسردا مابوونەوە، پێویستیی پێکەوە هاریکاریکردنی ئەنگلۆ- عوسمانی بەتەواوی لەوێ نەخەملیبوو. روداوە گەورەکەی ناو میسر لە ساڵی (١٨٠١) دا گەیشتە ئاکامێکی سەرکەوتوو. لەو ساڵەدا ئەوەبوو هێزێکی بریتانیی بەتوانا لە هیندەوە بەناو دەریای سوردا هات و میسری داگیرکرد و فرەنسییەکانیشی بە تەواوی تاراندە دەرەوە.

وەك بەرهەم و پاداشتێکی ئەوەی لە دژی فرەنسییەکان، بریتانییەکان بەرەڤانییەکی سەرکەوتوویان لە میسر و سوریا کردبوو لە رۆژی (١٠/تشرینی یەکەم/١٧٩٩) دا "بە فەرمانی ئاستانەی شکۆدار رێگە بە کەشتییە بازرگانییەکانی بریتانیا درا ئیمتیازی بازرگانیکردن لەناو دەریای رەشدا وەربگرن." ئەم هەلەش بەباشی بۆ ئەوە قۆزرایەوە سەرلەنوێ جەختی لەسەر هاوپەیمانێتی و ئاڵوگۆڕی نێوانی ئەو دوو دەوڵەتە پێبکرێتەوە. زۆرترین بەشی بەڵگەنامەکەی نێوانیان بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو. وا ئاماژە بەو یارمەتییەی بریتانیا کرا، کە ئەوە پشتگیریکردنێك بووە لە جیهانەکەی سوڵتان و لەمەوە بەڵێنی جدی درا، کە لە ئایندەدا یارمەتیی یەکتر ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەو دەمە هێشتا هیچ پێشینەیەکی یەکەم سیمای غەزووکردنی هیند لەلایەن ناپلیۆنەوە دەرنەکەوتبوو، سوڵتانیش وا دانرابوو، ئەو هاوپەیمانەیە کە ناکرێ دەستی لێهەڵبگیرێ.

> ئەو هاوڕێیەتی و رێکەوتنەی، کە لە سەردەمانێکی زووەوە لەنێوانی ئاستانەی باڵادەست و خاوەن شکۆی هەمیشەیی و کۆشکی پادشایی بریتانیادا هەیە، ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لەسەر بناغەی بەهێزی راستی و دڵسۆزی بووە بە هاوپەیمانێتی. سەرباری ئەو سوودە زۆرانەی کە هەردوو وڵاتەکە لەم پەیوەستە نوێیانە لەنێوانی هەردوو کۆشکی پادشاییدا چنیویانەتەوە، خوا یاربێت لە ئایندەشدا کاریگەریی باشی دەبێ.[79]

[79] British and Foreign Papers, vol. I, pt. 1,766

دیپلۆماسـیّتی و سـوپای بریتـانی لـه رۆژهـه‌ڵاتی نزیکـدا زۆر سـه‌رکه‌وتوو بـوون و سه‌رکه‌وتنه‌که‌شیان له هیندستان و رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا لـه‌وه کـه‌متر نـه‌بوو. بـه‌هاری سـاڵی (١٧٩٩) لـه هیندستانیـشدا هـه‌روه‌ك لـه‌ناو ئیمپراتۆریـای عوسمانیـدا بـه‌هاریّکی یه‌کلاییکه‌ره‌وه بوو، ئه‌گه‌رچی سه‌رکه‌وتنه‌کان به دیپلۆماسیّتی به‌هیّز و هیّزی سـه‌ربازیی کارامه‌وه نه‌بووایه به‌ده‌ستنه‌ده‌هاتن. ئه‌وه ویّلزلی خانـه‌دان (لـۆرد ریچه‌رد کـۆلی ویّلـزلی) فه‌رمانڕه‌وا گشتییه به‌تواناکـه‌ی هیندسـتان(١٧٩٨–١٨٠٥) بـوو، کـه جڵـه‌وی شـته‌کانی به‌ده‌سته‌وه گرتبوو. له ریّگایدا بۆ دانیشتن له‌سه‌ر کورسیی حکومـه‌تی بـاڵای که‌لکـه‌تا، رۆژی (٢٦/نیسان/١٧٩٨) که گه‌یشته شاری مه‌دراس، هه‌ر یه‌کسه‌ر خۆیی تـه‌رخان کـرد بـۆ نه‌هیّـشتن و لادانـی دوو سه‌رچـاوه سـه‌ره‌کییه‌که‌ی مه‌ترسیی سـه‌ر ده‌سـته‌ڵاته زۆر باڵاکه‌ی بریتانیا له هیندستان، که بریتی بوون له (تیپوو سوڵتان–ی شاری میسۆر– کـه شـاریّکی باشـووری هیندسـتانه–و–)له‌گـه‌ڵ هاوپه‌یمانه‌کانیـدا، کـه بریتـی بـوون لـه فره‌نـسییه‌کان و کاریگـه‌ریی ئـه‌م فره‌نـسییانه ته‌نانـه‌ت کـه‌وتبووه سـه‌ر (نیزامـی حه‌یده‌رئاباد)، که هاوپه‌یمانیّکی پیّشووی بریتانیا بووه.

ئـه‌م (تیپـوو)ه دوژمنیّکـی سه‌رسـه‌ختی بریتانییـه‌کان بـوو. شه‌ڕیّکیـشی لـه‌دژیان به‌رپاکرد و سه‌رکه‌وتوو نه‌بوو. ئیتر که‌وتبووه خۆسازدان بۆ هیّرشیّکی گـه‌وره. بیّگومـان (تیپووی هاوڵاتی) حسابی خۆیی له‌سـه‌ر ئـه‌وه کردبوو فره‌نـسییه‌کان یارمـه‌تیی بده‌ن، به‌تایبه‌تییش له مه‌شقپیّکردنی سه‌ربازه خۆماڵییه‌کانی و پڕچه‌ککردنی سـوپاکه‌یدا. ئـه‌و هیّـزه فره‌نـسییانه‌ی له‌گه‌ڵیانـدا بـوون، ئه‌گه‌رچـی بـه ژمـاره‌ش کـه‌م بـوون، بـه‌ڵام کاریگه‌رییه‌کـه‌یان زۆربـوو، له‌گـه‌ڵ خه‌ڵکـه به‌سـه‌ربازگیراوه‌کاندا ده‌گـه‌ڕان ره‌نگـی شۆڕشگیّڕانه‌یان پیّوه‌بوو، هیّمای ئازادی به‌سه‌ر قۆپچه‌کانیانه‌وه نه‌خشیّنرابوو.[80] هـه‌ر که لۆرد ویّلزلی گه‌یشته ناو خاکی مه‌دراس (رایمۆند) ی سه‌رکرده‌ی چالاکی ئـه‌م هیّزانـه مرد. ئه‌وه‌ش روداویّکی خۆش بوو بۆ فـه‌رمانڕه‌وای گشتی، بـه‌ڵام نـه هه‌لومه‌رجه‌کـه بـۆ ئه‌وه گونجاو بوو، تا ئه‌و خۆشییه هه‌ست پیّبکریّ و نه بارودۆخه‌که‌ش هیّنده ئارام بوو.

---

[80] Kaye, J. W. The Life and correspondence of Major-General Sir John Malcolm (2 vols. , London, 1856), I, 67-68.

هه‌روه‌ها بۆ زانیاریی زیاتر له‌باره‌ی کۆی چالاکییه‌کان و دژایه‌تیکردنه‌کانی تیپووه‌وه له‌دژی بریتانییه‌کان و هاوڕێیه‌تیی له‌گه‌ڵ فره‌نسییه‌کاندا بڕوانه نامه‌کانی خۆی له
Owen, op. cit., passim

لەپاش چەند مانگ لە خۆسازدانی ئاگایانە، کە سیستمێکی وردی تاوتوێکراوی هاوپەیمانی بەستنیشی تێدابوو لەگەڵ خەڵکە دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکاندا، فەرماندەی گشتی هەستیکرد، ئیتر کاتی ئەوەهاتووە بکەوێتە جووڵە. فەرماندەی گشتی خزمەتێکی بە (تیپوو) کرد، ئەویش ئەوە بوو دوا ئاگادارکردنەوەی پێدا و پێی وت، کە چاری ئەو بریتییە لە خۆبەدەستەوەدانی تەواو. بەڵام ئەوەبوو داواکەی رەتکرایەوە، لەمەوە سوپاکان پرچەککران، (میسۆر) یش لەرۆژهەڵاتەوە و لەلایەن چەند هێزێکەوە، کە لە بۆمبایەوە هاتبوون پەلاماردرا، لەرۆژهەڵاتیشەوە لەلایەن دوو سوپای ترەوە، کە یەکێکیان لەژێر فەرمانڕەوایی (ئارسەر ویلزلی) ی براچوکی فەرمانڕەوای گشتیدا بوو، کە پاشتریش بەناوی (دۆقی وێلینگتن) ناسرا و ناوبانگی پەیداکرد. لە رۆژی (٤/مایس/١٧٩٩) دا (سێرینگاپاتام) ی پایتەختی میسۆر گیرا و تیپوو کوژرا و فرەنسییەکان بێ ئومێدانە گەڕانەوە و خێرا پەیوەندیی دۆستانەی خۆیانیان لەگەڵ (نیزامی حەیدەرئاباد) دا تازەکردەوە.[81]

لۆرد ویلزلی ئیتر دەستی بەتاڵ بوو بۆ مامەڵەکردنی چالاکانە لەگەڵ ئێران و عووممان، چونکە پێشتر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمانەدا هەولێکی ناسەرکەوتووانەی هەبوو. بە زوویی و پاش گەیشتنی بە هیندستان (میرزا مەهدی عەلی خان- کە پیاوێکی فارس بوو) ی وەك جێنشینی بریتانیا لە بوشەهر دیاریکرد و ئەوەشی پێسپاردبوو، کە چاودێریی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە عووممانیش بکات. لە رێگایدا بەرەو بوشەهر(ئەیلولی ١٧٩٨) میرزا مەهدی لایدایە مەسقەت و لە (١٢ / ئۆکتۆبەر) یشدا توانرا یەکەمین رێکەوتننامەی هاوپەیمانیی ئەنگلۆ-عوممانی ئیمزا بکرێ. ئیمام بەپێی ئەو پەیماننامەیە رازیبوو هاوڵاتییە فرەنسیەکان لە هەرێمەکانی خۆی و کەشتییە فرەنسییەکانیش لە بەندەرەکانی دەربکات. لەبەرئەوەی لەو دەمەدا هێشتا هەر شەڕی نێوانی ئینگلیز و فرەنسا بەردەوام بوو. بواری بە کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندستانیش دا، کە بێن کارگەیەك لە بەندەر عەباس دروست بکەن_پاشانیش هەر لەژێر قەڵەمڕەوی فەرمان و دەسەڵاتی خۆیدا_ ٧٠٠ - ٨٠٠ پاسەوانی هیندییان بۆ هێنان. سەرباری ئەمانەش بەشێوەی زارەکی رەزامەندیی لەسەر ئەوە پیشاندا، کە نوێنەرێکی کۆمپانیاکە لە مەسقەت نیشتەجێ ببێت، بۆئەوەی لەبارەی ئەو شتانەوە، کە هەردوولا نیگەران دەکات، راوێژ لەگەڵ ئیمامدا بکات. بە گەڕانەوەش بۆلای کاروباری بازرگانی، ئیمتیاز و

[81] Roberts, P. E. , History of British India (Oxford, 1938), 241-246; Kaye, op. cit., 66-85

ئاسانکاریی ئەوە درایە بازرگانە عووممانییەکان، کە ئەمانیش بتوانن لە هەرێمەکانی سەر بە بریتانیادا بازرگانی بکەن. {بەمەش (سولّتان) سەید سولّتان ی ئیمامی مەسقەت(١٧٩٣-١٨٠٤)بوو بە یەکەمین میری ناو دوورگەی عەرەبی، کە پەیوەندییەکی سیاسییانە لەگەلّ بریتانیادا دروست بکات..}[٨٢]

مانگەکانی زستانی (١٧٩٨-١٧٩٩) کاتێکی لەبار نەبوون بۆ فەرمانڕەوای گشتی، بۆ ئەوەی بتوانێت ریزەکانی ئێران و عووممان لەدژی فەرەنسا یەکبخات. لەگەلّ ئێراندا هیچ شتێکی وا بەدەست نەهات، کە شایانی باس بێت. ئەو رێکەوتنە بەراییەیش، کە لەگەلّ عووممانـدا ئیمزا کرا بەهایەکی کەمی هەبوو. بۆ دلّنیاییش لە کەم بەهاییەکەی، ئەو رێکەوتننامەیە لە هەلومەرجێکی نالەباردا ئیمزا کرابوو. داگیرکردنەکەی میسر لەلایەن بۆناپارتەوە تا دەهات قەببەتر دەبۆوە، ناوبانگی فەرەنساش هەر بەرەو سەرەوە و بۆ ئاستی بالاّتر دەکشا. بەدیوێکی تریشدا فەرمانڕەوای گشتی هێشتا هەر دەبوو بە تەنگی ئەو مەترسییە گەورانەوە بێت، کە لەناو خوودی هینددا بۆی دروست دەبوون. ئیمامی عووممانیش، کە خۆی هەر مەیلێکی تایبەتی لەبەرامبەر بریتانییەکاندا نەبووە، گوێی بۆ فەرەنسییەکان شل کردەوە و بازاڕەکانی خۆیانی کردەوە بەڕووی ئەو کالاّ بازرگانییە نرخ نزمانەی، بریتانییەکان کە دەستیان بەسەردا گیرابوو. هەروەها بۆناپارتیش ئیمامی بە هاوڕێیەکی باشتر لە تیپوو بۆ خۆی و بە دوژمنی تەواوی بریتانیاش دادەنا، وەك ئەوەی لەم نامانەدا هاتووە:

قاهیرە / ٢٥/ کانوونی دووەم/ ١٧٩٩

بۆ ئیمامی مەسقەت

ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم بۆ ئەوەی لە گەیشتنی سوپای فەرەنسا بۆ میسر ئاگادارت بکەین. لەبەرئەوەی تۆ هەمیشە دۆستمان بوویت، پێویستە دلّنیات بکەین لەوەی ئارەزوومانە هەموو ئەو کەشتییە بازرگانییانە بپارێزین، کە تۆ بتەوێت بیاننێریتە سوێس. هەروەها تکای ئەوەشت لێدەکەم، لە یەکەمین هەلدا، کە بۆت رەخسا، ئەم نامەیەم کە لەناو ئەم نامەیەی خۆتدایە بگەیەنیت بە تیپوو ساحیب.

ئیمزا / بۆناپارت

[82] Miles, op. cit., Ii, 291.

قاهیره/ ٢٥/ کانوونی دووەم/١٧٩٩
بۆ تیپوو ساحیب

دیارە تۆ زانیاریت پێدراوە لەسەر ئەوەی، کە من بە سوپایەکی بێشومار و سەرسەختەوە گەیشتومەتە کەنارەکانی دەریای سوور. ئارەزوومە لەدەست ئاگر و ئاسنی ئینگلتەرە دەرتبهێنمە دەرەوە. تامەزرۆم و بەپەلەم لەبارەی ئەو پۆست و ئاستە سیاسییەوە، کە ئێستە خۆتی تێدا دەبینیتەوە زانیاریم دەست بکەوێت.

هەروەها حەز دەکەم کەسێك بنێریت بۆ سوەیس، کە کارامە و جێگە بڕوای خۆت بێت، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین راوێژێکی لەگەڵدا بکەین.

ئیمزا
بۆناپارت[٨٣]

ئەم نامانە لەلایەن (کاپتن ویلسن) ەوە دەستیان بەسەردا گیرا، کە کرێگرتەیەکی ئینگلیز بوو لە شاری (موکە– کە شارێکی بازرگانییە لەسەر کەنارە ئاوییەکانی یەمەن) و پاشان ناردنی بۆ هیندستان. بەڵام بەرێکەوت تا رۆژی (٤/ئایار/١٧٩٩) نەگەشتنە دەستی لۆرد ویلزلی، لەبەرئەوەی رێگاکانی پەیوەندی لەو دەمەدا خاو بەرێوەدەچوون و دوورییەکی زۆریش لەنێوانی قاهیرە و هیندستاندا هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، نامەکان لە بەهارێکی درەنگدا گەیشتنە دەست فەرمانڕەوای گشتی و ئەو کاتەش ئەو تازە ئاماژەکانی سەرکەوتنی خۆیی بەسەر تیپوو و هاوپەیمانە فرەنسییەکانیدا بەدەست گەیشتبوو. لەبیرمان نەچێ لە کاتێکی درەنگی بەهاری ئەو ساڵە و سەرەتای هاوینیدا بریتانییەکان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەیان بەسەر فرەنسییەکانی ناو سوریا و میسردا بەدەستهێنابوو. لەناوەڕاستی ساڵی (١٧٩٩) دا سومعەی بریتانیا لە رۆژهەڵاتدا رووی لە هەڵکشان کردبوو، لە بەرامبەریشدا ناوبانگی فرەنسییەکان رووی لە دابەزین بوو. ئەمەش هەلومەرجێکی خوازراو و لەباری هێنایەپێش بۆ ئەوەی لۆردی ویلزلی گوشاری دەستپێکردنی دانووستاندن بخاتەسەر هەریەکە لە ئێران و عوممان. گەیشتنی دوونامەکەی بۆناپارت بە فەرمانڕەوای گشتی لەم کاتە گونجاوەدا بوو، دیاربوو کاریگەرییەکیشیان هەبوو لەسەر سووربوونی فەرمانڕەوای گشتی، ئەگەرچی پێویست

[83] لە سەرچاوەی پێشووەوە وەرگیراوە، لاپەرە ٢٩٠.

نەبوو گرنگییەکی زۆر بدرێ بەو دوو کەسە، چونکە پەیوەندییەکانی ئیمام و تیپوو لەگەڵ فرەنسییەکاندا شتێك نەبوو، کە حکومەتەکەی هیندستان ئاگای لێی نەبێت.

نێردراویان بۆ ئێران بریتی بوو لە کاپتن (جۆن مالکۆلم- کە پاشتر بوو بە سێر جۆن مالکۆلم) و ئەرکەکەشی وەك خۆی باسی لێکردووە بریتی بووە لەوەی (ڕێگری لەگریمانی هەر هەوڵێکی ئەو فرەنسییە خراپەکار، بەڵام چالاك و دیموکراتانە بکات) بۆئەوە راسپێردرابوو، کە ئەگەر هەر پێشێلکارییەك بەرامبەر بە هیندی بریتانی رووبدات، ئەوە مسۆگەر بکەن، کە ئێران لە دژی (زەمان پاشای ئەفغانستان) پشتگیری بریتانییەکان بکات و هەروەها هانی بازرگانییەکی ئەنگلۆ-فارسییش بدات و ئەو بازرگانییەش بخاتەوەگەڕ. ئەمانە سێ دۆسییەی ئەرکەکەی مالکۆلم بوون لە ئێران.[٨٤]

لەبارەی عووممانیشەوە دەبوو پەیماننامەکەی ساڵی (١٧٩٨) نوێ بکاتەوە و چاوبخاتە سەر ئەوەش، کە کاریگەرییەکانی فرەنسا بەباشی لەو ناوچە ستراتیجییە بنەبڕ بکرێ.

لەسەر ڕێگاکەیدا بەرەو ئێران مالکۆلم لە مەسقەت راوەستا، بۆ ئەوەی بتوانێت پێش ئەوەی ئەرکەکەی دەست پێبکات، لە گرفتەکەی ئەوێ تێبگات. بۆ موجامەلە چەندان هاتوچۆ و سەردانی پارێزگاری شارەکەی کرد، هەر لەگەڵ رۆشتنی ئیمامدا، کە لەو دەمەدا وەك بەشداریکردن لە شاندێکی نێردراودا دەچووە شوێنێکی کەنداوی فارس، ئەمیش راستەوخۆ ملی دەریای گرت. لە رۆژی (١٨/کانوونی دووەمی/١٨٠٠) دا لە دورگەی (حەنجام) سەرکەوتە سەر کەشتییەکەی ئیمام. ئەم نێردراوە بریتانییە زۆر کارامانە کاری لەسەر هیوا و ترسەکانی ئیمام کرد و مەسەلەیەکی باشی لەسەر سەرنەکەوتنەکەی بۆناپارت لە میسردا دروستکرد. ووتی : فرەنسییەکان"ئەو نەتەوە بێ یاسایە هەموو پەیماننامەکانیان پێشێل کردووە و پەلاماری میسریان داوە، خۆیانیان کردووە بە پێشەنگی سەر ڕێگاکانی شارە پیرۆزەکانی مەکە و مەدینە، بێگومان خوا خۆیی نانیان دەبڕێ و ئەوە خواستی خوا بووە، بەو بەزەییەوە نەیویستووە بریتانییەکان لەو گۆشەیەدا خۆیان ماندوو بکەن. ئەوەتا فرەنسییەکانی بەو بەزینە گەیاند و دەبینی پاشماوەی سوپاکەیان لە خەمی ئەوەدان چۆن بە سەلامەتی لە میسر دەربچن ."[٨٥] مالکۆلم لە بەرامبەر ئەمەشدا ئاماژە بەوە دەدات کە بریتانیا

---

[84] Kaye, op. cit., I, 89-90.

[85] لە سەرچاوەی پێشووەوە وەرگیراوە، لاپەڕە ١٠٧ .

بەپێچەوانەی ئەوانەوە سەرکەوتنی باشی بەسەر تیپو و هاوپەیمانە فرەنسییەکانیدا بەدەستهێناوە. هەموو پەلامارەکانی بۆناپارتی بۆسەر میسر و سوریا پووچەڵ کردۆتەوە. هەروەها مالکۆلم ئاماژەیەکیشی دایە سەرکەوتنە کۆنەکانی خۆیان بەسەر هۆڵەندییەکانیشدا، کە ئەگەرچی کۆن بووە، بەڵام سەرکەوتنێکی جوان بووە. هەروەها وتووشیەتی، کە بەندەرە دەوڵەمەند و گرنگەکانی هیندستان کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیاوە و ئەگەر هاوپەیمانێتییەکی راستەقینەی ئەنگلۆ- عوومانی دروست ببێ، ئەوا ئەو بەندەرانەش بۆ بازرگانە عوممانییەکان کراوە دەبێ. بەڵام بەدیوێکی تریشدا، ئەگەر ئیمام گرێدانی ئەو هاوپەیمانێتییەی بەلاوە باش نەبێت و بەردەوام بێت لە پەیوەندییە دۆستانەکانی خۆی لەگەڵ فرەنسییەکاندا، ئەوا بەرپرسانی بریتانیا بەپێی پێویست ناچار دەبن هەموو بەندەرە بریتانییەکان لە بازرگانە عوممانییەکان قەدەغە بکەن و عوومانیش وەك دەسەڵاتێکی بێگانە سەیر بکەن.

ئیمامیش، کە بەباشی گوێی بۆ قسە کاکڵەدارەکانی مالکۆلم گرتبوو، تەواو بەئاگاش بوو لە گۆڕانی رەوتی روداوەکان. بۆیە دەبوو بەزوویی بڕیاری خۆی بدات، ئەوەبوو رێکەوتننامەکەی ساڵی (١٧٩٨) نوژەن کرایەوە و بەندێکی ئەوەشیان خستەسەر ، کە دەبێ نوێنەرایەتییەکی سیاسیی بریتانیا لە مەسقەت بکرێتەوە. لەناو ئەو ستافەدا، کە لەگەڵ مالکۆلمدا چووبوونە ئەوێ یارمەتیدەرێکی تایبەتی خۆی هەبوو ناوی (سەرجیۆن بۆگل) بوو، بەتایبەتی بۆ ئەوە برابوو ئەو پۆستە نوێیە لە مەسقەتدا وەربگرێ. بۆگل هەر بەزوویی توانیی جێگەی ئەو دکتۆرە فرەنسییە بگرێتەوە، کە بەدەر لە کاری پزیشکییانەی خۆی راگر و چاودێریکاری بەرژەوەندییەکانی فرەنساش بوو لە مەسقەت. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا (کای-١٨٥٦) دەڵێ : "لە رۆژهەڵاتدا دوو دەروازەی گەورە بەرووی گۆڕەپانە گەورەکەی دیپلۆماسیەتی بریتانیادا کراونەتەوە. یەکیان بازرگانییە و ئەوی تریشیان پزیشکییە. لەڕاستیدا ئێمە لەم رووەوە قەرزارباری ئیمپراتۆریاکەی خۆمانین"[86]

لەپاش ئارامگرتنی گرفتەکەی عوممان، مالکۆلم گەیشتەکەی بەرەو ئێران دەستپێکرد و لەوێش بارودۆخێکی ئاڵۆزی نائاسایی بینی. زوو ئەوەی بۆ ئاشکرابوو، کە

---

[86] سەرچاوەی پێشوو. بۆزانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم پرۆژە ئەنگلۆ-عوممانییەوە بڕوانە سەرچاوەکەی پێشوو، لاپەڕەکانی ١٠٥-١١٠. بۆچوونێکی کورتکراوە لە کتێبەکەی مایلزیشدا هەیە، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٢٩٢-٢٩٣.

سەرکەوتنەکەی دەوەستێتە سەر ئەوەی، کە بەشێوەیەکی تایبەت دیاری و خەڵاتی گرانبەها دابەش بکات و لە گوتار و دەستپێشخەریی قسەکانیشیدا پشت بە شێوازی ڕەسمیی سەرنجڕاکێش ببەستێت و لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، دەبێ بەپێی پێویست ئەو شتانەی پێشکەشی شا دەکرێ، لە ئاستێکی زۆر باڵادابن. لەشایشەوە بەرەوخوار دەبێ هەموو کاربەدەستەکان، هەریەکەو بەپێی پۆستی خۆی چاوەڕوانی وەرگرتنی خەڵات بکات. ئەم بۆچوون و پێشبینییانە بەپێی هەلومەرجێك گرنگییەکی تایبەتییان هەبوو، بەتایبەتیش ئەو هەلومەرجەی، کە دەبوو ماڵکۆڵم کاری تێدابکات. لەکاتێکدا، کە بە توندی بەتەنگ ئەو ئەرکەوەبوو، کە بۆی چووبوە ئەوێ، بڕیاریشی دابوو لە بەخشینی دیاری و خەڵاتیشدا دەست بڵاوبێ. هەروەها بڕیاریشی دابوو بەتەنگ مەسەلە گرنگە ڕەسمییەکانی ئەو ڕۆژگارەشەوە بێت.[87] بەڵام لەکاتێکدا خەریکی سەرچەماندنەوەی ئەم دوو قورسییەی سەر ڕێگاکەی بوو، بەدەم سەرهەڵدانی گرفتی سێیەمەوە سەردەمێکی سەختی گوزەراند.

ئەو لە ئاستێکی هێندە بەرزدا نەبوو، بەپێی پێویست بتوانێت دانووستاندنی هاوپەیمانێتییەکی گرنگ لەگەڵ دەسەڵاتە باڵاکانی ئێراندا بکات، ئەو تەنها نێردراوێکی فەرمانپێکراوبوو، بڵێین تەنها کاپتنێك بوو، بۆیە نیمچە نائومێدێك بوو لەبارەی سەرکەوتنی خۆیەوە بەسەر ئەو ئەرکەیدا. لەوانەیە چەند لاپەڕە نووسینمان پێویست بێ تەنها بۆئەوەی کورتەیەك لەبارەی ئەوەوە پێشکەش بکەین، کە ماڵکۆڵم چۆن ئەم گرفتەی چارەسەر کردووە. بەڵام لە دوایدا بە پەنابردن بۆ بەهانەی هەڵبەستراو، هەڕەشە، بەڵێندان بۆ ماوەیەکی کاتیی چەند مانگێ، مەبەستەکەی خۆیی پێکا و ڕێگەی پێدرا بچێتە تارانی پایتەخت.

لە نووسینەوەی ژیاننامەکەی خۆیدا دەنووسێ"باڵەکەی خۆی بریتی بوون لە شەش پیاوی خانەدانی ئەورووپی، دوو کوڕ کە کاری ڕوپێوییان کردووە، ٤٢ سەرباز لە سوارەی چەکداری مەدراس، ٤٩ نارنجۆك وەشێنی خەڵکی مۆمبای، ٦٨ خزمەتکار و بەردەستی هیندی، ١٠٣ یاوەری فارس ، لەگەڵ ٢٣٦ و شەش خزمەتکار و یاوەری پیاوە

---

[87] ئەم دوو تایبەتمەندییەی خەڵکە ڕەسمییە کاربەدەستەکانی فارس، دیاری وەرگرتن و ڕۆتینی ڕەسمیی ئەو ڕۆژگارە زۆر بەباشی لەو سەرچاوەیەی پێشوودا و لە لاپەڕەکانی ١١١-١١٢ دا باس کراون . بۆ بینینی نموونەیەکی باش لەبارەی مۆدێلی زمانی ڕەسمییەوە بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی خوارەوە.

خانەدانەکانی ناو ئەو ئەرکەی کاریان بۆ دەکرد."[88] بۆیە ئیتر شتێکی سەیر نەبوو بەهۆی ئەو خەرجییە زۆرانەوە زۆر ئاستەنگی دارایی لە هیند دەربکەون.

دواجار مالکۆلم گەیشتە تاران و دەستی دایە سازکردنی دانووستاندنی پەیماننامەیەکی سیاسی و یەکێکی ئابووری.[89] لە مانگی کانوونی دووەمی (١٨٠١) دا ئەم هەولانەی تاجی سەرکەوتنیان لەسەرنا. هەردوو هاوپەیمانێتییەکە لەلایەن (حاجی ئیبراهم خان) ی نوێنەر (فاز عەلی شا) و (کاپتن جۆن مالکۆلم) ی نوێنەری فەرمانڕەوای گشتیی هیندەوە ئیمزاکران. هاوپەیمانێتییە سیاسییەکە پێکهاتبوو لە دیباجەیەك و پێنج بەند و بەگشتییش هەموویان لەسەر خواستی بریتانیا بوون. بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجە سەرەکییەبوون، کە بریتی بوو لە ئەرکە سەرەکییەکەی مالکۆلم، ئەویش دەیکردە پاراستنی هیند لە هەر دەستتێوەردانێکی فرەنسی و ئەفغانی. شا قایل بوو کۆمەکی سەربازیی تەواو بۆ بریتانیا ئامادەبکات بۆ بەرەڤانیکردن لە هیند لە دژی هەرکام، یان هەردووکی ئەم دوو هێزە گومانلێکراوە. بەم دیویشدا بریتانیاش بەلێنی دا، کە ئەگەر پێویستی کرد شا بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەلێنانەی دابووی بریتانییەکان کەوتە شەڕەوە لەگەڵ فرەنسادا (هەرچەند لە تواناياندابێت لە بارکردن و گواستنەوە و گەیاندنی سوپای ئێراندا کۆمەك بکەن و چەندیش پێیانبکرێت بەپێی پێویست گەنجینە و لۆجستی سەربازییان بۆ دابین بکەن.)[90] بەلێنی ئەوەی پێنەدرابوو، کە ئەگەر شەڕی لەدژی ئەفغانستان بەرپاکرد یارمەتیی پێبدرێت. رووسیاش، کە سەرەکیترین سەرچاوەی هەڕەشەی سەر شانشینیەکەی ئەو بوو، بەتەواوی فەرامۆش کرابوو. ئەم هاوپەیمانێتییە سیاسییە سەرکەوتنێکی تەواو بوو بۆ بریتانیا.[91] پەیماننامە ئابوورییەکەیش هەروەها بوو، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە لەڕووی گرنگییەوە ئەمەیان لەچاو سیاسییەکەدا شتێکی ناوەندی بوو. هەموو ئەو ئیمتیازە ئابوورییانەی پێشتر بە بریتانیا

---

[88] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١١٦.

[89] بۆبینینی باسێکی درێژ، بەلام سەرنجراکێشی ئەم دانوستاندنە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕەکانی ١١٧-١٥٤

[90] Aitchison, C. U., Treaties, Engagements and Sanads relating to India and neighboring countries (Revised ed., Calcutta, 1909), XII, 41-42.

[91] Text in ibid, 38-42 S synopsis of the treaty is given in Hertslet, Sir Edward, Treaties, etc., concluded between Great Britain and Persia, and between Persia and other powers, wholely or partially in force on the last April, 1891(London, 1891)1

درابوون نۆژەنکرانەوە(چەند شتێکی زۆری نوێی تریش بەدەستهاتن و هەروەها ئەو بڕی باجەیش، کە لە کڕیاران وەردەگیران کەم کرانەوە بۆ ڕێژەی لەسەدا یەك.)[٩٢]

دواناکامی ئەم پەیماننامانە ئەرکەکەی مالکۆلمیان بە کۆتاییەکی سەرکەوتوو گەیاند. لەمانگی کانوونی دووەمی (١٨٠١) دا ئێران و عوومان هاوپەیمانی بریتانیای مەزن بوون. هەروەها میسۆپۆتامیاش دۆست بوو، ئەگەرچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بریتانیادا لە هەلومەرجێکی دانسقەدا بوو. ولاتەکە بەناو لەژێر دەسەلاتی سولتاندا بوو، بەلام خۆی لەڕاستیدا لە بوونی تێزێکی گەورەی سەربەخۆیی بەهرەمەند بوو. والی (فەرمانڕەوا) ی بەغدا فەرمانی هەموو شتەکان بەدەست خۆی بوو، بەلام بەناو سەر بە سولتان بوو، تەنانەت دوو فەرمانڕەواکەی تری بەردەستیشی، کە والییەکانی بەسرە و موسڵ بوون جاریەجار پاشای راستەقینە بوون و فەرمانیان بەسەر دەزگای دادوەریی خۆیاندا هەبووە. ئینگلیزەکان زۆر بە ئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم راستییەدا دەکرد، بۆیە وا راهاتبوون بۆ هەر مەسەلەیەك پەیوەندیی بە میسۆپۆتامیاوە هەبوایە راستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ والییەکاندا دەکرد. یەکەمین پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ والیی بەسرەدا بووە، کە شوێنەکەی نزیکترین شوێن بووە لە کەنداوی فارسەوە. لە ڕێگەی ئەوەوە بوو توانییان تەنازولەکانی سالانی ١٦٣٩ و ١٧٢٨ و هەروەها ١٧٣١ یش بەدەستبهێنن. ئەم تەنازولانە یەك بەدوای یەکدا هەر بۆ ئەوە بوون ڕێپێدانێکیان پێ وەربگیرێ بۆ ئەوەی لەناو بەسرەدا کارگەیەك دروست بکرێ و باجی سەر کالا ئینگلیزییەکانیش دیاری بکرێ بە لە سەدا سێی نرخەکانیان. ئەگەرچی لەوە ناچێ دەقی هیچ کامی ئەم تەنازولانە لەبەردەستدابن، بەلام ژمارەی ئەو بەلگەنامەی بڕواپێکراوانەی ئاماژەیان پێدەکەن، کەم نین.[٩٣] کۆنترین بەلگەیەك، کە بوونی هەبێت ئەو فەرمانەیە، کە لەسالی (١٧٥٩) دا لەلایەن سولەیمان پاشای والیی بەغداوە بۆ بریتانیا دەرکراوە. ئەو فەرمانەش سەلماندن و جەخت لەسەر کردنەوەیەکی دلنیای سەر ئەو ئیمتیازاتانە بووە، کە تا ئەوکاتە لەلایەن ئاستانەوە بە بریتانییەکان درابوون.[٩٤]

---

[92] Aitchison, op. cit., 7. Text of the economic treaty, ibid, 42-46

واتە بۆ بینینی دەقی پەیماننامە ئابوورییەکە بڕوانە سەرچاوە پێشووەکەی ئایچسن لاپەرەکانی ٤٢-٤٦

[93] Aitchison, op. cit., XI, 1.

[94] دەقی ئەو فەرمانە لەسەرچاوەی پێشوودایە، لاپەڕە شەش، لەبارەی کۆنترینی ئەو تەنازولانەشەوە، کە لەلایەن ئاستانەوە پێشکەش کراون بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە، بەشی یەك، سێکشنی یەك.

هەروەها بریتانیا دانانی چەند کرێگرتەیەکی بازرگانیی لە هەریەکەی بەغدا و بەسرە بۆ خۆی مسۆگەرکرد و ئەوەی ناو بەسرەیان تا نزیکی سەدەی نۆزدە بۆ ئەو زۆر گرنگ بوو. ئەو کرێگرتەیەی ناو بەسرە لەپێش ئەوی ترەوە کرا بە کۆنسڵ.(هێنری نێڤیل) ی باڵوێزی بریتانی لە ئیستەنبوڵ توانیی لەساڵی (١٧٦٤) دا فەرمانێکی ئاستانە بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی (ڕۆبەرت گاردن) لە کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندییەوە بێت و وەك باڵوێزی بریتانیا لە بەسرە دەستبەکاربێت. ئەوەبوو ئیمتیاز و حەسانەی باش باری بەسەر یەکەمین کۆنسڵی بریتانیی دەستنیشانکراو بۆ میسۆپۆتامیادا.[٩٥]

لەبەغدایش ئاژانسێکی نیمچە هەمیشەیی دانرا، سەرەتا لەساڵی(١٧٥٥) دا ئەو پۆستە بە کابرایەکی ئەرمەنی پڕکرایەوە و دەساڵ پاش ئەویش ئینگلیزێك چووە جێگەکەی. لەساڵی (١٧٦٥) یشدا پرۆپۆزەڵێك بۆ دانانی ئاژانسێکی هەمیشەیی لە بەغدایش ئامادەکرا، بەڵام پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکەوە پەسەند نەکرا. لەساڵی (١٧٨٣) دا پۆستەکە کرا بە هەمیشەیی و کەسێکی ئینگلیزی ڕەسەنی بۆ دەستنیشانکرا.[٩٦]

لەساڵی (١٧٩٨) ەوە بریتانیا کەوتە ئەوەی گرنگییەکی دیپلۆماتیانە بە بەغدا بدات. ئەوەبوو بریتانییەك لەوێ دیاری کرا (ئەرکە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە گواستنەوەی هەواڵگران_ئیستیخبارات_ بەسەر وشکانیدا لەنێوانی بریتانیا و هیندستاندا و چاودێریی هەڵسوکەوتی نێردراوە فەرەنسییەکان بکات و ڕاپۆرتیان لەبارەوەبدات، بەتایبەتییش ئەو پرۆژەیەی ناپلیۆن هەیبوو بۆئەوەی لەڕێگەی میسر و دەریای سوورەوە بتوانێت هیندستان داگیربکات.)[٩٧]

لە دوو ساڵی پاشتردا، کە بریتانیا کەوتە ئەوەی کاردانەوەی خەستی بەرامبەر بە مەترسییەکانی فەرەنسا بۆسەر ڕۆژهەڵات هەبێ، ئیترگرنگیی دیپلۆماتییانەی بەغدا وەك شتێکی بەرچاو دەرکەوت.

لە ساڵی (١٨٠٢) دا (لۆرد ئێلجین) ی باڵوێزی بریتانیا لە ئیستەنبوڵ داوایەکی ئیمپارتۆرییانەی لە سوڵتانەوە پێگەیشت، تێدا ئاگادار کرابۆوە، کە ئاستانە (هارفەرد

---

95 دەقی فەرمانەکە و هەروەها بروانامەکەی باڵوێزی بریتانیاش لە ئیستەنبوڵ لەشکۆی ئەو فەرمانەدا، لەناو سەرچاوەی پێشوودا هەن، لاپەڕەکانی ٦-٩.

96 Longrigg, op. cit., 188; Aitchison, op. cit., 2.

97 هەمان سەرچاوەی پێشوو، لۆنگریگ، لاپەڕە ٢٥٤

جۆنز) ی وەك باڵوێزی بریتانیا لە بەغدا و دەوروبەرەكەی بەلاوە پەسەندە.[98] ئیمتیازی تەواو و حەسانەی بێشومار رژان بەسەر جۆنزیشدا. بۆ نموونە دەیتوانی لەگەڵ دەستوپێوەندەكانیدا و بەخواستی خۆی بەناو تەواوی وڵاتەكەدا گەشت و هاتوچۆ بكات، هەر خواستێكی هەر كۆمەكێكی هەبووایە بۆی جێبەجێ دەكرا. بە رێكەوت و لە بەختی باشی ئەو، والیی بەغدایش هەر وەك سوڵتان دۆستی بریتانییەكان بوو.ئەم والیی بەغدایە سولەیمان پاشای پیر بوو، كە نازناوەكەی (بویوك) بوو (بویوك ووشەیەكی توركییە بەمانای گەورە دێت– و–) لەساڵی (١٧٨٠) دا لەلایەن (مستەر لاتۆچ) ەوە، كە بە كرێ گیراوێكی ئینگلیز بوو، بۆ پاراستنی حوكمی خۆی لە بەغدا یارمەتیی درابوو.[99] والیی بەغدایش هەروەكو سوڵتان و شا و ئیمام، بەدڵنیایی سۆزی بەرەو بریتانییەكان هەبوو.

بۆیە پاش نزیكەی سێ ساڵ لەچالاكیی سیاسی و سەربازی(لە ١٧٩٨–١٨٠١)بریتانییەكان نەك هەرچی گریمانێكی دوژمنایەتیكردنی ناپلیۆنیان بەرامبەر بە هیندستان تێكشكاند، بەڵكو خۆشیانیان وەك خوازراوترین هێزی بێگانەی ناو تەواوی ناوچەی ئستانبووڵ تا كەلكوتا جێگیر كرد. هەرچی ئاستانەیە هاوپەیمانێكی تەواوی ئەوان بوو. هیندستانیش بەباشی لەژێر كۆنترۆڵیاندا بوو. عوومومان بە هەموو خواستەكانی بریتانیا لەبارەی فرەنساوە قایل بوو. ئێران بەڵێنیدابوو لەكاتی وەڵامدانەوە بە هەر مەترسییەك، كە بۆسەر هیندستان دروست ببێ هاوكاری بكات. بەغدایش بۆ یەكەمین جاری خۆی بووە شوێنی نیشتەجێبوونی كونسڵخانەیەكی گرنگی بریتانی. لەوێدا، كە هەموو ئەو دەستكەوتە باشانە بەدەستهاتبوون ئیتر بەدڵنیاییەوە دەبوو دامەزراوەیەكی بەزەبری بریتانی بۆ كۆنترۆڵكردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دابمەزرێنن. كەچی لەبریی ئەوە هەموو ئەم شتانەیان فەرامۆش كرد و بە زوویش لەدەستیان دا. ئیتر پێویست بوو سەركەوتنێكی یەكجارەكیی تری بریتانی بەسەر بۆناپارتدا بەدەست بێتەوە بۆئەوەی بتوانن جارێكی تر ئەم كۆنترۆڵە هەمیشەیی و ناكاتییە چەسپیوە بەدەست بێتەوە.

---

[98] دەقی ئەم بروانامە ئیمپراتۆرییە عوسمانییە لەناو كتێبەكەی ئایتچسۆندا هەیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرەكانی ٩–١٠ بەڵام لە بەروارەكەیدا ئەوە نەهاتوە، لە چ مانگێكدا ئەو بروانامەیە دەركراوە.

[99] Longrigg, op. cit., 196-254. on the impressive reign of Suleiman Pasha Buyuk (1780-1820), see ibid, 195-220. The Turkish word (BUYUK) means great.

بەشی سێیەم

دووایین قۆناغی کێبەرکێی

ئەنگلۆ- فرەنسی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا

١٨٠٢-١٨٠٩

دووایین قۆناغی کێبەرکێی
ئەنگلۆ- فرەنسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
١٨٠٩-١٨٠٢

١. نوچدانی باڵادەستیی بریتانیا لە ١٨٠٢ - ١٨٠٧

یەکەمین سەرکەوتنی بریتانیا بەسەر بۆناپارتدا بەڕووداوێك کۆتایی هات، کە ئەتوانین بڵێین سەرەتای سەردەمێکی کاردانەوەی بەرامبەر بە بریتانیا دروستکرد. ئەو رووداوە بریتی بوو لە هەرەسی پرۆژەیەکی گەورەی هاوبەشی سەربازانی رووسی و فرەنسی. پرۆژەکەشی لەلایەن (پۆڵ ی یەکەم) ی رووسیاوە ئامادەکرابوو، کە لە مانگی کانوونی دووەمی (١٨٠١) دا ئاشتیی لەگەڵ بۆناپارت کرد و هاوپەیمانێتییەکیشی لەگەڵدا گرێدا. هەر لە (٢٧) ی ئەو مانگەدا ئەو پلانە تۆکمەیە لەلایەن قەیسەرەوە نێردرا بۆ کۆنسڵی یەکەم.[100] بۆناپارت، ئەگەرچی بیرۆکەکەشی پەسەندکردبوو، بەڵام کەمتر لە کەسایەتیی سەیری تزار گەشبین بوو بەرامبەر بەوەی ئەو پلانەی دایان نابوو کاریگەرییەکی هەبێ. بەو دیوەکەی تردا پۆڵ سەرمەستی ئەوەبوو، کە تازە هەرێمی گورجستان لکابوو بە ئیمپراتۆریاکەیانەوە، بۆیە زۆر گەشبین بوو، هەر بەڕاستییش ئەو سوپایەی لە هەرێمی قەوقاز هەبیوون کەوتبوونە رێگە بەرەو هیندستان، بەڵام هەر لەو دەمانەدا و لەڕۆژی (٢٣/ ئادار/ ١٨٠١) هوە لەلایەن دەستەیەکی پیاوکوژانەوە کۆتایی بە ژیانی هێنرا و پرۆژەکەشی لەپڕێکدا سەری تێداچوو. بەرپرسێکی شارەزا لە کاروباری ناوچەی فارس

---

[100] بەپێی پلانەکە سوپایەکی رووسی خرابۆوە ئامادەباشییەوە، بۆئەوەی لە ئۆرینبۆرەوە و بەڕێگای بوخارا و کیێڤدا بکەوێتە جووڵە و سوپایەکی فرەنسیش لەژێر فەرمانی (ماسینا)دا بەناو روباری دانوبدا بچنە خوارەوە بۆ تاگەنۆرگ ولەوێشەوە بەناو دۆن و ڤۆلگادا بچنە ئەستراخان و لە ئەستراخانیش لەگەڵ هێزە رووسییەکان یەکبگرن و ملی رێگەی هیرات و قەندەهار بگرنەبەر. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:

47-48, IX, Cambridge Modern History.

دەڵێت(ئەگەر ئەو پیلانە قەوارەی بگرتبا، بەدڵنیاییەوە بە کارەسات کۆتایی پێدەهات، هۆکاری ئەم قەوارەنەگرتنەش هەر بە تەنها ناگەڕێتەوەسەر کەمیی کەرەستە و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هێرش و پەلاماری هۆزە خۆجێییەکان و دووری و نالەباریی هێڵی پەیوەندی پێوەکردن لە هەر یەکەی فەرەنسا و قۆڵگاوە بۆ هیندستان).[101]

سەرباری ئەمانەش بۆناپارت پێیوابوو، لە ململانەکردنی دژی بریتانیای مەزندا، چ لە رۆژهەڵاتدا بێ، یان لە رۆژئاوا، قەیسەر (تزار) هاوپەیمانێکە نابێ دەستی لێهەڵبگیرێت. بۆیە لەدەستدانی ئەو هاوپەیمانە بەلای ئەوەوە کارەساتێك بوو(کۆستێك بوو). تەنانەت کوژرانەکەشیی وا باسکرد، کە بە فیتی بریتانیا کرابێ. سەرسوڕمانی ئەو، بەو کوژرانە شتێکی سەیر نەبوو، چونکە مەرگی پۆڵ هەر تەنها کوژاندنەوەی دوواین پزیسکی هاتنەدیی ئەو ئومێدانەی بۆناپارت نەبوو، کە لەبارەی میسر و هیندستانەوە هەیبوون، بەڵکو پەیوەندیی بەوەشەوە هەبوو، کە پەلامارەکەی بریتانیا بۆسەر (کۆبنهاگن) کۆتایی بە(بێلایەنیی چەکدارانەی باکوور) یش هێنا. بەپێی ئەو بێلایەنییە رووسیا هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ چەند وڵاتێکی سکەندناڤیدا هەبوو، ئەو هاوپەیمانێتییە وایدەکرد بریتانیا نەتوانێت ئەو کەشتییانە بپشکنێت، کە کاڵای بە قاچاخبراویان بۆ فەرەنسا دەبرد. لە مانگی مایسی (١٨٠١) دا سوید و دانیمارك لەبارەی گرفتی بایکۆتکردنەوە لەگەڵ بریتانیادا بەڕێکەوتنێك گەیشتن و لە (١٧/حوزەیران/١٨٠١) یشدا دیسان بریتانیا لەگەڵ رووسیاشدا بە لێکتێگەیشتنێك گەیشتن. (دەچ) پێماندەڵێ: ئیتر فەرەنسا لە هەموو روویەکەوە گەڕایەوە سەر ئەوەی، کە دەبێ تەنها بەتەنگ ئەوەوەبێ (بە ئاشتی) سەرچاوەی داهاتەکانی خۆی بپارێزێ و ئەمەیان سەرکەوتنە بۆئەو.[102]

سەرەکیترین بەرەنجامی سەرنەکەوتنی بۆناپارت بەدەست بریتانییەکانەوە ئەوەبوو: لە ساڵی (١٨٠٢) دا ئاشتیی (ئەمیەن) ی پەسەند کرد. بەلای بریتانیاشەوە بۆناپارت لەسەرەتاوە وەك مەترسییەکی گەورە وابوو بۆسەر هیندستان. هێشتا کاری دوژمنکارانەی بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە رۆژهەڵاتدا هەستی پێدەکرا. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوەی لە ساڵی (١٧٩٨) دا لێی چاوەڕوان دەکرا، ئێستا ئیتر بەگشتی

---

[101] سایکس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٠٠.

[102] Deutsch, H. C. The Genesis of Napoleonic Imperialism (Harvard University Press, Cambridge, 1938), 22. On the seriousness of the Tear's death to Bonaparte, see ibid, 21.

مەترسییەکانی خامۆش بووبوونەوە. بەدڵنیایی لەو دەمەدا، کە دانووستاندنی ئاشتی لەناو هۆڵی هەردوو پەرلەماندا دەچووەپێشەوە و دەنگی گەشبینییش بەرز بوو، دەنگی گومانکردن لە نیازەکانی بۆناپارت بەرزبۆوە. (ئێرڵ کارلیزل و میستەر ئەلیۆت) لەماڵی خۆیانەوە هاواریان لێ هەستا، کە لەو کاتەدا دانووستاندنی ئاشتی بەڕێوەچووە، بۆناپارت چەندان کەشتیی پڕچەك و زەخیرەی جەنگیی بەرەو ئینديز خستۆتەڕێ. میستەر ئەلیۆت حەکیمانە زەنگی ئاگایی ئەوەی لێدا، کە بۆناپارت لە هەوڵی ئەوەدابووە ئەو کاتی ئارامییەی بریتانیا بەدیوی هەلەیەکی ئاسایشیی گەورەدا، بەرێ، بۆئەوەی بتوانێت لەچرکەساتێکی یەکلاکەرەوەدا و لە ناو جەرگەی ئیمپراتۆریاکەی بریتانیادا چالاکانە ئاژاوەی خۆی بنێتەوە. حکومەتی بریتانیش، کە بۆخۆی ئاگاداری نیفاق و نیازەکانی بۆناپارت بوو، پێیوابوو، کە ئەو ئاشتییە لەوەدا باشترە، کە شتێکی لە شەڕکردن کەمترە. بۆیە (ووتیان ئەو هەستەی ناو ئەو ماڵە لەم کاتەدا زۆر حەساسە و زیادەڕەوییە ئەگەر بێین روونکردنەوەی تەواوی بۆبکەین).[103] ئاشتی هاتەبەرهەم و بۆناپارتیش بەشێوەیەکی جەوهەریی خۆیی لە رۆژهەڵاتدا سازدایەوە و سەرلەنوێ کەوتەوە بوونیادنانەوەی هەندێ لەو بنکانەی خۆی لەو ناوچانەدا هەیبوون، بۆ دژایەتیکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە رۆژهەڵاتدا.

خێراترین کایەی نوێکراوەی چالاکییەکانی ناپلیۆن بریتی بوو لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و دواتر لەمەوە هەموو حەوزی رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستی داپۆشییەوە. کاربەدەستانی فرەنسی تەنانەت پێش کۆتایی ساڵی (١٨٠٢) یش لەو بەشەی جیهاندا سەرقاڵی کارکردن بوون، مەیلی خەڵکە کاربەدەست و فەرمانڕەواکانی ئەو ناوچانەیان بەلای خۆیاندا راکێشابوو، هەمووشیان لەبارەی ناوچەکانی کارکردنی خۆیانەوە راپۆرتی وردو تەواویان رەوانەی نیشتمان دەکردەوە.[104] ئەم چالاکییانە گومانی بریتانیایان جولاندەوە و هەر زوو لەگەڵ هەندێك شتی تردا بوونە مایەی دڕان و لێکهەڵوەشانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی نێوانی ئەم دوو وڵاتە.

---

103 Parliamentary History of England, XXXVI, 1801-1803, 312-314.

104 Authentic official documents relative to the negotiation with France (Chappell, London, 1803), "Declaration" III-XVI.

ئەم راگەیاندنە رەسمییە جۆرە سەرەتاو ناسینێکە بۆ ئەو بەڵگانە، ئاماژە بەو گرفتە سەرەکییانە دەکات، کە لە ساڵی (١٨٠٣) دا بوونە هۆی دڕان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی ئەنگلۆ- فرەنسییەکان، لەم راگەیاندنەدا بۆچوونی تایبەت تێکەڵی حەقیقەتەکان نەکراون.

زووترین رووداوێك، كە بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی دوژمنایەتی، بریتی بوو لە راپۆرتـە بەناوبانگەكەی نێردراوی فرەنسی (هۆراس سێبیستیانی). ئـەم كۆلۆنێـل سێبیستیانییە لە مانگی تـشرینی یەكـەم و تـشرینی دووەمـی سـاڵی (١٨٠٢) دا گەشـتێكی بـە میسر و سوریادا كردبوو. لەو شوێنانە چاوی بـە چـەندان كەسـایەتیی گـرنگ كـەوتبوو، لـەبارەی توانا سەربازییەكانی بریتانیا و توركیا لـەو ناوچـانەدا زانیـاریی گرانبـەهای كۆكردبـۆوە. ئـەو راپۆرتـەی ئـەو لـەو گەیشتە گـرنگ و بەرچـاوەیدا ئامـادەیكردبوو، گەمژانـە رۆژی (١٨٠٣/١/٣٠) لـە بڵاوكـراوەی(مۆنیتـەر) دا بڵاوكرایـەوە. ئـەو بڵاوكردنەوەیـە یەكـسەر بـارێكی نائاسـیی قورسـی بەدرێـژایی كەناڵەكـەی نێـوانی بریتانیـا و فرەنـسادا دروسـت كرد.[105]

بیروڕایەكی جـەماوەریی بریتـانیی زۆریـش لـە رێگـەی راگەیاندنەكانـەوە بڵاوكرایـەوە، ئەمەش ئارەزووی حكومەتی بۆئەوە جوڵانـد بكەوێتـە جووڵـە و وەسـتانەوەیەكی خـۆی لەدژی پلانەكانی بۆناپارت گەڵاڵە بكات.

ئاشـتییە لەرزۆكەكـەی (ئەمیـەن) یـش نـەیتوانی لەبەرامبـەر ئـەم دژ بەیـەكتر وەستانەوەی بەرژەوەندی و ترسانەدا زیاتر رابوەستێت. بۆیە دیسان لەساڵی (١٨٠٣) دا بریتانیای مەزن و فرەنسا دوو دوژمنی چالاكی بەرامبەر بە یەكتری وەستا بوون.

لـە چـەند سـاڵێكی دواتـردا گۆرەپـانی سـەرەكیی بـۆ چـالاكییەكانی بۆناپـارت لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتی بووە لە ئێران. بۆیە ئیتر ئەم وڵاتە لەلایەن بریتانیـاوە و بـە سیاسەتێكی خۆپەرستانەی رەها فەرامۆش كرا. ئەوەشمان لەیادە، كە لەم چەند ساڵەی دواییـدا ، هـەر بریتانیـابوو وای لـە شـا كـرد، كـە وەك دڵسۆزترین هـاوڕێ و باشـترین هاوپەیمان بیر لـە بریتانییـەكان بكاتـەوە. بۆیـە بـەم پێیـە بـوو، كـە شـا لـە (كـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٨٠١) دا هاوپەیمانێتییـەكی لەگـەڵ مالكۆلمـدا ئیمزاكـرد و بەوپێیـەش ئیمتیازاتی باشی بەپێی پێویست پێدان و هەر ئـەویش بـوو، بـەڵێنی پێـدان، كـە ئەگـەر فرەنسا، یان ئەفغانستان، یان هەردووكیان پێكـەوە پـەلاماری هینـدیان دا، ئـەوا ئـەمان هاوكاریی تەواویان پێشكەش بكەن. لە وەڵام و كاردانەوەی ئەو هاوڕێیەتییـە بێمایەیانـدا شا هات باڵوێزخانەیەكی بە سەرۆكایەتیی (حاجی خەلیل خان) رەوانەی هیندستان كرد. بەڵام حاجی بەرێگاوە بـوو بۆئـەوەی لـە هینـد پۆسـتەكەی خـۆی وەربگـرێ، كەچـی لـە

[105] For an English version of the report, see ibid, App. I, 1-10.
On its far-reaching effect upon English public opinion at the time, see Coquille, P., Napoleon and England, 1803-1813 (English translation by Gordon Knox, London, 1904), Ch. IV, 28-36.

شەرێکی نێوانی خزمەتکاران و پاسەوانانی خۆیدا کوژرا و حکومەتی هیندییش بەو بۆنەیەوە نیگەرانیی زۆری خۆیی بۆ شا دەربڕی. هەمان حکومەت مووچەیەکی خانەنشینیی تەواوی تەمەنی بۆ کوڕی نێردراوە کوژراوەکە بڕییەوە، کە بڕەکەی بۆ هەر مانگێك (٢٠٠٠ روپیە) بوو، کە دەکاتە (١٥٠ پاوەندی ئیستەرلینی)[١٠٦] ئەگەرچی بریتانییەکان ئەم سیاسەتەشیان گرتبووە بەر، بەلآم هەر پێیان وابووە، ئێران ئەو هاوپەیمانەیە، کە نابێ دەستی لێهەڵبگیرێ. کاتێك، کە بە هەڵەی بۆناپارت ئەوە روون بۆوە، ئیتر ئەم کابرایە مەترسییەکی بۆسەر ئەورووپا و رۆژهەلآتی نزیك نەماوە، ئێرانیش کەوتەوە هەولّی دۆستایەتیکردنی بریتانیا. نێردراوی تازەی ئێران بۆ هیندستان بریتی بوو لە ژنبرای حاجی خەلیل خان، کە لە رێگادا بەرەو ئەوێ کوژرا. ئەمیان لەساڵی (١٨٠٥) دا نێردرا بۆ هیندستان دەبوو لەماوەی دوو ساڵدا بگەڕێتەوە ناو نیشتمانی خۆی، بۆیە زۆر نائومێد بوو.(لێرەوە ئیتر ئێران بە تەواوی لەلایەن کەلکەتاوە فەرامۆش کرا.)[١٠٧]

ئەو سەرکەوتنەی، کە بریتانیای سەرمەست کردبوو، روانینێکی هەڵەی لەبارەی هەلومەرجی ئاسایشەوە لەلا دروست کردن و وایلێکردن ئێران بەتەواوی فەرامۆش بکەن کاریگەرییەکی جیاوازی لەسەر لایەنی بەزیوو هەبوو.

بۆناپارت هەر بەزوویی پاش ئەوەی (ئاشتیی ئەمیەن) بە کۆتایی گەشت، بۆ یەکەم جار گرنگییەکی راستەقینەی دا بە ئێران. زانیارییەکی باشی لەبارەی هەلومەرجی ئەم ناوچەیە و ناوچەکانی تری رۆژهەلآتی نزیك و ناوەڕاستەوە لەلایەن ئەو کرێگرتانەی خۆیانەوە بۆ دەهات، کە لەو رۆژگارەدا و لەپاش ساڵانی سەرکەوتنی بریتانیا (١٧٩٨-١٨٠١) لەو ناوچانەدا لەناو پۆستەکانی خۆیاندا مابوونەوە و کاریان دەکرد.

لە سێپتێمبەری ساڵی (١٨٠٣) دا فەرمانی بە(تالێراند) کرد، کە لە نزیکەوە ئاگاداری کاروباری سیاسی و ئابووریی ئێران بێت. لە بەهاری ساڵی پاشتردا ئەوەی بە هەند وەرگرت، کە نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە ئەو وڵاتە، بۆئەوەی زانیاریی تازە و نوێی بە بەها

---

[106] ئەم کوڕە ماوەی شەست و پێنج ساڵ ئەم مووچەیەی وەرگرت و دواییش لە پاریس مرد، بە درێژایی پەنجا ساڵ هەرچی ئۆپێرا نمایش بکرایە، ئەم دەچووە دیتنی، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ن ٣٠٢.

[107] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کۆبکاتەوە.[108] بەڵام هەلومەرجی ناو ئێران هێشتا بۆ دەستپێکردنی هاوپەیمانێتییەکی (فرانکۆ-ئێرانی) لەبار نەبوو. وڵاتەکە هێشتا بە تەواوی نەکەوتبووە بەر گوشاری دوژمنایەتیی وڵاتانی بێگانەوە و هێشتا شایش دەیویست دەست بەو بڕوایەی خۆیەوە بگرێ، کە بریتانیا لە کاتی پێویستدا هاوڕێیەکی باشە.

لەساڵی (١٨٠٥) دا شا فاز عەلی مەرگی خۆیی بەئاوات دەخواست، چونکە تاڵاوی زۆری بە دەستی رووسەکانەوە چەشت. لەو ساڵەدا (باکۆ و داغستان) ی لەدەست دابوو، هەڕەشەی زیانی گەورەتریشی لەسەربوو، کەچی هێشتا تا چاوبڕیکات هیچ ئاماژەیەکی هیچ یارمەتییەك لەلایەن بریتانیاوە دیار نەبوو. بۆیە بەناچاری پەنای بۆ هاوپەیمانێتییەکەی ساڵی (١٨٠١) ی نێوانیان بردەوە، بەڵام ئەم بەڵگەنامەیەش لە دژایەتیکردنی رووسیادا هیچ یارمەتییەکی لێ نەهاتەبەرهەم. بەڵگەکەش خۆی لەڕاستیدا هیچ جۆرە یارمەتییەکی وای تێدا دیاری نەکرابوو، کە لەلایەن بریتانیاوە پێشکەشی شا بکرێ.[109] ئەم هەڵسوکەوتە هەر بەڕێکەوت نمونەیەکی باشی یاریکردنی دیپلۆماسییانە بوو، بەڵام پاشتر بەڕێبەرایەتیی بریتانیا بوو بە (هونەر) ێك، هونەری ئەوەی بە بەهانەی هاوڕێیەتی یان هەر بەهانەیەکی ترەوە(چەند زۆرت ویست وەربیگرە و چەند کەمت لەدەستهات ئەوەندە بدە). ئێران بەپێی کاغەزی نووسراوی هاوپەیمانێتییەکە و بەپێچەوانەی رووحی دیباجەکەیەوە، نەیتوانی لەدژی رووسەکان چاوەڕوانی هیچ یارمەتییەك لە بریتانییەکان بکات.[110] شا هەرچی گوشارێکی هەبوو بەکاری هێنا، ئینجا بایدایەوە بەلای بۆناپارتدا بۆئەوەی ئەو بەڵێنی فریاکەوتنێکی پێبدا.

لە وەڵامی نامەیەکدا، کە لە شاوە پێیگەشتبوو، بۆناپارت فەرمانی بە (ئامێدی جوبێرت و ئاجیوتانت جەنەراڵ رۆمیۆ) کرد، کە بچنە ئێران، یەکەمیان بۆ گرنگیدان بە

---

[108] Shupp, F. P. The European Powers and Near Eastern Question, 1806-1807 (New York, 1931), 433; Sykes, op. cit., II, 303.

[109] بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە لاپەڕە(٤٧-٤٨) بریتانیا بەڵێنیدا کە کۆمەکی بۆ بنێرێت، چەند لەتوانادا هەبێت بیانداتێ. لە بیری مالکۆڵمدا هەبوو، کە ئەگەر پێویستیی شتپێدان هاتەپێش، چەند لە توانایاندابوو، یارمەتییان بدەن.

[110] تا ئەو کاتە هێشتا بریتانییەکان هیچ جووڵەیەکی ئەوەیان لێ دەرنەکەوتبوو، کە گوێ بە جموجووڵەکانی رووسیا بەرامبەر بە فارس بدەن، چونکە تا ئەو سەردەمە و تا رۆژگاری پاش کۆتایی سەردەمی ناپلیۆنیش رووسیا دراوسێیەکی وا نەبوو حسابی لەسەر بکرێ.

کاروباری سیاسیانەی ئەو ئەرکەی بۆی چوویوون و ئەوی تریشیان بۆ کاروبارە سەربازییەکەی ئەرکەکە.

جۆبێرت لە ڕێگەدا بەرەو ئێران، کە بە ناوچەی عوسمانییەکاندا تێدەپەڕی دەستبەسەرکرا، بۆیە بە چەند مانگ پاش (ڕۆمیۆ) و لە حوزەیرانی (١٨٠٦) دا توانیی بگاتە ناو ئێران. بەڵام بە ماوەیەکی کەم پاش گەیشتنی جۆبێرت، ڕۆمیۆ مرد و جۆبێرتیش ناچار بوو خۆی بەتەنها گرنگیی ئەرکەکەیان لەئەستۆ بگرێ. هەروەها گەیشتنەکەی جۆبێرت لەو کاتەدا زۆر گونجاو بوو، چونکە شا تازە لەناوچەی (عەسکەران) بەزینێکی بەدەستی رووسەکانەوە خواردبوو، لەپاڵیشەوە هەردوو ناوچەی (باکۆ و داغستان) – یشی لەدەستدابوو. سەرباری ئەمانەش هاوارەکانی شا بۆ بریتانیا بۆئەوەی یارمەتیی بدەن، ماوەی دووساڵ بوو لەلای بریتانیاوە خرابۆوە ژێر باس و لێکۆڵینەوەوە، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی بەرجەستەی هەبێ.[111] بۆیە شا بڕیاری دا، کە لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا، کە خۆی زۆر رقیشی لێیان بوو، ببێت بە هاوپەیمان، چونکە چەقۆی رووسەکان گەیشتبووە سەر ملی پاشا. ئەوەبوو هاوپەیمانێتییەکی بەرایی لەگەڵ جوبێرتدا دەستی پێکرد و هەر زوو نێردراوێکی ئێرانی لەگەڵ جوبێرتدا چوو بۆ ئۆرووپا بۆ فەرمانگەکەی (تۆلیراند) لە(فینکنشتاین) چونکە دەبوو دوا پەسەندکردنی هاوپەیمانێتییەکە لەوێ بەڕێوەبچێت.

ئامانجی دیپلۆماسییەتەکەی بۆناپارت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەو سەردەمەدا ئەوەبوو هاوپەیمانێتییەکی بەرەنگاریکردن و هێرشکردن لەنێوانی فەرەنسا و تورکیا و ئێران لەدژی بریتانیا و رووسیا دروست بکات. هەریەکەی تورکیا وئێران رقی قووڵیان لە رووسیا بوو، چونکە ئەم دوولایەنە هەردووکیان لەو کاتەدا بەتەنگ ئەوەوەبوون قەرەبوویەکی ئەو زیانانە بکەنەوە، کە لە ناوچەکانی خۆیاندا لێیانکەوتبوو، تورکیا نیگەرانی زیانەکانی ناوچەی (ڤالاچیا و مۆڵداڤیا)ی خۆی بوو، ئێرانیش بۆ (گورجستان). بۆناپارت یارییەکی زۆر کارامەییانەی بەم ترس و هیوایانەوە کرد. ئەگەرچی تا ساڵی (١٨٠٦) یش نەیتوانی هیچ هەنگاوێکی بەرچاو بەرەو ئامانجەکەی خۆی هەڵبنێت. هەر لەو ساڵەدا، کە ئاماژەمان پێدا جوبێرت ئەرکەکەی بۆ ئێران دەستپێکرد، لە دووەم ڕۆژی مانگی مایسی هەمان ساڵدا (ژەنەراڵ هۆراس سیباستیانی) کەسێتیە دیپلۆماتە دیار و بەرچاوەکەی فەرەنسا وەك باڵوێز بۆ ئیستەنبوڵ دیاریکرا. ئەرکە پڕهیواکەی

111 Sykes, op. cit., Ii, 304; Aitcheson, op. cit., Xii, 7-8; Shupp, op. cit., 434.

سیباستیانی تەنها بۆئەوە نەبوو، کە پێکەوە هاریکارییکردنێکی فرانکۆ-تورکی لەدژی ئینگلتەرە و رووسیا دڵنیابکات، بەڵکو دەبوو تورکیایش قایل بکات بۆئەوەی فریاگوزارییەکی سەربازییانەی تورکی بۆ ئێران مسۆگەر بکات، لە ململانەکردنی دژی رووسیادا.

سیباستیانی کارەکانی ناو ئەرکەکەی لێهاتووانە چارەسەر کرد و هەوڵی درێژخایەنیشی خستەگەڕ بۆ وەستانەوە بەڕووی توانا بێشومارەکەی بەرەنگاریکردنی بریتانیادا.[112] لەم دەمەدا و لەلایەن پاشا کاراکەیەوە کۆمەکێکی دیپلۆماتییانەی باشی بۆهات. ئەوەبوو لەڕۆژی (١٨٠٧/١/١٧) دا بۆناپارت نامەیەکی بۆ شا نارد و تیایدا نووسیبووی، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێران بتوانێت بە یارمەتیی فریاگوزاریی فرەنسا و تورکیا، گورجستان بەدەستبهێنێتەوە. لەڕۆژی بیستی هەمان مانگدا نامەیەکی تری بۆ سوڵتان سەلیمیش نووسی وتێیدا داوای لێکرد بەشداریی گەلەکۆمەکی فرەنسا و ئێران بکات لەدژی رووسیا، کە دوژمنی هاوبەشی هەموویانە. هەر لەو کاتەدا سیباستیانی (کە دیپلۆماتێکی بەتوانا و کاریگەر بوو لە ئیستانبوڵدا) راسپارد داوا لە سوڵتان بکات بۆئەوەی یارمەتییەکی سەربازی بۆ شا ئامادەبکات، کاتێك شا دەکەوێتە ململانەکردنی دژی تزارەوە. بەم شێوەیە لە رێگەی هەوڵە لێهاتوەکانی باڵوێزەکەی و هەروەها لە رێگەی ناوبانگەکەی خۆی و باش هەڵکشانیەوە بەهۆی ئەو غەزووانەوە، کە کردبوونی کاریگەریی بۆناپارت لەسەرەتاکانیساڵی (١٨٠٧) دا گەیشتبووە دوالوتکەی خۆی. لەکۆتایی مانگی شوباتی ئەو ساڵەدا دانووستاندنکارانی هەریەکە لە تورکیا و ئێران لە (وارشۆ) چاوەڕوانییان دەکرد گفتوگۆکانی رێکەوتنیان لەسەر ئەو هاوپەیمانێتییانە دەست پێبکەن، کە ئامانجەکانی بۆناپارتیان دەگەیاندە ئاکام.[113] ئەو ئاکامە گرنگانەی کە لەو دانووستاندنانە کەوتنەوە لێرەوە و هەندێ بەدرێژی و وردی باسیان لێ دەکەین.

لەکاتێکدا، کە نفوزی بۆناپارت لە رۆژهەڵات و هەروەها رۆژئاوایشدا بەرو لوتکە دەکشا، توانای بەرەنگاریکردنی بریتانیاش بە لاوازترین قۆناغی خۆیدا تێدەپەڕی. سەرباری شەڕەنگێزییەکانی ئەو سەردەمەی فرەنسا لە ئەورووپادا و نەخشە

---

[112] ئەم باسە بەباشی و وردی کارە لە سەرچاوەکەی شەپدا باسکراوە، سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:
The European Power and the Near Eastern Question, 1806-1807.

[113] Ibid, 295-296. on Sebastiani's mission at the porte see ibid, 75-77, and on his increased influence there, ibid, 283-284

خراپەکانیشی لەناو ئاسیادا لە زۆربەی رۆژگاری سالّی (١٨٠٦) دا دانووستاندنی نێوانی بریتانیا و فرەنسا هەر بەردەوام بوون. بریتانیا بیری وابوو، یان هیچ نەبێ ئەو ئومێدەی هەبوو، کە بتوانێت لەگەلّ ئەم داگیرکەرە نیگەران و بێپشووەدا بە رێکەوتنێك بگەن، کە هیچ نەبێ بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پێ بپارێزن. راستیی روونی ئەم دانووستاندنانەش لەناو گوتارێکی بۆناپارتدا باسکراوە، کە لە رۆژی (٢/ ئادار/١٨٠٦) دا ئاراستەی ئەنجومەنی یاسادانانی فرەنسیی کردووە و تێیدا وەك کەسێکی سەرکەوتوو وتویەتی: "من ئارەزووی ئاشتی دەکەم لەگەلّ ئینگلتەرەدا. هێندەی پەیوەندیی بە منەوە هەبێت بۆ خۆم تەنها یەك خولەکیش دوایناخەم، هەروەها هەمیشەیش ئامادە دەبم دەستی پێبکەم و مەرجەکانی ناو رێکەوتنامەکەی "ئەمیەن"یش بکەمە بناغەی ئاشتییەکە " بە سێ رۆژ پاش ئەوە (میستەر تۆلیراند) ی وەزیری کاروباری دەرەوەی فرەنسا دەقی ئەو گوتارەی گەیاندە (فۆکس) ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا و ئەوەشی خستە سەر، کە (ئینجا ئێوە دەبینین ئێمە هێشتا هەر خواستمان ئاشتییە، من پرسیاری ئەوەیش ناکەم کە داخۆ ئاراستەی باوی ئێستەی لای ئێوە چییە، بەلاّم ئەگەر هەر کەمێکی باشییەکانی ئاشتیکردنیشتان لەبەرچاوبێ ئەوە دەزانن دەبێ لەسەر چ بناغەیەك قسەوباسی لە بارەوە بکەین.)"[١١٤]

بە بەلّگەی پەیامەکەی (تۆلیراند) و هەلومەرجە سیاسی و سەربازییەکەی بۆناپارتیش دەردەکەوێ، کە فرەنسا بەشێوەیەکی رەها ناچاربووە ئاشتی بکات. ئینجا وەلاّمەکەی (فۆکس) لەو کاتەدا پیشانماندەدات کە بریتانیاش لە فرەنسا پتر بەتەنگ ئاشتیکردنەوە بووە.[١١٥] بەلاّم ئەم بەهایانە لەروانینی جیاواز وفەرامۆشکارانەی بریتانییەکانەوە نەبوونە مایەی گرنگیپێدان، بۆیە جارێکی تریش بوونەوە هۆی سەرنەکەوتنی یەکجاریی دانووستاندنەکان. دووایی لە ٧/ ئابدا (لاودەردەیلّ) ی وەزیری رێپێدراوی فرەنسا، کە لەبارەی خاوبەرێوەچوونی دانووستاندنەکانەوە قسە بۆ سکرتێری کاروباری دەرەوەی ولاّتەکەی خۆی دەکات، دەلّێ: فرەنسییەکان خۆیان تاکلایەنانە داوای ئەم گفتوگۆیانەی

---

[114] Great Britain, Parliamentary Papers, Miscellaneous (22nd December, 1806), No. 1, p. 4.

هەرچی نامەگۆرینەوە دیپلۆماتیەکانی سەردەمی دانوستاندنەکانی ئاشتی نێوانی فرەنسا وبریتانیا هەیە، جارێکی تر بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فرەنسی تۆمارکراونەتەوە، بۆبینینیان بروانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١–١٥٩

[115] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٥–٦٠.

ئاشتییەیان کردووە.[116] بەڵام (فۆکس) خۆی باش لەوە ئاگادارە، کە پێش ئەوەی وتارەکەی بۆناپارت بگات بە کۆمەڵگ، فۆکس خۆی هانی ئەوەیداوە ئاشتی لەگەڵ ئیمپراتۆری فرەنسادا بکرێ.[117]

راستیەکەش وایە، کە بریتانیا لەباروددۆخێکی هێندە نالەباردابوو، کە سەختتر بوو لەو باروددۆخەی لەپێش ئاشتیی ئەمیەن، کە بۆناپارتی تێدابوو. بەڵام لەبڕی بەپیرەوەچوونی ئاگریەستێکی وەك ئەوەی ئەمیەن، هەرچی دانووستاندن هەیە پەکیان کەوتبوو. ئەو هەڵوێستەی بریتانیا دەکرێ بەو دەربڕینە لاتینییە گوزارەی لێبکرێ، کە بە زۆری لەلایەن کەسە دانووستانکارە ئینگلیزییەکانەوە بەکاردەهێنرا (ئووتی پەوزیدایتییز- Uti Possidetis)، کە ماناکەی بە کوردی دەکاتە (ئەوەتا دانووستاندنت هەیە-بڕوانە ئینسایکلۆپیدیای بریتانی چاپی ٢٠٠٨-و). لەم بارەیەوە فرەنسییەکان تا مانگی ئاب نەیانتوانی چاویان بە چاوی بریتانییەکان بکەوێ ، ئیتر ئەوە بەباشی روون بۆوە، کە دانووستاندنی لەو شێوەیە بێکەڵکە.[118] کاتێك لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا (لاودەردێل) داوای کرد پاسپۆرتەکەی خۆیی بدەنەوە، (تۆلیراند) وا لەم رووداوە تێگەشت، کە ئیتر ئەوە کۆتایی دانووستاندنەکانە. لاودەردێل هەر پابەندبوو بەو هەستانەی خۆیەوە لەبارەی دیپلۆماسییەتەوە هەیبوون، (تێبینییەك) ی درێژی نارد بۆ وەزیری فرەنسی و باس لەوە دەکات، کە سەعادەتیان (سەعادەتی تۆلیراند) دەتوانێ وێنای چەند

---

[116] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٧١.

[117] لەیەکێك لە سەرنجراکێشترین نامە و پەیامەکانی ناو مێژووی دیپلۆماسیەتدا لە (٢٠/شوبات/١٨٠٦) دا فۆکس چیرۆکی پلانێکی هەڵبەستراو بۆ کوشتنی بۆناپارت بۆ تۆلیراند باسدەکات: دەڵێ پلاندانەرەکە داوای لە وەزیری دەرەوە کردووە جەماوەرێکی تایبەتی بداتێ، ئەویش بۆی جێبەجێ کردووە، پاشان قسە و باسێکی نهێنییان پێکەوە کردووە و ئیتر ئەو نهێنییە شوومەیان ئاشکرابووە. بۆیە فۆکس واباس لە خۆی دەکات، کە بە پلانی ئەم خراپەکارانە تووشی شۆك هاتووە و داوادەکات، کە بۆناپارت رەوانەی کەناردەریایەکی دوور لە فرەنسا بکەن بۆئەوەی ئاسنامەی پلاندانەرەکە ئاشکرابێ، واش پیشان بدەن، کە فۆکس ئاگای لە هیچ نییە. لە وەڵامی ئەم پەیامە دۆستانە و دراماتیکییەدا بۆناپارت داوا لە (تۆلیراند) دەکات، کە بەناوی ئەوەوە سوپاسی (فۆکس) بکات.

هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢ و ٣ .

[118] هەڵوێستی بریتانیا لەبارەی ئەم دانووستاندنانەوە هەندێ وردتر لە(تێبینیی) یەکی (لاودەردێل) بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە بەباشی باسیلێکراوە، ئەو تێبینییە بە بەرواری (٧/ئاب/١٨٠٦) دا یە، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٣-٧١. تەنها لەو تێبینییەدا شەش جار گوزارەی (ئووتی پەوزیدایتیین) هاتووە.

ئەستەمییەك بكات لەوەدا، كە بریتانیا وازی لە پرۆسەی ئاشتی هێناوە.[119] بەڵام ئەگەر حكومەتی بریتانی سستیی نواند، یان خاو هەڵسووڕا لە ساغكردنی مێشكی خۆیدا، ئەوا (تۆلیراند) بڕیاری خۆیی داوە. لەپاش ئەمەوە ململانەی نێوانی ئەم دوو وڵاتە گەیشتە ئاڵۆزترین بارودۆخ.

لە ساڵانی نێوانی (١٨٠٢-١٨٠٦) دا حكومەتی بریتانیا هەندێ بەرەنگاریی بەرووی چالاكییەكانی بۆناپارت لە ئۆرووپا و ڕۆژهەڵاتی نزیكدا نواند، بەڵام هیچ گوێیان بەوە نەدا، كە لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی بەڕێوەدەچوو. حكومەتی هیندی، كە بە تەواوی بەرپرسیاری سیاسەتەكانی بریتانابوو لەو ناوچەیەی جیهاندا، بەبێ ئەوەی بەهانەیەكی روونی هەبووبێت فەرامۆشكار بوو. لە لاپەڕەیەكی پێشووتردا ئەوەمان پیشاندا، كە چۆن عاقڵانە رێگەی بە ئێران دا بخزێتە ناو باوەشی بۆناپارتەوە.

میسۆپۆتامیاش وەك ئەوەی، كە هێشتا گرنگییەكی ئەوتۆی لەناو كاروباری بریتانیادا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرنەگرتبوو، لەسایەی بارودۆخێكدا بەڕێوەدەچوو، كە حكومەت خۆی مەبەستی نەبوو گۆڕانێكی ئەوتۆی تێدابكات. سولەیمانی گەورە، كە پاشای بەغدا و سەر بە بریتانییەكان بوو، لەساڵانی پێش سەركەوتنی بریتانیاش بەسەر بۆناپارتدا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆی فەرمانڕەوای راستەقینەی وڵاتەكە بوو، لەڕۆژی (١٨٠٢/٨/٧) دا مرد. سەردەمێكی باری نائاسایی و ململانەی ناوخۆیی بەدوای ئەوەدا هات، (هارڤەرد جۆنز)، كە تا ساڵی (١٨٠٧) وەك باڵوێزی بریتانیا لە بەغدا مابۆوە، خۆیی بینییەوە بە بارودۆخێكی نائاسایی و هەلومەرجێكی نائارام دەورە دراوە.

مەسەلەی عوممان تەواو جیاواز بوو لە مەسەلەكانی ئێران و توركیا، توركیا ناوچەی میسۆپۆتامیاشی لەبەردەستدابوو. ئیمامی عوممان هەرگیز حەزی بەوە نەبووە خۆی لە هاوپەیمانێتیكردن لەگەڵ دەسەڵاتە ئەوروپییەكاندا بپێچێت. وەك فەرمانڕەوایەكی بێلایەنیش بیروبڕوایەكی پەسەندی لەبارەی فرەنسا و بریتانیاوە هەبوو. ئەو دەیویست بازاڕەكانی خۆی بە كراوەیی لەبەردەم كاڵای هەردوو ئەو نەتەوەیەدا بهێڵێتەوە، هەروەها ئارەزووی ئەوەشی هەبوو كاڵای عوممانییش بە هەردوولایان بفرۆشێت، بواری ئەوەی دەدا یاسا سادەكەی ئابووریی (پێشچاوخستن و داوا- عەرز و تەڵەب) لە هەموو ئەم كایانەدا هەبێ و كاری پێبكرێ. چەند جار لەناو ناوچەی ئاوە هەرێمایەتییەكانی خۆیدا بازرگانە بریتانییەكانی لە پەلاماری كەشتییە چەكدارەكانی فرەنسا پاراستوە و

---

[119] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٥٢-١٥٤

پشتگیریی کردوون. بەلام وەك باویش بووە لەلای، هەمیشە وەك ئەوەی گوێی بە داوای لەو شێوەیەی فرەنسییەکان نەداوە، ئەو داوایەی بریتانییەکانیشی رەت کردۆتەوە، کە فرەنسییەکان بە دوژمن لەقەڵەم بدات. ئەم مامەڵە دادپەروەرانەیە لەلای هەردوولای بریتانییەکان وفرەنسییەکان پەسەند نەبوو، پێش کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیش هەردوولایان هەوڵی ئەوەیان دابوو ئەو شێوازەی پێ بگۆڕن. یەکەمین هاوپەیمانێتیی، کە لەگەڵ بریتانییەکاندا لەساڵی (١٧٩٨) دا ئمیزای کردبوو، لەوە نەدەچوو بەهایەکی وەهای هەبێ. بەلام کە لە دوو ساڵی پاش ئەوەدا سوپا و دیپلۆماسییەتی بریتانیا لە رۆژهەلات و رۆژئاوایشدا بەشێوەیەکی (سەروئاسایی – فەوقەلعادە) سەرکەوتوویوون، ئیتر ئیمامیش دەرفەتی هەلێکی تری لەبەردەستدا نەمایەوە، هەر دەبوو مل بە هەڕەشە ناوەڕۆکدارەکانی (مالکۆلم) بدات. ئەوەبوو پەیماننامەکەی ساڵی(١٧٩٨) نوێکرایەوە، کە زۆر لە دژی بەرژەوەندییەکانی فرەنسا بوو.[١٢٠]

کە ئیمام پەیماننامەکەی پەسەندکردەوە، بە خواستی خۆی نەبوو. بۆیە بەلایشیەوە ئاسایی بوو، پەیڕەوی لە نەریتەکەی خۆی بکات و کەی ئەو هەڕەشەیەی لەسەر نەما، کە بە زۆر پەیماننامەکەی پێ ئیمزاکردووە، ئەویش وەك جاران هەڵسوکەوت بکاتەوە. بۆیە لەسەردەمی کاردانەوەدا، ئەو کاتەی، کە کاریگەریی بریتانیا لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەگشتی لاواز بوو، ئەو زۆر سەربەخۆیانە هەڵسوکەوتی بەرامبەری فرەنسییەکان و بریتانییەکانیش کرد. زۆر عاقڵانە جولایەوە و هیچ هەوڵی ئەوەشی نەدا بەلای فرەنسییەکاندا بیشکێنێتەوە.

لەساڵی (١٨٠٣) دا بۆناپارت (دێکان) ی رەوانە ناوچەی رۆژهەلات کرد بۆ سەرۆکاریکردنی کاروبارەکانی فرەنسا لەوناوچەیە و دێکان یەکێك بوو لە باشترین ژەنەراڵەکانی بۆناپارت خۆی.[121] دەبوو زانیاریی تەواو لەبارەی ئەوەوە کۆبکاتەوە، کە بارودۆخی بریتانیا لەناو هیندستاندا چۆنە و پەیوەندییان لەگەڵ میرەخۆجێییەکانی ئەوێدا چۆنە و رێگای ئەوەیش بدۆزێتەوە، کە چۆن پەلامارێکی سەرکەوتووانە بۆسەر هیندستان بە ئەنجام بگەیەنرێ.

لەپاش سەردانکردنێکی (پۆندیچێری–شارێکی باشووری هیندستانە– و) دێکان گەڕاوەتەوە مۆریشیۆس و بارەگای سەرەکیی خۆی لەوێ داناوە. هەر لەو دەمەدا

---

[120] بڕوانە سەرچاوەکەی پێشوو، لاپەڕە ٣٢.

[121] Prentout, op. cit., Passim.

بۆناپارت (م. دی کاڤەیناك) ی وەك یاریدەدەری دێکان ناردۆتە ناو (عوممان) بە ئومێدی ئەوەی بتوانێت لە (مەسقەت) ببێتە کۆنسڵی فرەنسا. کاتێك، کە (کاڤەیناك) دەگاتە مەسقەت ئیمام لەوێ نابێت و بە هەندێ کار چووەتە دەرەوە، کاتێکیش کە ئیمام گەڕاوەتەوە، ئەو نزیکەی دە رۆژ بووە لەوێ بووە. ئەم کابرایە زۆر چالاك بوو، چەندان هاوڕێیەتیی لەگەڵ خەڵکانی چالاکی ناوخۆی ئەوێ پێکهێنابوو. لەو ماوە کەمەیدا لەوە دەچوو ئومێدی سەرکەوتنێکی باشی بۆخۆی مسۆگەر کردبێ. بەڵام ئیمام وەك ئاماژەدانێکی بە سەرقاڵبوونی خۆی لەگەڵ بریتانییەکاندا بەڕێزەوە بینینی (کاڤەیناك) ی رەتکردەوە و ئەمیش بە دڵی شکاوەوە لە نیوەی شەوی (١٣/ تشرینی یەکەم/١٨٠٣) دا ملی دەریای گرت و رۆشتەوە.[122]

بەڵام سەرباری ئەوەش عوممانییەکان بەرامبەر فرەنسییەکان نادادپەروەر نەبوون، دیسانەوە بازاڕەکانیان چۆن بۆ بریتانییەکان کراوەبوو، ئاواش بۆ فرەنسییەکانیش کراوەبوون. بازرگانە عوممانییەکانیش خۆیان سەرپشك بوون لەوەی لە کام لایان شت دەکڕن. ئەم سیاسەتە سەرنەکەوتنێکی دوولایەنە بوو بۆ بریتانییەکان، نەك تەنها لەبەرئەوەی ، کە پێچەوانەی ئەو هاوپەیمانێتییە خوازراوەی خۆیان بوو لەگەڵ ئیمامدا هەیانبوو، بەڵکو لەبەرئەوەش، کە هەلی وەك ئەوەی بریتانییەکانی دەدایە فرەنسییەکانیش، کە باری خۆیان ببەن و کاڵای خۆیان بفرۆشن و _زۆربەی ئەو کاڵایانەش ئەوانەبوون، کە هیی بریتانییەکان بوون و ئەوان دەستیان بەسەردا گرتبوون_ و بە نرخی زۆر هەرزانیش دەیانفرۆشتنەوە. بە کڕینی ئەو کاڵا هەرزانبەهایانە هۆزە عووممانییەکان بەشێوەیەك گەشەیان کردبوو، کە(لۆرد ڤالەنتاینا) لە نێوانی ساڵانی (١٨٠٢–١٨٠٦) دا سەردانی ئەو بەشەی جیهان دەکات، ئەوان بە هاوپەیمانی فرەنسا لە قەڵەم دەدات. هۆزی دەسەڵاتداری (جەواسم)، کە (ڤالەنتاینا پێیگوتوون جویزێرم) کە لە کەنارەکانی کەنداوەوە بۆ باکووری عووممان کاری بەهارات و داودەرمان فرۆشییان کردووە، چەندان چالاکیی چەتەیی دەریایان لەدژی بازرگانیی بریتانییەکان ئەنجامداوە.

ڤالەنتاینا دەڵێ: "ئەمانە لەپاش دەستبەسەرداگرتنی سیستماتیکیی حکومەتی بۆمبایەوە سەریان هەڵدا و بوون بە هێزێکی دەریایی گەورە و بەلای کەمەوە ٣٥

---

[122] Miles, op. cit. , II, 299-301

کەشتیی قەبارە جیاوازیان هەبووە و هەریەکە لەم کەشتییانە توانای هەڵگرتنی ٥٠–٣٠٠ نەفەری هەبووە .[١٢٣]

زیانی بەرچاوی لەدەستچوونی ئیمتیازات و کاریگەریی بریتانیا نە لە ناوچەی میسۆپۆتامیاوە(میسۆپۆتامیا زاراوەیەکی مێژووییە، ناوە، بە مانای وڵاتی نێوانی دوو رووبارەکەی دیجلە و فورات دێت–و) بوو، نە لە کەنداوی فارسیشەوە بوو، بەڵکو لەناو ئێران وتورکیاوە بوو. هەروەها ئاماژەشمان بەوەدا، کە چۆن لە کۆتایی ساڵی (١٨٠٦) دا لەناو ئەم دوو وڵاتەی ئێران وتورکیادا کاریگەریی و نفوزی فڕەنسا جێگەی کاریگەری و نفوزی بریتانیای گرتەوە. لەگەڵ سەرەتای ساڵی (١٨٠٧) دا و بە ماوەیەکی کەم لەپاش پەککەوتنی دانووستاندنەکانی ئاشتیی نێوانی بریتانیا و فڕەنسا بۆناپارت بڕیاریدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەریەکەی تورکیا و ئێراندا بگۆڕێت بۆ هاوپەیمانێتیی دڵنیا، چونکە رەنگە ئەم هەنگاوەی ببێتە هۆی چالاککردنی هاوکاریی نێوانی وڵاتەکەی خۆی و ئەو دوو وڵاتە لە دژایەتیکردنی دوو دوژمنە سەرەکییەکەی خۆیدا، کە بریتی بوون لە بریتانیا و رووسیا. لە کۆتایی مانگی شووبات/ فێبریوەی ئەو ساڵەدا دانووستانکارە تورك و ئێرانییەکان لە وارشۆ و لە نزیکی بارەگای سەرەکیی بۆناپارتەوە چاوەڕوانییان دەکرد بۆ گرێدانی رێکەوتننامەیەك، کە کارایی بۆناپارتی لەو دوو وڵاتەدا دەگەیاندە لوتکە و هەروەها بە دووایین خاڵی وەرچەرخانی گرنگی پێدانی بۆناپارتیش دادەنرا لە تەواوی ناوچەکەدا بە گشتی.

لەسەردەمی دانووستاندنەکانی تریشدا فڕەنسا هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیپلۆماتییانەی باش و خوازراوی لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا و ناوچە داگیرکراوەکانی ئۆرووپاشدا هەبوو. بەڵام هەریەکەی ئەم دوو وڵاتەیش هەلومەرجی

---

[123] (Anonymous) review of Lord Valentine's G. V., Voyages and travels, 1802-1806 (3 vols., London, 1809), the Quarterly Review (1809), II, 124.

ئەم پێداچوونەوە درێژە، کە لە لاپەڕە ٨٨ تا ١٢٦ دەگرێتەوە تێبینییەکی سەرنجڕاکێشی تێدایە لەبارەی ڕەوشی میسرەوە .چونکە ئەو پەلامارەی تورکەکان بردیانە سەر پورتوگالییەکانی ناو هیند سەرەتاکەی لە میسرەوە دەستی پێکرد، هەر لە میسریشەوە ئێمەیش کەوتینە بەر هەڕەشە، بۆیە هەرگیز گرنگیی ئەو وڵاتە بۆ خۆی فەرامۆش ناکات، بۆیە ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان دەستی بەسەردانەگرین، ئەوان زووبێت یان درەنگ هەر دەبێ دەستی بەسەردا دەگرن. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٢٥ ئەم تێبینییە گرنگیدانی بریتانیامان بەم وڵاتە پیشان دەدات، بێگومان هەر ئەو گرنگیپێدانەیش بوو، وای بۆناپارت کرد، لە ناوچەی رۆژهەڵاتدا بکەوێتە جووڵە.

ئالۆزیی تایبەت بە خۆیانیان هەبووە و دەكرێ ئەو ئالۆزییانە بەم شێوەیەی لای خوارەوە گرووپ بكرێن:

تورکیا	ئێران
لەژێر هەڕەشەی رووسیادا بوو، بەڵام هەڕەشەكەی زۆر مەترسیدار نەبوو	نائومێدانە لەژێر هەڕەشەی رووسیادابوو
دەیەویست چەند هەرێمێكی خۆی لە چنگی رووسیا دەربهێنێتەوە	دەیەویست چەند هەرێمێكی خۆی لە چنگی رووسیا دەربهێنێتەوە
پەیوەندییان بە دیپلۆماسیەتە كاریگەرەكانی فەرەنساوە هەبوو	پەیوەندییان بە دیپلۆماسیەتە كاریگەرەكانی فەرەنساوە هەبوو
دیپلۆماسیەتێكی كاریگەری بێلایەنەی هەبوو	دیپلۆماسیەتێكی وابەستەی لاوازی هەبوو
بەشێوەی رەسمی و جدی لەلایەن بریتانیای مەزنەوە رەفزنەكرابۆوە	بەشێوەی رەسمی و جدی لەلایەن بریتانیای مەزنەوە رەفزكرابۆوە
تازە پرۆسەی فریاگوزاریی بریتانیای مەزنی ئەزموون كردبوو لە بەدەستهێنانەوەی میسر و سوریادا	هیچ فریاگوزارییەكی گرنگیی بریتانیا لە یادەوەرییدا نییە
پەیوەندیی بە دیپلۆماسیەتی بریتانیاوە هەبوو	گەمژانە لەلایەن دیپلۆماسییەتی بریتانیاوە فەرامۆش كرابوو

لە بەشی یەكەمی ساڵی (١٨٠٧) دا و لە دژی ئەو جۆرە شتانەی لە پشتەوەن، بە جیا دانووستاندن لەگەڵ هەریەكەی توركیا و ئێران لەلایەن فەرەنساوە دەستی پێكرا. لەبەرئەوەی خودی بۆناپارت زۆر سەرقاڵی كاروبارەكانی ناو (پروسیا و نەمسا) بوو، لە مانگی مایسدا (كاولینكۆرت) بە یارمەتیی (لا روا) دانووستاندنیان لەگەڵ (ئەمین ئەفەندی) ی باڵوێزی تورك لە (دێنزیگ) دەست پێكرد. لەبارەی پرۆژەكەی فەرەنساوە بۆ دروستكردنی هاوپەیمانێتییەكی بەرگریكردن و پەلاماردان لە دژی هەریەكە لە رووسیا و بریتانیا، ئەمین ئەفەندی بەو شێوەیە وەڵامی فەرەنسییەكانی دایەوە، كە لەو رووەوە فرمانی تەواوی ئیستەنبوڵی لەبەردەستدایە و ناتوانێت لێیان لابدات. هیچ رێگەیەكی

ئەوەی پێنەدرابوو هاوپەیمانێتی لەدژی بریتانیا دروست بکات، چونکە تورکیا لەگەڵیدا لەشەڕدا نەبوو. هەروەها لەبارەی رووسیاشەوە دەبوو هاوپەیمانێتیەکی بەرەنگاریکردن دروست بکات، بۆ سەردەمێکی کاتیی دیاریکراو، کە ماوەکەی تەنها سێ ساڵ بێت. ئەم پێشنیارە نەرێییانە زۆر لەوە کورتهێنتر بوون ، کە فەرەنسا چاوەڕوانی دەکردن. هیچ سەرکێشییەکیش بەو پەرەنسیپانەوە نەکرا، بۆیە لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا دانووستاندنەکان گەیشتنە کۆتاییەکی ناسەرکەوتوو.[١٢٤] بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان بارەکە لەگەڵ ئێراندا تەواو جیاواز بوو.(میرزا موحەمەد رەزاخان- کە بە کورتی پێیدەگوترا محەمەد رەزا) ی دانووستانکاری ئێران دەبوو هاوپەیمانێتییەك بهێنێتەپێشەوە، کە بەتەواوی لەلایەن تارانەوە رەزامەندیی لەسەر درابێ. ئەم لەگەڵ (جۆبێرت) دا هاتە ئۆرووپا، جۆبێرتیش ئەو کەسەبوو، کە بۆ رێ خۆشکردن بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی ئێران لەبارەی ئەو هاوپەیمانێتییەوە، لە بەرژەوەندیی حکومەتی فەرەنسا چووبووە ئێران. لە رۆژی (٤/مایس/١٨٠٧) دا هاوپەیمانێتییە بەناوبانگەکەی (فینکنشتاین) لەلایەن (محەمەد رەزا) بە نوێنەرایەتیی شا و (مارتی-کە پاشتر بە دەك دی بەسانیۆ ناسرا) بە نوێنەرایەتی ئیمپراتۆر ئیمزا کرا. (فینکنشتاین) ئەو ناوەی لە هاوپەیمانێتییەکە نرا، ناوی قەڵایەکی جوانە لە شاری (ئۆسترادا) لە رۆژهەڵاتی پروسیا و لەوێ رێکەوتننامەکە ئیمزا کراوە. ئەم پەیماننامەی هاوپەیمانێتییە لە شانزە بەند پێکهاتووە، بۆ بەرەنگاریکردن و پەلاماردانیشە و لەدژی بریتانیای مەزنە. لە بەندی یەکەمیدا بەڵێنی ئاشتی و هاوڕێیەتی و هاوپەیمانێتی دراوە. لە بەندی دووەمدا بۆناپارت بەڵێنی ئەوەی داوە سەلامەتیی هەرێمە ئێرانییەکان بەو شێوەیەی کە خۆیان هەن، بپارێزێت. بەشەکانی تری پەیماننامەکە، بەتایبەتییش بەندی هەشت و دە و دوانزە بریتی بوون لە ناچارکردنی ئێران بەوەی ئاسانکاری و کۆمەکی چالاکانە پێشکەشی هەر جموجوولێکی فەرەنسا لەدژی هیندستان بکات.[١٢٥] بۆ

---

124 Shupp, op. cit., 432-433

125 Mowat, R. B. , The Diplomacy of Napoleon(London, 1924), 172; Kaye, op. cit. , I, 304. Fro Text of the Treaty, see Gardane, Alfred de, Mission du General Gardane en Perse (Paris, 1865),

ئەلفرێد کوڕی ئەو جەنەراڵە بوو، کە ئەرکەکەی ئەنجامداوە) و هەروەها ماوەتیش پێیوایە، کە پەیماننامەیە لەرۆژی (٧/٥ مایس) دا ئیمزا کراوە و گاردان پێیوایە لە رۆژی (٤/٥ مایس) دا ئیمزا کراوە و بەڵام کایا تەنها لەسەر ساڵ و مانگەکە قسەی کردووە و پێیوایە، کە وابێ(مایس ١٨٠٧) بڕوانە ماوەت سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٧٢ ن.

پیادەکردنی تێرمەکانی پەیماننامەکە یەکسەر نێردراوێکی سەربازیی کارا رەوانەی ئێران کرا، کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ژەنەراڵ (گاردان) دا بوو (لا کۆمت مەتییۆ کلۆد دی گاردان). لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ژەنەراڵ گاردان و ستافەکەی، کە بریتی بوون لە حەفتا ئەفسەری ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراو لە ئازەربایجان و کرماشان سەرقاڵی مەشق و ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئێرانی بوون.[١٢٦]

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٨٠٧) دا ئێران بە تەواوی هاوپەیمانی بۆناپارت بوو، لە دژی روسیا و بریتانیای مەزن بوو، ژمارەیەکی زۆری شاندی سوپای فرەنسی لەسەر خاکی ئێرانی سەرقاڵی مەشقپێکردنی سەربازە خۆجێییە ئێرانییەکان بوون. هەر لەو دەمانەدا پەیماننامە ئەنگلۆ- عووممانییەکەی ساڵی (١٨٠٠) بەناو مابۆوە، بەلام لەڕووی کردەییەوە بە تەواوی فەرامۆشکرابوو، دیسانەوە بازاڕەکانی عوممان کەوتبوونەوە بەر سێلاوی کالا بریتانییە دەستبەسەردا گیراوەکان. هەرچی کەنداوی فارسیشە بەهۆی چالاکیی روو لە زیادی چەتەکانی خێڵی جەواسمەوە بارودۆخێکی ناجێگیری هەبوو بۆ بازرگانە بریتانییەکان. لەگەڵ مردنی سولەیمان پاشای بەغدا دا لە ساڵی (١٨٠٢) دا کۆنسڵی بریتانیاش خۆیی لەو هەلومەرجە سەخت و نادڵنیایەی میسۆپۆتامیادا بینییەوە، کە تا ساڵی (١٨٠٧) و پاشتریش بەو نالەبارییەوە بەردەوام بوو.

تورکیا ئەگەرچی ملیشی بەوە نەدەدا خۆی بدات بە دەستی بۆناپارتەوە، ئەوەندەی، کە دۆست و هاوڕێی بۆناپارت بوو، هێندە هاوڕێی بریتانیای مەزن نەبوو. وەك بالادەستترین نەتەوەی زاڵی ناو ناوچەی رۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاست، فرەنسا توانیی جێگەی بریتانیا بگرێتەوە. جارێکی تریش وەك مەترسییەکی چاوەڕوانکراو بۆسەر هیندستان دەرکەوتەوە. ئیتر وەختی ئەوەبوو بریتانیا دووەمین سەرکەوتنی خۆی و یەکجارەکیترین سەرکەوتن بەسەر بۆناپارتدا بەدەستبهێنێتەوە. ئەوەبوو لە دووساڵی پاشتردا سەرلەنوێ زاڵبوونەوەی یەکجاریی خۆیانیان لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چەسپاندەوە.

---

126 Curzon, op. cit., I, 577.

٢. دووەمین و دووایین سەرکەوتنی بریتانیا بەسەر نا پلیۆندا ١٨٠٨-١٨٠٩

ئەوەی شایانی باسە، لە ماوەی رۆژگاری تشرینی یەکەمی (١٨٠٦) بۆ مانگی مایسی (١٨٠٧) واتە لەماوەی نێوانی سەرنەکەوتنی دانووستاندنە ئەنگلۆ - فرەنسییەکانی ئاشتی و گرێدانی هاوپەیمانێتییەکی فرانکۆ-ئێرانی لە فینکنشتاین، خاڵێکی دیار و بەرچاوی ناو زەمینەی ململانەی مێژوویی نێوانی بریتانیای مەزن و بۆناپارت پێکدەهێنێ. هەر تۆزێک پێش ئێستە ئاماژەمان بەوەدا کە کاریگەریی بۆناپارت لەناوچەی رۆژهەڵاتدا لەو دەمانەدا دەگەیشتە لوتکەی خۆی. باش ئاگادارین، کە لە رۆژئاواشدا دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانی هەر بەرەو ژوور و بەرەو زۆری هەڵدەکشان.

لەئۆکتۆبەری ساڵی (١٨٠٦) دا لە (جینا و هەروەها لە فریدلاند) یش سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوەی بەسەر پروسییەکاندا بەدەستهێنا. لێرەوە ئیتر نزیکەی هەموو ئۆروپا کەوتبوونە بەر دەسەڵاتی ئەو. تەنها بریتانیا مابوو، ئەویش بەهۆی دابڕاویی شوێنەکەیەوە(یان بەهۆی دەمارگیریی خۆیەوە) نەکەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی رەوە سەربازەکانی ئەوەوە. ئەویش بۆ ملکەچپێکردنی ئەم دورگە سەرسەختەی (دوکاندارەکان) پەنای بردە بەر (سیستمی کیشوەری)، کە سیستمێکی بەناوبانگە و بەپێی مەرسوومی بەرلین، لە تشرینی دووەمی (١٨٠٦) دا داڕێژراوە. بەم پێیە بارێکی گەمارۆیان بەسەر دوورگە بریتانییەکاندا راگەیاند و هیچ بارهەڵگرێکی بریتانی لەناو هیچ کام لە دوورگە فرەنسی و دورگە هاوپەیمانەکانی فرەنساشدا رێگەی هاتوچۆی پێنەدەدرا. ئەو مەرسوومە جارێك لە کانوونی دووەمی (١٨٠٧) و جارێکی تریش لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا تەواو کراوە. ئیتر بریتانیای مەزنیش زیاد لە هەرکاتێکی تر ناچار بوو بە دەنگ (داواکارییەکانی ئەنجومەن) ی خۆیەوە بچێت، کە لە (کانوونی دووەم تا تشرینی دووەمی ١٨٠٧) دەرچووبوون و ئەمانیش هێندەی مەرسومەکەی فرەنسا گرنگ بوون و داوایان دەکرد لەگەڵ ناپلیۆندا شتەکان یەکلایی بکاتەوە. ئەمانیش هاتن گەمارۆیەکی لەوەی سەرخۆیان توندتریان راگەیاند بیسەپێنن بەسەر فرەنسا و هاوپەیمانەکانی و ئەوانەشی پشتان پێدەبەستن. لەمە بەدوواوە ململانە ئەنگلۆ- بۆناپارتییەکان بە تەواوی بوون بە ململانەیەکی بازرگانی و وڵاتانی پشت دەریایش تا دەهات دەکەوتنە گەرداوی ئەو رکەبەرییانەوە بەدوای ئەمانەدا هاتن.

رۆژهەڵاتی ناوەراست وەك خۆی گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ بریتانیا، بەڵام گرنگییەکی زۆر گەورەی ستراتیجییانەی هەبوو لەبارەی سەلامەتیی موڵکەکانیانەوە لە

هیندستان و بەسەلامەت بەڕێوەچوونی بازرگانییەکانیان لە ڕۆژهەڵات بەگشتی. بۆیە لەبەر چەند بەهایەکی ناوخۆیی و نیشتمانی دەبوو حکومەتی هیندستان سیاسەتێکی چالاکانە لەبارەی ئەو بەشەی جیهانەوە بگرێتەبەر.

(سێر جۆرج بارلۆ–١٨٠٥) کە لە فەرمانڕەواییکردنی هینددا بەدوای (لۆرد ویلزلی) دا هات و لەسەردەمی فەرمانڕەواییکردنی ئەودا کاریگەرییەکانی بریتانیا لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیدابوون، لەلایەن (لۆرد مینتۆ–١٨٠٧–١٨١٣) جێگەی پێگیرایەوە. لەناو کەسە دیارەکانی یارمەتیدەرانی منتۆدا (بریگادێر ژەنەراڵ– واتە عەمید–جۆن مالکۆلم) هەبوو، کە (لەسەرەتاوە کاپتن بوو، پاشان بوو بە سێر)(١٧٦٩–١٨٣٣) توانیبووی هەریەکەی ئێران و عوومان بهێنێتە ریزی بریتانیاوە و وایان لێبکات لەدژی فەرەنسا بن.[127] لە کاتی کاردانەوەکەدا ئەم کابرایە ئاگاداری کاروباری ناو ئێران بوو، هەروەها ڕەخنەی لەوەش هەبوو، کە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەی هیندستان زۆر خامۆشە. ئەم فەرمانڕەوا نوێیە لەسەرەتاوە لەوەدەچوو بتوانێت خۆشییەکی کەم بداتە مالکۆلم، چونکە مالکۆلم زۆر لەوە نیگەران بوو، بەتەنگ ئەوەوە بوو چۆن بتوانن بە زوویی چالاکیی خۆیان بەرامبەری ئێران و شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرنەبەر. بۆیە دەبینین لە نامەیەکی تایبەتدا، کە بە بەرواری (١٠/تشرینی دووەم/ ١٨٠٧) ئاراستەی کۆلۆنێل (کلۆز) ی کردووە، باسی لە نیگەرانییەکانی خۆی کردووە:(خۆت دەزانیت، کە پلانگێڕییەکانی فەرەنسا لەناو گۆڕەپانی ئێراندا نیگەرانییەکی قووڵی بۆ سەر هۆشی لۆرد مینتۆ دروستکردووە و ئەویش منی لەیادە بۆ ئەو شوێنە دامبمەزرێنێت، لەوانەیە تۆش پێتوابێت، کە لەم بارەوە من هەندێك دوودڵم، بەڵام بەپێی ئەو شتانەی لەم دواییانەدا لە بەنگاڵ بیستومە، ئەو "واتە لۆرد مینتۆ– و"پتر لەوەی کابرایەکی سەخت و بوێر بێت، کەسێکی نەرم و بەرهەستە و وادەزانم بەوشتانەیش، کە ئێمە هەمانە قایل دەبێ و هەڵپە بۆ باری ئاسایشی تر ناکات، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو بارانەی تر باجی خۆیانیان ببێت و ئەویش لە یەکەم بینینەوە وا هەست بکات ئەو شتەی، کە دەبێ لەبەرامبەری ئەو باجەدا وەریبگرین خراپەیەکی ئەرێیی بێ)[128]

---

[127] بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە لاپەڕە ٣٤–٣٨.

[128] دەقی نامەکە لەناو کتێبەکەی کایادایە، ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە، لاپەڕەکانی ٣٩١–٣٩٤ هەروەها ئەو ژیاننامەیەش، کە کایا بۆ مالکۆلمی نوسیوە بۆ ئەم باسەی ئێمە زۆر گرنگە، وشەیەك، کەپێویست بکات◄◄

هەرچەندە مالکۆلم پێشوەخت دەیزانی ئەم فەرمانڕەوا نوێیە لێبڕاوانە هەمان ئەو سیاسەتە لەبەرچاو دەگرێ، کە بەجێگیری بانگەشەی بۆ دەکرد. لە هەولێکیشیدا بۆ قایل کردنی لۆرد مینتۆ بە روانینەکانی خۆی، مالکۆلم لە (١٨٠٧/١١/٢٣) دا راپۆرتێکی دیار و باشی ئامادەکرد. بۆ ئامادەکردنی ئەم یاداشتەی پشتی بە یاداشتێك بەستبوو، کە لەلایەن (کاپتن پازلی) یەوە ئامادەکرابوو، بەناوی (فریاگوزاریی مالکۆلم) ەوە، ئەم کاپتنە ماوەی نزیکەی چوار ساڵ لە ئێران کاری کردبوو.

بەپێی نووسراوی ناو یاداشتەکە سەرکەوتنی پێشبینیکراوی بۆناپارت بەسەر روسیادا_ ئەگەرچی هێشتا مالکۆلم ئەوەشی نەبیستبوو ئەو سەرکەوتنە روویدابێ_ بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە رۆژهەلاتدا بە خراپی دەخاتە ژێر مەترسییەوە. ئەو ئیمپراتۆریا مەزنەی عوسمانی دەکەوێتە ژێر قەلەمڕەوی فەرمانی بۆناپارتەوە. ناوچە ئاشووبەکانی وەك میسر و سوریا و بەغدا دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی فرەنساوە و ئینجا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەیت هیندستانیش بکەوێتە بەر مەترسیی خراپەوە.

هەلومەرجی ئێران، کە بەپێی یاداشتەکە (لەم رووداوانەدا یەکلاییەکرەوە دەبێت) زۆر لەوەوە دوورە هەلومەرجێکی نائومێدانە بێت. شا زۆر لەوە بەئاگابوو، کە بریتانیا پایەیەکی بنچینەیی هەیە لەناو رۆژهەلاتدا. شا پاش ئەوەی لەوە نائومێد بووبوو بریتانیا لە شەڕی دژ بە رووسیەدا کۆمەکی پێبکات پەنای بۆ بۆناپارت بردبوو کەوتبووە دوای. بۆیە دەبوو بریتانیا بەپەلە شاندێك بنێرێت بۆ ئێران، بۆئەوەی شا تێبگەیەنێت، کە واباشترە بۆ ئەو، کە خۆی بداتەوە پاڵ بریتانیا. خۆ ئەگەر هاتوو قایلیش نەبوو بەو پێشنیارانەی نێردراوەکان بۆیدەکەن، ئەوا پێویستە هەڕەشەی لێبکرێت و ئەو هەنگاوانەی لە بەرامبەریدا دەگیرێنەبەر، نەك هەر تەنها کاریگەری دەخاتە سەر

◄◄ لێرەدا بیلێین ئەوەیە، کە سێر جۆن، و، کایا (١٨١٤ – ١٨٧٦) زانیارییەکی باشی هەبووە لەبارەی کاروبارەکانی هیند و بریتانیاوە, بۆ ساڵانی (١٨٣٢– ١٨٤٥) ئەم کایایە ئەگەرچی وەك مێژوونوسێکی سەربازی ناسراوە، بەلام خۆی نوسەرێکی باشی بواری مەدەنییش بووە، دەتوانیت لەم رووەوە بڕوانیتە ئەم سەرچاوەیە(Dictionary of National Biography, X, 1141-1142) لەناو سەرچاوەی پێشوویشدا لاپەڕەکانی ٨٤٨–٨٥٦ کە کورتەیەکی باشیشی تێدایە لەبارەی ژیاننامەکەی مالکۆلمیشەوە، لە کۆتاییەکەشیدا ئەم ڕاگەیاندنە هەیە، کە دەڵێ: هەوو نامە بەلگەکانی مالکۆلم لەبەردەستی کایادابوون بۆیە زانیارییەکانی ئەو لەبارەی ژیانیەوە تەواو و تێروتەسەل بووە. بۆیە کە کایا ئەو شتانەی دیسان بەرهەم هێناوەتەوە، سودێ:ی زۆری هەبووە، بە تایبەتییش بۆ ئەم کارەی ئێستای ئێمە.

ناوبانگەکەی، "بەڵکو ئاژاوە دەخەنە ناو هەموو کاروبارەکانیەوە و گریمانێکی زۆری ئەوەش هەیە بە دروستکردنی شۆڕش و هەڵگەڕانەوەیەك کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنن." [129] بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە بوێرانەیە (لۆرد مینتۆ) هات (مالکۆلم) ی راسپارد بەخێرایی بە سەرۆکایەتیی شاندێك بۆلای شا، بگاتە کەنداوی فارس.

بەشێوەیەکی کاتی و وەك دەستپێکێك لەلای ئەمانەوە، حکومەتی وڵاتەکە (بریتانیا) (سێر هارفەرد جۆنز) ی کۆنسڵی پێشووی بریتانیای لە بەغدا وەك نێردراوێکی سەروو ئاسایی (فەوقەلعادە) نارد بۆ تاران و دەسەڵاتی تەواوی پێدا بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەرژەوەندیی تاجی پاشایی دانووستاندنی هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ شای ئێراندا دەست پێبکات. گەیشتنی (جۆنز) بە بۆمبای لەو کاتەدا، کە دەبوو دەستبداتە ئەو کارەی نەخشەی بۆکێشابوو، بووە مایەی سەرسوورمانێکی ناپەسەند بەلای حکومەتی هیندستانەوە. ئەم بەناو کرابوو بە هاوەڵی پاشکۆی لۆرد مینتۆ ، کە دەبوو وەك نێردراوێکی سەروئاسایی تاجی پاشایی بچێت بۆ تاران و حسابێك بۆ ئەو ئەرکەش نەکات، کە لەلایەن (مالکۆلم) ەوە دانرابوو. [130] لەم رووەوە قسەوباسکردن و لێکتێگەیشتن لەنێوانی حکومەتی نیشتمانی و بەرپرسیارانی ناو هیندستاندا هەبوو. بەڵام کەسێك، کە لەم مەسەلەیەدا بێزار بوو، بریتی بوو لە مالکۆلم، لەبەرئەوەی بەلایەوە ئەستەم بوو، لەناو ئەو بوارەدا، کە بە کێڵگەی کارکردنی دیپلۆماتییانەی خۆیی دەزانی بەرگەی ئەوەبگریّ، رکەبەرێکی تری بۆ دابنریّ.

لۆرد مینتۆ زۆر ئاگایانە بەپیری گرفتەکەوە چوو، هەوڵیدەدا لەناو ئەو بارودۆخە شپرزەیەدا باشترین دەستکەوتی هەبێ. لەو دەمەدا، کە دەبوو بەرەو ئێران بکەوێتەڕێ (٩/ئازار/١٨٠٨) هەندێ رێنمایی درێژی بۆ مالکۆلم نووسی و ئاشکراکرد. بۆ مالکۆلمی بەهەڵپەی نووسیبوو:" تۆ دەتوانی هەموو ئەو جۆر و بڕی یارمەتییانەمان بۆ دابین بکەیت کە ئەرکەکەمانی لەسەر رادەوەستێ، بەپێی روانینی من بۆئەم بارودۆخانە، نەیاریکردنی ئێمە بۆ فەڕەنسا لەناو ئێراندا ئەو کەنارەیە، کە ئاواتەکانی ئێمەی تێدا دەگەن بە ئاکام........." بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەوانەی مالکۆلم لەناو رێنماییەکانی ئەمیشدا هاتبوو" بۆدەرکردنی دوژمن بە کەمترین گریمانی دواخستنەوە" پێویستمان بە

---

[129] دەقی ئەم یاداشتە لەناو سەرچاوەکەی کایادا هەیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٣٩٥- ٣٩٨.

[130] Aitchison, op. cit., XII, 8-9

جووڵاندنی هێزەکان دەبێ لە ئایندەدا. مینتۆ لەسەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ: "من زۆر ئارەزوو دەکەم باسکی تۆ بەهێز بکەین و کاریگەریی گونجاویش بخەینە سەر بیری ئەو کەسانەی تۆ دەچیتە لایان، هەروەها منیش زۆر لەگەڵ ئەوەدام، کە بەپێی ئەوەی خۆت دەچیتە عەقڵتەوە و پێت باشە ژمارەی یاوەرە پاسەوانەکانت بۆ زیادبکرێ (لەبەرئەوەی بە نهێنی ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم) ددان بەوەدا دەنێم، کە سێر هارفەرد جۆنز شەڵتاخێکە لەناو ئەم یارییەی ئێمەدا" مینتۆ بوونی متمانەی تەواوی خۆیی لەسەر ئەوە دەبڕیوە، کە "مالکۆلم کەسێکی بە تەحەموولی کارساز و ئیدارییە" و دەتوانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هەلوێستە قورس و سەختانەدا بکات، کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەو ئەرکەوە سەرهەڵبدەن، کە بە (هارفەرد جۆنز) سپێردراوە.[131]

مالکۆلم بەخێرایی ملی ڕێگەی گرت بەرەو ئەوشتەی، کە بەڕاستی دووەمین ئەرك بوو ئەوی پێڕاسپێردرێ بۆ ئێران. ئامانجی ئەرکەکەی بریتی بوو لەوەی ئەو کاریگەری و نفوزەی فرەنسا هەیەتی لەئێراندا بە نفوزێکی بریتانی جێگەکەی بگیرێتەوە. هەر زوویش دەرکەوت، کە مالکۆلمی بە زەبروزەنگ بۆ ئەم ئەرکە گونجاو نییە، ئەوەبوو لەگەڵ پۆلێك ستافی بەتواناداڵە مانگی مایسی (١٨٠٨) دا گەیشتە کەناری ئێران. بەرپرسیارانی ئێران زۆر لە دوایین هەلوێستەکانی بێزار بوون. بۆیە ڕێگەی پێنەدرا بگات بە پایتەخت و لەبریی پایتەخت پێیانووت بچێت گرفتەکەی خۆی لەگەڵ پارێزگاری ناوخۆیی (فارس) دا باس بکات. سەرکەوتنیشی لەوکاتەدا ئومێدێکی ئەوتۆی نەبوو. بە بێزاری و هەڕەشەکرنەوە گەڕایەوە بۆ هیندستان و ئەو ئەرکەشی بۆی چووبو، گەیشتە ئاکامێکی ناسەرکەوتوو.[132]

ئیتر (سێر هارفەرد جۆنز) کە ئاکامی ئەرکەکەی لەلایەن هەریەکەی مالکۆلم و بەرپرسە خەرجیدابینکارەکەی خۆی (لۆرد مینتۆ) وە سەرکۆنە کرا، دەبوو چارەسەری بارودۆخەکە بکات. (ئەو ڕێنماییانەی) کە لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە دەرکرابوون

---

[131] بۆبینینی دەقی تەواوی ئەم پەیامە بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
Kaye, op. cit., I, 409-411

[132] Ibid, 306. A Punitive expedition to occupy the Island of Kharak was prepared by Lord Minto, but failed to materialize. Ibid, 307.

بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو دووەمین ئەرکەی بە مالکۆلم سپێردرابوو بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١٥، لاپەڕە ٣٩٩-٤٥٦

بۆ دواخستنی ئەرکەکەی زۆر درەنگ گەیشتبوونە دەستی.[133] زۆر گومانیش لەبارەی ئەوەوە هەیە، کە توانیبێتیان لەکاتدا ئەو پەیامە بگەیەننە دەستی. لە دەوروبەری پاییزی ساڵی (١٨٠٨) دا جارێکی تر جۆنز لە تاران بوو، هانی شای دەدا بۆئەوەی مل بە ئیمزاکردنی پەیماننامەیەك بدات، کە بە تەواوی بە سەرکەوتن بۆ بریتانیا لە قەڵەم دەدرا. ئینجارەیان بارودۆخەکە لە بارودۆخی چەند مانگی پێشووتر لەبارتربوو.

بەڵێنە قەبەو گەورەکانی (گاردان) بۆئەوەی کۆمەکی ئێران بکەن لەشەڕی دژی رووسیادا نە ئەوەیان تێدامابوو قەناعەت بە شای نائومێد بکەن و نە دەشیانتوانی ئارامیشی بکەنەوە. هەرچی بۆناپارتی بێویژدانیشە هات لەڕۆژی (٩/ تەمموز/١٨٠٧) دا و لەگەڵ قەیسەری رووسیادا پەیماننامەی (تیلزیت) ی ئیمزا کرد و ئەوەبوو لە ناوەڕاستی هاوینی ساڵی (١٨٠٨) دا داخوازییەکانی ئێرانیش بەگشتی فەرامۆشکران. ناپلیۆنیش لەبەرئەوەی لە ئیسپانیا نارەزاییەکی جەماوەری لەدژی فەرمانڕەواییکردنی پەیدابوبو، سوك و ئاسان وازی لەوەی پلانەی خۆی هێنا، کە وایدانابوو لەدژی هیندستان کردەی سەربازیی فراوانخوازی ئەنجام بدات.[134] لەبریی دوژمنە سەرسەختەکەی جاران روسیا بۆ فرەنسا بوو بە هاوپەیمانێکی گەورە، وەك کاردانەوەی ئەمەش ئێرانیش وازلێهێنرا بۆئەوەی بە دەستی دوژمنکارییەکانی رووسیاوە بکاتە دواچارەنووسی خۆی.

بەدیوێکی تردا بریتانیای مەزن دوژمنێکی چالاکی رووسیا بوو، هەرچی پەیوەندیی دیپلۆماتییانەی نێوانیشیان هەیە لە ساڵی (١٨٠٧) دا پچڕێنرابوو. لەم کاتانەدا جۆنز توانیبووی لە شا نزیك بکەوێتەوە و بەم بۆنەیەشەوە شا کاتی تەواوی لەبەردەستدابوو تەرخانی بکات بۆئەوەی لەم گۆڕانە گەورانە تێبگات. ئەم بارودۆخە زۆر لەباربوو بۆ سەرهەڵدانی لەیەکترگەیشتنی نێوانی بریتانیا وئێران و توانای پڕ سەلیقەی جۆنزیش توانی سوود لەم بارودۆخانە وەربگرێ. ئەوەبوو بە نوێنەرایەتیی (شا جۆرجی سێیەم) ئەڵماسێکی گرانبەها پێشکەشی شا کرا و دڵنیابوون لەهێنانەپێشەوەی رێکەوتننامەیەکی خێرا و درێژخایەن.

لە مارسی ساڵی (١٨٠٩) دا بەرپرسیارانی ئێران قایل بوون بە پرۆژەکەی جۆنز بۆ گرێدانی هاوپەیمانێتییەکی (ئەنگلۆ- ئێرانی) لەگەڵ کۆمەکێکی دارایی ساڵانە، کە بڕەکەی (١٢٠,٠٠٠) پاوەندی ئیستەرلینی بێت و بریتانیا بیدات بە شای ئێران. ئەوەبوو

---

[133] Aitchison, op. cit., XII, 9.
[134] Fournier, A., Napoleon I (London, 1914), PP. 49-51

جۆرێـك لــه شــەڕكردن لــەنێوانی بریتانیــای مــەزن و رووســیادا پەیــدابوو. نیگــەرانی گەیشتبووە ئاستێك، کە کاتێك نەبوو پەیوەندی و مشتومڕکردن لەگەڵ بەرپرسانی ناو هیندستان یان بریتانیا رابوەستێ، جۆنزیش لـەلای خۆیـەوە عاقڵانـە هەڵسوکەوتی لـەم هەلومەرجــەدا کــرد. ئــەوەبوو بــە زوویــی (هاوپــەیمانێتییێکی بــەرایی و هاوڕێیــەتی و هاوپەیمانێتیی لەنێوانی بریتانیای مەزن و ئێراندا) دروستکرد. بـەپێی ئەمـەش (هەرچی هاوپەیمانێتی و لێکتێگەیشتنێکی تری نێوانی ئێران و دەسەڵاتەکانی ناو ئۆرووپـا هـەبوو لەلایـەن شـاوە هەڵوەشـێنرایەوە.) بـەڵکو لـەوەش زیـاتر شـا بـەوەش رازی بـوو، کـە لەمەودووا رێگە نەدرێ (هیچ هێزێکی ئەورووپی، سەر بە هەرشوێنێك بێت بـەناو ئێرانـدا، یان بەرەو هیندستان، یان بەرەو بەندەرەکانی وڵاتەکە بڕوات)(بەندی سـێیەم)[135] دیـارە هەموو ئەو بەڵێنانەشی جۆنز لـە گەڕانەوەکەیدا وەریگـرت بـەڵێنی ئـەوەبوو، کـە ئەگـەر ئێران لەلایەن هەر وڵاتێکی ئەورووپییەوە داگیرکرا، ئـەوا بریتانیـا هێزێکـی بـۆ ئـەنێرێت، یان لەبریی هێز کۆمەکی دارایی و زەخیرەی جەنگیی بۆ دەنێرێت.(بەنـدی چـوارەم)[136] بەڵام بەرهەرحاڵ ئەم بەڵێنە سادەیەش دەبوو بـە پەیماننامەیـەکی جـێگیر رێکبخرێت. ئـەم پەیماننامەیــەش دەبــوو پاشــتر لــەنێوانی هــەردوو وڵاتەکــەدا رێکبخــرێ. ئـەم هاوپەیمانێتییـە بەگشتی دەبـوو لـەڕۆژی پەسـەندکردنەکەیەوە (واتــە ١٢/مــارت/١٨٠٩) کاری پێبکرێ و هێزی خۆی وەربگرێ.

کاتێـك لـۆرد مینتـۆ لــە دواناکـامی هاوپەیمانێتییـە بەراییەکـەی ئاگـادار کـراوە، وا هەستیکرد، کە سوکایەتیی پێکراوە و بەگشتییش سـوکایەتییەکەی لەلایـەن جۆنزەوە پێکراوە، چونکە خۆی وایدەزانی پێش ئەوەی دەست بداتـە ئـەم سـەرقاڵییە گەورەیـەی خۆی، راوێژ و پرسی بە جێگری پادشا کردبێ. لەمەوە بەدواداچـوونی راسـتەقینە لـەلای هەریەکەی حکومەتی هیندستان و نیشتماندا دروست بوو، چونکە دەبـوو حکومەتەکـەی هیندستان ئەو کۆمەکە داراییە بۆ شا دابین بکات، بۆیە پێدەچوو تـەواوی پەیوەستەکە

---

[135] Ibid, 47. A synopsis of this article is inaccurately made in Hertslet's Persian Treaties, etc., P.4:"

رێگە بە هـیچ هێزێکـی ئـەورووپی نـەدرێ بـەناو ئێـران، یـان هیندسـتان، یـان بەنـدەرەکانی هیندسـتاندا تێپەڕبێ"

[136] بڕوانــە سەرچاوەی پێشوو لاپــەڕە ٤٦-٤٩. دەقــی پەیماننامەکــەش هــەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەکانی ٤٦-٤٩. هەروەها بڕوانە (British and Foreign Papers) بەرگی یەکەم، بەشـی یەکـەم، لاپەڕەکانی ٢٥٨-٢٦١.

گەیشتبێتە سەر کەناری هەرەسهێنان. بەو پێیەیش، کە لۆرد مینتۆ راسپێردرابوو سەرپەرشتیی تەواوی رێکەوتنی هاوپەیمانێتییەکە بکات، ئەم پێیوابوو، کە گرنگێتیی ئەو هاوپەیمانێتی کردنە لەپێناوی دابینکردنی باری ئاسایشی هیندستاندایە.[137] بە روانینی مینتۆ، وەك هەر پسپۆرێکی چاودێر ئەو هاوپەیمانێتیکردنە لێدانێکی کوشندە بووە بۆ کاریگەریی فەرەنسا لەناو ئێراندا. تا بەهاری ساڵی (١٨٠٩) هەرچی ئەفسەر و دیپلۆمات و هاوڵاتیانی فەرەنسی لەناو ئێراندا بوون دەرکران. ئەرکە بەناوبانگەکەی (ژەنەراڵ گاردان) یش بە ناکامڵی کۆتایی پێهێنرا و ژەنەراڵ خۆی و ستافەکەشی پاسپۆرتەکانیان درایەوە دەستیان و رەوانەی نیشتمانی خۆیان کرانەوە.[138]

بەلای بۆناپارتی خۆپەرستەوە کەسێك ، کە لەم پاشەکشە کردنە راستەقینەیە بەرپرس بێت، هەرکەسێك بێت گرفت نییە، گرنگ ئەوەیە، کە خۆی نییە. هەرگیز لەوە نەدەچوو گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی، کە هاوپەیمانێتیکردنەکەی (فینکنشتاین)، کە بەپێی ئەم بوو ئەرکەکەی گاردان لەناو ئێراندا دەستی پێکرد، بەگشتی بەهۆی گرێدانی هاوپەیمانێتییەکەی (تیلزیت) ەوە پەکیخرابێ، لەبەرئەوەی ئەمەی تیلزیت شای لەبەر بەزەیی و رەحمەتی رووسیادا بەجێهێشت. بە تەواوی بەهۆی ئەو شێوە کەسایەتییەوە کە ئەو هەیبوو، باشیش پێیوەیەی دەناسرایەوە، لەوەناچێ تەنانەت لەو کاتەشدا کە هاتنەدیی خەونەکەی بووبوو بە پەرچوو، ئومێدی ئەوەی لەدەستدابێ کە وەك مولکێکی خۆی دەست بەسەر ئێراندا بگرێ. لە نامەیەکیدا، کە بە بەرواری (٢٠/ئاب١٨٠٩/Schonbrunn) نووسراوە، فەرمانی بە وەزیری کاروباری دەرەوە(The Comte de Champagny) ی خۆی کردووە کە نامەیەکی دڵدانەوە و ئاشتیخوازانە بنێرێ بۆ شا و پێی بڵێت: " تێیدا دەڵێیت": کە من سەرکۆنەی ژەنەراڵ گاردانم کردووە و لێیشی نارازی بووم، لەبەرئەوەی گۆرەپانی کارکردنەکەی خۆیی بەجێهێشتووە بۆیە من داوام لە بەرپرسی کاروبارەکانی دەرەوەی خۆم کردووە، کە بگەرێتەوە بۆ پایتەختەکەی، تا ئەو کاتەی خۆم بە زوویی باڵوێزێکی تری بۆ رەوانە دەکەم.

بۆیە نامەکەی ناپلیۆن بە روونی تێمدەگەیەنێت، کە بە کەسەر و ئاسۆرەوە لەو هۆکارە تێدەگات، کە شای ناچارکردووە سەرلەنوێ پەیوەندیی کاتی و هەڵبەستراو

---

137 Kaye, op. cit., I, 307-308

138 بۆ بینینی روانینە واقعییەکانی مینتۆ لەبارەی ئەم هاوپەیمانێتییەوە بروانە ئەم سەرچاوەیەی کە لای خوارەوە ناوی براوە، لاپەرەکانی ٨٧–٨٨ و هەروەها لەبارەی نیگەرانییەکانی گاردانیشەوە بروانە کتێبەکەی کایا، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، لاپەرەکانی ٣٠٤–٣٠٥ .

لەگەڵ ئینگلیزدا دەست پێبکاتەوە.....من ئارەزوو دەکەم سەرلەنوێ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا بچێنمەوە، لەبەرئەوەی من بەهایەکی زۆر گرنگ بۆ ئەوان دادەنێم.[١٣٩]

ئەمە هەوڵێکی نەزۆکانە بوو لەلایەن بۆناپارتەوە درا، بۆ مەرگی کاریگەرییەکانی خۆی، نەك هەر تەنها لە ئێراندا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتیشدا بەگشتی، چونکە ئاماژەکانی ئەو مەرگە بەهۆی پەیماننامەکەی (تیلزیت) دەرکەوتبوون. تەنانەت لەپێش بە ئاکام گەیشتنی ئەو هاوپەیمانێتییەشەوە بریتانیا هەوڵێ خۆیی دابوو بۆئەوەی گوشارێك بخاتەسەر ئاستانە. لە سەردەمێکی زووی هەر ئەو ساڵەشدا هێزە دەریاییەکانی بریتانیا لە دەوروبەری ئیستەنبوڵەوە دەرکەوتبوون و خۆیانیان پیشاندابوو، بۆئەوەی سوڵتان بترسێنن و وای لێ بکەن، کە زۆر گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی فەرەنسا نەگرێت.[١٤٠] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەستپێشخەرییەش شکستی خوارد و پێدەچێت تورکەکان هەستیان بەوە کردبێ، کە بریتانییەکان کێشەکەیان زۆر بە جدی وەرگرتبێ. بۆیە لە دانووستاندنەکانی مانگی مایس و حوزەیرانی خۆیاندا لەگەڵ فەرەنسییەکان، تورکەکان وەك هەموو جارێکیان وایان پێشاندا سوورن لەسەر ئەوەی بە تەریبی تەنها لەگەڵ پێشنیارەکانی بۆناپارتدا بەڕێوەبچن، هێندەی ئەو پێشنیارانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ڕێك دێنەوە.[١٤١] بێ متمانەیی ئەمان بە بۆناپارت بە بەستنی هاوپەیمانێتییەکەی (تیلزیت) سەریهەڵدا و زۆربوو. زۆر کارامەییانە، بۆئەوەی بەئاشکرا تورکەکان بفرۆشێتەوە بە تزاری ڕووسیا، ئیمپراتۆری فەرەنسا پێشنیاری ئەوەی کرد، کە میانەکاریی نێوانی ڕووسیا و تورکیا بکات بۆ کەلالەکردنی ئاشتییەکی (ڕووسی- تورکی) لە بەشە نهێنییەکەی ئەم پەیماننامەیەدا، ڕەزامەندیی لەسەر ئەوەش وەرگیرابوو، کە ئەگەر ئەو هەوڵانەی ئاشتی بە ئاکام نەگەیشتن، ئەوا، ئەوا بواری ئەوە سازبدرێ، کە تزاری ڕووسیا بەوشێوەیەی خۆی پێیخۆش بوو، ڕاستەوخۆ دانووستاندن لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بکات.[١٤٢]

بەڵام تورکەکان نە ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو واز لەو ترسانەی خۆیان بهێنن، کە لە ڕووسیا هەیانبوو، نە حەزیشیان لەوەبوو خاو و خلیچك دابنیشن چاوەڕوانی ئاکامی ئەو ڕێکەوتننامە سەرنجڕاکێشەی نێوانی بۆناپارت و دوژمنە کۆنەکەی خۆیان بکەن. دەکرێ

---

[139] Lloyd, Lady Mary, New Letters of Napoleon I omitted from the edition published under the auspices of Napoleon III- from the French- (London, 1898), 153-154.
[140] Shupp, op. cit., 427-428.
[141] بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕەکانی ٥٣-٥٤.
[142] Cambridge Modern History, IX, 398.

کاردانەوەی راستەقینەی ئەمان بەئاسانی لە ناو ئەو هەڵوێستەی (ئەمین ئەفەندی) دا ببینرێت، کە لەناو دانووستاندنەکانی خۆیان لەگەڵ فرەنسییەکاندا لە مانگی(مایس و حوزەیران) دا پیشانیدا. ئەگەرچی بە بەڵگەوە رووسیای مەزن دڵی زیاتر بۆ ئیمپراتۆرە بەهەڵپەکە(واتە بۆناپارت-و) لێیدەدا، نەك بۆ تورکیایەکی لاواز ، یان ئێرانێکی تەمومژاوی، یان ئەم دوو هاوبەشە پێکەوە. دیارە ئەو رێکەوتنە درێژخایەنەی بۆناپارت لەگەڵ رووسیادا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تورکەکان داناوە، ئەگەرچی بەگشتی زانیارییەکیشیان لەبارەی ئەوەوە نەبوو، کە بەشە نهێنییەکەی رێکەوتننامەکەی نێوانیان چیی تێدایە. بەدڵنیاییەوە لەلای ئەمان لە (تیلزیت) ئەو خەسڵەتە بەرایییەی خۆیی لە دەستدابوو، کە وەك هاورێیەکی بڕواپێکراو بمێنێتەوە، بەتایبیش لەبەرئەوەی لە سەردەمێکدا ددانی بە دژایەتیکردنی رووسیادا نابوو. بە دیوێکی تریشدا بەلای رووسیاوە بریتانیای مەزن بوویوو بە هێزێکی ناپەسەند، بەتایبەتییش لەبەرئەوەی بریتانیا دوژمنایەتیی بۆناپارتی دەکرد. ئیتر ئەوەبوو لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٠٧) دا تزار پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی خۆیانی لەگەڵ بریتانیای مەزندا بڕی، ئەگەرچی تزار خۆی ئەوەشی بەدڵ نەبوو، بەڵام دەیەویست بناغەی هاوپەیمانێتییەکی نوێ و بەهێز لەگەڵ تورکیادا دابنێ.

کێشەکە ئاڵۆز و گرێچن بوو، بۆیە بریتانیای مەزن ماوەی یەك ساڵی پێویست بوو بۆئەوەی بتوانێت تورکیا بەشێوەیەکی فەرمی بەلای خۆیدا رابکێشێت.[١٤٣]

"هاوپەیمانێتییەکی ئاشتی و بازرگانی لەنێوانی بریتانیای مەزن و ئاستانەی باڵادەستدا لە رۆژی ١٨٠٩/١/٥ لە دەردەنیل بەئاکام گەیەندرا." لە دیباجەکەیدا هاتووە، کە "سەرباری دەرکەوتنی هەڵە لەیەکتر تێگەیشتنیش لەنێوانی کۆشکی پادشایی بریتانیای مەزن و ئاستانەی باڵادەستی عوسمانیدا لەبارەی رووداوەکانی سەردەمەکەوە، هەردوولایان وەك یەك ئارەزوویەکی دڵسۆزانەیان هەیە بۆ

---

[143] لە هەوڵیدا بۆ لەبەرچاوگرتنی سیاسەتێکی بونیادنەرانە بەرامبەر بە تورکیا، بەدواداچوونی جدییانە ساڵی (١٨٠٨) لە پەرلەماندا دەستی پێکرد و کەوتنە تاوتوێکردنی هۆکاری تێکشکانی پەیوەندییەکانی بریتانیا لەماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی رابوردوودا. لەم بەدواداچوونانەدا زانیاریی ورد و تەواو لەبارەی ئەو پەیوەندییانەوە تاوتوێکران لەگەڵ گوشار و پەستانی سیاسەتەکانی فرەنسا لەسەر - هەردوولایان, لەماوەی ساڵانی (١٨٠٠-١٨٠٨) دا و لەوانەیە باسی ئەو گوشارانەش بابەتی سەرەکی و بەرچاوی ناو ئەو تاوتوێکردنانە بوبن. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:

Parliamentary Debates (1808), X, 497-534.

زیندووکردنەوەی هاوڕێیەتییە دێرینەکەی نێوانیان" و رازی بوون بەو هاوپەیمانێتییەی لەبەردەستیاندابوو. ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەیان لە بەندی چوارەمدا بەرجەستە کراوە، کە تێیدا هاتووە هەموو هاوپەیمانێتی و ئیمتیازاتەکان بە بەردەوامی پێداچوونەوە و چاکسازییان تێدا دەکرێ وەك ئەوەی هەرگیز لەوەوپێش نەوەستابێتن و پەکیان نەکەوتبێ.[144] ئەم ڕێکەوتنە و دانەیەکی تریشیان هەیە کە تا ئێستا گرنگترینیانن و شایانی ئەوەن ئێستا باسیان لێوەبکەین و کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە نەك هەر لەسەر گەشەکردنی نفوزی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا_کە دەبوو لەماوەی بیست ساڵێکدا بکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی گریمانەیی فەرمانڕەوایی ئێستەنبوڵەوە_ بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ کاریگەری و نفوزی بریتانیا لە تەواوی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بەگشتی.

ناوەڕۆکی دووەمین ڕێکەوتنی نێوانیان هەر لە ناونیشانەکەشیەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ناوەڕۆکەکەی بکەین، کە بریتییە لە :"پەیماننامە و بەندەکانی ئاشتیی نێوانی بریتانیای مەزن و ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەو شێوەیەی ڕەزامەندییان لەسەر وەرگیراوە و لە قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا تێکەڵکراون، یان ئاڵوگۆڕیان پێکراوە، لەسەرەتاوە و لە ساڵی "١٦٧٥"ەوە دەستیان پێکراوە و پاشتریش هەموویان جەختیان لەسەر کراوەتەوە بەو پەیماننامەیەی ئاشتیی ساڵی "١٨٠٩" لە دەردەنیلێ".[145] بەمشێوەیە و وەك تەواوکارییەك بۆئەوەی پێش خۆی، ئەم ڕێکەوتننامەیە گرنگترینی ناو هەردووکیانە، یەکێکیشە لە کامڵترین و دیارترینی بەڵگەکانی ئەم جۆرە پەیوەندییانە.

بەپێی بەندی یەکەمی، بریتانییەکان ئازادیی تەواوی بازرگانیکردن لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی و هاتوچۆپێکردنی کاڵای بازرگانییان بەناو ئیمپراتۆریاکەدا وەرگرت ولەپاڵیشیەوە بەڵێنی پاراستنی سەلامەتیشیان وەرگرت. ئەم بەڵێنەش زۆر با ڕوونی لە بەندی بیست و سێیەمدا تۆمارکراوە. ئەم بەڵگەیە گومانێکی لەوەدا نەهێشتۆتەوە کە چ نەتەوەیەك زۆر پەسەند و خوازراو بووە لەلای ئاستانە. بۆنموونە

---

[144] بڕوانە:
British and Foreign state papers, vol. I, pt. I, 770.و
هەروەها بۆ دەقی پەیماننامەکەی نێوانیشیان بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٧٦٨-٧٧٣.

[145] دەقەکەی لەم سەرچاوانەی خوارەوەدا هەیە:
Hertslet, Lewis, Commercial Treaties, II, 346-369;
-British and Foreign State papers, Vol. I, pt. I, 747-766.

دەبوو بازرگانە فلامینگییەکان ئەو دەمەی لەناو هەرێمی ئیمپراتۆریای عوسمانیدابن ئالآی بریتانی بەرزبکەنەوە، نەك فرەنسی. وەك ئاماژەیەکیش بۆ ئەمە بەندی سی و سێ بە ووشەی دەربڕ و مانادار دەڵێ:" بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی ئەم هاوپەیمانێتییەی ئێستە، بالۆێز یان کونسڵی فرەنسی بۆی نییە لێرە بەدواوە نەیاریی خۆی دەربڕێ یان لێرەوە دەست لە شتەکان وەربدات" بەو دیویشدا بریتانییەکانیش لەلای خۆیانەوە، بەڵێنیان دا بەپێی نەریتە کۆنەکە رێژەی ٣٪ بەهای ئەو کالآیانەی خۆیان، کە وەك گومرگ دەیانهێنن ، یان رەسمی هاتوچۆ بدەنە بەرپرسیارە عوسمانییەکان(بەندی ٣٤).

بە کورتی لە سالی(١٨٠٩) دا بریتانیا لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا سەرکەوتوتر و باشتر بوو لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا. ئەگەرچی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عوممانـدا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش جیاواز بوو. ئێمە باسمان لەوەکرد کەلە ئۆکتۆبەری سالی (١٨٠٣) دا لەلایەن (م. دی. کاڤەیناك)ەوە هەولێك درا بۆئەوەی ببێتە کونسڵی فرەنسا لە مەسقەت و لەلایەن ئیمامیشەوە هەوڵەکەی پەکخرا. [١٤٦] ئیتر ئالۆگۆری دیپلۆماتییانەش لەگەڵ فرەنسادا تا سالی (١٨٠٧) دەستی پێنەکردەوە، لەو ساڵەدا ئیمام سەعید نێردراوێکی خۆیی ناردە مۆریشییۆس بۆئەوەی بتوانێت لەدژی دوژمنە گەورەکانی خۆی (واتە وەهابییەکان) هەندێ فریاگوزاری وەربگرێ. بە دیوێکدا وەهابییەکان و بەدیوەکەی تریشدا چەتەکان، بەتایبەتیش چەتەکانی هۆزەکانی جەواسم، بووبوونە گەورەترین سەرچاوەی مەترسی بۆسەر عوومان. هەر هەولێکیش کە لە دەوروبەری سالانی (١٨٠٣ تا ١٨٠٦) ئیمام دابووی بۆئەوەی لەدژی ئەم سەرچاوە سەرەکییانەی مەترسی بۆسەر عووممان هەر جۆرە فریاگوزارییەکی لەلایەن بریتانییەکانەوە پێبکرێ شکستی خوارد، بۆیە بە ناچاریی بایدایەوە بەلای فرەنسییەکاندا. لەبەرئەوەی لە مانگی ئازاری (١٨٠٧) دا لەپاش ئیمام بەدرەوە هاتبووە سەر حوکم، ئیمام سەعید بە پەلە ئەو نێردراوەی باسمان کرد ناردیە لای فرەنسییەکان. ئیتر هەر بەزوویی و لە رۆژی (٥/ حوزەیران/١٨٠٧) دا هاوپەیمانێتییەك لەنێوانی ئیمام سەعید و ژەنەراڵ دیکاندا پێکهێنرا. بەلآم لە مانگی تەمووزی سالی(١٨٠٨) دا بە گرێدانی پەیماننامەیەکی بەهێزتری هاوپەیمانێتی ئەمەیان هەڵوەشێنرایەوە و بەپێی ئەم تازەیەش (م. دالۆنز) وەك بریکاری کونسڵ نێردرایە مەسقەت. [١٤٧]

---

[146] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٥٠-٥١.

[147] Miles, op. cit., II, 310-311.

ئەوەی کە ئیمامی پاڵپێوەنا بۆ ئەم هاوپیمانێتییە بێئومێدبوونی لە بریتانییەکان و ئەوە نەبوو، کە هیوای بە فەرەنسییەکان هەبێ، بۆیە ئەستەم بوو سودێکی لێیەوە دەست بکەوێ. هیندی بریتانی بۆئەو باشتربوو لە مۆریشیۆسی فەرەنسی. بۆیە هیچ وەهمێکی لەو بارەیەوە نەبوو، کە کاتێك وڵاتەکەی بە سەختی دەکەوێتە ژێر گوشار، لەنێوانی ئەم دوو لایەنە رکەبەرەدا داوای یارمەتیی کاریگەر لە کام لایان بکات. بەڵام هێشتا بریتانیا بۆئەوە هەڵنەبـژێردرابوو، کە هیچ جۆرە کۆمەکێکی لەو شێوەیە پێشکەش بکات، بەتایبەتییش لەبەرئەوەی ئەو کاتە عوومان کەوتە بەر ئەگەری مەینەتی و مەترسی، ئەوان (واتە بریتانییەکان) ئامادە نەبوون بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە رۆژهەڵات بخەنە بەر مەترسییەوە. بۆ دڵنیاییش، کاتێك، کە چەتەگەرییەکەی جەواسمەکان لەدژی بازرگانیکردنەکەی ئەوان زیادی کرد، هاتن دوو کەشتیی جەنگییان لە ناوچەی (رەئس موسەندەم) دانا، کە دەکەوێتە کەناری باکووری عوومانەوە. بۆئەوەی کاری فریاگوزاریی ئیمام ئەنجام بدەن، لەوکاتەدا، کە ئیمام سەرقاڵی بەگژداچوونەوەی ئەم چەتە مەترسیدارانە بوو. ئەم فریاگوزارییە بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەیاندا کە دەبوو بیکەن زۆر بێبەها بوو. بۆیە تەواوی خۆسەرقاڵکردنەکە هەر وەك سوکایەتیکردنێك وابوو.

بریتانییەکان لە ساڵانی (۱۸۰۸ – ۱۸۰۹) زۆر سەرقاڵی گیروگرفتە گەورەو بەرچاوەکانی عوسمانییەکان و ئێران و هیندستان بوون، بۆیە بواری ئەوەیان نەبوو گرنگییەکی جدی بدەنە عوومان و کەنداوی فارس. ئەوەبوو لە پایزی ساڵی (۱۸۰۹) دا هەموو ئەم گیروگرفتانە بەشێوەیەکی پەسەند چارەسەر بوون. لە تورکیا و هەروەها لە ئێرانیش ئەوە یەکلایی بووەوە ، کەسەرکەوتن و هەڵکشانی بریتانییەکان بەسەر فەرەنسییەکاندا بە باشی جێگیر بوو و دامەزرا. لە هیندیش چەند رێوشوێنێکی سیاسییانەی گرنگی یەکلاییکەرەوە گیرانەبەر.

لە (۲۵ ی نیسان و ۱۷ ی حوزەیران و ۲۲ی ئاب) ی هەمان ساڵدا چەند پەیماننامەیەکی هاورێیەتی لە لایەن حکومەتی هیندی لەلایەك و هەریەکەی (راجای لاهور و پاشای کابول و میرەکانی سیند) لە لاکانی ترەوە گرێدرا.[148] بۆیە ئیتر حکومەتی هیندی کەوتە هەڵوێستێك، کە دەیتوانی لە نزیکەوە گرنگی بداتە کاروبارەکانی عوممان و کەنداوی فارس و تەنانەت بە هەند وەرگرتنی نالەباریی

---

[148] British and Foreign State Papers, Vol. I, Pt. I, 266-268.

بارودۆخەکەی ئەویش بە پێویست لە قەڵەم بدات. ئەم کێشەیەش زۆر ئاسان بوو. عووممان تازە سەرسەختانە و بەتووندی لەلایەن وەهابییە بەهێزەکانەوە پەلامار درابوو لەوانەش بوو لە کۆتاییدا تەواوی وڵاتەکە داگیربکەن. داگیرکارییەکی لەو شێوەیەش بەشێوەیەکی زۆر ترسناک بۆ سەر بەرژەوەندیی بریتانییەکان لە کەنداوی فارسدا مەترسیدار دەبوو، چونکە وەهابییەکان سەرسەختانە دوژمنایەتیی هەموو ئەوانەیان دەکرد، کە بیروبڕوا ئاینییەکانی ئەوانیان بە دڵ نەبوو.[149] بۆیە پارێزگاریکردن لە ئیمامی عووممان بۆ بریتانیا پێویست بوو. ئەگەرچی لەو سەردەمە زووەدا بریتانیا بەرژەوەندییەکی وای لەو مەسەلەیەدا نەبوو، زۆر شایان بێت. لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٨٠٩) دا کە چەتەکانی جەواسمەکان بەبەردەوامی لە گەشەدابوون لە دژی عووممانییەکان و هەروەها بازرگانییەکەی بریتانیاش، حکومەتی هیندی دەستپێشخەرییەکی باشی بۆ دژایەتیکردنی چەتەکان کرد، بەڵام نەیشیتوانی درێژەی پێبدات و تەواوی بکات. دوو فەرقاتەی گەورە و نۆ کەشتیی راوەدوونانی نارد، کە فەوجی شەست وپێنجەمینیان هەڵگرتبوو، لەگەڵ بەشێك لە فەوجی (٤٧) هەم و نزیکەی هەزار سەربازی خۆماڵی بەرەوە کەنداوی فارس ملی دەریایان گرت. فەرمان بۆ ئەم نێردراوانە دەرکرا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دەستەیە بێورە و ناکۆك بوون لەناو خۆیاندا، ئەو ئەرکەشی پێیان سپێردرابوو تەواو نەکرا و بێبەرهەم بوو، یان ئەنجامەکەیان هێندە کەم بوو، کە سوودێکیان لێ نەبینرا.[150]

---

[149] وەهابییەکان رەوتێکی پیوریتانیی موسڵمانە و لەلایەن (موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب-١٧٠٣-١٧٩١)ەوە نوێزراوەتەوە، بیروبڕوای سەرەکییان ئەوەیە، کە دەبێ ئیسلام لە هەموو ئەو کارو کردەوە و سروتە نا سەلەفییانە پاك بکرێتەوە، کە لەلایەن چەند وەچەی ئەو خەڵکانەوە هێنراونەتە ناویەوە، کە گوێیان بە رەوشت و هەڵسوکەوتی ئاینەکەیان نەداوە. تەنها قورئان و رەوشت و فەرموودەکانی (موحەمەد)ی پێغەمبەر بەرپرس و بابەتی سەرەکین لەم ئاینەدا و دەبێ بە توندی و وەك خۆیان پەیڕەوییان لێبکەین. لە ساڵانی سەرەتای دەرکەوتنیاندا وەهابییەکان بەرامبەر بە خەڵکە نا موسڵمانەکان و تەنانەت موسڵمانە موعتەزیلەکانیش زۆر توند بوون. (نۆزەرەوەی ئەم رەوتە یارمەتیی بەردەوامی لە موحەمەد بن سعودی دامەزرێنەری بنەماڵەی سعودی عەرەبییەوە پێگەیشتووە) ئەم نوو بزوتنەوەیەش پێکەوە بە رێنماییپێدان و بە شەڕکردن توانییان بڵاوببنەوە تا ئەوەتا وەك ئێستا (ئێستای کاتی چاپە ئینگلیزییەکە-١٩٤١-ە) دەبینی دەستیان بەسەر تەواوی نوورگەی عەرەبیدا گرتووە.

[150] Miles, op. cit., 143-145.

ئەم نێردراوانە، چەند باش بوو، هێندەش بەخەرجی بوو، تێچوونی زۆربوو. بەڵام دەبێ بەدڵی ئەو چەتانە بووبێ، کە خۆیان بۆ لێدانیان چووبوون، بەڵام لێدانەکەیان بنەبڕ نەبوو.[151] هەروەها دەبێ بە دڵی عوومان و دەوڵەتە بێکەڵکەکانی تری عەرەبی کەنداویش بووبێ، لەبەرئەوەی ئەوانیش ناتوانن هەست بەوە نەکەن، کە ئەو هێزە نێردراوە ئاماژەیە بۆ بوونی دەسەڵاتێکی قەببە لەناوچەکەدا. بەدیوێکی تریشدا ئەمە نواندنی یەکەمین هەوڵی راستەقینەی بەشەکەی حکومەتی هیندی بوو بۆ بەگژداچوونەوەی چەتەگەریی ناو کەنداو. بەگژداچوونەوەی چەتەگەرییش "وەك لە بەشی داهاتوودا لێیدەکۆڵینەوە" دەبێتە بەهانەی بەرایی بۆ دامەزراندنی نفوزێکی بریتانی لەو ناوچەیەدا. تا ئەم کاتەش کەنداو نەبووبووە بابەتێکی سەرەکیی راستەوخۆ ئیمپریالیزم یان سیاسەت و هەر شتێکی تری بریتانی.

هەموو ئەو پێوانانەی زووی بریتانیا بۆئەم ناوچەیەی دانابوو، کە هەندێکیشیان گەورە بوون، هەر بۆئەوە بوون مەبەستێکی دیاریکراو بپێکن، کە بریتی بووە لە زاڵبوون بەسەر پورتوگالییەکان و هۆڵەندییەکان لەناوچەکەدا، یان مەبەستێکی بچووکتر لەوە، کە بریتی بووە لە رکەبەریکردن لەگەڵ فرەنسییەکاندا. زاڵبوونی راستەوخۆ و بەردەوامی بریتانییەکان بەسەر کەنداوی فارسدا نزیکەی دەساڵ پاش ئەوە دەبێ دەستی پێکردبێ.[152]

وەك ئەوەی لە پەیوەندییەکانی تەك میسۆپۆتامیادا هیچ شتێکی گرنگ و تایبەت لە سالانی(١٨٠٨–١٨٠٩) دا دەرنەکەوت، بەڵام کاتێك، کە مالکۆلم لە ساڵی (١٨٠٨) دا بۆ دووەمین ئەرکی خۆی چووە دەرەوە، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا چاوێکیشی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانی بریتانیا و بەغدایش بێت. لۆرد مینتۆ ئەمی دامەزراند و (نامەی متمانەپێبەخشینی) پێدا بۆلای هەردوو پاشای ئێران و پاشای بەغدا.[153] بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا تەواوی ئەو ئەرکەی کە بۆی چووبوو شکستی خوارد. تاکە شکتێك لێرەدا، کە وەك رووداوێکی گرنگ شایانی باسکردن بێت، ئەوەبوو لە ساڵی (١٨٠٨) دا (کلاودیۆس جەیمس ریچ) وەك کونسلی بەغدا دەستنیشان کرا و جێگەی (سێر هارفەرد جۆنز) ی گرتەوە. ئەم کابرایە دیپلۆماتێکی بەتوانا بوو، بۆماوەی دەساڵ بەکارترین

---

[151] Coupland, op. cit., 143-145.

[152] بڕوانە سەرچاوەی خوارەوە، لاپەڕەکانی ٧٤–٧٦.

[153] Kaye, op. cit. , I, 409n.

نوێنەری ڕۆژئاوابوو لەناو بەغدادا.[154] شایانی تێبینیکردن و باسە، کە سەرکەوتنەکەشی نە لەسەر بناغەی ڕەزامەندی و لێکتێگەیشتنی هاوبەش بوو، نە ئەنجامی کارکردنەکەشی شتی وای لێکەوتەوە. بەڵکو وەك هەموو جارێك لەسەر بناغەی ئەو مەیلەبوو لەو دەمەدا پاشای بەغدا بەرەو بریتانیا هەیبوو. بەدڵنیاییش هەر ئەو پاشا شەڕانییە بوو، کە مانەوەی ریچی لە بەغدادا گەیاندە ئەو ماوە درێژە چاوەڕواننەکراوە. کاریگەری و نفوزی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی بریتانیا لەناو میسۆپۆتامیادا بە دوو دەیە(هەر یەك دەیە بەمانای دە ساڵ¯و) پاش ئەوە دەستی پێکرد.

بە دەربڕینێکی تر، یەکەمین سەرەتاکانی زاڵبوونی بریتانیا بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نە لەمیانەی میسۆپۆتامیاوەبوو، نە لەناوچەی کەنداوی فارسەوە. یەکەمین دامەزرانەکەی لەناو ئێرانەوە بوو، لەسەر بناغەی "هاوپەیمانێتییەکی بەراییەوە" بوو، کە لە ساڵی (١٨٠٩) دا سازکرا. بەناو و بە کردەوەو کاریگەرییش، ئەم هاوپەیمانێتییە بە چەند ساڵێکی کەمی پاش گرێدانەکەیەوە سازکرایەوە، بەهێز و فراوانکرایەوە. کاریگەریی بریتانیا لەهەریەکەی هیندستان و تورکیادا، کە دووینکەی سەرەکیی ڕوانین بوون بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات، لە یەك کاتدا بەشێوەیەکی بەرچاو باش بوو. لە هیندستان چەند پەیماننامەی هاوڕێیەتی لەگەڵ فەرمانڕەوا میللییە بەکارەکاندا گرێدرا، هەڵوێستی گشتیی بریتانیا لەو ناوچە بەرفراوانەدا، زیاد لە هەر کاتێکی تر ئارام تر و ئاسایشتر بوو.

لەتورکیاش بەپێی (پەیماننامەی ئاشتی) و پەیماننامە گرنگ و بەرچاوەکانی ساڵی (١٨٠٩) بریتانیا وەك پەسەندترین وڵات و باڵادەسترینیان ناسرا و توانیشیان تا کۆتایی ئەو سەدەیە ئەو بارودۆخەیان لەوێ دەست پێوەبگرن.

---

[154] Longrigg, op. cit., 255.

بەشی چوارەم

ناوبــــــڕی ١٨١٠- ١٨٣٠

ناوبـــــــری ١٨١٠- ١٨٣٠

لەدووەمین و سێیەمین دەیەی سەدەی نۆزدەدا، بریتانییەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووبەڕووی هیچ جۆرە رکەبەرییەکی بەرچاو نەبوونەوە. هەرچی رکەبەریی فرەنسییەکان هەبوو، لەنێوان ساڵانی (١٨٠٩–١٨١٠) دا بەهۆی دژە هێرشی بریتانییەکان بۆسەر فرەنسییەکان و بۆسەر بنکەی هۆڵەندییەکانی پشتی فرەنسییەکانیش لە ناوچەی (سەری ئومێدی باش)ەوە تا سیلان خامۆشکرانەوە. تا دەوروبەری ساڵی (١٨٣٠)یش رکەبەریی رووسیەکانیش لەڕاستیدا شتێکی ئەوتۆ نەبوو شایانی باس بێت.[155] لە ماوەی بیست ساڵدا بریتانییەکان دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەر ئێراندا بەهێزکرد و دەستیان دایە ئەوەی کەنداوی فارسیش بخەنە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیانەوە. لە میسۆپۆتامیاش رۆڵی پاشا بواری بۆ رۆڵگێڕانی سوڵتان خۆش کرد و وڵاتەکەش بەتەواوەتی بۆئەوە ئامادە و سازکرا تا بریتانیا بە تەواوی ئامبازی ببێت.

١. بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی کاریگەریی بریتانیا

لۆرد مینتۆی فەرمانڕەوای گشتیی هیندستان، کە نە حەزی لە ئەرکەکەی (هارفەرد جۆنز) بوو بۆ ئێران و نە لە سەرەتاشەوە رێکەوتنە بەراییەکەی دەسەلماند، زوو گەیشتە ئەو قەناعەتەی بەسوودبوونی ئەم سەرقاڵییانە بسەلمێنێت و ئاکامەکانیشیان پەسەند بکات.[156] بۆیە لە نامەیەکیدا، کە لە بەرواری تەمووزی (١٨٠٩) بۆ جۆن مالکۆڵمی ناردووە، پێیگوتووە:"بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرقاڵییانە، ئێران وازی لە

---

[155] جیاواز لە شەشوێنگرتنەوەی کاریگەریی و نفوزی فرەنسییەکان لەناو ئێراندا، بریتانیا توانیی لەساڵی(١٨١٠)دا دەست بە سەر دورگە گرنگەکەی مۆریشیۆسدا بگرێت و"چالاکییە بێزارکارەکانی فرەنساش لەناو دەریاکانی رۆژهەڵاتدا بکەیەنێتە کۆتایی" ویڵسن. سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ١٩١. هەروەها لەبارەی سەرەتای دەرکەوتنی رکەبەریی –ئەنگلۆڕوسییەوە بڕوانە بەشی داهاتوو، یەکەی یەکەم.

[156] لەبارەی بۆچوونە نەیارەکانی مینتۆ و هەروەها مالکۆڵمیشەوە بۆ ئەرکەکەی جۆنز و رێکەوتنی بەراییەکەش بڕوانە سەرچاوەکەی سەرەوە، لاپەڕەکانی ٧٢–٧٦.

هاوپەیمانێتییەکەی خۆی لەگەڵ فەڕەنسادا هێنا، وەزیرەکەی خۆیشیی لە پاریس بانگکردۆتەوە، باڵوێزەکەی فەڕەنساشی بەشێوەیەك کردۆتە دەرەوە، کە زیاتر لە پەلاماردان و هێرش دەچێ، ڕێکەوتننامە تازەکانی خۆیی لەگەڵ فەڕەنسادا هەڵوەشاندۆتەوە، بە ووشەیەك، بێزاریی و ناڕەزایی خۆیی لە بەهێزترین پاشای جیهانیش دەربڕیوە. بۆیە تازە بۆئەوە زۆر درەنگە، کە بە شای ئێران بڵێیت سێر هارفەرد جۆنز بەپێی ئەو فەرمانانە هاتۆتە ئەوێ، کە پێیدراون و سەرباری ئەوەش دەسەڵاتی تەواوی هەیە نوێنەرایەتییەکەی خۆی لەوێ درێژەپێبدات و ئەو متمانەیەی پێیدراوە بیپارێزێت.[157]"

لۆرد مینتۆ بەو تێگەیشتنەوە سازدانی (ڕێکەوتنە بەراییەکەی) پەسەند کردبوو، کە خۆی وەك ئەو کەسە دەستنیشان دەکرێ، کە تەواویشی دەکات. لەم ڕووەوە لە هەمان نامەیدا بە ماڵکۆڵمی گوتبوو: ئەو کەسەی، کە بۆ ئەم ئەرکە گرنگە متمانەی پێبکرێ "ڕێك جەنابتانن" ئیتر بە پێی دەستوور و نەریت ماڵکۆڵم دەستنیشان کرا و ئەویش لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٨١٠) دا لە سێیەمین و دوایەمین ئەرکیدا بەرەو ئێران ملی ڕێگای گرت.[158] لەم دەمەدا (شا فاز عەلی)ی ئێرانیش ئەرکێکی لە ئەستۆ بوو، کەوتبووە ڕێ بەرەو لەندەن، لەبەرئەوەی لەو دەمەدا پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی بریتانیا لەلایەن خودی حکومەتی ناو نیشتمانەوە سەرپەرشتیی دەکرا. (ئەبولحەسەن خان) ی نێردراوی ئێرانیش بۆلای کۆشکی پادشایی سەینت جەیمس(١٨١٠-١٨١١) گەیشتەکەی خۆیی (لە ئێرانەوە بۆ لەندەن و لە لەندەنەوە ئێران) بە هاوەڵیی (جەیمس مۆریەر—James Morier) کرد، کە ئەمەی دواییان باڵوێزی بریتانیا بوو لە ئێران. سەرەکیترین کار و ئەرکی ئەو گەیشتەیش بریتی بوو لە مسۆگەرکردنی بڕو شێوازی ئەو بەخشینە داراییە ساڵانەی، کە لە ڕێکەوتننامە بەراییەکەدا بەڵێن درابوو بدرێت بە شا. بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەسیاسی و نە ئابووری

[157] Kaye, op. cit., I, 507-508.

[158] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم ئەرکەوە بڕوانە سەرچاوەکەی کایا، ئەوەی پێشوو، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، لاپەڕەکانی ١-٥٣. کایا ئەرکە سەرنەکەوتووەکەی دووەم فەرامۆش دەکات، بۆیە ئەمەیان وەك دووەم حساب دەکات.(بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕە ٥٨)

لەم گەیشتەوە نەکەوتەوە، ئەگەرچی ئەو گەشت و ئەرکە یەکێك لە سەرنجراکێشترین رووداوە دیپلۆماتییەکانی ناو سەردەمی نوێیش پێکدەهێنێ.[١٥٩]

لە تاران، رێکەوتننامەیەك، ساڵی (١٨١٠) بە دەرکەوتنی ململانەیەك لە نێوانی (ماڵکۆڵم و جۆنز) دا، مۆرکرا، کە زۆر لەوە دوورنەبوو ململانەیەکی خۆپەرستانە بێت. جۆنز نوێنەری تاجی پادشایی بریتانی بوو لەوێ و تازە دەستی دابووە سازدانی ئەو رێکەوتننامەیەی، کە بووبووە بناغەی پەیوەندییە ئەنگلۆ-ئێرانییەکان. بەو دیویشدا ماڵکۆڵمیش نوێنەری حکومەت بوو، ئامادەییەکەی لە تاران بۆئەوەبوو کار بۆ ئەو رێکەوتنە بکات، کە کەسە رکەبەرەکەی دەستی دابوویە. ئەو هێندەی، کە بە تەنگ ئەم ململانەیەوە بوو، هێندە بە تەنگ گرنگیی ئەرکەکەی خۆیەوە نەبوو، بۆ ئەو تەنها حکومەتی هیندی لەئارادابوو، کە جەخت لەسەر هاتنی فریاگوزاریی بریتانی بۆ ئێران بکاتەوە. ماڵکۆڵمیش ئەوپەڕی هەوڵی خۆیی خستبووەگەڕ، کە حکومەتی ئێرانی تێبگەیەنێت، کە ئەمیش هێندەی هاوڕێکەی خۆی گرنگە و وەکو هاوڕێکەی نێردراوێکی بریتانییە. جۆنزیش هەر بە هەمانشێوە هەڵسوکەوتی دەکرد. بۆیە بەرپرسیارانی ئێرانیش وریایانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ناکۆکییەدا دەکرد، بۆئەوەی نەوەك یەکێك لەم دووکەسە ململانەکارە واتێبگات، کە هێندەی کەسەکەی بەرامبەری گرنگیی نییە. ململانەکەیان گەیشتە دواپلەی خراپی و ئەو خەڵکە کەمە بریتانییانەش، کە لە تاران بوون بەگشتی بووبوون بە دوولایەنی جەنگاوەر و هەرلایەکیان لەسەر یەکێك لەو دووانە بوون. کایا باسێکی باشمان لەم رووەوە بۆ دەکات: "حکومەتەکەی هیندستانیش خۆیی وا ساز و ئامادەکردبوو، کە لە پێش چاوی کۆشکی پاشایی ئێرانی رووی سێر هارفەرد

---

[159] لەبارەی نێردراوەکەی ئێرانەوە سێر پێرسی سایکس ئەم قسەیەی "چارلز لامب" مان بۆ دەگێڕێتەوە "ئەو کەسێکی سەرەکیی بوو ئێستا قسەی دەکرد، من سەعات شەش و نیوی بەیانی هەندێ خەڵکم بینی، کە ئەو لە خەو هەستا سەیری بکەن، بزانن چۆن خۆر دەپەرستێ، بەڵام ئەو نەهات، خەڵکی ئاساییش وا سەیریان دەکرد، کە ئەو کەسێکی بێکەڵك بێت".

بەڵام باڵوێزەکە لەڕاستیدا خۆرپەرەست نەبوو، بەڵکو موسڵمان بوو، ئەو پەرستنەش لەلایەن لامبەوە ئاماژەی پێکراوە، لەوانەیە نوێژکردنی بەیانی بوبێ. ئەم کابرایە بە روونی بووبووە بابەتی فزول و سەرسووڕمان لە بریتانیا، هەروەها خاکی بریتانیاش بووبووە مایەی سەرسووڕمانی ئەو، بۆیە هاتووە لەو گەشتەیدا (حەیرەت نامە- واتە تۆماری شتە سەرسووڕهێنەرەکان) ی نوسیوە. جەیمس مۆریێ یش کتێبێکی بۆ (نەمرکردن)ی ئەو نووسیوە، بەناوی (حاجی بابە لە بریتانیایە-Haji Baba in England) بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:

Sykes, op. cit., II, 309.

جۆنز رەش بکات، بەڵام جۆنز خۆی وابیری دەکردەوە کە لەوانەیە حکومەتی هیندستان، کە خاوەنی دەسەڵاتێکی باڵاترە لەم، لەوانەیە دەسەڵاتێکی وای بدەنێ بەتایبەتی لەلایەن فەرمانڕەوای هیندەوە پێیببەخشرێ.[160]

لە راستیدا ناکۆکییەکەی نێوانی مالکۆلم و جۆنز رەنگدانەوەی بوونی ململانەی نێوانی حکومەتەکەی هیندستان و حکومەتەکەی نیشتمان بوو، دیارە ناکۆکییەکەیان لەسەر ئەوەبوو، کە داخۆ دەبێ کامیان کۆنترۆڵی راستەوخۆی پەیوەندییەکانی نێوانی بریتانیا و ئێران بەدەستەوە بگرن. حکومەتەکەی هیندستان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیی دا، بۆئەوەی لەمەدا بەسەر حکومەتەکەی نیشتماندا زاڵ ببێ، بەڵام ئەوەی نیشتمانیش زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی رەهای هەبێ ، لەم رووەوە جۆنزی ئاگادار کردەوە و ئەمیش لەلای خۆیەوە لەڕۆژی دووی حوزەیراندا مالکۆلمی تێگەیاند. و یەکسەر لە لەندەنیشەوە (سێر گۆر ئۆوزیلەی) یان نارد بۆئەوەی جێگەی جۆنز بگرێتەوە. ئەم باڵوێزە نوێیە یەکسەر لەلایەن فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی بریتانییەوە متمانەی پێدرا و کۆنترۆڵی تەواوی پەیوەندییە ئەنگلۆ-ئێرانییەکانیان خستە دەستی ئەوەوە. ئەمەش هەنگاوێکە نامۆ نەبووە و هەمیشە هەر چاوەڕوان کراوبووە.

مالکۆلم زوو لەوە تێدەگات هەر هەوڵێك لەلایەن خۆیەوە بدرێ بێهوودە دەبێ. چونکە لۆرد مینتۆیش ئەو ئامۆژگارییەی کردبوو. بۆیە لەماوەی یەك مانگدا لە ئێرانەوە ملی رێگەی گرت بەرەو ماڵەوە.[161]

ئیتر نوێنەرایەتییەکەی حکومەتی نیشتمان ، لەوە بەدوواوە دەیتوانی بەپێی کاروباری بازرگانیی خۆیەوە بچێت، بەبێ ئەوەی لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە لەمپەری بهێنرێتە سەر رێ. ئەرکە زۆر گرنگەکەی پێش سێر گۆر ئۆوزیلەی ئەوە بوو رێکەوتننامەیەکی "هەمیشەیی" پێکبهێنن، کە جێگەی رێکەوتننامە "بەراییەکە" بگرێتەوە، کە ساڵێك دەبوو سازێنرا بوو.

پاش چەندان دانووستاندنی درێژکراوە توانیی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا بگات بە رێکەوتنێك و ئەوەبوو لە رۆژی (١٤/مارس/١٨١٢) لە تاران ئیمزایان کرد. ئەگەرچی هەتا لەلایەن حکومەتی نیشتمانیی بریتانییشەوە پەسەند نەکرایە، نەدەبوو بە دووایین دەق، بەڵام هەر لە رۆژی ئیمزاکردنیەوە هێزی کارپێکردنی پێدرا. لەگەڵ وەرگرتنی دەقی

---

160 Kaye, op. cit., II, 14..

161 سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٧.

ڕێکەوتننامەکەدا "کە پێیدەگوترا ڕێکەوتننامەی هەمیشەیی هاوڕێیەتی و هاوپەیمانێتی" حکومەتی نیشتمان پێشنیاری هەندێك هەموارکردنی وردی تێداکرد. دووایی لە تاران لە ڕۆژی (٢٥/ تشرینی دووەم/١٨١٤) ئیمزاکرا – جەیمس مۆریێ و باڵوێزی بریتانیا لە ئێران ، بە نوێنەرایەتیی حکومەتی خاوەن شکۆ ئیمزایان کردووە.[١٦٢]

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە دووایین قەواڵەیدا دیباجەیەك و پانزە بەشی تێدابوو. دیباجەکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات: "ئەم گەلایانە چەپکێکن لە باخچەی بێدڕکی ڕێکەوتنەوە لێکراونەتەوە و بەدەستی دانووستانکارانی ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیە لە فۆرمی ڕێکەوتنێکی بەهێزدا پێکەوە بەستراونەتەوە ، کە بەندەکانی بۆ هاوڕێیەتی و دۆستایەتی تێکەڵکراون" بەڕێکەوت ئەم دەربڕینانەی سەرەتاکە زۆر پڕ مانان و گوزارە لە دیپلۆماسییەتی ئێرانی دەکەن لەوەدەمەدا. ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەش سەلمێنرابوو، کە دەکرێ ئەو "گەلا"یانە هەر شتێك بن، بەلام ئەوەبوو ئەم جارە هیچ نەبێ بۆ ئێرانییەکان "بێ دڕك" بوون. هەرچی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاش بوو لە ناو ئێراندا تا ئەو دەمەو بەشێوەیەکی بەرایی سیاسییانە بوون و کاروباری بازرگانی دوواخرابوو بۆ (ڕێکەوتننامەیەکی بازرگانی) ی تر لە ئایندەدا، کە ئەوەبوو تا ساڵی (١٨٤١) نەهات پێکنەهات.

بەپێی بەندی یەکەمی ئەم ڕێکەوتننامەیە خۆسەرقاڵکردنی ئێران لەگەڵ هەر هێزێکی تری نەیار بە بریتانیای مەزن بێمانا و هەڵوەشێنراوە بوو، هەروەها ئێران بەڵێنی ئەوەی دابوو، ئەوپەڕی یارمەتیی فریاگوزاری پێشکەشی بریتانیا بکات، ئەگەر بریتانیا پێویستی بەوە هەبێ لەدژی هەر داگیرکارێك بەرەڤانی لە هیندستان بکات.

هەروەها ئێران ئەوەشی لەسەر خۆی کردبوو بە ماڵ، کە ئەگەر شەڕ لەنێوانی هیندستان و ئەفغانستاندا بەرپابوو، ئەوا ئێران یارمەتیی سوپای بریتانیا بدات (بەندی ٨). بەلام ئەگەر شەڕ لەنێوانی ئەفغانستان و ئێراندا بەرپابوو، ئەوا دەبێ بریتانیا بەبێ لایەنی بمێنێتەوە (بەندی ٩) . لەناو کەنداوی فارسیشدا دەبێ کەشتییە جەنگییەکانی بریتانیا یارمەتیی ئێران بدەن، لەدژی هەر دوژمنێکی گریمانکراو "ئەگەر جۆری ئەو یارمەتییە ئاسان و کردەیی بێ!"(بەندی ١١). ئەگەر ئێرانیش داگیرکرا، ئەوا حکومەتی هیندستان یان یارمەتییەکی فریاگوزاریی سەربازی پێشکەشی شا دەکات، یان

---

[162] بۆ دەقی یەکەمینیان، ئەوەی ساڵی (١٨١٢) بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
Aitchison, op. cit., XII, 49-54.

یارمەتییەکی دارایی ساڵانەی دەداتێ، کە برەکەی (٢٠٠,٠٠٠ تومەن) بێت، کە دەکاتە نزیکەی (١٥٠,٠٠٠) پاوەندی ئیستەرلینی. پارەکە دەبوو بە قیست بدرێ، چونکە کە شەڕ دەست پێدەکات، دەبێ ئەو پارەیە بۆئەوە تەرخان بکرێ، کە سوپای پێ دیسپلین و باش بکرێ بۆ گەشەکردن. "ئەوکاتە دەبێ وەزیرە ئینگلیزەکە قایل بێ بەوەی کە ئەو پارەیە بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکرێ، کە بۆی تەرخان کراوە. "(بەندی٤)[١٦٣]

لەڕاستیدا ڕێکەوتننامە هەمیشەییەکەی ساڵی (١٨١٤) دووایین دارشتن بوو، زۆر گشتگیرتریش بوو لە ڕێکەوتننامە بەراییەکەی ساڵی (١٨٠٩)، کە بناغەی زاڵبوونی بریتانیای بەسەر ئێران و لەوێشەوە بەسەر سەرەکیترین بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دارشت. بەدەر لەو بەهێزبوونەی کاریگەریی بریتانیا لەناو ئێرانیشدا، ڕێکەوتننامە هەمیشەییەکە دوو گەشە و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی هێنایەپێشەوە: یەکەمیان ئەوەبوو، کە ئێران بۆ یەکەم جار و لە هەموو رووە دیپلۆماتییەکانەوە لکێنرا بە حکومەتی نیشتمانەوە، نەک حکومەتەکەی هیندستان، ئەم ڕاستییەش وای لە حکومەتی هیندستان کرد ئیتر بتوانێت گرنگییەکی باش بدات بە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەناوچەی کەنداوی فارس و میسۆپۆتامیادا.

دووەمیشیان ئەوەبوو، کە بۆ یەکەمین جار بریتانیای مەزن هەستی بەوە کرد و دانی پێدانا کە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو زۆن و کایە گریمانکراوەبن، کە بینە بواری بەریەککەوتنی نێوانی رووسیا و بریتانیا. چونکە جاران وا دادەنرا رووسیا لە ناوچەیەکی ترەوە بتوانێت گەشە بکات.[١٦٤] لێرەشەوە دەچینە سەر ئەو باسە و دەبینین، کە چۆن بریتانیانییەکان کاریگەرییەکەی خۆیان لەناو کەنداوی فارسدا چەسپاند.

لەوانەیە ئەوە لێرەدا شیاو بێ وێنای بکەین، کە لەپاش ئەوەی بریتانییەکان توانییان بنکە فرەنسییەکەی ناو مۆریشیۆس داگیربکەن و ماوەیەکی زۆریش بەسەر ئەوەدا تێپەڕی نەکردبوو، کە ئیمامی عوومانیش گوتبووی کە خۆیان پشت بەو بنکە فرەنسییە دەبەستن، ئیتر لەپاش ئەو گۆڕانانەوە عوومان کە دەکەوێتە ناو زاری کەنداوەوە ببێتە مایەی گرنگپێدانی بریتانییەکان. ئەگەرچی لە دەوروبەری ساڵی

---

[163] بۆ بینینی دەقی ڕێکەوتننامەکە بروانە سەرچاوەی پێشوو، بەرگی پێنجەم، لاپەڕەکانی ٥٣-٥٦:
British and Foreign Papers, I, Pt. I, 261-264.

[164] بروانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە، بەشی پێنجەمی.

(١٨١٠) دا بريتانيـا هەسـتێكى واى هـەبوو، كـە ئـەو هەرێمـە و سـەعيدى ئيماميـشى فەرامۆش بكات، لەبەرئەوەى ئەم ئيمامە لە بەرامبەر دەسەلاتى روو لە هەلكشانكردووى وەهابييەكانى ژێر دەستى ئـيبن سـعود و ژەنەرالـە گەورەكـەى (موتلـەق) دا، كـەوتبووە ململانەيەكى نێوانى ژيان مردنى واوە بوارى ئەوەى نەمابوو هيچ گرفتێك دروسـت بكـات.

بەلام لەو كاتەدا، كە عووممان كەوتبووە بەر ئەگەرى داگيركردن، ئيتر بريتانيـاش ناچـار بـوو جموجوولێـك بكـات ، لـەو كاتـەدا وەهابييـەكان هەنـدێ پاشەكـشەيان كردبـوو، لەبەرئەوەى چووبوون رێگرى لەو پەلامارانەى ميسر بكەن، كە لە سـالانى (١٨١١/١٨١٢) دا ويستبووى پەلامارى مەكە و مەدينە بدات. كـە لـە سـالى (١٨١٣) دا موتلـەق دەسـتى بەتالْ بوو، گەرايەوە بۆسەر هەلمەتەكەى خۆى لـە دژى عووممـان ، لـە پيـا هەلپژانێكدا كوژرا و لە سالى پاشتريشدا خودى كوڕە گەورەكەى (ئيبن سعود) مرد. سەعيديش ، كـە خـۆى لـە سـالى (١٨١٣) دا داواى هـاتنى نوێنـەرێكى بريتـانيى كردبـوو، ئێـستا ئـيتر كەوتبووە ئەوەى داواى فراوانكردنى كايەى كاريگەرييەكەى بريتانيا بكات.

بەلام لەوێ هێشتا هەر ئاژاوەگێرييەكانى چەتەكانى جەواسم مابوون و لـە بنكـەكانى خۆيانەوە لە كەنارەكانى بـاكوورى كەنداوەوە كـالا بازرگانييـەكانى بريتانيـان بـە تـالان دەبرد و پێدەچوو لەپاش مردنى بالاترين كەسى دەسەلاتدارى بنچينەيى ناويانەوە (ئيبن سعوود) ەوە مولك و داهاتەكانيان زۆرتر بوبێ. لەگـەلْ هـاتنى زسـتانى سـالى (١٨١٨ – ١٨١٩) دا كـە هـۆزى جەواسمـەكان زيـانێكى قورسـيان لـە بازرگـانيكردنى بريتانيـا دا، بارودۆخەكان گەيشتنە ئاستى قەيران. بۆ قەرەبووكردنەوەى ئەو بـارە لەدەسـتچووانە و بۆ لێدانى گورزێكى كوشندە لە كارى چـەتەگەرى لـەو هەرێمـەدا، حكومـەتى هينـدى بـە پەلە و لەژێر فەرمانى (مێجەر ژەنەرالْ سێر ويليـەم گرانـت كێيـە– Sir William Grant Keir) دا هێزێكى گەورەى رەوانەى ناوچەكە كرد. لـە كۆتاييـەكانى سـالەكەدا چـەتەكان بە چەندان شەرِى گەرم و گەورەوە گلان. بۆيە بە چـەندان زيـانى قورسـەوە نالانـديان و چەند شكستى خراپيان خوارد. بنكـەى سـەرەكيى چـالاكييەكانيان لـە (راس ئەلخەيمـە) داگيركرا و كرا بـە بنكـەى كـاتيى بارەگـاى سـەرەكيى (ژەنـەرالْ كێيـە). تەنانـەت پـاش ئەوەى، كە هێزەكانى جەواسمەكان بە تەواوى بـەزين كەشتييە جەنگييـەكانى بريتانيـا سەردانى زۆربەى بنكەكانيان كرد و چەندان لێدانيان ئاراستەدەكردن، بەئومێدى ئـەوەى

بەتەواوی پەکی چالاکییەکانیان بخەن.[165] بەمەش بڕبڕەی پشتی چەتەگەری لەناو کەنداودا شکێنرا. ئەم ڕووداوە هەلێکی نایابی پێشکەشی ژەنەراڵ (کێیە) کرد. نەك تەنها لەوەدا، کە توانیی موڵکەکانی بریتانیا بەدەست بهێنێتەوە، بەڵکو توانی هەژموونێکی سەختی باشی خۆشیان لەناو ئەو ئاوانەدا دابمەزرێنێت.

لە ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتیدا، کە لەگەڵ شێخی گەورەی هۆزەکانی جەواسمدا لە (٦/ کانوونی دووەم/١٨٢٠) دا ئیمزا کرا شێخ بەڵێنی دا چەند قەڵا و بنکەیەکی سەختی خۆیان و بڕێکی باشی ئەو تالانی شەڕانەی دەستیان بەسەریاندا گرتبوو بداتەوە بەدەستەوە. بەندی چوارەمی ڕێکەوتننامەکە دەڵێت:"بەپێی ئەم مەرجانە دژایەتیکردنی نێوانی ژەنەراڵ و سوڵتان بن سگوور و شوێنکەوتووەکانی سوڵتان دەوەستێ، لەگەڵ ئەو خاڵە ناوازەیەشدا، کە نابێ بەلەمەکانیشیان بێتە ناو دەریاوە"

ئەم ڕێکەوتننامەیە و چواری تریش لە ڕۆژانی (٨-٩-١١ و ١٥ی کانوونی دووەمدا) لەگەڵ چەند شێخێکی دەسەڵاتداردا ئیمزا کران و هەمووشیان بۆئەوە گەڵاڵە کرابوون، کە ئەو تالانیانەیان پێ بگەڕێندرێتەوە، کە لە ئەسڵدا لە بریتانییەکان سەندرابوون، هەروەها بۆ ئەوەیش پەکی توانای هێرشبردنی ئەو هۆزە بەزیوانەی پێبخەن. بۆیە دەبوو هەم غەنیمەکان بگەڕێندرێنەوە و هەم کەشتییەکان و چەك و کاڵاکان و دیلە هیندییەکانیش ئازادبکەن.[166]

گرنگترین دەستکەوتی "کێیە" بریتی بوو لە بە ئاکامگەیاندنی "ڕێکەوتننامەیەکی گشتی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانی کەنداوی فارسدا" کە ڕێکەوتننامەیەك بوو، بەشێوەیەکی کاتی، لەگەڵ ئەو چەند ڕێکەوتننامە بەراییەی تۆزێك پێشتر ئاماژەمان پێدان بۆئەوە ئامادەکراوبوون کەنداو لەو بێزارکارییە هەمیشەییەی دەرباز بکەن و وایلێبکەن شوێنێکی سەلامەت بێت بۆ بازرگانی کردنەکەی بریتانیا. هەمووشێخە دیار و باڵادەستەکان، چ جەواسمەکان بن، یان هەر هۆزێکی تر، پێشوازییان لێدەکرا پەیڕەویی

---

[165] Low, C. R., the India Navy, I, 363. For Details of This memorable expedition, see Ibid, 351-361. For comprehensive narrative on Piracy in the Persian Gulf, see Wilson, op. cit., Chapter XII, 192-212.

[166] بۆ بینینی دەقی ئەم ڕێکەوتننامانە، بڕوانە(Aitchison, op. cit., XII, 166-171) لەپێش ساڵی (١٨٢٠) ەوە تەنها یەك نموونە لە ڕێکەوتننامەی نێوانی بریتانییەکان و شێخەکانی ناوچەیکەنداو هەبوو. ئەوەش لە ساڵی (١٨٠٦)دا لەگەڵ شێخی گەورەی جەواسمەکاندا ئیمزا کرابوو، بۆئەوەی سەلامەتیی بەڕێوەچونی بازرگانیی بریتانیای لەناو کەنداودا پێبپارێزرێ، بەڵام لەبەرچاو نەگیراوە، دەقەکەی لە سەرچاوەی پێشوودایە لاپەڕەکانی ١٦٥-١٦٦.

لێبکەن و ببنە ئەندامی "عەرەبە دۆستەکان- وردتر بڵێین عەرەبە بێوەییەکان". لە ڕۆژی دەرچوونەکەیدا ، کە "هەشتی کانوونی دووەم بوو لە رەئس ئەلخەیمە" لەلایەن دوو شێخی دیارەوە ئیمزا کرا، پێش کۆتاییهاتنی مانگەکەش سێ شێخی تریش ئیمزایان خستەسەری. هەموو پێکەوە دە سەرکردەی عەرەب بەرەسمی پەیرەوییان لە ڕێکەوتننامەکە کرد و ئیمزاکردنی دوواین کەسیشیان لە رۆژی (١٥ی مارس) دا بوو. تەنانەت دوو فەرمانڕەواکەی دوو دورگە گرنگەکەی "بەحرەین"یش لەناو ئەو "عەرەبە دۆستان"ە دابوون. لە رۆژی (٢ی ئەپریل -نیسان) ی هەمان ساڵدا ئەم ڕێکەوتننامەیە لەلایەن فەرمانڕەوای گشتیی هیندستانیشەوە ئیمزا کرا.

ئەندامانی ئەو هۆزانەی ڕێکەوتننامەکەیان ئیمزا کرابوو بۆیان نەبوو لەسایەی هیچ بارودۆخێکدا هیچ جۆرە تالانییەك، یان چەتەکارییەك بکەن. سزای ئەنجامدانی هەر کارێکی لەم جۆرانە کوشتن و لەدەستدانی ماڵ و موڵکەکان بوو. دەبوو سەرکردەی هۆزە ئیمزاکردووەکانیش لە جێبەجێکردنی سزادانی پێشێلکاراندا هاریکاریی حکومەتی بریتانی بکەن.

کەشتییەکان دەبوو ئاڵایەکی سپی بەرزبکەنەوە، کە ناوەڕاستەکەی چوارگۆشەیەکی سووری تێدابێ، واتە چوارگۆشەیەکی سوور لەناوەڕاستی زەمینەیەکی سپیی گەورەتردا، بە نووسینی پیتەوە، یان بەبێ نووسین. کە ئەمە بەدیوێکدا هێمایەکی ئاشتی بوو لەنێوانی خۆیاندا و بە دیوەکەی تریشدا لەنێوانی خۆیان و بریتانییەکانیشدا. پاپۆڕەکانیان دەبوو بەڵگەی (تۆمارکردن و ڕێپێدان)یان پێبێت. بۆئەوەی لەوکاتەدا، کە لەلایەن بریتانییەکانەوە، یان هەر لایەنێکی ترەوە، کە بیانبینێت و داوایان لێبکات، ئەو بەڵگانە پیشان بدەن. دەبێ ئەو بەڵگانە زانیاریی زیندو و نوێی پێویستی وەك خاڵی کەوتنەجووڵەی کەشتییەکە، ئاراستەکەی، چەکەکانی سەری، تواناکەی و ژمارەی دەریاوانەکانی. هەموو بەندەرەکانی ژێر حوکمی بریتانیا بۆ بازرگانیکردن ، لەبەردەم ئەم کەشتییانەدا ئاوەڵا بوو.[167]

---

[167] ئەم ڕێکەوتننامەیە، لەگەڵ ناوەکان و ناونیشانەکانی ئەو کەسانەی ئیمزایان کردووە، لە سەرچاوەی پێشوودا هەیە، لاپەڕەکانی ١٧٢-١٧٦.

لەمەوە بریتانیا خۆیی وەك هێزێکی زاڵی ناو کەنداوی فارس دامەزراند. چونکە ئەو پلەوپایەیەی بەدەستی هێنایەوە ، لەو دەمەوە ئیتر دەستی بەسەرداگرت و بەشێوەیەکی جێگیریش بەهێزی کرد.[168]

٢. کۆتایی سەردەمێك لە میسۆپۆتامیادا

لە میسۆپۆتامیادا و لەنێوانی سالآنی (١٨١٠ و ١٨٣٠) دا بریتانییەکان رووبەرووی هەڵوێستێك بوونەوە ، کە زۆر جیاواز بوو لەو هەڵوێستەی لەناو ئێران و لە کەنداوی فارسدا هەیانبوو. بەناو وڵاتەکە لەژێر قەڵەمڕەوی سوڵتاندابوو، بەڵام لە واقعدا لەلایەن پاشاوە بەڕێوەدەبرا. بریتانییەکانیش بۆئەوەی لە هەردوو رووی یاسایی و پراکتیکییەوە پرۆژەکانی خۆیان بوونیادبنێن دەبوو لەگەڵ هەردوو لای ئیستەنبوڵ و بەغدا دا رێك بکەون. چونکە هەر رێپێدان و تەنازولێك لەلای ئاستانەوە بەدەستبهێنرایە، لەناو میسۆپۆتامیادا هیچ بەهایەکی نەدەبوو تا لەلایەن پاشایشەوە پەسەند نەکرابا. بەدیوێکی دیی کەیشدا زۆر ناجێگیر بوو، لەبەرئەوەی چۆن بە شۆڕشێکی خوێناوی دەستی پێکرد، ئاواش بەشۆڕشێکی تر کۆتایی پێهێنرا، کە خوێنڕێژییەکەی لەوەی پێشوو کەمتر نەبوو. هەر لە دوای لادانی ئەم پاشایەتییەوەبوو، کە جارێکی تر ئامبازبوونەوەی بریتانیا بە وڵاتەکە، گریمانی شیانی وەرگرت.
دووەمین و سێیەمین دەیەی سەدەی نۆزدە، دوایەمین چارەکی سەردەمە سەرەکییەکەی ناو مێژووی میسۆپۆتامیا پێکدەهێنێ، و پێیدەگووترێ (سەردەمی مەملووکی-١٧٥٠- ١٨٣١).[169]

---

168 سەرکردە عەرەبەکانی کەنداو لە رێکەوتننامەکەی ساڵی (١٨٥٣) دا بەڵێنیاندا، کە : ئێمە زۆر قایلین بەوەی، کە پاراستنی ئاشتی ئێستە لەنێوانی ئێمەدا بەرپابووە و دەبێ لەلایەن حکومەتی بریتانییشەوە چاودێریی بکرێ. ئەم حکومەتە هەمو کاتێك بۆ دڵنیابوون لە کارپێکردنی بەندەکانی، چاودێری دەکات و خواش پشت و پەنای هەمووانە.. سەرچاوەی پێشوو..لاپەرەی ١٨١. پاراستنی کیبڵە ژێردەریاییە راکێراوەکان لە فاوەوە تا یاسك و لە یاسکیشەوە تا کەراچی و مەسقەت لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە بوونە هۆی بەهێزکردنی کاریگەرییەکە: بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
Persian Gulf, a Handbook Prepared by the Historical Section of the British Foreign Office, No. 76.(London, 1920), 68-69.

169 تاکە سەرچاوەی بەردەست لەبارەی ئەم سەردەمەوە، ئەوەی لۆنگریگە:
Four Centuries of Modern Iraq, Chapter VII-X, 163-276.

له تەواوی ئەم سەردەمەدا هەموو پاشا گەورە و بەرچاوەکان و هەروەها هەموو بچوکتر و کەمترەکانیشیان لەو کۆیلە ئازادکراوانە بوون، کە رەچەڵەکیان گورجی بووە. یەکەمین پاشایان، کە سولەیمان ئاغا بووە، لە هەمان چەشنی ئەوان بووە. ئەم سولەیمان پاشایە موڵکی حەسەن پاشای بەغدا بووە و لەلایەن ئەوەوە پەروەردە و ئازادیش کراوە. بۆیە ، کە ئەحمەد پاشای کوڕی سەرۆکەکەی (واتە کوڕی حەسەن پاشا–و) لەپاش باوکی فەرمانگەکە دەگرێت بە دەستەوە، ئەم خزمەتگوزارییە گرانبەها و باشی پێشکەش دەکات. هەروەها جێگە و پۆستە چۆڵەکانی ناو حکومەتە خۆجێییەکەشی بۆ پڕ دەکردەوە، بە پۆستی (کەهییە)یشەوە، کە بالاترین پۆستی ناو پارێزگای بەغدا بووە. لەبەرئەوەی کەسێکی چالاك و بێبەزەیی بووە لە ئەنجامدانی کارەکانیدا ناوبانگێکی باشی پەیداکردووە و هەمیشە لە دوای دواوە ئەم دووەمین کەس بووە.

کە ئەحمەد پاشا دەمرێ ، سولەیمان ئاغا تاکەکەس دەبێ چاوی دەکەوێتەسەر بۆ جێگەگرتنەوەی. لەلایەن ئاستانەشەوە هەوڵێك درا، بۆئەوەی کەسێك لەو ئۆفیسەدا دابنێت، کە هەڵبژاردەی دەستی خۆی بێت، بەلام باجی زۆری ئەو هەوڵەی دا و سەرکەوتوویش نەبوو. سولەیمان پاشا توێژێکی زۆر بەهێزی لەناو ولاتەکەدا هەبوو، لەبەرامبەر هەوڵی سوڵتاندا بۆ قەدەغەکردن و ڕێپێگرتنی، دەیتوانی ڕابوەستێ. لەپاش نزیکەی سێ ساڵی هەوڵی نەزۆکی سوڵتان بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروبارەکان، چەندان هەڵگەڕانەوەی جدییانە بەرپابوون و ئینجاش سولەیمان پاشا لە ئۆفیسدا دانرا. سولەیمان– کەئێستا ئیتر بوو بە پاشا– بۆ دەربازبوونی خۆی لە رقی هەموو نەیارەکانی ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر و بە زوویی دەسەلاتی خۆیی بەسەر هەموو بارودۆخەکاندا سەپاند. لە دەمی فەرمانڕەوایی ئەودا (١٧٥٠–١٧٦٢) ولاتەکە لە ئاشتییەکی دادپەروەرانەی باش بەهرەوەر بوو، کە ئەمەش سەرەکیترین کاراکتەری سەرکەوتوویی فەرمانڕەوایی ئەو ڕۆژگارە بوو.[١٧٠]

بە مردنی ئەو، ولاتەکە گلایە گۆبەندی هەژدەساڵی نائارامی و نائاسایشییەوە(١٧٦٢ – ١٧٨٠).[١٧١] لەو سەردەمە کورتەدا شەش پاشا فەرمانڕەوایی ولاتەکەیان کرد: یەکەمیان (عەلی پاشا) بوو، دوو ساڵ حوکمی کرد و ئینجا بە دەستی (عومەر پاشا) ی

[170] Four Centuries of Modern Iraq, Chapters VII-X, 163-276.

[171] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ١٧٢–١٨٦.

نەیاری و شوێنگرەوەشی کوژرا. ئەمیش ماوەی دەساڵ فەرمانڕەوایی کرد و هەمیشەش (دەسەڵاتەکانی هەر روو لە کەمبوونەوە بوون.) ئەمیش لە ساڵی (١٧٧٥) دا لەلایەن (موستەفا پاشا) وە جێگەی گیرایەوە، ئەمەی دووابییان لەلایەن ئاستانەوە دەستنیشان کرابوو. ئەمیشیان لەگەڵ (عەبدوڵڵا ئاغای مەملوکی) دا کەوتە ململانەی قورسەوە و لادرا و لەلایەن (عەبدی پاشا) وە جێگەی پێگیرایەوە، کە ئەمیش هەر دەستنیشانکراوێکی تری ئاستانە بوو، بۆ ئەو پۆستە. ئەم عەبدی پاشایە تەنها یەك هەفتە فەرمانڕەوایی کرد و ئیتر (عەبدوڵڵا ئاغا) کۆنترۆڵی تەواوی بەغدای گرت بەدەستەوە.

وەك قایلبوون بە (ئەمری واقع) سوڵتان بەپێی ڕێوشوێنی لەبەرچاوگیراو، عەبدوڵڵا ئاغای لە ئۆفیسدا دامەزراند و بەمەش بوو بە _عەبدوڵڵا پاشا_ بەڵام پاشای نوێ لە ململانەکردندا چەند بەهێز بوو، بەپێچەوانەوە، لە فەرمانڕەواییکردنی ئۆفیسەکەیدا هێندە لاواز بوو. تەندروستیی نەخۆش و ڕۆچوونی بەریادی خۆی بەناو هەوەسبازیدا وایانلێکرد کاتی فەرمانڕەواییکردنەکەی کورت بێت و ئەوەبوو لە ساڵی (١٧٧٧) دا مرد. شەڕە دەنووکێکی نوێی ناوخۆیی لەسەر پڕکردنەوەی ئۆفیسە چۆڵەکە دەستی پێکرد. (حەسەن پاشا) ی کاندیدی نوێی ئاستانە لەوە دوور بوو بتوانێت بارودۆخەکە بباتەوە شوێنی خۆی و ئارامی بهێنێتە ئاراوە. لەکاتێکدا هەردوولای (وڵاتەکە و ئاستانەیش) ماندوو بووبوون بەدەستی شەڕەدەنووکی ناوخۆیی و خوێنڕشتنەوە، لەناو ئەو دیمەنەدا کابرایەك دەرکەوت و توانیی ببێتە یەکێك لە دیارترین فەرمانڕەواکانی ناو مێژووی نوێی میسۆپۆتامیا.

ئەو کابرایەش (سولەیمان پاشا) ی گەورە بوو (١٧٨٠ – ١٨٠٢) پیاوێکی بە سەلیقە و دیاری، پڕ توانا و عەقڵ بوو.[172] لەکاتێکدا پارێزگاری بەسرە بوو، لە ساڵی (١٧٧٩) دا چاوی خستبووە سەر ئەوەی لە بەغدا پۆستێکی باڵای دەست بکەوێ، چەند نێردراوێکی سازدراوی نارده لای سوڵتان و سوڵتانی لەم ئارەزووەی خۆی تێگەیاند و بیری لە دژایەتیکردن و ململانە نەکردەوە. هەر لەو دەمەدا لەلایەن (مستەر لاتۆچ) ی نوێنەری بریتانیەکان لەناو بەسرەدا کۆمەکی پێکرا، "چونکە مستەر وەك نوێنەری نێردراوی تایبەتیی ئەم وابوو بۆ کارکردن لەنێوان و خۆی و ئیستەنبوڵدا و بۆ هەر

---

[172] لەبارەی کەسێتی و کارەکانیەوە بروانە سەرچاوەی پێشوو÷ بەشی هەشتەم، لاپەڕەکانی ١٨٧- ٢٢٠.

جارەیش پارەیەکی خەرجیی باشیی پێدەدا ". بۆیە (ئەوەبوو هەوڵەکانی سەریگرت) و لە بەهاری ساڵی (١٧٨٠) دا بەپێی ڕێوشوێنەکان وەك پاشای بەغدا دەستنیشان کرا. ئەگەرچی بەپێی زۆری ئەو ململانانەی لەئارادابوون تا مانگی تەمووزی ئەو ساڵە نەیتوانی لەکورسیی حوکمکردنەکەی خۆی دابنیشێت. لەماوەی بیست و دوو ساڵ فەرمانڕەواییکردنیدا وڵاتەکە لە ئاشتی و گەشەکردن بەهرەمەند بوو. لەگەڵ بەرتانییەکانیشدا تا کۆتایی هەر پەیوەندیی دۆستانەی هەبوو.

بەمردنی پاشای گەورە (١٨٠٢) سەرلەنوێ ململانەی خوێناوی لەسەر گرتنەوەی شوێنەکەی هەڵگیرسایەوە. (عەلی پاشا) پیاوێك بوو بەهێز خۆی سەلماند. یەكێك لەو کەسانەی ململانەیان لەگەڵدا دەکرد بە خەنجەر کوژرا و چواردە ئەفسەریشی هەبوو خنکێنران. ئەوی تریشیان کە توانای ململانەکردنەکەی لاواز بوو ملکەچ کرا و کرا بە پارێزگاری تکریت لە باکوور. فەرمانڕەواییەکەی (عەلی پاشا) یش کورتی هێنا و لە (١٨/ئاب/١٨١٠) دا کۆتایی پێهات. لەو ڕۆژەدا خۆی لە نوێژدا بوو، لەلایەن دەستەیەك پیاوکوژەوە درایە بەر خەنجەر و کوژرا، پاشانیش گوترا، کە (لەبەر کێشەی تایبەتی کوژراوە). لەژێر فەرمانڕەوایی ئەمدا وڵاتەکە لە برێك ئاشتی بەرهەمەند بوو، کەم تا زۆر ململانەکانیش پچڕ پچڕ کەم بوویوونەوە.

بەدوای ئەمیشدا سولەیمان پاشای گەنج هات، کە نازناوەکەی –بچکۆلە– بوو، لەلایەن توێژە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵەوە پشتگیریی لێدەکرا. لە ساڵانی کەمی فەرمانڕەوایی کردنی سولەیماندا (١٨٠٧ – ١٨١٠) هەندێ ڕووداوی گەورە لەنێوانی ئەم و بریتانییەکاندا ڕوویدا. کاتێك لە ساڵی (١٨٠٧) دا هەڕەشەی دوژمنایەتیکردنی یەکتری کەوتە نێوانی ئاستانە و بریتانییەکانەوە پاشا دانیشتوانە بریتانییەکانی ناو بەغدا و بەسرەی قایل کرد، کە لە وڵاتەکەدا بمێننەوە و هەموویانی خستنە ژێر پاراستنی خۆیەوە. دووساڵی تر پاش ئەوەش، کە پەیوەندییەکانی نێوانی عوسمانی و بریتانییەکان گەیشتە ئاستێکی زۆر سەخت، پاشا بۆچوونێکی پێچەوانەی گرتەبەر. لەبەر چەند هۆیەکی تەمومژاویی ناڕوون دەستی دایە زنجیرەیەك سەرکوتکردن و سووکایەتی پێکردنی ئەوانەی لەناو بەغدادا دانیشتبوون، تا ناچاری کردن بکشێنەوە و لێیدەربچن.[١٧٣]

---

[173] Aitchison, op. cit., XI, 2.

ئەوەی، کە هەڵسوکەوتی سولەیمان بەرامبەر بە بریتانییەکان پێچەوانەی هەڵوێستی سوڵتان بوو، شتێکی نامۆ نەبوو لە ئاستی ئەو (ڕاستییەدا)، کە پاشا لەناو ناوچەکەی خۆیدا فەرمانڕەوا بوو. ئەوەش شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشترە، کە تێبینیی ئەوەش بکەین، کە گۆڕانێکی رادیکاڵانەی "تەمومژاوی" لە سیاسەتی پاشادا لەبەرامبەر دانیشتوانەکاندا روویدا.

(هارفەرد جۆنز)، کە لەو دەمەدا دانیشتوویەکی ناو بەغدا بوو، لە ساڵی (١٨٠٨) دا گەڕایەوە و لەلایەن (کلاودیۆس جەیمس ریچ) ەوە جێگەکەی گیرایەوە. ریچ ئەوەندەی وەك فەرمانڕەوایەکی ناخۆیی هەڵسوکەوتی دەکرد، هێندە وەك دیپلۆماتێکی بێگانە هەڵسوکەوتی نەدەکرد. شوێنی نیشتەجێبوونەکەی ئەم بووبوو بە "باشترین ناوەندی دانپێدانراوی کۆمەڵایەتیی ناوخۆی و بووبوو بە یانەو شوێنی دیداری بەرزترین خەڵکی ناو کاربەدەستە گەورەکان و خانەدانان، میوانخانەیەکی کراوە و یانەیەکی توێژینەوەی شوێنەوارناسییش بوو."[١٧٤] بۆیە بەم حاڵەیەوەو بەم کاروبارانەیەوە، کاتێك "ریچ"بوو بە خاڵێکی کاریگەر و پڕ ئیمتیاز بووە مایەی ئێرەیی پێبردن و گومان لێکردن لەلایەن سولەیمان پاشا و دوای ئەویش لەلایەن داوود پاشایشەوە.

بە دەستتێوەردانێکی حکومەتی هیندی دوژمنایەتییکردنەکەی سولەیمان بۆ (ریچ) ئەگەر بە تەواوییش کۆتایی پێنەهاتبێ، کەمی کردەوە، چونکە حکومەتی هیندی ناڕەزایی خۆیی لەو بارەیەوە بۆ بەغدا و بۆ ئیستەنبوڵیش دەربڕی. ئەوەبوو لە رۆژی (٢٥/ کانوونی دووەم/١٨١٠) دا لەگەڵ پاشادا گەیشتن بە رێکەوتنێك، کە تێیدا پاشا ددانی دەنا بە هەموو ئیمتیازاتەکانی پێشووی بریتانیا لە وڵاتەکەدا.[١٧٥]

بەڵام پاشای ئاشتکراوە لە کۆتایی ساڵانی فەرمانڕەواییکردنی و لە کۆتایی ژیانی خۆیشی نزیك بووبۆوە. سوڵتانە نوێ و جەسوورەکەی تورکیا (موحەمەدی دووەم ١٨٠٨ – ١٨٣٩) زۆر لێی ناڕازی بوو، لەبەرئەوەی هیچ داهاتێکی نەدەدا و نیمچە ملهوڕێکیش بوو. لە رۆژی (٥/ تشرینی یەکەم/١٨١٠) بەزۆر لەلایەن نوێنەری ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە، کە لەلایەن چەند توێژێکی بەهێزی ناوخۆییشەوە پشتیوانیی لێدەکرا، لەسەر کارلادرا. کە کورسیی دەسەڵاتیشی بەجێهێشت (مەبەست لە

---

[174] Longrigg, op. cit., 255.

[175] دەقەکەی لە سەرچاوەکەی پەراوێزی نۆزدەدایە، هەمان بەرگ، لاپەڕەکانی ١٠–١١.

سولەیمان پاشایە–و) لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا لەلایەن پیاوەکانی خێڵی (شەممەر تۆگا) وە دۆزرایەوە و کوژرا.

خوێندنەوەی (کایا) بۆ ئەو رۆژگارە یەکلاییکەرەوانە خوێندنەوەیەکی باش و بەرچاوە: بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی (جۆن مالکۆلم) لەو کاتەدا لە بەغدا بوو. [176] ئەو لە رێگادابوو، لە ئێرانەوە بۆ هیندستان کەوتبووەرێ و رێگای کرماشان، بەغدا ، بەسرەی گرتبوو، بەرەو کەنداوی فارس. لە بەغدا بووبووە میوانی ماڵی (ریچ) و لە نزیکەوە ئاگادرای ئەو رووداوانە بوو، کە سولەیمانیان بەو ئاکامە تراژیدییە گەیاند. لەبارەی ئەو چارەنووسەوە کە بە سەر پادشادا هات هەستی بە پەشیمانی دەکرد، چونکە پاشا سەری لێکرابۆوە و بە پێچراوەیی وەکو پەیکەرێك رەوانەی ئیستەنبوڵ کرابوو. بۆیە مالکۆلم دەڵێ :"هەرگیز ناکرێ دیمەنی ئەو سروشتە ببینیت و هەست بە خەم نەکەیت، هەرچی یادەوەریی ئەم دووایین پاشایە هەیە لەناو ئەو هەستکردن بە خەمی ئەو چارەنووسەیەوە وون دەبێ" [177]

پێدەچێ هەڵسوکەوتکردنی (ریچ) لە تەواوی تەنگژەکەدا بە ساردی حسابی بۆ کرابێ. چونکە سولەیمان داوای هەرجۆرە کۆمەك و یارمەتییەکی بۆ خۆی کردبێ، ریچ وا وەڵامی داوەتەوە، کە دەیەوێ پەیرەوی لە بێلایەن بوونی خۆی بکات. لە راستیدا دەیتوانی هەندێ لە نێردراوەکەی ئاستانە نزیك بکەوێتەوە و داوای بەخشین بۆ پاشا چارەڕەشەکە بکات، گەر بیویستبا، لە توانایدا هەبوو، چونکە لەو کاتەدا پەیوەندییەکانی نێوانی بریتانیا و ئاستانە ئەوپەڕی دۆستانە بوو. هەر ئەم (ریچ)ە، ماوەیەکی پێشتر پەناو داڵدەی وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی ژێر دەسەڵاتی سولەیمانی دابوو،"لەبەرئەوەی ئەم کابرایە لەو کاتەدا، کە لە حکومەتدا بووە و ریچیش ناکۆکیی لەگەڵ پاشادا هەبووە چەند خزمەتی جدییانە و باشی پێشکەشی ریچ کردبوو، بۆیە ئەمیش لە پەیوەندیی تەك حکومەتی بریتانیاوە گلابوو." [178] بەپێی ئەو راستییانەی، کە لەبارەی کارو ئەرکەکەی ریچەوە لەناو میسۆپۆتامیادا زانراون و بەپێی پەیوەندییە دۆستانەکەی نێوانی ئاستانەو بریتانیای مەزن لەو کاتانەدا، مرۆڤ دەتوانێ سوك و ئاسان گریمانی ئەوە دابنێت، کە بەپێی هەندێ پێوەر بریتانیا بەشداریی هەبووە

---

[176] Kaye, op. cit., II, 41-44.

[177] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٤ و ئەو وشانە لەلایەن نوسەرەوە هێڵیان بەژێردا هێنراوە.

[178] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٣.

لـە رووخانـدنی سـولەیمان پاشـادا و ئاکـامی ئەمـەش سـەرکەوتنێك بـوو بـۆ دانیـشتوانە ئینگلیزەکانی ناو بەغدا.

لەلایـەن مەندووبەکـەی ئیمپراتۆریـاوە بـەپێی ڕێوشـوێنی لەبەرچـاوگیراو (عەبـدوڵڵا پاشـا–١٨١٠ – ١٨١٣) لـە پۆسـتەکەی سـولەیمان پاشـادا دانـرا و دانانەکەشـی کارسـازاندنێك بـوو لـە نێـوانی ئاسـتانە و فـەرمانڕەوا خۆجێیبەکـە (ڕیـچ) دا. تـوانیی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ بریتانییـەکان دروسـت بکـات و بریتانیـاش تـوانیی لەسـایەی فەرمانڕەوایی ئەودا بەشێوەیەك لەشێوەکان پلەوپایەی خۆی لەناو میسۆپۆتامیادا بەهێز بکات. لە ساڵی (١٨١٢) دا ناونیشانی "موقیمی بریتانیا لە بەغدا" گۆڕدرا بۆ "نێردراوی سیاسـیی بریتانیـا لـە عەرەبـستانی تورکیـا" بەمـەش کەرامـەت و گرنگییـەکی زۆرتـری وەرگرت.[179] لە هەمان ئەو ساڵەدا بریتانیا دوو مەرسـومی لـەلای پاشـاوە بەدەستهێنا، یـەکیان بـۆ ڕێگـە گـرتن بـوو لـە هـەڵهاتنی ئـەو دەریاوانانـەی بریتانیـا لـە بەسـرە دایمەزراندبوون، ئەوی تریشیان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هیندییانە بوو بۆ نیشتمانی خۆیان، کە وەك کۆیلە هێنرابوونە بەندەرەکەی بەسرە.[180]

ڕاستیی ئەوەی، کە عەبدوڵڵا پاشا دەستنیشانکراوی سـوڵتان بـوو، ڕێگـەی ئـەوەی نەگرت، کە ڕاپەڕینی کوشندەی لەدژ ئەنجام بدەن. هۆزە بەهێزەکانی (مونتـەفیق)، کە لەلایەن (حەمموود ئەلسامر)ی سەرکردەی داخ لەدڵیانەوە ڕێبەرایـەتی دەکـران، داوایـان دەکرد پاشا لابدرێـت و لەبریی ئەو (سەعید)ی کوڕە بچووکی سولەیمانی گـەورە دابنـرێ بە پاشا. لەمـەوە ململانەیـەکی خوێنـاوی سـەریهەڵدا. عەبـدوڵڵا بـەدیل گـیرا، بـەڵام کـە کوڕەکەی حەممود لە شەڕدا بریندار بوو مرد، عەبدوڵڵاشیان خنکاند.

لەژێر فەرمانڕەوایی (سەعید پاشا) دا، کە بە دوای عەبـدوڵڵا پاشـادا هـات (١٨١٣ – ١٨١٧) وڵاتەکـە لـە خراپیـەوە بـەرەو خـراپتر دەچـوو.[181] فەرمانڕەوایـەکی لاواز و

---

[179] Longrigg, op. cit., 255

[180] دەقەکان لە سەرچاوەکەی (Aitchison) دان، سەرچاوەی پێشوو، بەشی شەشەم، لاپەڕەکانی ١١–١٢.

[181] لەبارەی فەرمانڕەواییکردنی هەریەکەی پاشاکان: عەلی، سولەیمان، عەبدوڵڵا و سەعید، لە (١٨٠٢ تا ١٨١٧) بڕوانە :

Longrigg, op. cit., 221-238عەبدوڵلایان لێ دەربچێت، ئەوانی تر هەموویان بەهێز پاشایەتییەکەیان داگیرکردوە و ئیتر لەلایەن ئاستانەوە پشتگیری کراون. لەسـەردەمی مەملوکییەتـدا ئەمە نەریتێکی بـاو بـوو.زۆری پاشـا مەملوکییـەکان واقعییانـە بـوون و نەکەوتوونەتـە ژێـر قەڵـەمڕەوی فەرمانڕەواییکردنی سوڵتانەوە.

سەرکێش ، خەزێنەیەکی چۆڵ، کۆمەڵە رکەبەرێکی هەمیشە بەهێز و ئامادە، بوونە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئاژاوەیەکی بەربڵاو و بەهەرحاڵ لە دوواین چرکەکاندا (سەعید) یش گۆڕا بە (داوود ئەفەندی) یەکی چالاك و زیرەك، کە سەردەمی فەرمانڕەواییکردنی مەملووکییەکانی بە ئاکامێکی جوان کۆتایی پێهێنا.

وەك تاکەکەس و وەك فەرمانڕەوایش (داوود پاشا)(١٨١٧ – ١٨٣١) پلەوپایەیەکی بێ وێنەی هەیە لەناو مەملوکییەکانی ناو میسۆپۆتامیادا.[١٨٢] مەسیحییەکی خەڵکی گورجستانە و لەوێش لەدایکبووە. فرۆشراوە و فرۆشراوتەوە و دووایی هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بە موسڵمان، دواجار وەك خزمەتکار کەوتۆتەماڵی سولەیمان پاشای گەورەوە. بە توانا و ئاوەز و ئارامگرتنی خۆی، ئازادیی بەدەستهێناوە. لەناو حکومەتە ناوخۆییەکەدا چەندان پۆستی گرنگ و چاولەسەری بەدەستهێناوە، لە چەك بەکارهێناندا زۆر کارامە بووە، شای نامەنووسین بوو بە (عەرەبی و تورکی و فارسی) بیرکارێکی کارامەش بووە.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (سەعید پاشا)ی پاشاکەی پێش خۆیدا چەندان پۆستی گەورەی پڕکردۆتەوە، وەك (دەفتەرداری و کەهییە). کاتێك بە نەخۆشییەوە سەعید پاشا داوودی بێزار کرد، داوود پاشا کەوتە کاری جدی کردن بۆ ئەوە بتوانێت خۆی جێگەی سەرۆکەکەی بگرێتەوە. لە کاتێکدا، کە ئاژاوە کەوتبووە وڵاتەوە و گۆڕینی حکومەتییش بووبوو بە شتێکی پێویست، ئەم لەبریی هەڵگەڕانەوە و شۆڕشکردن، لە رێگەی یاسایی و ئاساییەوە، کەوتە پەیوەندی کردن بەئاستانەوە. ئەوەبوو بەپێی رێوشوێنی لەبەرچاوگیراو دەستنیشان کرا و لەبەرامبەر بەرەنگاریکردنەکانی سەعیدیشدا خۆیی گرت و ململانەی کرد بەدەستی یەکێك لە ئەفسەرەکانی داوود سەری سەعیدیش قرتێنرا_ و بەزوویی داوود وڵاتەکەی هێنایە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لە سولەیمان پاشای گەورە تێپەڕێت، لەژێر دەسەڵاتی هیچ پاشایەکدا هێندەی سەردەمی داوود پاشا وڵاتەکە لە ئاشتی و ئاسایش بەهرەمەند نەبووە. بەڵام پەیوەندیی ئەم لەگەڵ بریتانییەکاندا هێندەی پەیوەندیی پاشای گەورە باش نەبووە و بەگشتی پەیوەندییەکی زۆر ناپەسەند بووە.[١٨٣]

---

182 سەرچاوەی پێشو،لاپەڕەکانی :٢٣٩-٢٤٩ و ٢٦٠-٢٧٤.

183 لەبەرئەم هۆیەیە، کە لۆنگریگ لەناو کتێبی (For Centuries of Modern Iraq) دا چەند ناحەقییەك بەرامبەر بە داوود پاشا دەکات.

لەسەرەتاوە روانینی داوود پاشا لەبارەی کرێگرتەکەی ئینگلیزەوە لەوێ بەئاشکرا دۆستانە بووە. بەڵام دۆستایەتیی نێوانی پاشایەکی بەهێز و داهێنەر و عەمیلێکی زۆر هەستیار دەبێ هەر کورتخایەن بێت. ریچ لەگەڵ حکومەتی هیندیدا لە پەیوەندیدا بوو، سۆزیشی وابوو، کە رێگەی ئەم حکومەتە بەرەو کەنداوی فارس درێژبکاتەوە (کانوونی دووەمی ١٨٢٠). هەروەها لەگەڵ باڵوێزی بریتانیاش لە ئیستەنبوڵ لە پەیوەندیدا بوو و لەکێش و توانای ئەم باڵوێزەیش لەلای ئاستانە ئاگادار بوو. بۆیە ئەم "دووەمین پیاوی ناو عیراق بوو".[١٨٤] بەدیوەکەی تریشدا داوودیش بەتەنگ یەك شتی زۆر سەرەکییەوە بوو، ئەویش ئەوەبوو، کە دەبێ بەرێوەچوونی دەسەڵاتەکەی لەسەر بناغەی توانا راستەقینەکانی خۆی رابوەستێت. بۆیە بەداخەوە لەسەرەتاوە "ئاگای لە گۆڕانی سەردەمەکان نەبوو."[١٨٥]

کەمکردنەوەی چالاکی و کاریگەرییەکانی (ریچ) بەرێگای بۆچوونی ئاشتییانە، کارێکی نائومێدانەبوو. بۆیە پاشا هەڵوێستێکی بەهێزی لەدژی ئەم کرێگرتەیەی ئینگلیز و بریتانییەکان وەرگرت. دەزگایەکی تەواوی پێکهێنا بۆ خەملاندنی کاڵاکانی بریتانییەکان و بە بەکارهێنانی هێز، لە کاڵا و لە پارە باجی خەملێنراوی سەرشتەکانیانی لێدەسەندن. نارەزایی دەربرینە توندەکانی (ریچ) سووربوونی داوود پاشای لەسەر کارەکانی خۆی توندترکرد. ئەوەبوو لە ئاکامدا هەندێکی هێزەکانی پاشا پەلاماری دەزگاکەی (ریچ) – یان دا و دواییش دەستگیریان کرد. هەر بەزوویی حکومەتی هیندستان لەسەر کێشەکە کەوتە جموجووڵ و هاتوچۆ لە نێوان بەغدا و ئیستەنبوڵدا. ئەوەبوو لە مانگی مایسی (١٨٢١) دا رێگە بە ریچ درا وڵاتەکە بەجێبهێڵێت.

لەژێر گوشاری هەریەکە لە ئیستەنبوڵ و هیندستان دەبوو داوود پاش ملکەچ بکات. چونکە لە باشوور و لە رۆژهەڵات و لە باکوورەوە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە گەمارۆ دراوبوو، کە تیایاندا کاریگەریی بریتانیا تا ئاستێکی زۆر هەڵکشابوو. لەناو خوودی میسۆپۆتامیاشدا لە دوو دەیەی رابوردوودا بریتانیا بەرژەوەندیی باشیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو. بۆیە ئەو دەمە لەراستیدا بۆ هەر پاشایەك درەنگ بوو، کە بیەوێ رێگە لە

---

184 سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٥٦.

185 سەرچاوەی پێشوو، دەروازەی پێنجەم، بەشی ٢، لاپەرەکانی ٢٥٢–٢٦٢.

دامەزرانی کاریگەریی بریتانیا لەناو دۆڵی دوو روباردا بگریّ. بۆیە دوواجار داوود پاشا بەپێی قورسی و هێزی بارودۆخەکە ملی خۆیی چەماندەوە.

ئیدی ئەو مەرجانەی ئیمزاکرد، کە حکومەتی هیندی لەرێگەی نیشتەجێی بریتانیی ناو بەسرەوە بۆ ئاشتبوونەوە پێشکەشی کردبوو.[١٨٦]

هیچ پاشایەکی تری بەغدا نییە ئیمزای خۆیی خستبێتە سەر بەڵگەنامەیەك هێندەی ئەمەیان بۆ بریتانییەکان گرنگ بوبیّ. ئەم رێکەوتننامەیە مەرجی ئەوەی دانابوو، کە دەبیّ ئەو پارەو کاڵایانە بۆ بریتانییەکان بگەرێندرێنەوە، کە بەشێوەی هەرەمەکی لێیان سەندرابوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم رێکەوتنە لە بەندی یەکەمیدا جێگیر کرابوو. تیایدا پاشا بەڵێنی ئەوەی دابوو "پەیرەوی بکات لە هەموو ئەو مەرجانەی لەناو پەیماننامە ئیمپراتۆرییەکاندا و لەناو فەرمانە پاشاییەکانیشدا هاتوون، لەسەردەمی کۆن و ئێستایشدا" ئەو "مەرجانەش" هەر ئەوە نەبوون بە تەنها بۆ بریتانییەکان جێبەجیّ بکرێن، بەڵکو دەبوو بۆ ئەوانەش جێبەجیّ بکرێن، کە لەژێر پاراستنی بریتانییەکاندا بوون، یان هەریەکەی ئەو حکومەتانەی، کە سەر بە حکومەتی بریتانی بوون.(بەندەکانی ٧ و ٨).

ئەوەی ئەوان لەناو هەموو شتەکاندا مەبەستیان بوو، بریتی بوو لە دابینکردنی ئاسایشی ژیان، موڵك، باجی لەسەدا سیّ و جگە لەمانەش ئازادیی تەواوی بازرگانی کردن. پەیوەندیی سروشتی لەنێوانی داوود پاشا و (مێجەر تایلەر) ی جێگرەوەی (ریچ) دا دەستی پێکرد. بەڵام هەر زوو بەبەڵگە سەلمێنرا، کە ئیتر نە بریتانییەکان و نە ئاستانەیش تاقەتی ئەوەیان نەماوە لەبەرامبەر کەسێکی مۆدێل کۆنی بەهێزی وەکو داوود پاشادا هەڵ بکەن. ئەوەبوو لە ساڵی (١٨٢٤) دا داوای یارمەتییەکی پزیشکی و دەرمانی لە بریتانیا کرد و داواکەیشی"لەلایەن حکومەتی هیندییەوە" رەتکرایەوە. بە بەهانەی ئەوەی، کە ئەو کۆمەکە پزیشکییانە بۆ پاسەوانە مەملوکییەکانە.[١٨٧] بەڵام بێمتمانەیی راستەقینە و جدی لەلایەنی ئاستانەوە بوو. لەو دەمەدا سوڵتان موحەمەدی

---

[186] دەقەکەی لەناو سەرچاوەکەی ئایچیسندایە، سەرچاوەی پێشوو، بەشی شەشەم، لاپەرەکانی١٢-١٤، بەرواری لەسەر نییە. بەڵام بەپێی ئەو راستییانەی لەناو سەرچاوەکەی لۆنگریگدا باسکراون، سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٥ن، ٢٥٦ و ٢٦١ زۆر لەوەدەچیّ ئەو رێکەوتننامەیە لە ساڵی (١٨٢٢) دا هێنرابێتە ئاراوە. بەڵام لەوەش دەچێت درەنگتر و لە بەرواری (١٨٢٤) دا هێنرابێتە ئاراوە. بەرێکەوت ئەم کابرایە هیچ ئاماژەیەکی بەم بەڵگەنامە زۆر گرنگە نەداوە.

[187] سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٦١.

دووەم لەلایەن یەکێك لە پاشاکانی خۆیەوە بەزۆری بەرەنگاری دەکرا و قسەکانیشی پێشێل دەکرا، ئەو کەسەش (محەمەد عەلی) ی میسر بوو. سولتانیش نەیدەویست ئەم شتە پەرەبسەنێت و پاشایەکی تریش بەکردەوە سەربەخۆ ببێ.

لەمەوە موحەمەدی دووەم داوای لە داوود پاشا کرد، نمونەی حکومەتی مەرکەزی بکاتە سەرمەشقی خۆی و پاسەوانە ئینکیشارییەکانیش (پاسەوانی کۆنی پاشا) بگۆرێت بە مۆدێلی سەربازی هاوچەرخ. داوودیش یەکسەر گوێرایەڵی خۆیی پیشاندا (١٨٢٦). بەڵام سولتانیش بە ئارام دانەنیشت تا ئەوکاتەی، کە ئەو پاشایەی خۆی هەڵیبژاردبوو لەسەر تەختی پاشایی ناو حکومەکەی بەغدا دانیشت. ئەوەبوو لە کاتێکی درەنگی ساڵی (١٨٣٠) دا (عەلی رەزا پاشا) ی بەتوانا و خانەدانی کرد بەو کەسە هەڵبژاردەیەی خۆی دەیەویست. ئەوەبوو پاشای نوێ لە ئیستەنبوڵەوە بەسەرۆکایەتیی هێزێکی بچوك لە خزمانی خۆی بەرەو بەغدا کەوتەرێ، کە بۆ ئەوە پێکەونرابوون رێگەکەی لەگەڵدا ببڕن. بریتییش بوون لەو کەسانەی، کە لەناوخۆدا بێزراوبوون، یان بە گوشاری بەڵێن و هەڕەشەنێردرابوون لەگەڵیدا و زۆربەی سوپاکەی ئەویان پێکدەهێنا.

لەو دەمەدا داوود پاشا بەدەست رووداونی کارەساتێکی سەختەوە تووشی ساکان هاتبوو. لە مانگی نیسانی ساڵی (١٨٣١) دا پەتایەکی زۆر کوشندەی تاعوون دابووی بەسەر میسۆپۆتامیادا. بەتایبەتی شاری بەغدا زیانێکی زۆری لێکەوت، بۆ ماوەی دوانزە رۆژ ئەو شارە نزیکەی دوانزە هەزار کەسی لێ مرد. بۆ رێگەگرتن لەو مەرگە وێرانکارییەکی ترسناك بەسەر ماڵ و موڵکەکاندا هێنرا. هەر بە لافاوی رویاری دیجلە لەماوەی دوو رۆژدا هێندە خانو روخا، کە لە هەشت هەزار کەمتر نەبوو. "نەخۆشەکان مردووەکانیان دەناشت و خەڵکی واش هەبوو هێشتا زیندووبوو دەخرایە ناو گۆری بە کۆمەڵەوە."[188]

داوود پاشای نەخۆش و زۆر خەمۆك دەبوو، چاوی بە هێزەکانی کەسە نەیارەکەی خۆی بکەوێ و ئەو کاتە هەرچی پاسەوانی تایبەتی خۆی و سەربازی هەبوو لەو تاعوونەدا لە دەستی دابوون. بۆیە دەبوو لەبناغەوە پلانەکانی خۆی بۆ بەرەنگاریکردن دابرێژێتەوە. بە حوکمی کەمیی کاتەکەی، زۆربەی خەڵکە بەزیندوویی ماوەکەی ناو بەغدا، بەتایبەتی خەڵکە خانەدانەکان لە دەوری کۆبوونەوە. لە کاتی گونجاودا یارمەتییەکی باشی پیاوانی هۆزە بەهێزەکانیشی پێگەیشت. کاتێك لەسەرەتای مانگی

---

[188] سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٦٥-٢٦٧.

حوزەیراندا هێزە بێشوومارەکەی "عەلی رەزا پاشا" گەیشتنە دەروازەکانی باکووری شاری بەغدا، شارەکە خۆیی بۆ نواندنی بەرەنگارییەکی سەخت ئامادەکرد. بەڵام عەلی رەزای بە ئاوەز پێیباش بوو چاوەڕوان بکات و هەر لەسەرەتاوە خۆی لەنانەوەی ململانەیەکی وا لابدات، کە لەوانەیە دانیشتنە چاوەڕوانکراوەکەی خۆیی لەسەر تەختی پاشایی لێ تێکبدات. بارودۆخەکەی ناو بەغدا وایلێهات توانای بەرگەگرتنی تێدا نەمایەوە. سوپا گەمارۆدراوەکەش پرزەی لێبڕا، بۆیە ئیتر مەرجی ئەوەیان بۆ دانرا، کە ئەگەر ئەو کەسانەی بەرەنگاری دەکەن، خۆیان نەدەن بە دەستەوە، ئەوا شارەکە دەکەوێتە بەر ئەگەری پەلامارێکی لەپڕەوە. لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا دەستی بەسەردا گیرا و حوکمی داوود پاشایش، کە دوایین پاشای مەملووکی بوو بە کۆتایی گەیەندرا.[189] ڕووخانی داوود لە ساڵی (١٨٣١) دا بوو بە کۆتاییەك بۆ رۆڵی پاشا سەربەخۆکانیش. لەوە بەدواوە بەناو و بە کردەوەیش سوڵتان خۆی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی دەکرد. ئیمتیازدان بە بریتانییەکان بە راوێژکردن بە ئەو دەکرا و ئیتر پێویستی بەوەش نەدەکرد پاشا رەزامەندییەکی لاوەکی لەسەر داواکانی بریتانییەکان لەناو میسۆپۆتامیادا دەربڕێ. لێرە بەدوواوە هەر پاشایەکی داخ لەدڵ و بەهێز دەیتوانی گرفت بۆ بریتانییەکان دروست بکات، بەڵام کەسێك نەمابوو بتوانێ ئەوەیان بەرامبەر بکات، کە داوود یان سولەیمانی بچووك کردیان، هەر کەس ئەوەی کردبا، یەکسەر لە فەرمانگەکەی خۆی وەدەردەنرا. لەوێ بەدواوە ئیتر سوڵتان پاشاکانی دادەنا و لایشیدەبردن.لەبەرئەوەی لە ساڵانی تری سەدەکەدا ئیتر کاریگەریی بریتانیا لەناو ئاستانەدا لایەنێکی زاڵ بوو، قەواڵەی نوێی داڕشتنەوەی میسۆپۆتامیاش بەڕوون و ئاشکرایی بەپێی خواستی بریتانییەکان بوو. ئەزموونی سەختی داهاتوو بۆ بریتانییەکان بەهۆی سەرهەڵدانی هێزی گەشەکردووی رووسیا لە رۆژهەڵاتەوە پەیدابوو.

---

[189] داوودی بەزیو لەلایەن عەلی رەزای سەرکەوتووەوە رێز و خۆشەویستییەکی بەرچاوی لێگیرا و ئەمجا بەپێی سیاسەتی لێبوردنی مەملووکی بە دەستبەسەری ناردی بۆ ئیستەنبوڵ، لەوێش لەماوەی نزیکەی ساڵێکدا جارێکی تر لەلایەن ئاستانەوە دامەزرێنرایەوە و بەڵام هەرگیز نەنێردرایەوەبۆ میسۆپۆتامیا، بەڵکو کرا بە (والی)ی بۆسنیا، پاشان بوو بە ئەنجومەنی دەوڵەت لە ئیستەنبوڵ، والیی ئەنکەرە، دواجاریش لەسەر داوای خۆی خرایە پۆستێکی زۆر بەهادار" پاسەوانی شوێنە پیرۆزەکانی مەدینە" و هەر لەوێ مایەوە تا لە ساڵی (١٨٥١) دا مرد. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٢٧٣–٢٧٤.
لەبارەی دواڕۆژەکانی حوکمکردنی داوود پاشایشەوە لە بەغدا بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٢٦٧–٢٧٤.

بەشی پێنجەم

پاڵنەرەکانی
رووسیا و دامەزرانی باڵادەستیی بریتانییەکان
لە ١٨٣٠- ١٨٦٠

پاڵنەرەکانی رووسیا و
دامەزرانی باڵادەستیی بریتانییەکان لە ١٨٣٠- ١٨٦٠

ململانەکەی نێوانی ئینگلتەرە و رووسیا لە رۆژهەلاتی نزیک و ناوەراستدا لە دەوروبەری ساڵی (١٨٣٠) دا دەستی پێکرد و لە شەست ساڵی پاشتریشدا قەبەتر بۆوە و لەساڵانی (١٨٩٠) ەکاندا دابەزییەوە و لە دەوروبەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بە سەرهەڵدانی ململانەیەکی نوێی تری "ئەنگلۆ-ئەڵمانی" جێگەکەی پێگیرایەوە. کاریگەریی گەورە و زۆر درێژخایەنی خۆیی خستە سەر تەواوی ئەو وڵاتانەی، کە لە رۆژهەلاتی ئۆرووپاوە دەست پێدەکەن، تا دەگەنە سنوورە رۆژئاواییەکانی هیندستان. رەنگدانەوەی بەرەنجامەکانیشی کەوتە سەر بەشێکی زۆری ئیمپراتۆریای عوسمانی. ئەو بەشانەی ئیمپراتۆریاکە، کە دەکەونە سەر کەنارە رۆژئاواییەکانی دەریای سپیی ناوەراست بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن چەند نووسەری گەورەو جۆراوجۆرەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە. تەنانەت ئەو ئەنجامانەشی، کە کەوتنە سەر ئێران و ئەفغانستان، کەمێکیش ئەوانەی سەر هەردوو کەنارەکەی دەریای (قەزوین) لەلایەن چەند دەزگای هاوچەرخەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. بەڵام میسۆپۆتامیا، کە بەردێکی بناغەی ناوچەی نێوانی رۆژهەلاتی نزیك و ناوەراستە، لەنێوانی زەوییەکانی کەناری رۆژهەلاتی دەریای سپیی ناوەراست و زەریای هیندیدا گرنگییەکی کەمی پێدراوە. تەواوی ئەم بەشەمان تەرخان کردووە بۆ باسی ئەم چەقە سەرەکییەی ناوچەی ململانەی ئەنگلۆ-رووسی.

١. چالاکییەکانی رووسیا

رووسیا لە سەردەمی پیتەری گەورەوە بە چەند بەهانەی جیاجیا هەوڵی ئەوەیداوە هەرچۆن بێت ئێران لە تەواوی هەرێمەکانی خۆی بێبەری بکات، کە رێگاکانی تری بەردەستی شکستیان خواردبێ، کۆی لەوە نەکردۆتەوە پەنا بۆ توندوتیژییش بەرێ. مێژوو گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدات، کە بەمشێوەیە و لە قەواڵەیەکی پەیرەودار و جێگیردا، ئەگەرچی لەسەر خۆییش بێت ئەرکی ئەم بێبەری کردنەی ئێران لەلایەن

پیتەری گەورەوە بۆ ئەو کەسانەش گواستراوەتەوە، کە بەدوای ئەودا بوونەتە فەرمانڕەوا. بۆیە(و. پ. ئەندریۆ لە ساڵی ١٨٧٨)[190] و نۆساڵ پاش ئەویش (گ. ن. کەرزن) هەمان بۆچوونمان بۆ دووبارە دەکەنەوە، کە : "ئەو خەونانەی پیتەری گەورە بەو ئەستەمییە گەلاڵەی کردبوون لە پرۆسەیەکی بە واقعکردنەوەدا سەدهێندەی خۆیان هێنرانەدی."[191] بەلام تا ئێستەش هیچ کام لەو نووسەرانە قسەیەکی وایان لێ وەرنەگیراوە، کە بە بەڵگەیەکی باش و روون بیسەلمێنێ، کە ململانەی ئەنگلۆ-رووسی ئەو رۆژگارەی ئەوان لەلایەن پیتەری گەورەوە رەنگرێژیی بۆکرابێ.

زۆربەی ئەو بانگەشانە یان ئەوەتا پشتیان بە وەسێتنامە قەڵبکراوەکەی(دواکاری و خواستەکەی) (تزاری گەورە) بەستووە، یان ئەوەتا لەوەوە پاڵپشتییان بۆ خۆیان پەیداکردووە. بەندی هەشتەمی ئەم بەڵگەنامە فزوولییە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

"لەیادتان نەچێت، کە بازرگانییەکەی هیند بریتییە لە بازرگانیی جیهان، بۆیە دیکتاتۆرەکەی ئۆرووپا بەتایبەتی دەتوانێت بیباتە ژێر رکیفی خۆیەوە. بۆ ئێمەش نابێ هیچ هەلێك بۆ بەرپاکردنی شەڕی دژی ئێران لەدەست بدرێ. بۆئەوەی پەلە لە روخاندنەکەی بکرێ، بۆئەوەی لە کەنداوی فارسیدا پێشکەوتن بەدەستبهێنین، بۆئەوەی بتوانین هەوڵ بدەین بازرگانیکردنە کۆنەکەی خۆمان لەگەڵ رۆژهەلاتدا لەرێگەی سوریاوە دەست پێبکەینەوە."

بێگومان ، ئەو بەندەی چواردەیەمی وەسێتنامەکە، ئەگەر رەسەن بێت(راست بێت-و)، ئەوا دەبێتە بەڵگەیەکی قایلکار بۆ پلانەکانی پیتەر لەبارەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە.[192] بەلام بە روونی دیارە، کە بەڵگەکە رەسەن نییە. کۆنترین باسی ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن (م. لێژە– M. Lesur) ەوە کراوە، کە لە کتێبی (Des Progre's de la Puissance Russe) دا، کە لە پاریس لە ساڵی (١٨١٢) دا بلاوی کردۆتەوە.

---

[190] Andrew, W. P. India and her Neighbours (London, 1878), 320- 326.

[191] Curzon, G. N. , Russia in Central Asia in 1889, and Anglo-Russian question (London, 1889), 413.

[192] Colquhoun, A. R., Russia against India (New York and London, 1900), 238- 242; Sykes, op. cit., II, 244-246.

یۆجین شیولەر(Eugene Schuyler) بەشێوەیەکی گونجاو لەبارەی ئەم کتێبەوە قسەدەکات و دەڵێ: " کتێبێکە تەنها بۆ ئەوە نووسراوە بەهانە بۆئەوە دروست بکات رووسیا لەلایەن ناپلیۆنەوە داگیربکرێت."[193]

بەڵام سەرباری ئەوەش ئەو بەڵگەنامەیە گرنگییەکی مێژوویی تەواوی هەیە. لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی جەماوەری وەك شتێکی رەسەن پەسەندکراوە، بەتایبەتییش لەلای بریتانیای مەزن بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی (کرم- قرم ١٨٥٤-١٨٥٦) و هەڵگیرسانی شەڕی تورکیا و رووسیای ساڵی (١٨٧٧-١٨٧٨)و ئەو بیرۆکەیان لەلا بڵاوبۆوە، کە ئامانجی تزار لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەوەبووە ئەو ئاواتانە بهێنێتەدی، کە لە وەسیەتنامە هەڵبەستراوەکەی پیتەردا ئاماژەیان پێدراوە.

درەنگتر و لەساڵی (١٩١٩) دا (ئەنگووس هامیلتن) ئاماژە بە وەسیەتنامەکە دەکات و دەڵێ رەسەنە.[194] تەنانەت زۆر نووسەری گومانکاری تریش هەن، کە بە (قەڵب-تەزویر) ناوی دەبەن، ئاماژەیەك بەوە نادەن، کە بنەمای ئەو گومانەیان لەکوێوەیە.[195] هەروەها ئیمپریالیستە پرۆفیشناڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمینیش، وەك رووسیا و بریتانیا وا راهاتبوون جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە ئەو بەڵگەنامەیە وەك نووسراوی رەسەنی پیتەری گەورە پیشان بدەن. سێر پێرسی سایکس درەنگ لە ساڵی (١٩٢٠) دا دەڵێ: "لەوانەشە تەزویرکراوبێ، بەڵام بێگومان لەلای ئێرانییەکان و زۆربەی رووسەکانیش، رەسەنە." هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێ: هەمیشە دەتوانرێ وێنەیەکی ئەو بەڵگەنامەیە لەناو نامە تایبەتەکانی باڵوێزخانەکانی رووسیای سەردەمی حوکمی تزاریدا بدۆزرێتەوە.[196]

بەدڵنیاییەوە چەند نمونەیەکی راستەقینە لەسەر بەرژەوەندیی کۆنی روسیا لەناو رۆژهەڵاتدا هەن. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی شانزەدا (دۆقی گەورەی مۆسکۆ) تەماحی ئەوەی هەبوو چەند رێگایەکی بازرگانیکردن بەناو رووسیای رۆژهەڵاتدا بەرەو هیندستان پەرەپێبدات. بەڵام تا سەدەی هەژدەیەم هیچ شتێك لەو تەماحانەی ئەوەوە

---

[193] Competent Exposure of its forgery is in Schuyler, Eugene, Peter the Great (New York), II, 512- 514.

هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوەیەش:

Colquhoun. op. cit., 238.

[194] Hamilton, Angus, Problems of the middle East(London, 1919), 62.

[195] Curzon, op. cit., II, Sykes, op. cit., II, 232.

[196] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سەوز نەبوو.[197] ئەمجا لە ساڵی (١٧١٧) دا پیتەری گەورە سەرکارێکی تایبەتی دامەزراند، کە کوڕی میری قەوقاز بوو، رایسپارد، کە رێگای (ئامو دەریا) تا باکووری ئەفغانستان بگەڕێت و ئاشکرای بکات. بە شەش ساڵ پاش ئەوە هەر هەمان تزار بازرگانێکی ئینگلیز(پیتەر هێنری برووس) ی دامەزراند و دەستنیشانی کرد بۆئەوەی رووپێوی دەریای قەوقازی بۆ بکات. سێیەمین کەسی بەرچاوی راسپێردراو بۆ ئەم مەبەستە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (ئەلیزابیسی تزار) دا بوو(واتە القیصرە الیزابیپ— و)، کە کرێگرتەکەی ئەمیش هەر بازرگیانێکی ئینگلیز بوو(جۆن ئیلتن) و گەشتێکی بەسوودی بۆ هیندستان ئەنجام دا. هەروەها تەنانەت چوو ئامۆژگاریی کۆمپانیای رۆژهەلاتی هیندستانی ئینگلیزییشی کرد، کە بچن ئاوریشم و کالاکانی تریش لە رێگەی رووسیاوە هاوردە بکەن. بەلام سەرباری ئەوەش پەیوەستبوونی ئیلتن بە کۆمپانی ئینگلیزییەکەوە و خەون و تەماحە تایبەتییەکانی خۆی گومانی خانمی ئیمپراتۆریان جولاند و ئەمیش لە ساڵی (١٧٤٦) دا رێگای ناو هەرێمەکانی خۆیی لە بازرگانیکردنی ئینگلیزەکان لەگەڵ رۆژهەلاتدا قەدەغە کرد.

بەجیا لەم رووداوە ئاشتییانە، کە پێناچێت هیچ ئەنجامێکی گەورەیان لێ کەوتبێتەوە، چەند رووداوێکی شەڕئامێزیش هەبوون، کە هەندێ دەستکەوتی ناوچەییان بۆ رووسیا تێدابوو. هەریەکەی پیتەری گەورە و کاترینی گەورە یەکی چەند شار و ناوچەیەکیان لە باکووری ئێران بۆ خۆیان دابڕی، بەتایبەتییش لەو هەرێمەدا، کە دەکەوێتە نێوانی هەردوو دەریای رەش و قەزوینەوە و پێیدەگوترێ"ترانس قەوقازیا". شارەکانی وەك (ئەستراخان و دەربەند) پارێزگاکانی (داغستان، شیروان، گیلان و مازەندەران)، هەروەها شارەکانی (رەشت و ئەستراباد) هەموویان لەکاتی جیاجیادا و لە سەدەی نۆزدەدا داگیرکران.[198] بەلام وەك دەرکەوت، ئەمانە دەستکەوتی کاتی بوون و دەبوو بەدوای سەدەی نۆزدەدا بگەڕێنرێنەوە.

باسێکی وا هەیە، کە لە ساڵی (١٧٩١) دا لەلایەن کاترینی دووەمەوە پلانێك بۆ داگیرکردنی هیندستان لەبەرچاو گیرابێ، بەلام هەرگیز پیادەنەکراوە. یەکەمین پلانی

---

[197] Birdwood, op. cit., 195-196; Rambaud, Alfred and four other collaborators, The Case of Russia (New York, 1905), 62-63; Colquhoun, op. cit., 2-9.
[198] Rambaud, op. cit., 62-63; Schuyler, op. cit., II, 457-480.

بەناوبانگی داگیرکردنی هیندستان، ئەوەی (پۆڵی یەکەم) بووە، لە مانگی کانوونی دووەمی (١٨٠١) دا، ئەمیش هەر باسی کەشەکەی و سەرنەکەوتنەکەی لەئارادایە.[199]

ئیتر لە ڕێککەوتنەکەی (تیلزیت) دا لە (١٨٠٧) دا ناپلیۆن و تزار (ئەلێکساندەری یەکەم) پلانی ئەوەیان دارشت، کە بە هاوبەشی و یارمەتیی ئێران پەلامارێکی هاوبەشی هیندستان بدەن. بەڵام هەر بە ماوەیەکی کەمی پاش ڕێکەوتنەکە رووسیا و ئێران لێیان لادا و پرۆژەکەشیان هێنایەوە سەر سفر.[200]

هەموو ئەو پلانانە بۆ داگیرکردنی هیندستان و پرۆژە بازرگانییەکانی پیتەر و ئێلیزابیس و داگیرکارییەکانی پیتەر وکاترینی دووەم بۆ ناوچەی قەوقاز هەموویان کاری پچرپچڕ و ئاکامی تیمارکردنی ڕووداوەکان بوون و بریتی نەبوون لە پلانی تۆکمە و یەکگرتوییەکی پێویستیان نەبوو. هەموویان لە بناغەوە هیی ئەو "ڕژێمە کۆن"ە بوون، کە لەگەڵ هاتنەسەرکاری (ئەلێکساندەری یەکەم) لە ساڵی (١٨٠١) دا سەردەمەکەی بەسەرچووبوو. لەپاش ئەم بەروارەوە و بەتایبەتییش لەپاش ساڵی (١٨١٣) ەوە سیاسەتەکانی رووسیا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتێکی ئیمپریالیستییانەو فراوانخوازانە بووە. لەوانەشە ئەمە هەمووی هاوشێوە و ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکانی پیتەری گەورە بووبێ، بەڵام راستەوخۆ لەوەوە پەرەی نەسەندووە.

ئەوە لەلای هەمووان روونە، کە دەرکەوتنی ئیمپریالیزمیەتێکی نوێتری رووسیا لە ئەنجامی ململانەکەی نێوانی (بریتانیا و رووسیا) وە بووە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتدا. بەڵام داخۆ بریتانیا چەند بەزوویی کاردانەوەی لەبەرامبەر ئەو ئیمپریالیزمییەدا نواندووە، ئەوە هێشتا پرسیارێکی کراوەیە و بەدووای وەڵامدا دەگەڕێ. لەوانەیە (D. C. Bougler–بۆگلە) تاکە کەسێکی بەرپرس بێ پێشنیاری وەڵامێکی لەم شێوەیەی خوارەوەی بۆ ئەم پرسیارە کردبێ و بەباشییش پێکابێتی، ئەوەتا وتویەتی: "تا دەمی

---

[199] بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕە ٤١.

200 هێشتا پلانی تر و درەنگ وەختتریش هەبوون بۆ داگیرکردنی هیندستان، وەك ئەوەی کاتی پەلامارە هاوبەشەکەی رووسیا و ئێرانی ساڵی (١٨٣٧) بۆ سەر (هێرات) و وەك ئەوەی سەردەمی شەڕی (قرم–١٨٥٥) و ئەو دەمەیش، کە بریتانیا نەیاربوونی خۆیی بۆ هاوپەیمانێتیکردنەکەی رووسیا و تورکیای (سان ستیڤانۆی ساڵی ١٨٧٨) دەربڕی، بەڵام هیچ کامی ئەم پلانانەش هیچیان لەوانەی پێش خۆیان پتر لێ سەوز نەبوو. :

Curzon, op. cit., 324-330.

ئیمزاکردنی پەیماننامەی گوڵستان هیچ ململانەیەك لەنێوانی بریتانیا و رووسیادا نەبووە." بەڵام قسەیەکی تری هەیە بەڕاستی زۆر گومان هەڵگرە، کە دەڵێت "پەیماننامەکەیساڵی ١٨١٣ ی رووسیا و ئێران بووە سەرەتای لەدایکبوونی ململانەی ئەنگلۆ- رووسی".[201]

سەرکەوتنەکانی ئەلیکساندەر تاساڵی (١٨١٣) بەسەر ئێران و تورکیادا، نە بوونە هۆی بەرپاکردنی دووژمنایەتیی لایەنی ئینگلیزی و نە نیازی خراپیشیان لای دروست کرد. چونکە بریتانییەکان پێشوەخت گرفتار و سەرقاڵی ململانەکردنی ناپلیۆن بوون و لەم رووەوە پێیان باش بوو، کە وەك هاوپەیمانێکی چاوەڕوانکراو بڕواننە رووسیا، نەك نەیارێکی گریمانکراو. بۆیە ئەو سەرکەوتنانەی رووسیایان وەك مەترسی بۆسەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی خۆیان سەیر نەکردووە. بۆیە کاتێکیش هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئێراندا دروستکرد(لەساڵی ١٨٠١) دا ئازایانە خۆیانیان لەوە لادا بەڵێنی هیچ یارمەتییەکی فریاگوزاری بدەن بە ئێران ئەگەر رووسیا پەلاماری ئێرانی دا. بۆیە کە لە نزیکەی چوار ساڵ پاش ئەو هاوپەیمانێتیکردنەدا ئەو دوژمنکارییەی رووسیاش روویدا، ئەمان بۆ خۆیان لەدواوە دانیشتبوون و ئێرانییەکانیان سپاردبووە دەستی چارەنووسی خۆیان.[202] تەنانەت پاڵەوانە بە هەڵپەکەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەناو ئێراندا(جۆن مالکۆڵم) پێشنیاری ئەوەی کرد، کە بە ئۆیندەیی بریتانیا دانووستاندنێکی ئێرانی و رووسی دەست پێبکرێ، بەڵام لەوبارەیەشەوە هیچ دڵنیا نەبوو، کە داخۆ ئەگەر رووسیا ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە، دەبێ بریتانیا چی بکات.[203] "لەسەر داوای فەرمانڕەوای گشتیی گورجستانی رووسی، سێر گۆر ئۆوزلی هەوڵە باشەکانی خۆیی خستەگەڕ ئەوەبوو لە رۆژی (١٢/١٠ تشرینی یەکەم /١٨١٣) دا پەیماننامەیەك ئیمزاکرا. ئاکامەکانیشی کارەساتباربوون بۆ ئێران، چونکە بەهۆیەوە ئێران ئەم شوێنانەی لەدەست دا: دەربەند، باکۆ، شیروان، شاکی، قەرەباخ و بەشێك لە تالیش و هەروەها هیچ بەهانەیەکیش بەدەستەوە نەهێڵرا لەسەر ناوچەکانی گورجستان، داغستان،

---

[201] Boulger, D. C. , England and Russian in Central Asia (London, 1879), II, 339-340. The Concluding Chapter of vol. II, 337-373, on "the rivalry of England and Russia" is quite instructive.

[202] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٧.

[203] نامەکانی مالکۆڵم بۆ لۆرد مینتۆ، سەرکەوتنەکەی هیندستان، ٢٣ ی تۆڤەمبەری ١٨٠٧. بڕوانە: Kaye. Op. cit., I, 397

مینگرێلیا، ئیمێریشیا و ئەبخازیا، هەروەها ناڕاستەوخۆ، بەوەیش قایل کرا، کە هیچ چالاکییەکی دەریاوانی لەناو دەریای قەزویندا ئەنجام نەدات."[204]

ئەمانە تێزەکانی ناو پەیماننامەی (گوڵستان) بوون، کە بەهۆیەوە کۆتایی بە شەڕێکی درێژخایەنی نێوانی رووسیا و ئێران هێنرا(١٨٠٤– ١٨١٣)[205] ئەم پەیماننامەیە دەروازەی بوونی کاریگەرییەکی رووسییانەی بەسەر ئێراندا ئاوەڵاکرد. بەڵام دەروازەی هیچ جۆرە ململانەیەکی (ئەنگلۆ– رووسی)یشی نە لە ئێران و نە لە هیچ شوێنێکی تری ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەکردەوە. هەروەها بە ئۆیندەیی و میانەکاریی باڵوێزی بریتانیا لە تارانیش پێکهێنرا و بەتەواوەتییش لەگەڵ سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەو دەمەی بریتانیادا تەریب و رێك بوو.

لەودەمەدا بریتانیا بەتەواوی بە ململانەکردنی تەك ناپلیۆنەوە سەرقاڵ بوو، لەچاو ئەم مللانەیەیدا هەموو کاروبارە دەرکییەکانی تر، لەچاو ئەم ململانەیەدا بۆ ئەم وڵاتە شتێکی ناوەندی بوون. ئەو ململانەیەی دژی ناپلیۆن سەرەکیترین سەرقاڵیی زۆربەی ئۆرووپابوو. بە پەیماننامەکەی (کالیش–٢٨/ شوویات–فەبرایەر/ ١٨١٥) هاوپەیمانێتییەکی خۆپاراستن و پەلاماردانیش لەنێوانی (رووسیا و پرووسیا) دا گرێدرا. لە مانگی مارسدا بریتانیای مەزن سویدی لە دژی ناپلیۆن هێنایە ریزی خۆیەوە. لە رۆژی پانزەی حوزەیرانیشدا پەیماننامەیەکی کۆمەکپێکردنی دارایی لەگەڵ هەردوو وڵاتی رووسیا و پرووسیادا ئیمزاکرد. دوواتریش لە بەرواری (٢٥/ مارس/ ١٨١٥) دا و بە سەد رۆژ هاوپەیمانێتییەکی چوارلایەنە لە دژی ناپلیۆن لە نێوانی "بریتانیای مەزن، رووسیا، پرووسیا و نەمسا" دا پێکهێنرا. لەو بەروارەش بەدوواوە نیشتەجێکردنی دوژمنکارانەی روسیا لەناو ئەو شوێنانەدا، کە ناکۆکیی هەبوو لەسەریان لەگەڵ هەریەکەی ئێران و تورکیادا[206]، بەلای بریتانیاوە لەبریی ئەوەی مایەی نیگەرانی بن، مایەی پەسەندکاری و

---

[204] Sykes, op. cit., II, 314.

[205] ئەم پەیماننامەیە لەناو کەمپێکی رووسی، لە نزیکی شاری گوڵستان لەناوچەی قەرەباخ ئیمزاکرا، لە رۆژی (١٢/١٠/ ئۆکتۆبەر/١٨١٣) و لە رۆژی (١٥/٩سێپتێمبەر/١٨١٤)یش لە تەفلیس پەسەند کرا، دەقەکەشی لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا هەیە:

Aitchison, op. cit., XII (1909), Appendix V, PP. XI-XIV.

[206] بە گرێدانی پەیماننامەی (بوخارست) روسیا شەڕە پچڕپچڕەکەی خۆیی لەدژی تورکیا کۆتایی پێهێنا، کە نزیکەی شەش ساڵی خایاندبوو. بەپێی ئەم پەیماننامەیەش (باسرابیا)ی کردە پاشکۆی خۆی و تەواوی مافەکانی ناوچەی (ڤالاچی و مۆڵداڤیا)شی بەدەستهێنا.

ڕەزامەندی بوون. لەمەوە ڕووسیا دەیتوانی هەموو تواناکانی خۆیی تەرخان بکات بۆ ململانەکردن لە دژی دوژمنە باوەکە. بۆیە سالانی (١٨١٣- ١٨١٥) سەرهەلدانی هیچ جۆرە ململانەیەکی نێوانی "ئەنگلۆ- ڕووسی" ی بەخۆیەوە نەبینی.

لە چەند سالی پاش ئەوەشەوە، ئەو هاوپەیمانانە لە بنەڕەتەوە سەرقالی سازکردنی (کۆنسێرتێکی ئەوروپییانە) بوون، کە بۆخۆیان سازیان کردبوو، بۆئەوەی بتوانن لەڕێگەیەوە پەی بە ڕووخاندنی بۆناپارت بەرن.

دەبوو سنوورە نوێیەکان و کۆشکە پادشاییە تازەگەڕێندراوەکان و بیروباوەڕە بوژێنراوەکان بپارێزرێن، ئەمە ئامانجی هاوپەیمانێتییە چوارلایەنییەکەی (١٨١٥) بوو. هەر بە هەمان شێوەیش لەناو کۆنگرەی(ئاکیس لا چاپێل - ١٨١٨) و لەوەی(ترۆپاو و لایباخ - ١٨٢٠ - ١٨٢١)دا ، لە هەموویدا بریتانیای مەزن و ڕووسیا دوو هاوبەش و پێکەوە بوون. تا مانگی تشرینی یەکەمی سالیّ (١٨٢٢) کە کۆنگرەی (ڤیرۆنا) سازدرا و لەمەیاندا بریتانیا لە (کۆنسێرت)ەکە پاشەکشەی کرد و لەوکاتەشدا ڕووسیا لەناو ڕۆژهەلاتدا هیچ هەنگاوێکی وای هەلنەهێنایەوە، کە ترسی بریتانیا بوروژێنێت.

بەلام لە دەمانی سالانی (١٨٢٠)ەکاندا بوو، کە ڕووسیا چالاکیی دوژمنکارانەی خۆیی لەدژی تورکیا و ئێران دەست پێکرد و لەمەشەوە ململانەی ئەنگلۆ- ڕووسی بەڕاستی سەریهەلدا. لە شەڕی سالانی (١٨٢٦ - ١٨٢٨) دا، کە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی سەر سنوورەوە ڕووسیا لەشەڕی دژ بە ئێرانەوە گلا و لەشەڕەکەشدا ڕووسیا سەرکەوتنێکی زۆر گرنگی بەسەر ئێراندا بەدەستهێنا. لە دەوروبەری ماوەی یەک سالی تردا ڕووسیا کەوتە شەڕکردنی دژی تورکیا. لە ئەنجامی ئەم شەڕەشەوە ڕووسیا کۆمەکی دەبەخشییە هەلگەڕانەوەخوازە یۆنانی و سربی و ڕۆمانییەکان. تورکەکان بەزین و بەهۆی ڕێکەوتننامەی (ئەدریانۆپل- ١٨٢٩) وە ڕووسیا دەستی گرت بەسەر ئەو میرنشینە ڕۆمانییانەدا، کە لە ئاستانە دابڕێندرابوون. بەلام سەرکەوتنەکەی بەسەر ئێراندا زۆر کاریگەرتر و یەکلاکەرەوەتر بوو لە سەرکەوتنەکەی بەسەر تورکیادا، بۆیە بەپێی بەراورد، ڕێکەوتننامە ڕووسی و ئێرانییەکەی (تورکومانچی- شوویاتی ١٨٢٨) زۆر سەختتر و توندتر بوو لە ڕێکەوتننامەکەی (ئەدریانۆپل). لە ڕاستیدا لە تورکومانچی دوو ڕێکەوتننامە سازکران، یەکەمیان سیاسییانە بوو، ئەوی تریشیان بازرگانییانە بوو. ئەوەی یەکەمیان زۆر گرنگتر بوو. هەر ئەوەشیانە، کە هەموو جارێك وەك ڕێکەوتننامەی

(تورکومانچی) ناوی دەهێنرێ.[٢٠٧] ئەمەیان ئاشتی و هاوڕێیەتیی لەنێوانی رووسیا و ئێراندا بەرپا کرد و رێکەوتننامە پێشووەکەی (گولستان) یشی بە (بەندی یەکەم و دووەم) ی هەڵوەشاندەوە. شارەکانی ئەریڤان و نەخشیڤانیان وازلێهێنا بۆ رووسیا و سنوورەکانی نێوانی رووسیاو ئێران بەو شێوەیە ناسێنران و جێگیرکران، کە سنووری رووسیا هەموو ئەو شار و ناوچانەی تێدابێ، کە لە بەندەکانی (٣ و ٤ و ٥)ی رێکەوتننامەکەی گولستاندا وا دیاریکراوبوون، کە لەلایەن رووسیاوە بەدەستهێنراون.[٢٠٨] ئێران قایل بوو بڕی (سی ملیۆن رۆبڵی زیو)وەك قەرەبوو بدات و بەودیویشدا رووسیا (میر عەباس میرزا)ی وەك نوێنەری خۆیان بۆلای کۆشکی ئێران ناساند (بەندی حەوتەم). لە کاتێکدا، کە کەشتییە بازرگانییەکانی هەردوولا بۆیان هەبوو بچنەناو دەریای قەزوین، مەرجی ئەوەشی لەگەڵدابوو، کە تەنها رووسیا بۆی هەبێت کەشتیی جەنگیی خۆی بباتە سەر ئەو ئاوە (بەندی ٨).

ئەمانە بەندە سەرەکییەکانی رێکەوتننامە سیاسییەکە بوون. ئەو بەندانەی تر، کە دەمێننەوە هەشت دانەن (هەموو رێکەوتننامەکە پێکەوە شانزە بەندە) و گرنگییەکەیان لەچاو ئەمانەدا، کە باسمان کردن ناوەندیین. هەروەها تایبەت بوون بە مەسەلەکانی وەکو نوێنەرایەتیکردنی دیپلۆماتی، پاراستنی بازرگانی، قەرزدانەوەی ئێران بە رووسیا، نیشتەجێکردن و چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی، کە لە ئەنجامی هەموارکردنەوەی ناسنامەی هەرێمە تازەکانەوە سەرهەڵدەدەن، دیلەکانی جەنگ، ئاسایش و پەسەندکردنی بەڵگەنامەکە. پەیماننامە پاشکۆیە بازرگانییەکەیش چەند دابینکردنێکی ئاڵوگۆڕکراوی بۆ هەردوولا تێدابوو[٢٠٩] بۆ ئاسانکاری و پاراستنی بازرگانیکردنی نێوانی دوو وڵاتەکە و هەردوولا بەڵێنیاندا، کە بڕی باجی لە (٥٪) زیاتر لە یەکتر وەرنەگرن. هەروەها ماف و رێگرییەکانی هەریەکەی نوێنەری دیپلۆماتیی رووسیای لەناو ئێران و

---

[207] دەقی رێکەوتننامەکە (بە ئینگلیزی و بە فەرەنسی) لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدایە:
Aitchison, op. cit., XII, Appendix VI, PP. XV-XXXIII. Only the political treaty is reproduced in British and Foreign State Papers. Ibid, XV, 669 – 675.

[208] نەخشەیەکی باشی ئەو هەرێمانەی رووسیا بەپێی پەیماننامەکانی گولستان و تورکومانچی بەدەستی هێنابوون لەناو سەرچاوەکەی (ئێدوارد هێرتزلت) دا هەیە (پێرشیەن تریتاین) لە نێوانی لاپەڕەکانی (١٢٠ – ١٢١) یە. ناوچەی نەخشیڤان لەناو نەخشەکەی ئاپچسندا بە ناوی (ناکیچڤان)ە، سپێڵی ئەم سەردەمەی ئەم ناوە ئێستە بەم شێوە یەیە(Nakhichevan):
Times Atlas of the World, Webster's New International Dictionary.

[209] Aitchison, op. cit., XII, Appendix VI, PP. XXVII- XXXIII

نوێنەری دیپلۆماتیەتی ئێرانیشی لە رووسیا دیاریکرد. لەگەڵ ئەمانەشدا بەڵێنی پاراستنی ژیان و ماڵ و موڵکی هەریەکەی هاوڵاتیانی هەردوو وڵاتەکە لەناو هەرێمە هەموارکراوەکانیشدا درا.

بەڕاستی رێکەوتننامەی (تورکومانچی–١٨٢٨) دەروازەی ململانەیەکی ئەنگلۆ – رووسیی لەناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەهەروەها رێکەوتننامەی (ئادریانۆپڵ– ١٨٢٩)یش سەرەتای ململانەیەکی لەناو ناوچەی رۆژهەڵاتدا بەگشتی بەرپاکرد. پاشتریش و تا کۆتایی سەدەکە پێشێلکارییەکانی رووسیا بەرامبەر بە هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا هەر روو لە زیادبوون بوو. بە هەمان شێوە بەرەنگاریکردنی بریتانییەکانیش لە بەرامبەر فراوانبوونی کاریگەریی رووسەکان بەرەو باشووری رۆژهەڵات گەشەی دەکرد.[٢١٠]

هیند کەوتبووە سەر رەوتی سەرگەردانی، بۆیە میسۆپۆتامیا وەك یەكێك لە سەرەكیترین ئامانجەكانی بەرچاوی هیندستان، یەكسەر لەچاوی بریتانییەكاندا گریمانێكی تایبەتیی وەرگرت. لە هەوڵیاندا بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم ئامانجە زیندووە و بۆ پووچەڵكردنەوەی هەر جووڵەیەكی رووسیا بەرەو رووی، بریتانیا دەستی دایە یەكێك لە سەرنجڕاكێشترین پرۆژەكانی ناو مێژووی ئیمپریالیستی. بەناوی ئەنجامدانی روپێوێكی گشتیی دۆڵی دوو رووبارەوە بڕێكی زۆری داتا و زانیارییان لەبارەی ئەم هەرێمەوە كۆكردەوە.

٢. دەریاوانیی بریتانییەکان لەناو دیجلە و فوراتدا

وا ناوی رووسەکان دەبرێ، کە لە ساڵی (١٨٢٩)دا سەرەکیترین لایەنی تاقیکەرەوەی وڵاتی هیندستان بووبن:

---

210 لەبارەی ململانەکانی نێوانی رووسیا و بریتانیاوە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم کتێبانەی خوارەوە باشترین سەرچاوەن:
Curzon's , Russia in Central Asia, Bougler's England and Russia, and H. C. Rawlinson's England and Russia in the East (London, 1857)
هەروەها ئەمانەیش چەند سەرچاوەیەکی تری بەهادارن و ئەوەی کۆتایی هەمووشیان تا ئێستە کۆمەڵێك زانیاریی و روونکردنەوەی بە بەهای تێدایە، کە کەڵکیان ماوە, ئەگەرچی بە فرزوولەوە هیچ کامی ئەم پێنج سەرچاوەیە وا باس لە میسۆپۆتامیا ناکەن، کە کایەیەکی ململانەکردنی نێوانی ئەو دوو مێزە گەورەیە بووبێت:
Rambaud's The Case of Russia, and Arminius Vambery's The Coming Struggle for India (London, 1885)

"رووسەکان ئێستە کەشتیی هەڵمییان هەیە لەناو ئاوەکانی ڤۆلگا و دەریای قەزویندا، ماوەیەکی کەمی تر دەبینی لەناو ئاوەکانی ئۆراڵ و ئۆکزاسیشدا دەیانبێت و بەپێی هەرچی گریمان هەیە لەناو دیجلە و فوراتیشدا دەیانبیّ، هەرشتێك شایانی کردن بێت، ئەوانە لە ئاسیادا دەیکەن و ئێمەیش بە دەستی سپییەوە لێی دەردەچین"[211] ئەم بەیانە جوانە کاتێك راگەیەندرا، کە پێشنیاری ئەوە بۆ هیندستان کرا، کە دەبیّ بەرەڤانی و بەرگری لە فورات بکات و دەبێتە کۆنترین بەڵگە لەسەر دەرکەوتنی ململانەی ئەنگلۆ- رووسی لەناو میسۆپۆتامیادا و بەگشتییش لەناو هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە سالانێکی درەنگی بیستەکانی (١٨٢٠) دا کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندستانی بریتانی پرۆژەیەکی بەربڵاوی پەیوەندیکردنی(هاتووچۆی) لەناو میسۆپۆتامیادا لەبەرچاوگرت و زۆری نەبرد ئەو پرۆژەیەی ئەو بووە هۆی دەرکەوتنی سەرەتای سیماکانی ململانەیەکی ئەنگلۆ- رووسی لەناو میسۆپۆتامیادا. ئەم پرۆژەیە پاشکۆیەکی رێگە کۆنەکەی (سەری ئومێدی باش) بوو بەرەو هیندستان، شتێکی نویّ بوو، دەتوانرا بۆ رۆشتن بەرەو میسر و بەرەو میسۆپۆتامیاش بگیرێتەبەر.[212] هاندەرەی دروستکردنی ئەم رێگایە ئەوەبوو، کە تازە وزەی هەڵمی لەناو رێگای هاتوچۆی ناو ئاودا خرابووە گەڕ. کەشتییە هەڵمییە سەرەتاییەکان بۆ هاتوچۆی ناو رووبارەکان و کەناری دەریاکان لەبار و کرداری بوون، نەك بۆ ئەو گەیشتە دەریاییە ماوە درێژانەی، کە دەبوو کەشتییەکان بەدەوری ئەفریقادا پێچ بکەنەوە. لەگەڵ هاتنی کەشتیی هەڵمی و قاتیرەدا گەشتی خێرا و ئاراستەگیر بوونە خەونێکی گرنگ.

لەمەوە ئیتر ئارەزوویەکی وا پەیدابوو، کە یەکسەر ئاراستەی بازرگانییە پڕسوودەکەی نێوانی ئینگلتەرە و هیندستان بگۆڕدریّ و بە کەشتیی هەڵمین ئەنجام بدریّ، بەناو دەریای سپیی ناوەڕاستدا، یان خوارتر و بەناو دەریای سووردا بۆ رووباری فورات و ئەمجا بەرەو کەنداوی فارسیش. لەباری پێشوودا دەبوو کاڵاکان بەسەر زەویدا و بەناو خاکی باشووری میسردا بگوێزرێنەوە، هەروەها پاشتر دەبوو لەمیانەی باکووری سوریاوە بگوێزرێنەوە. بەڵام بۆچوونەکان وابوون، کە لە هەرکامی ئەم دوو رێگایەوە

---

[211] Parliamentary Papers, 1834, No. 478, Appendix I, P. 10.

[212] ئەم رێگەیە لەگەڵ سەرەتای سەدەی حەڤدەدا دەتوانرا هاتوچۆی پێدا بکریّ، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ١٥-١٦.

بەڕێوەبچێت، بازرگانیکردنی نێوانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەباشی رووی لە گەشە کردبوو، تێچوونیشی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووبۆوە. بۆیە پێش ئەوەی هەر هەنگاوێکی نوێی تر بنرێت، دەبوو لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاریی ورد بۆ ڕێگە ئەلتەرناتیڤەکان بکرێ، ئەمە کارێکی پێویست بوو.

ملازم (فرەنشیس راودن چیزنەی– ١٧٨٩ – ١٨٧٢) یەکێکی ئەو کەسانەبوو، کە سەودایی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی بەرایی و رووپێوییان هەبوو. ئەم کابرایە بۆ بەشداریکردن لە شەڕی سالی (١٨٢٩)ی دژی رووسەکان هاتە تورکیا[٢١٣] لەبەرئەوەی کەم تا زۆر روانینی هەر وەکو روانینی ولاتەکەی خۆی وابوو لەبارەی ئەو شەڕەوە.. هەر کە ئەو شەڕە کۆتایی هات، ئەو گەیشتە ئەوێ و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا متمانەی پێبەخشرا و دەستی دایە ئەو کارەی، کە ماوەی تەواوی ژیانی خۆی پێیەوە سەرقال بوو. لەلایەن بالوێزی بریتانیا لە ناو تورکیا (سێر ڕۆبەرت گۆردن) وە راسپێردرابوو، کە لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ ئەنجامدانی ڕێگای بەرەو هیندستان لەنێوانی ڕێگاکانی میسر و فوراتدا بکات.[٢١٤] ئەمیش بە خۆشحالییەوە ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو پەسەندی کرد و راستەوخۆ ملی ڕێگای گرت بەرەو میسر. لەوێ چاوی بە چەند هاوکارێکی کەوت، کە لەبارەی پرۆژەکەیەوە ڕێنوێنیی زۆریان پێدا.

هەر پێش ئەوەی ملازم چیزنەی لە میسرەوە بەرەو فورات بکەوێتە جوولە، بریتانییەکی تر گەشتێکی چوارسالەی سەرکێشی و گەڕانی بەدرێژایی ئەو رووبارەدا کۆتایی پێهێنا. ئەم کابرایەش ملازم (هـ. ئۆرمسبای)بوو، گەشت و پرۆژەکەشی هێندە تایبەت بوو، کە وایلێکرد لەنێوان سالانی(١٨٢٦ – ١٨٣٠)کارەکەی خۆی لە دەریاوانیی هیندستاندا بەجێبهێلێت. لەوێوە ناوەکەی لەناو لیستی دەریاوانیدا سڕدرایەوە، بەلام کاتێک، کە ئەنجام و دەستکەوتەکانی گەیشتەکەی ئاشکرابوون، سەرلەنوێ بە خۆشحالییەوە دانرایەوە. (Memoir on the Rivers of Mesopotamia، and

---

[213] پاشتر ئەم کتێبەی نووسی:
The Russo- Turkish Campaigns of 1828- 1829: with a View of the Present state of affairs in the East (second ed., London, 1854) ئەم کتێبە زۆر ناوازەیە، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی گۆشەنیگای بەرپرسە هاوچەرخەکانی ئینگلیزی ئەو سەردەمەی تێدایە. بەرگریکردن لە تورکیاو لە دژی رووسیا بەپێویست دەزانرا، بۆئەوەی سەلامەتیی هیندستان بپارێزدرێ، بۆ نمونە بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٤٤ – ٣٤٧.

[214] Hoskins, H. L. , British Routes to India (Philadelphia, 1928), 148 – 149.

ڕۆمانسیەتی (Narrative of a Journey Across the Desert from Hit to Damascus). ئەم گەیشتەی لەلایەن یەکێکی هاوڕێکانی خۆیەوە بۆمان دەگێڕدرێتەوە، کە ئەویش (وێلّستد)ە و ناونیشانی باسەکەی ئەمەیە (Travels to the City of Caliphs) واتە (چەند گەشتێك بۆ شاری خەلیفەکان) ئەم کارانە هەر ئەوە نەبوون، کە ریکلام (جاڕدان) بۆ کارەکانی (ئۆرمسبای) بکەن، بەڵکو چاوی سەرنجیشیان خستە سەر کارە گرنگەکەی (چیزنەی)یش.[215]

کارە دەستپێشخەرییەکەی (چیزنەی) بەشێوەیەکی سەرەکی لە نێوانی حوزەیرانی ساڵی (١٨٣٠) و حوزەیرانی (١٨٣١) دا بەدرێژایی رووباری فورات تا کەنداوی فارس ئەنجامدراوە. لە دوو نامەی یەك لەدوای یەکدا، کە بە بەرواری (١٨٣١/١/٢٥) و (١٨٣١/٦/٣) نووسیوونی (سێر رۆبەرت گۆردن) ی لەبارەی بەرەوپێشەوەچوونی کارەکانی خۆیەوە ئاگادار کردۆتەوە. یەکەمین نامەیان لە (بەغدا) وە نووسراوە، کە بەغدا نیوەی رێگەکەی بەرەو باشووری بووە و دووەمیشیانی لە (شوستەر) وە نووسیوە، کە شارێکی باشووری رۆژهەڵاتی ئێرانە و دەکاتە دواوێستگەی رێگەی گەیشتەکەی.

تائەوکاتە (چیزنەی) یش چەند چارتێك(نەخشەیەك) ی بەسوودی ئامادەکردبوو برێکی باشی زانیارییشی کۆکردبووە.[216] لەناوەڕاستی ساڵی (١٨٣١) دا دۆزینەوە و ئاشکراکردنە سەرەتاییەکانی تەواو بوویوون و ئامادەش بوو بە راپۆرت بیاندات بە بەرپرسیارانی خۆی لە لەندەن. گەشتی گەڕانەوەی بەرەونیشتمانی بەناو ئێران و تورکیادا دەست پێکرد و لە دەورووبەری کۆتایی ساڵی (١٨٣٢) دا گەیشتەوە بریتانیا.

کە گەڕایەوە پرۆژەیەکی تایبەتی لە خەیاڵدا بوو. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە تایبەتییەکانی خۆیەوە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی، کە فورات گونجاوە و کەڵکی بەکارهێنانی دەریاوانیی هەڵمی دەگرێ. ئامانجیشی ئەوەبوو ئەم بیرەی خۆی کارپێبکات، چونکە پێیوابوو، کە گرنگیی ئەو شتە تەنها هەر بۆ کۆمپانیاکەی رۆژهەڵاتی هیندستان نابێت، بەڵکو بۆ نیشتمانی دایکیشی گرنگ دەبێ. کە گەڕایشەوە ئەو داتایانەی لە دەستیدا هەبوون، بە وزەی ماندونەناسانەی خۆیەوە پشتگیریی لێکردن و کاریگەربوونیشیانی سەلماند و بەرپرسیارانیشی پێ قایل کرد. لەماوەی ساڵێکدا

---

[215] Low, C. R. History of the India Navy (2 vols., London, 1877) 32.
[216] Parliamentary Papers, 1834, No. 478, App. 50- 98.

ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی هیندستان و حکومەتی نیشتمانەکەشی تەواو دڵنیابوون لەوەی ، کە شتەکانی تەواو و ڕێك بوون.

ڕۆژی (٣/ حوزەیران/١٨٣٤) لەناو بریتانیادا ئەنجومەنێك پێکهێنرا بۆئەوەی خەملاندنی بەراوردکاری بۆ بڕی تێچوونەکانی ڕێگاکانی میسر و فورات بەرەو هیندستان بکەن.[٢١٧] بڕێکی زۆری زانیاریی گرانبەها لەلایەن ئەنجومەنەکەوە لەبارەی ئەو پرۆژەیەوە کۆکرایەوە و بەناوی (Parliamentary Papers، No. 478) ەوە بڵاو کرایەوە. بێگومان زۆرترینی گەواهیدانەکانی ناو ئەم بەڵگەنامەیە لەبارەی فوراتەوە ئەوانەی (چیزنەی) بوون، بەڵام لەلایەن گەواهیدەرانی ترەوە دیسان گێڕدرابوونەوە.

لەڕۆژی (١٤ ی تەمموز) دا ڕاسپاردەیەکی دەرکرد، داوای دەکرد، کە :"بە زووترین کات و کەمترین دواکەوتن بوودجەیەکی بیست هەزار پاوەندی ئیستەرلینی لەلایەن پەرلەمانەوە تەرخان بکرێ بۆ خستنەبەرکاری ئەو تاقیکردنەوەیە"[٢١٨] بەپێی ڕێوشوێنی لەبەرچاوگیراو ڕاسپاردەکە پەسەندکرا و خانەی هیندییش لەلای خۆیەوە بڕی (٥٠٠) پاوەندی خستە سەر بڕە پارە داواکراوەکە.

چیزنەی خۆشحاڵ بوو بەوەی، کە خۆی ڕوپێوی و پێوانە بنچینەیی و پێویست و یەکلاییکەرەوەکانی ئەنجام داوە، بۆیە بەپەلە بوو لە خستنەگەڕی پرۆژەکەدا.

مۆتیفی ڕوونی "تاقیکردنەوەکە"، کە کۆمەکی پەرلەمان و خانەی هیندیشی بەدەستهێنا بریتی بوو لە ڕاکێشانی ڕێگایەکی نزیك و ئاسانی بازرگانیکردن لەنێوانی بریتانیا و هیندستاندا. لە زۆربەی ئەو گەواهیدان و ڕاپۆرتانەدا، کە دەگەیشتنە ئەنجومەنە پەرلەمانییەکە هەر جەخت لەسەر هەمان ئەم شتە دەکرایەوە. ئەگەرچی ئەمەیان یەکێك بوو لە دوو مۆتیفی سەرەکی و ئەوی تریان بریتی بوو لە دڵنیاکردنەوەی خۆیان لەبارەی هەر جووڵەیەکی ڕوسیاوە بەرەو میسۆپۆتامیا و بەرەو کەنداوی فارسی. ئەم باسەیان بەڕوونی لەلایەن سەرۆکی بەرپرسی خانەی هیندییەوە گوزارەی لێکراوە.[٢١٩] هەروەها لەپێش خانەی هیندییشەوە، بە درێژی لەلایەن خوودی چیزنەیەوە باسی لێکراوە:

---

[217] Parliamentary Papers, (1834), 3rd Series, vol. 24, P. 142.
[218] Parliamentary Papers, (1834), No.478, P. 3-4.
[219] سەرچاوەی سەرەوە , لاپەڕە ٩٥.

> ئەوە دیارە، کە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دژی هیند لەمیانەی هەر کامێکی پێنج ڕێگەکەوە بێت، یان لە سنووری ئێرانەوە بێت، دەبێ زیانێکی گەورەی لەپێناودا بدرێ، ئەگەر زیانی کەشیش بێت (مەناخ)چونکە ئەوە کاروانێکە ماوەکەی نزیکەی (٢٠٠٠ میل — واتە ٣٢١٨,٦٨٨ کیلۆمەتر) دەبێ، بەڵام لەڕێگەی فوراتەوە دەتوانین بە خێرایی و کارامانەیش سوپا بگوێزینەوە ناو گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکان، لەو ڕوانگەیەوەی، کە گواستنەوەکە لەڕێگەی فوراتەوەبێ. دیارە پرسیاری پەیوەندیکردنی خێراییش گرنگییەکی کەمی دەبێ، گەر بێین بەراوردی بکەین بە شتێکی بنچینەیی تری وەك گەلاڵەکردنی ڕێبەستێك لەبەرامبەری ڕووسیادا، کە ئەو ڕێبەستییە بەهۆی زۆر فراوانکردنەوە و بەسوودکردنی بازرگانیکردنی خۆمان و کۆلۆنییە ڕۆژهەلاتییەکانمان و عەرەبستانیش دەبێ.[٢٢٠]

ئەمانە قەواڵەکانی پشتی ئەو ڕووپێوی و ئاشکراکردنانە بوون، کە لەناوچەی میسۆپۆتامیادا لەلایەن (چیزنەی)و کەسانی تری دیار و بەرچاوی بریتانییەوە لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکانی سەدەی نۆزدەدا(١٨٣٠ — ١٨٤٠ — ١٨٥٠) ئەنجامدران.[٢٢١]

لە دەمەدەمی کۆتایی ساڵی (١٨٣٤) دا چیزنەی لە دوورگەی (ئەنتاکیا —Antioch) دەرکەوت، لەوێ سەرۆکی دەستەیەکی ئەفسەرانی پسپۆر بوو، هەرچی کەرەستەی پێویستی خۆیشیانە پێیانبوو.[٢٢٢] ئەم ستافە نارەحەتییەکی زۆریان چەشت لەوەدا، کە دەیانەویست پارچە یەدەگەکانی دوو دەزگا هەڵمییەکەی خۆیان ببەنە ناو (بیر— "بیرەجیك"—نزیکترین شوێنە لە سەرچاوەی هەڵقوڵانی فوراتەوە لەناو تورکیادا—و)، کە نزیکترین خاڵ بوو لە فوراتەوە و بۆناو میسۆپۆتامیا. ژمارەیەکی زۆر مانگایان خستە ئیشەوە بۆ گواستنەوەی هەندێ لە پارچە قورسەکان. لە (بیر) دوو دەزگا هەڵمییەکەیان

---

[220] Parliamentary Papers, (1834), No.478, Pp.19 – 20 , App. 16. 72.

[221] زانیاریی زۆرباش لەبارەی ئەم گرنگییدانانەوە لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدایە:
Low, op. cit., II, 31-50, 408 – 416.

[222] Ainsworth, W. F., A Personal Narrative of the Euphrates Expedition (2 vols. , London, 1888), "Little Officers", opposite P. XIV. Ainsworth was the Surgeon and Geologist of the Expedition. His two volumes are the best single work on the subject.

سازکرد و پێی کەوتنەڕێ بەرەو دیجلە و فورات. بۆیە ڕوپێوییە تەواوەکەیان لەڕاستیدا لە ساڵی (١٨٣٥) ەوە دەستی پێکرد و کرایەوە.

ئەو سێ ساڵەی پاش ئەوەش ، کە تیایدا ڕوپێوییەکان لەسەرخۆ بەرەو خوار و ڕووەو (بووشەهر) ی لای ڕۆژهەڵاتی کەنداوی فارس خزان، پڕبوون لە مەترسی و شتی خۆش و کاری قوورس. چەندان نەخشەی ورد و زانستییانە ئامادەکران، دیدار لەگەڵ خێڵەکان ئەنجامدرا و زانیاریشیان لەبارەوە کۆکرایەوە. ڕانانی پڕبەها لەبارەی خاك و خەڵکەکانەوە کۆکرانەوە، بڕێکی باشی مێژووەکەشیان تۆمارکرا.[٢٢٣]

ئەو شتە سەرەکییەی کە سەرخستنی ئەم گەیشتەی مسۆگەر کرد بریتی بوو لە ئارامی بەرگەگرتنی زۆری ئەندامانی ستافەکە و قوربانیدانیان بوو. لەو هەڵسوکەوتانەی ئەو گرووپەدا هیچ شتێك ئەوەندەی ئەو ڕەوشت و کاردانەوەیان سەیر و سەرنجڕاکێش نەبوو، کاتێك، کە لە قۆناغە بەراییەکانی ڕوپێوییەکەیاندا بوون کارەساتێکی گەورەیان بەسەرداهات. ئەویش ئەوەبوو هەندێك لە سەرووی (عانە) وە ، یەکێکی دەزگا هەڵمینەکەیان (دیجلە) بە هۆی باهۆزێکی سەختەوە نوقم بوو، چەند کەسی تێدا مردن و بەشێکی زۆری پارە و کەرەستەی گەیشتەکەشیان ژێر ئاو کەوت.[٢٢٤] ئەوانەشی بە زیندوویی مانەوە بوێرانە کارەکەی خۆیانیان درێژە پێدا.

---

223 لە دوو بەرگی یادەوەریئامێزدا , کە پڕن لە هێڵکاری و نەخشەی جوان، چیزنەی چیرۆکی گەشتەکانی خۆیی گێڕاوەتەوە، بۆ بینینیان بڕوانە:

Chesney, F. R. , The Expedition for the Survey of the Rivers Euphrates and Tigris, carried on by order of the British Government, in the Years 1835, 1836, and 1837 (2 vols., London 1850)

.ئەم کارە بۆخۆی ئینسایکلۆپیدیایەکە و لەبارەی تەولوی ناوچەکانی نێوانی دەریای سپیی ناوەڕاست و ئیندیزە. یەك لەسەر سێی تەواوی لاپەڕەکانی ئەو ئینسایکلۆپیدیایە، کە (١٣٦٢) لاپەڕەیە تەرخان کراون بۆ باسی دەستکەوتەکانی گەشتەکەی. دوو بەرگەکەی تری (Euphrates Expedition) ی نوسینی (ئیناسۆرس) ئەگەرچی گرنگییەکی کەمتریان هەیە، بەڵام ئەوانیش بەهای خۆیانیان هەیە و گرنگن بۆ تەواوکاریی ئەم کارەی چیزنەی.

224 خەملاندنی ڕەسمیی چیزنەی و هێڵکارییەکانیشی لەبارەی ئەم ڕوداوەوە لەناو سەرچاوەکەی (لۆ) دا هەیە:

Low, op. cit., II, 38- 40.

لۆ نوسیویەتی ئەم کەشە ترسناکە بووە هۆی تیاچوونی دوو ئەفسەر و سیانزە کەسی ئەورووپی و پێنج هاووڵاتیی ئەوێ . بەڵام ئەم زیانانە بەهیچ شێوەیەك نەبوونە هۆی پەکخستنی سووربوون لەسەر تەواوکردنی ڕوپێوییەکە و ئەوەی فوراتیش هەر بەردەوام بوو تا -سەرکەوتن بەدەستهات، سەرباری لەدەستچوونی یەکێك لە هەڵمییەکانیش بە چەند ئامێر و کۆگای گرانبەها و بەشێکی زۆری گرووپەکە و هەموو پارەکانیش.

سەرباری سەلیقەداری و سووربوونی چیزنەی و هاوڕێکانیشی گەیشتەکەیان ئامانجە سەرەکییەکەی خۆیی نەپێکا. لەڕێگەی روپێوییە ئاگا و هەستیارەکانیانەوە بۆیان دەرکەوت، کە فورات بەپێی سروشتی خۆی کەڵکی دەریاوانی ناگرێ. بۆیە لەمەوە چیزنەییش ناچار بوو، کە بیروباوەڕەکانی پێشووی خۆی بگۆڕێت و بڵێت بەڕاستی فورات رێگایەکی گونجاو نییە بۆ بازرگانیکردنی نێوانی هیندستان و ئینگلتەرە.

بەڵام هێشتا شتێك لە کاری ئاشکراکردنەکە مابۆوە، کە تەواو بەڵگەدار و پێویست بو بۆ درێژەپێدان. کاتێك، کە لە ساڵی (١٨٣٧) دا (چیزنەی) گەیشتە بووشەهر و لەوێوە گەڕایەوە بۆ لەندەن بۆئەوەی دووایین راپۆرتی خۆی پێشکەش بکات،[225]، کە رۆشت یەکێك لە ملازمەکانی لای خۆی، کە (هـ. ب. لینچ–Lynch) بوو کردی بە سەرۆکی دەزگای هەڵمیی فورات. لینچ لە سەرەتاوە بۆئەوە هاتبوو کار لە ئاشکراکردنی دیجلەدا بکات، رێیەریی هاتن و چونی بەرەوژور و بەرەوخواری ناو ئەم روبارەی کردبوو. هەر لە سەرچاوەکەیەوە تا ناو بەغدا و بە هەمان شێوەیش تا ناو (دەریای عەرەب) لە (١٨٣٧ – ١٨٣٩) پێوابووی. بۆیە لە دەوروبەری ساڵی (١٨٤٠) دا ئەم لینچە و چەند ئەندامێکی تری خێزانەکەی خۆی کۆمپانیایەکی دەریاوانیی بازرگانیکردنیان لەناو دیجلەدا دامەزراندبوو.

سەرباری ئەمانەش ئاشکراکردن و روپێوییەکانی چیزنەی و لینچ هەر بەردەوام بوو لەساڵانی (١٨٤٧ تا ١٨٥٣) پاشکۆیەکی تریشیان بۆ پەیدابوو، کە ئەویش (قوماندار– فیلیکس جۆنز) بوو، لە هێزی دەریایی هیندەوە هاتبوو. بەغدا و دەوروبەرەکەی و شوێنەوارە دێرینەکانی بابل و نەینەوا سیستمە کۆنەکانی جۆگاکانی ئاودێری، هەموویان روپێو کران و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرا. یەکێك لە یارمەتیدەرەکانی (جۆنز)، کە ئەفسەرێك بوو ئاماژەی بە هەندێك لەو ئەستەمییە نامۆیانە داوە کە خۆی و هاوڕێکانی لەسایەیاندا کاریان کردووە. "تەواوی روپێوییەکەی بەغدا لەلایەن خۆمەوە و لەسایەی چەندان کۆت و بەندا ئەنجام دراون، وەك ئەوەی ژێریەژێر و بەبێ ئاگایی خەڵکی تر کارمان کردبێ، ئەو کاتانە دەبوو هەرشتێکم پێبێ،

---

[225]" Parliamentary Papers,1837-38, No. 356

" ژمارەیەکی باشی ئاکام و ئەنجامەکانی ئاشکراکردنەکانی چیزنەیمان پێشکەش دەکات. هەروەها ئەو پەیامە گرنگانەشی, کە پەیوەندییان بەو ئاشکراکردنانەوە هەیە پێکەوە کۆکراونەتەوە و لە لەناو "Parliamentary Papers1837, No. 540." دا بلاوکراونەتەوە

پەیوەندیی بەو کارەوە هەبێ لە کراسە سپییەکەمدا بیشارمەوە، لەو دەمەدا پێنووسێکی خۆڵەمێشیم دەست بکەوتبا باشترین شت بوو بەلامەوە، چەندجار لە شوێنی تەنگەبەردا خۆمانمان دەشاردەوە بۆئەوەی روپێوییەکە بکەین، دەبوو پەنا بۆ هەموو بەهانەیە ببەین، بۆئەوەی گومان لە دەوری خۆمان نەهێڵین."[226]

لە ساڵی (١٨٥٥) دا کە جۆنز وەك نیشتەجێی بریتانیا لە (بووشەهر) دانرا، (کۆماندار سێلبی) لە جێگەکەی ئەو وەك روپێوکار لە میسۆپۆتامیا دانرا و هەر لەناو فەرمانگەکەی ئەوەوە تا ساڵی (١٨٦٢) بەردەوام بوو لە روپێوکردن. سەرەکیترین بەشەکانی روپێویکردنەکەی ئەم بریتی بوو لەرێگای نێوانی بەغدا و سامەڕا، بەدرێژایی روباری دیجلە. ماوەی کارکردنەکەی ئەم سی ساڵی پڕ لە چالاکیی بەرچاوی بریتانیی ناو میسۆپۆتامیای بەخۆیەوە بینی (١٨٣٠ - ١٨٦٠)و لەم ماوەیەشدا هەرێمەکە روپێویی کرا و بە کردەوەش کایەی کارایی بریتانیا گەڕێنرایەوە ناوی.

٣ . میسۆپۆتامیا، وەك کایەیەکی کاریگەریی بریتانیا

بەلێککگیربوونی هەلومەرجەکان، ساڵی (١٨٣٠ - ١٨٣١)سێ گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی، کە شایانی تێبینیکردنن و هەریەکەشیان کاریگەریی خۆیی هەبووە لەسەر بەهێزکردنی کاریگەریی بریتانیا لەناو میسۆپۆتامیادا. یەکەمیان ئەوەبوو لەمانگی کانوونی دووەمی (١٨٣١) دا شەپۆلی مەملووکییەکان لەناو میسۆپۆتامیادا بە کۆتایی خۆی گەیشت و وڵاتەکەش خزایە ژێر قەڵەمڕەوی راستەوخۆی ئاستانەوە. دووەمیشیان ئەوەبوو بیرۆکەی بەکارهێنانی روباری فورات وەك رێگایەکی کورتی بەرەو هیند پەسەند کرا و سەرەتای کارەکانی خستنەگەڕیشی لەلایەن (چیزنەی) یەوە بەگەڕخرا. سێیەمیشیان ئەوەبوو بێخەمی لەلایەنی روسیاشەوە پەیدابوو، چونکە ئەویش تەنها بەو دەستکەوتە شوومانەی خۆی لە شەڕەکانی دژی ئێران و تورکیاوە (١٨٢٨ - ١٨٢٩)بەدەستی هێنابوون، وازی هێنا.

(لەوانەیە)یەکەمین ئاماژە لەرێگەی راپۆرتی رەسمییەوە بۆ کاریگەرییەکانی بریتانیا لەناو میسۆپۆتامیادا، ئەوەبێ، کە لەلایەن (چیزنەی) یەوە لە بەروارێکی زووی ساڵی (١٨٣١) لە بەغدا ئامادەکراووە. ئەوەتا بە متمانەوە دەڵێت: "کاریگەریی ئێمە لەئێستادا لە پاشالیکی "بەغدا"دا زاڵ و بەرچاوە"[227] ئەم قسەیە بەپێی رووکەش کراوە

[226] Low, op. cit., II, 409n
[227] Parliamentary Papers, 1834, No. 478, App. 16, PP 71-72

و زیادەڕەویی تێدایە و ناکامڵیشە. لەوانەیە هەموو ئەوشتانەی لەو وتەیەیدا چیزنی مەبەستی بوو بێت ئەوەبێ ویستبێتی بڵێت، کە ژیان و موڵکەکانی بریتانییەکان لەوێ پارێزراون و لەمەودوا ناچارناکرێن پارەی زۆر بۆ ئەرکی پاراستنی خۆیان بدەن. ئەوەشمان لەیادنەچێ، کە ئەمەش دەستکەوتێکی سەرکەوتنی دیپلۆماتییانەی بریتانییەکان بوو بەسەر دوواین پاشای مەملوکییەکاندا، بۆیە ئیتر تا چاوبڕیکات، حوکمکردنی ئەوان باش بوو.[228]

لەنێوانی سالانی (١٨٣٠ – ١٨٦٠) دا کاریگەریی بریتانیا لەناو میسۆپۆتامیادا بەخێرایی گەشەی کرد، دیارە ئەو گەشەکردنەش تەنها لەڕێگەی ئەو ئاشکراکردن و ڕوپێویکردنە پڕ تێچوونانەوە نەبوو، کە تا ئێستا باسمان کردن، بەڵکو لەڕێگەی گەلاڵەکردن و پێکهێنانی "کۆمپانیای دەریاوانیی هەڵمیی فورات و دیجلە" و بڵاوکردنەوەی هەواڵی خەونی ڕاکێشانی پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنین (هێڵی شەمەندەفەر) یشەوە بوو. وەك ڕامانگەیاند، بوونیادنانی کۆمپانیا دەریاوانییەکە، یان وەك ئەوەی لەناو خەڵکداپێی ناسراوبوو بڵێین "کۆمپانیای لینچ" ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ڕوپێوکردن و ئاشکراکردنەکان بوو.

(هێنری بلۆوز لینچ) ئەو کەسە بوو، کە لە فەرمانڕەواییکردنی فوراتدا جێگەی چیزنەیی گرتەوە و لەسالانی (١٨٣٧ – ١٨٣٩) دا چەندجار ڕوپێویی ڕوباری دیجلەشی کرد. تاسە و سەوداییەکی زۆری لەبارەی هەلەکانی بازرگانیکردنی تەك میسۆپۆتامیاوە هەبوو. بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەم بوو (تۆماس کێر لینچ)ی برای لەگەڵ خۆی وئەندامانی تری خێزانەکەیدا لە دەوروبەری ساڵی (١٨٤٠) دا خانەیەکی بازرگانی کردنیان لە بەغدا دامەزراند.[229]

کاتێك، کە حکومەتی هیندی ڕایگەیاند نیازی وایە(فورات)و یەکێکی تریش لە کەشتییەکانی خۆیان (بەڕێزیان–مەسرز) لە میسۆپۆتامیا بکشێنێتەوە، خانەکە کەوتە خۆسازدانی دەست بەکاربوون. لینچ بڕیاریدا ئەو دوو کەشتییەیان لێبکرێت و بیانخاتە ناو چالاکیی بازرگانیی خۆیانەوە. لەبەر زۆر گرنگیی ستراتیجیەتی پڕۆژەکە حکومەتی هیندیش بڕیاریدا پەسەندی بکات و ڕێوشوێنی گواستنەوەکەیان دەستی پێکرد و

---

[228] سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٨٢ – ٨٦.

[229] Fraser, David, The Short Cut Route to India: the record of a Journey along the route of the Baghdad Railway (London, 1909), 245- 256; Hoskins, op. cit., 423 – 425.

لەناوەڕاستی چلەکانی (١٨٤٠) دا کەشتییەکان تێکەڵێ کارەکە کران. دەزگاکەی لینچ دوو هەڵمییەکەیان لەبازرگانی کردندا خستەگەڕ. لەپڕ بازرگانی کردن گەشەی کرد و لە ساڵی (١٨٦٠) دا بەرپرسیارانی بریتانیاش دانیان بە شێوەکارەکەی (بەڕێزان) دا نا. لینچیش بوو بە "لینچی کۆمپانیای دەریاوانیی هەڵمیی فورات و دیجلە". دەوروبەری دەساڵێ پاشتر دوو کەشتییە هەڵمییە کۆنەکەش گۆڕدران بە دووانی نوێتر و لە بریتانیاوە بەڕێگای کەناڵە تازەکراوەکەی "سویس" دا هێنرابوون و کۆمپانیاکەش بەردەوام بوو لە کارکردن و سەرکەوتن و بەردەوامیی کارەگرنگەکەی خۆیی درێژە پێدا.

ئەم کۆمپانیایە لەسەرەتاوە کارەکانی خۆیی بەشێوەیەکی یاسایی و بەپێی ئیمتیازی فەرمانێك دەست پێکرد، کە لەسەر داوای حکومەتی بریتانی و بە بەهانەی ئاشکراکردنە بەناوبانگەکەی "چیزنەی" لە مانگی کانوونی یەکەمی (١٨٣٤) دا لەلایەن ئاستانەوە دەرکرابوو.[230] ئەم فەرمانە بۆ هەموو فەرمانڕەوا و دادوەرەکانیش بوو، بە درێژایی ڕێگای فورات، کە دەبوو هیچ لەمپەرێك نەهێننە ڕێگای دەریاوانی و ئاشکراکردنەکانی بریتانییەکان لەناو ئەو ڕووبارەدا. بەڵام فەرمانەکە هەر ناوی فوراتی هێنابوو، ئاماژەی بۆ دیجلە نەکردبوو، کەچی بەڕێزانی بنەماڵەی لینچ تەواوی دەریاوانی و بازرگانیکردنی خۆیان و چالاکییەکانیان تەرخان کردبوو بە ڕووباری دیجلەوە و بەپێی فەرمانەکەی ساڵی (١٨٣٤) ئەوەشیان بە مافێکی دەستوریی خۆیان دەزانی.

دەمێکی زۆر درەنگتر پاش ئەوە و لە ساڵی (١٩٠٧) دا "دێڤد فرێزەر" دەڵێ: "هێندەی من توانیبێتم ئاشکرای بکەم، هیچ ئاماژەیەك بۆ ڕوباری دیجلە لەئارادا نەبووە و تا ئەمڕۆیش نییە. کۆمپانیاکەی لینچ بەپێی فەرمانێك دەریاوانی لەو ڕووبارەدا دەکەن، کە ئاماژەی بۆ ڕوبارێکی تر کردووە، بەڵکو لەوەش واوەتر ئەو فەرمانە مەبەستی لە بنەماڵەکەی لینچ نەبووە، بەڵکو بۆ حکومەتی بریتانیا بووە"[231]

بۆ تێگەیشتن لەم سەروبن پێکردنە نالۆژیکییە مرۆڤ دەبێ بیر لەوە بکاتەوە، کە بەرپرسیارانی تورك لە ئیستانبوڵ زانیاری و تێگەیشتنی کەمیان لەبارەی جیۆگرافیا و کاروباری ناوخۆی میسۆپۆتامیاوە هەبووە. بۆیە بەلای ئەوانەوە چالاکییەکانی چیزنەی و هەموو ڕوپێوکارانی تر و هەروەها ئەوانەی کۆمپانیاکەی لینچیش هەر هەمان شت

---

[230] Parliamentary Papers, 1837, No. 540, P.5.

و دەقی ئەم فەرمانەش لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدایە:
Aitchison, op. cit., XIII (1909), 16 – 17; Hertslet, Commercial Treaties, XIII, 838 – 839.

[231] Fraser, op. cit., 256.

بووە. هەروەها رەنگە بەلای ئەوانەوە هیچ جیاوازییەکیش نەبوویێت لەوەدا، کە ئایا بریتانییەکان لە یەك روباردا دەریاوانی دەکەن، یان لە هەردووکیاندا؟ ئەگەرچی لەسەرەتاوە رێگەپێدانەکەشیان هەر بۆ یەك رویار کردبوو، کە ئەویش فورات بوو.

چەند ساڵ پاش ئەوەی، کە بریتانییەکان جەختی چالاکییە بازرگانییەکانی خۆیانیان خستبووە سەر دیجلە، رۆژی (١٣/ سێپتێمبەر/ ١٨٤٢) وەزیری گەورەی عوسمانی فەرمان بە پاشای حەڵەب دەکات یارمەتیی کەشتییە هەڵمییەکانی بریتانیا بدات "بۆ مەبەستی بازرگانی تێداکردن روباری فورات بەکاربهێنن".

ناوی دیجلە و هەروەها فوراتیش، کە پێکەوبن و لەبەردەم هاتوچۆی هەڵمییە بریتانییەکاندا بکرێنەوە، بۆ یەکەمین جار لە نامەیەکدا هاتووە، کە لە بەرواری (٤/٢ نیسان/١٨٤٦)دا وەزیری گەورە بۆ پاشای بەغدای ناردووە. ئەم دوو بەڵگەنامەیە و دەقی رەسەنی فەرمانەکەی ساڵی (١٨٣٤) هەموو پێکەوە لە نامەیەکی گشتگیردا، کە لە بەرواری (١٥/ ١ کانوونی دووەم/١٨٦١) دا لە وەزیری گەورەوە بۆ پاشای بەغدا نێردراوە جەختیان لەسەر کراوەتەوە.[٢٣٢]

دووایین نامەکە ئەو بەڵگانەی تورکیای تێدابوو، کە لەبارەی مەسەلەکەوە بوون و بۆ ئەوە برابوون بەپێی ئەوانە جەخت لەسەر چالاکییەکانی کۆمپانیا دەریاوانییەکەی لینچی پێبکرێتەوە. بەدڵنیایش نە ناوی لینچیان تێداهاتبوو، نە کۆمپانیاکەشی، بەڵکو جەخت کردنەوەکەی لەسەر بریتانییەکان بوو. مافی ئەوەی پێدەدان خزمەتگوزاریی دەریاوانی لە هەردوو رووباری فورات و دیجلەدا دابمەزرێنن. دەبوو ئەو خزمەتگوزارییەش تەنها بە دوو دەزگای هەڵمین بچێ بەڕێوە، کە بنکە سەرەکییەکەشیان لە بەغدا بووە. ئەوەش شتێکی سەیرە، بەڵام هەڵەیەکی گرنگیش نییە، کە بەڵگەنامەکەی ساڵی (١٨٦١) بە هەڵە وا باس لە بەغدا دەکات، کە شوێنەکەی بەسەر روباری فوراتەوە بێت. شتێك، کە لەمە گرنگتربێت ئەوەبوو بەڵگەنامەکە مەرجی ئەوەی دانابوو، کە دەبێ ئەو دوو دەزگا هەڵمییە، جیا لە هەر دەزگایەکی تری بێگانە سیستمێکی باجدانی میانڕەوانەیان لەسەربێت و نزمتر لەوەی، کە هەموو کاڵاکانی ناویشیان بۆ بەرژەوەندیی تورکیا بێ. هەموو ئەم ئیمتیازاتانەی، کە کۆمپانیای دەریاوانیی هەڵمیی فورات و دیجلە لێی

---

[232] دەقەکان لەم سەرچاوەیەدان:
Hertslet, Commercial Treaties, XIII, 839 – 840, 845 – 846.

بەهرەمەند بوون و بەدەستیان هێنا، کەمتر بوو لەوەی، کە خۆیان ساڵی پێشووتر لەرێگەی بریکارە شارەزاکانی خۆیانەوە بەدەستیان هێنابوو.

لە سی ساڵی پێش ئاشووبی شەڕی جیهانیدا چالاکییەکانی کۆمپانیاکە چوونە ئاستێکی زۆر گرنگەوە و لەهەمان کاتدا رکەبەریی راستەقینەشیان لەلایەن هاوڵاتیانی ناوخۆوە بۆ دروست بوو.[٢٣٣] ئەگەرچی هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر پتەوبوون و گەشەکردنی کاریگەرییەکانی لەناو میسۆپۆتامیادا، نەك بۆ دامەزرانی سەرەتای کاریگەرییەکە. هەمیشە بەڕێزانی لینچ توانیویانە حساب لەسەر ئەوە بکەن، کە حکومەتی بریتانی پاراستنیان مسۆگەر دەکات. بوونی ئەو بەریەککەوتنەی ئەمان لەگەڵ بەرپرسانی ناوخۆیشدا، کە وایکردبوو ئەمان داوای پاراستنی خۆیان لە حکومەتی بریتانی بکەن، هەرگیز و بەهیچ شێوەیەك کەمی نەدەکردەوە. چونکە بەریەککەوتنەکە بە کاوەخۆیی بەڕێوەدەچوو، بەڵام مایەپووچیش بوو، چونکە حکومەتە ناوخۆییەکە پێی نەدەکرا رکەبەریی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا بکات، بەهۆی ئەوەوەی کۆمپانیاکە کاڵا و کەشتیی زۆری هەبوو، رکەبەرییەکەی نێوانیان ناهاوسەنگ و نادادپەروەرانە بوو. کاتێکیش لە ساڵی (١٨٨٣) دا حکومەتە ناوخۆییەکە هەوڵێکی دا بۆئەوەی بڕێك لە چالاکییەکانی کۆمپانیاکە کەم بکاتەوە، بە یەك نارەزایی دەربڕینی "حکومەتی خاوەن شکۆ" هەوڵەکەی پەکخرا.[٢٣٤]

با جارێکی تریش بیڵێینەوە، کۆمپانیاکەی لینچ ئەنجامێکی ئاسایی هەڵمەتی روپێویکردن و ئاشکراکردنەکانی سەر دوو رووبارەکە بوو. ئەو چالاکییانەی کە خۆیان لە بنەڕەتەوە بۆئەوە بوون، کە رێگایەکی کورت لە ئینگلتەرەوە بەرەو هیند دابمەزرێنن و بەناو فوراتدا بڕوات، ئەوەش بۆ ئەوە بوو گریمانی سەرهەڵدانی هەر جۆرە جوڵەیەکی رووسی بەو ئاراستەیەدا بنەبڕ بکەن. لەساڵی (١٨٣٧) دا ئاشکراکردنەکانی چیزنەی ئەوەیان سەلماند، کە فورات رێگەیەکی گونجاو نییە بۆئەوەی ببێتە کایەی

---

[233] لە کۆتاییەکانی سەدەکەدا هاتوچۆی ناو رووبارەکە بەشێوەیەکی باش زیادی کرد، هۆکاری ئەمەش بەرۆونی زۆربوون و گەشەکردنی رەوشی بازرگانیکردن بوو لەگەڵ میسۆپۆتامیادا. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
Hall, W. H. (ed.), Reconstruction in Turkey (New York, 1918, 86 -87; Geographical Journal, XLI, 246 – 248.)

[234] Moberly (ed.), The Campaign in Mesopotamia, I, 44; Mesopotamia, Handbook No. 63, P. 30 . On July 28, 1868, the company was granted the right to own real estate anywhere in Mesopotamia. See Hertsle, Edward, Turkey(London,1875),75-77.

خزمەتگوزاریی هەمیشەیی بەلەمە هەڵمییەکان، بەڵام ئاشکراکردنەکانی دیوەکەی تری مەبەستەکەیان بە تەواوەتی سەرکەوتوو بوو. لەم رووەیانەوە بڕێکی زۆر گەورەی زانیاریی گرانبەهایان کۆکردەوە، کە وەك شتێکی گریمانەیی دەتوانرێ لە دژی هەر گریمانێکی هێرشکردنی رووسیا سودی لێ ببینرێ. هەر لە بەر ئەم هۆیەیان بوو، کە پشکنینە بەردەوامەکانی سەر روباری دیجلە هەر بەڕێوەبوون و دەکران، ئەگەرچی ئەم روبارەیان هەرگیز ئەو سیمایەی لێ دەرنەکەوتووە، کە وەك رێگایەکی سەرەکی بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ هینددا بەکاربێت.

بەرژەوەندیی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا یەکەم جار و سەرەتایش هەر ستراتیجییانە بووە. بەرژەوەندیی ئابووریی بریتانی لەم وڵاتەدا، لەگەڵ ئەو گریمانەیەشدا، کە لە ساڵی (١٨٨٠)وە گرنگییەکی گەورەتری وەرگرتووە، هەرگیز لەوە کەمتر نەبووە، کە ئامانجێکی ستراتیجییانە بووبێت. ئەم راستییانە کاتێك باش ئاشکرابوون، کە کەوتنە ئەنجامدانی تاقیکردن... سەر فورات بۆئەوەی بزانن بۆئەوە گونجاوە ببێتە رێگای بەرەو هیند، جارێکی تریش بەوە توختربۆوە، کە باسی پرۆژەی هێڵی ئاسنینی فورات هاتەپێشەوە. ئامانجی ئەم پرۆژەیەیان ئەوەبوو هێڵێکی سکەی شەمەندەفەر دابمەزرێنرێ، کە لە شوێنێکی کەناری ئاویی سوریاوە دەست پێبکات و بە دۆڵی فوراتدا بڕوات و لەوێشەوە بچێتە خوارەوە بۆسەر خاڵێکی کەنداوی فارس. بەمەش دەریای سپیی ناوەڕاست و زەریای هیندی پێکەوە دەبەستێتەوە.ئەم پرۆژەیە یەکەم جار لە ساڵی (١٨٥٧) دا هێنرایەپێشەوە، ئەو کاتەی، کە "هەڵگەڕانەوەکەی سیپۆی" دەستی پێکرد(هەڵگەڕانەوەی سیپۆی، واتە شەڕی رزگاریخوازیی هیندستان١٨٥٧ – ١٨٥٩ و) و "شەڕی قرم" یش بریتانیای ناچارکرد بیر لە رێگایەکی خێراتری دەستگەیشتن بە هیندستان بکاتەوە، بۆئەوەی ئیمپراتۆریاکەی خۆیان لەناو رۆژهەڵاتدا لە دەستی رووسەکان بپارێزن. بەڵام سەرباری ئەوەی بە هەڵپەش بوون بۆی و پسپۆرانیش هاندەربوون لەبارەیەوە، کەچی نەتوانرا لە زەمینەی واقعدا جێبەجێ بکرێ. چونکە دامەزرانەکەی پێویستی بە کۆمەکی حکومەت هەبوو، ئەو کۆمەکەش دەست نەدەکەوت. حکومەتی بریتانی نە نیازی ئەوەی هەبوو خەرجیی پرۆژەکە دابین بکات[٢٣٥] و نە ئامادەش بوو بەشداری لە دابینکردنی لایەنە ئابوورییەکانی جێبەجێکردنیدا بکات.

---

[235] باسێکی پوخت و باشی لێکۆڵینەوەی هێڵی ئاسنینی دۆڵی فورات لەناو ئەم سەرچاوەیەدا هەیە:
Hoskins, op. cit., 331 – 342, 446 – 450.

هەریەکەی (لۆرد پالمەرستن) و (سەرەك وەزیران) یش خۆیانیان دابووە دەستی ئەو گوشارانەوە، کە ناپلیۆنی سێیەم دروستی کردبوون و ناپلیۆنیش لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا نەبوو، هێڵێکی ئاسنینی بریتانی بەناو سوریادا رابکێشرێ. لەبەرئەوەی خەڵکە فەلەکانی ئەو ناوچەیەی دەبوو هێڵەکەی پێدابڕوات لەژێر چەتری پاراستنە بەناوبانگەکەی فرەنسییەکاندا بوون و خودی هەرێمەکەش بە کایەیەکی ژێر کاریگەریی باڵادەستی فرەنسییەکان دەزانرا. چونکە پەیوەندییە ئەنگلۆ- فرەنسییەکان لەو دەمەدا هێندە باش بوون، نەدەکرا بە دروستکردنی پرۆژەیەکی خەملێنراوی لەو شێوەیە، کە نیمچە سادەیشە، زیانی پێبگەیەندرێ. لە کاتی شەڕی (قرم) دا (١٨٥٤ - ١٨٥٦) بریتانیا و فرەنسا سوپای هاوبەشیان هەبوو، لە دژی روسیا شەڕیان دەکرد. درەنگتریش لە ساڵی (١٨٦٠) دا "پەیماننامەی بازرگانیی کۆبدین" لەنێوانی ئەم دوو وڵاتەدا بۆ بەهێزکردنی هاورێیەتییەکەیان گرێدرا.

ئەم پرۆژەیە بۆماوەی نزیکەی پانزە ساڵ پەکیکەوت. بەڵام وادیارە لەو دەمەدا، کە(لۆرد پالمەرستن) جارێکی تر بۆتەوە بە سەرەك وەزیران(١٨٥٩ - ١٨٦٥)جارێکی تر پرۆژەکەیش گرنگیی خۆیی پەیداکردۆتەوە. لەو کاتەدا بەشێوەیەکی کاتی و زۆر بە گرنگییەوە کەناڵی سویس بونیادنرا و لەرۆژی (١٨٦٩/١١/١٧) دا کرایەوە. لەبەرئەوەی، کە تازە کرابۆوە وا دەزانرا یەکسەر و بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە پێویستبوونی کرنەوەی ئەو پرۆژەی هێڵە ئاسنینەش دەهێنێ. بەڵام هاندەرانی پرۆژەکە هەر نائومێد نەبوون، دەیانگووت ئەو کەناڵە لەوە لاوازترە بۆ شتێکی وا گرنگ پشتی پێببەسترێ و هەر دوژمنێك دەتوانێت بە نوقمکردنی یەك دانە یان لە دانەیەك زیاتری کەشتییەك تێیدا پەکیبخات. لەرووی خێرایی پەیوەندیکردنەوە هێڵە ئاسنینەکە باشتر و کاراترە لە کەناڵەکە. دواجار کەناڵەکەش پرۆژەیەکی فرەنسی بوو.

بۆیە کاتێك، کە بانگەشەکارانی پرۆژەکە لە ساڵانی (١٨٧١ - ١٨٧٢) دا دووەمین هەڵمەتی سەرەکیی خۆیانیان دەست پێکردەوە، کەناڵی سویس تاکە گرفتی بەردەمیان بوو، کە جەختی لەسەر بکەن، بۆیە چالاکانە مامەڵەیان لەتەکدا کرد. لەمە تێپەڕبێت، هەموو بەهانەهێنانەوە درێژو گشتگیرەکانیان، هەر ئەوانە بوون لە کاتی یەکەمین هەڵمەتیاندا بەکاریان هێنابوون. ئەوان دەیانگووت بونیادنانی ئەو هێڵە ئاسنینە گرنگییەکی زۆر گەورەی دەبێت بۆ بریتانیای مەزن. رێگەی بەرەو هیند کورت دەکاتەوە. دەبێتە رێگرێکیش لەدژی ئامبازبوونی رووسیا بە میسۆپۆتامیا. دەبێتە

هانده‌ری بازرگانیکردنی بریتانیا له‌گه‌ڵ ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستیشدا.[236] جارێکی تریش جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه کرایه‌وه، که به‌شداریکردنی حکومه‌ت بۆ سه‌رخستنی پرۆژه‌که پێویسته، به‌ڵام دیسان ئه‌م پێشنیاره‌ش هه‌ر ره‌تکرایه‌وه. حکومه‌تی بریتانی ئاماده‌نه‌بوو به‌رگه‌ی ئه‌و مه‌ترسیه بگرێت، بۆیه هه‌ڵمه‌تی دووه‌میشیان سه‌رکه‌وتنێکی له‌وه‌ی یه‌که‌میان زیاتری به‌ده‌ست نه‌هێنا. بۆیه پرۆژه‌که هه‌ر وه‌ك پێشنیار مایه‌وه، تا له سالانی(١٨٨٠)کاندا، به په‌یدابوونی پرۆژه‌یه‌کی هێڵی ئاسنینی به‌غدا، که له‌لایه‌ن ئه‌ڵمانیاوه بوودجه‌ی دابین ده‌کرا، ئه‌و هه‌ڵوه‌شێنرایه‌وه.

خه‌مڵاندنی ئه‌وه‌ی که بوونی ئه‌و پرۆژه‌یه ئه‌گه‌ر ئه‌نجام بدرایه، تاچه‌ند مایه‌ی سوودگه‌یاندن ده‌بوو به بریتانیای مه‌زن، شتێکه له ده‌ره‌وه‌ی ئامانج و کایه‌ی کارکردنی ئه‌م چیرۆکه‌ی ئێمه‌وه‌یه. به‌رژه‌وه‌ندیی ئێمه له‌هێنانه‌وه‌ی ئه‌م باسه‌دا له‌وێدایه ئه‌و مشتومڕه درێژانه‌ی پێ بهێنینه به‌رباس، که له‌ناو خه‌ڵکه کاربه‌ده‌ست و کاراکانی ناو بریتانیادا له‌باره‌ی ئه‌و پرۆژانه‌وه کراون، که ویستراوه له‌رێگه‌یانه‌وه میسۆپۆتامیاش ببرێته ناو کایه‌ی کاریگه‌ریی بریتانیاوه و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی بریتانیای له‌ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا پێ سه‌ربخرێ.

"سێر . و . پ. ئه‌ندرێ" له سالّی (١٨٧٧) دا ووتویه‌تی "بیست ساڵ به‌سه‌ر ئه‌وه‌دا تێپه‌ڕیوه، که گه‌وره‌ترین و کاریگه‌رترین شاندی نێردراو له‌باره‌ی ئه‌م پرۆژه‌یه‌وه گوشاریان خسته سه‌ر لۆرد پاڵمیرستن. پاشان له سالّی ١٨٧١ و ١٨٧٢ یشدا کۆمیته‌یه‌ك پێکهێنرا، که ئه‌ندامه‌کانی له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی گشتییه‌وه هه‌ڵبژێردرابوون و له‌لایه‌ن وه‌زیری دارایی ئێستاشه‌وه سه‌رۆکایه‌تیی ده‌کرا، هات جه‌ختی له‌سه‌ر هه‌موو هه‌له‌کان کرده‌وه و پاشان داواشی کرد پرۆژه‌ی بوونیادنانی هێڵی ئاسنینی دۆڵی فورات ده‌ست پێبکرێ، ده‌ست پێکردنه‌که‌ی له به‌نده‌رێکی سه‌ر ده‌ریای سپیی ناوه‌ڕاسته‌وه بێت و ببه‌سترێته‌وه به به‌شی سه‌ره‌وه‌ی که‌نداوی فارسه‌وه، حکومه‌تیش له‌باره‌ی بڕیاری خۆیه‌وه پشتی به به‌ڵگه‌کانی ئه‌م که‌سانه به‌ستبوو: لۆرد ستراتفۆرد دی رێدکلیف، لۆرد

---

[236] Parliamentary Papers, 1871, No. 386; 1872; No. 322; 1872, No. c 534.

-یه‌که‌مین و دووه‌مینی ئه‌م به‌ڵگه‌نامانه که‌ره‌سته‌یه‌کی به‌ڵگه‌نامه‌یی باش له‌باره‌ی هێڵه ئاسنینه‌که‌ی دۆڵی فوراته‌وه پێشکه‌ش ده‌که‌ن. ئه‌وه‌ی دووه‌میان تاکه به‌ڵگه‌ی تێر و ته‌واوه له‌باره‌ی ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌وه. سێیه‌میان (ئه‌وه‌ی ژماره س. ٥٣٤) بریتییه له کۆی راپۆرته کۆنسڵییه‌کانی تایبه‌ت به رێنماییکردن له‌باره‌ی پرۆژه‌ی هێڵه ئاسنینه‌که‌وه.ئه‌م سێ نامانه په‌رده‌پۆشی حسابی ته‌واوی پرۆژه‌که ده‌که‌ن، له هه‌ڵمه‌ته‌که‌ی پێشووی سالّی (١٨٥٧)یه‌وه.

ستراتنارین، سێر بارتڵ فرێر، سێر دۆناڵد مەکلیود، سێر هێنری گرین، مستەر، س ، لاینگ و سێر هێنری تایلەر، کە ئەمانە هەموویان لە دەستەکەی ژەنەراڵ چیزنەیی ئاشکراکەری سەرەکیی رێگاکە بوون. لەگەڵ دوو ئەفسەری تری پشکینکار، کە ئەوانیش "ئەدمیراڵ چارلۆود، ر، ن." و "مستەر، و، ئاینسۆرس" بوون و هەروەها هاوکارەکانیشیان بریتی بوون لە "سێر جۆن مەکنەیڵ"، "مستەر تێلفۆرد مەکنەیڵ" و "مستەر ماکسوێڵ، س. ی"یش، کە کاری روپێوییەکانی کردوە و لەبارەی چەندین خاڵی سەختی ناو ئیشەکەشەوە راپۆرتی ناردووە."کاپتن فلیکس جۆنز" کە روپێویی تەواوی رێگەکەی کردووە لەسەرووی کەنداوی فارسەوە تا دەریای سپیی ناوەڕاست. ئەگەر بڕیاری ئەم رێگەیە لە دەستی خەڵکانێکی تری جگە لە بریتانیادا بووایە، بۆنمونە وەکو رووسیا، ئەوا دەکرا کەناڵی سوێس بگۆڕدرایە و رێگەکەش رادەکێشرا و بەناو ئێرانیشدا درێژەی پێدەدرا بۆ بەلوچستان و لەوێشەوە بۆ هیند دیارە ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو هەموو زرێپۆشە بریتانییەوە لەناو کەنداوی فارسدا کارێکی ئاسان دەبوو."[237]

زۆریی ژمارە و بەرزیی پلەی ئەو کەسانەی یارمەتیدەری پرۆژەکە بوون، زۆریی مشتومڕو نووسینە پەرلەمانییەکان لەبارەیەوە، زۆریی وانەکان و ئەو چالاکییانەی تریش، کە پەیوەندییان پێوەی هەبوو، تێکچڕژاویی ئەو راگەیاندن و بانگەشانەی لەبارەی میسۆپۆتامیاوە پێکهاتن، وایان کرد، لەناو هەموو ئەو شوێنانەی تردا، کە لەژێر کاریگەریی بریتانیادا بوون، تەنها میسۆپۆتامیا لەناو وڵاتی بریتانیادا سەودایەکی باشی لەبارەوە پەیدابێ. بۆیە سەرنەکەوتنی پرۆژەکەش بەمانای پاشەکشە کردنی ئەو سەودایە نەهات. زۆرجار باسمان کرد، کە ئەو کەسانەی، کە لەناو سەرکردایەتیی حکومەتی بریتانیدا بوون، لەوانەشە بەهۆی سەرسەختییانەوە بوویێ، کە لەو بڕوایەدابوون، لەوانەیە ئەو پرۆژەیە ئەو بودجەی نەهێنایە، کە بۆ جێبەجێکردنەکەی پێویست بوو. رۆژی (١٠/ئاب/ ١٨٥٧) دا لۆرد پالمەرستن ووتی: " وەك ووتم، بە ئەركی سەرشانی خۆمم زانیوە_ئەگەرچی وەك خەڵکێکی ناپسپۆر و بێ پیشەوەرییش قسەی تێدادەکەم_ ، کە من پێموایە پلانەکە شتێکی خەیاڵییە، لەبەرئەوەیە من لەوبڕوایەدابووم

---

[237] Andrew, India and Her Neighbors, 298.For names and titles of that "Largest and most influential deputation" which pressed the project upon Lord Plamerstone, in 1857, see Ibid, 368 – 369.Valuable documentary excerpts on the Euphrates Railway, are in ibid, Appendix E, 368 – 379. Sir W.P. Andrew was the originator of the project, and the Chairman of its promoters. His works are the best on the subject.

لە رووی بازرگانییەوە مایەی خۆی دەرناهێنێتەوە و ناڕەزاییەکی سیاسییانەی توند دەهێنێتەئاراوە. "[238]

ئەو ئەدەبیاتە زۆروزەوەندەی لەبارەی یارمەتیدانی پرۆژەکەوە بە بەرهەم هاتوون گومانێکیان لەوەدا نەهێشتۆتەوە، کە میسۆپۆتامیا چ گرنگییەکی بۆ بەرگریکردن لە ئیمپراتۆریای بریتانی و پەیوەندییە ئیمپراتۆرییەکانیشی هەبووە. بەڵکە لەوەش زیاتر نوقڵانەی ئایندەیەکی ئابوریی باشیشی هەبووە بۆ وڵاتەکە و لەوانەش بوو بەشدارییش بکات لە سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئاڵوگۆڕێکی باش لە بازرگانیی ئینگلیزی، میسۆپۆتامیاییدا. بۆیە لەگەڵ سەرنەکەوتنی پرۆژەکەدا بەهانەی بوونی بەرژەوەندیی رێگایەکی خێرای پەیوەندیکردن و بازرگانییش لەمیانەی میسۆپۆتامیاوە ئەو کێش و قورسییەی نەما. بەڵام لەڕووی بەرگریکردن لە ئیمپراتۆریاکەوە ئەم ناوچەیە هەر هێز و بەهانەی گرنگی خۆیی هەبوو.

"بەهای سەربازی و سیاسییانەی هێڵی فورات، بۆ هەموکاتێك بابەتێکی گرنگە و پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە بەرگریکردن، نەك تەنها هەر لە تورکیا، بەڵکو بۆ ئێران و تەواوی ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوانی دەریای سپیی ناوەڕاست و ، قەزوین و زەریای هیندیش دەبێ وەك گرنگترین شوێن چاوی لێبکرێ. "

مەبەست لەم ووشەی "بەرگریکردن" ەی لەم پەرەگرافەدا بەکارهێنراوە، رێگرتنە لە گریمانی هەر دوژمنکارییەك لەلایەن رووسیاوە دەربکەوێ و لەساڵی(١٨٧٧) دا لەلایەن (سێر. و. پ. ئەندرێ) وە بەکارهێنراوە،[239] و پێشتریش هەر لەلایەن خـــــــــــۆی و

---

[238] ئەو وشانە لەلایەن نوسەرەوە هێڵیان بەژێردامێنراوە: بڕوانە:

Parliamentary Debate, 3rd series, CXLVII, 1681

. گلادستن ماوەیەکی زۆر بەشداریی مشتومڕەکانی ناو پەرلەمانی کردبوو، بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی سەرەوە، مشتومڕە درێژەکانی ناوو پەرلەمانی ساڵانی (١٦٥٢ – ١٦٨٢) ئەم کابرایە لەکاتی بەڕێوەچوونی دووەمین هەڵمەتی پرۆژەکەدا سەرەکوەزیران بووە. بەڵام هەڵسوکەوتی ئەمیش لەوەی پاڵمەرستن باشتر نەبووە و ئەمیش هەر خەڵکێکی ناپسپۆر بووە و ناپیشەوەرانە قسەی تێداکردووە. سەرسەختتییەکەشی لە رێگەگرتن لەو تەرخانکردنی کۆمەکی حکومی بۆ پرۆژەکە لە پاڵمەرستن کەمتر نەبووە.

[239] Andrew, op. cit., 327 – 328.

هاوكارەكانيـەوە لەسـاڵی (١٨٥٧) دا بانگەشـەی بـۆكراوە.[٢٤٠] ئـەوە درێژدادرپيـەكی بێزاركارانە دەبێ، گەر بێين، هەموو بۆچوونی ئەو "پسپۆڕان"ە، بهێنينە ناو باسەكەوە، كـە لـەبارەی ئـەم كێشە زينـدووەوە هـەمان بۆچـوونيان هـەبووە. خـوودی ئەنـدرێ وا راهـاتبوو بۆچـوونی بەرپرسـيارێكی سـەربازی دووپـات بكاتـەوە، كـە (فێلـد مارشـاڵ لێفتنەنت- بارۆن كوهن ڤۆن كوهننفێڵد)ی وەزيری جەنگی نەمسابوو.

له دەمێكی زووی ساڵی (١٨٥٨) دا ڤان كۆهننفێڵد لەم رووەوە قسەی خۆيی كردبوو.[٢٤١] وتبووی، كه سەرەكيترين چالاكيی فراوانخوازيی رووسيا لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆئەوەيـە بگاتـە ناوچـەی كەنداوی فارسـی. ديـارە هـەوڵ بۆئـەوەش دەدات، لەرێگـەی ئامبازبوونی بە قۆناغەوە بەم ئامانجەی خۆی بگات. ئەو دەيەوێ هەرێمـە ئەرمەنييـەكان بلكێنێ بە خاكی خۆيەوە، بەسەر كيڤ و بوخارادا زاڵ ببێ، قەڵەمڕەوی خۆی بگەيەنێتـە باكووری ئێران. ئەمجا لەوێشەوە يـەكێكی ئـەم رێگايانـە دەگرێتەبـەر بـۆ گەيشتنە نـاو كەنداوی فارسی:

١. رێگای قارس بەرەو دۆڵی فورات و كەنداوی فارس.

٢. رێگای ئەريڤان، لەدەرياچەی وانـەوە بـۆ موسـڵ و بـەناو دۆڵـی روبـاری ديجلـەدا، بـۆ ميسۆپۆتاميا و لەوێشەوە تێكەڵی ئەو رێگەيەی يەكەم دەبێتەوە بەرەو بەغدا.

٣. رێگای تەبرێز بۆ شوستەر لە دۆڵی كەرەچەوە و لەوشوێنەوەی، كە دەگات بە

٤. ئەو رێگايەی دەگاتەوە بەتاران، لە ئيسفەهانەوە بۆ شوستەر و ئـەمجا لەوێشەوە بـۆ كەنداوی فارس.

---

[240] Ibid, 372 – 375: "Letter form W. P. Andrew Esq. to the Right Hon Viscount Palmerstone , K. G.," London, Jine 30, 1857

ئەم تێبينييە گرنگە لە كۆتايی ئەم نامەيەدا دەردەكەوێ:"من پێويستە بڵێم, كە بە گشتی بڕوام وايە، كە بەدڵنياييەوە ئەو رێگای فوراتە، ئەگەر لەلايەن بريتانياوە رەتكرايەوە، دەكەوێـە دەسـتی خـەڵكانی تـرەوە" ئـەوەش روونـە، كـە ئـەو دەسـتانەی ئـەم باسـی كـردوون دەسـتی ئەڵمانييـەكان بـووە، نـەك رووسەكان.

[241] قسەكەی بە درێژی لەو سەرچاوەيەی پێشوودا هەيـە: لاپـەڕەكانی ٣٢٨ – ٣٣٠. پـێش نوسينيشی خودی ئەندرێ ئەم ووتەيەی ئەمی لە وانەيەكيدا وتبۆوە، كە لە پەيمانگای يـەكگرتووی خزمـەتگوزاريی پاشايی لە مانگی مايسی (١٨٧٣) دا پێشكەشی كردبوو. هەروەها بڕوانە :
Andrew, W. P., Euphrates Valley Route to India, in connection with the Central Asian and Egyptian Questions; Lecture delivered at the National Club on the 16th June, 1882 (London, 1882), 57 – 59.

بەبۆچوونی (کومننفیڵد) ئەمانە گرنگترین هێڵەکان بوون، بۆ رووسیا، کە بتوانێت لێیانەوە بچێتە کەنداوی فارسی و پێیوابووە ئەو دووانەیان کە بە میسۆپۆتامیادا تێپەڕ دەبن گرنگیی تایبەتیان هەبوو. ئەمانە هەر ئەوە نەبوون بگەنە دەریاکانی باشوور، بەڵکو بناغەیەکی باشیشیان پێ دادەنرا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو تەواوی ئەو هەرێمەدا، کە دەکەوتە نێوانی دەریای سپیی ناوەڕاست، قەزوین و زەریای هیندییەوە.

ئەم خاڵە لە کرۆکدا گرنگییە ستراتیجییەکەی میسۆپۆتامیا بوو بۆ بریتانیای مەزن. زاڵبوون بەسەر ئەم هەرێمەدا ئارەزوویەکی گەورەی بریتانیابوو، بەڵام ئامادەیی بریتانیا لەوێدا، بۆ شکست پێهێنانی گریمانی هەر پاڵنەر و هەڕەشەیەکی رووسی بەرەو ئەو ناوچەیە پێویستییەکی راستەقینەبوو بۆ خۆیان . چونکە ئەگەر بوار بدەن روسیا شوێن پێیەك بۆ خۆی لەکەناری دوو رووبارەکەوە پەیدابکات، ئەوا ئەولەویاتەکانیان لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەرژەوەندییەکانیان لە کەنداوی فارسی و لەسەرووی هەمووشیانەوە بوونی خۆیان لەناو ئیمپراتۆریا هیندییەکەیاندا بەشێوەیەکی ترسناك دەکەونە بەر مەترسی. ئەم بیروبۆچوونە لە دەوروبەری ساڵی (١٨٣٠)یەوە لەلای بریتانییەکان گەڵاڵە بوبو، لە سێ دەیەی پاشتردا گەشەی کردبوو، بەماوەیەکی کەمی پاش شەڕێ قرمیشەوە، لە ساڵی (١٨٦٠) دا بە توندی گەڵاڵە بوبو.

لەو دەمەدا ئیتر شتەکان بەبیردا هاتنەوە و سەرلەنوێ بەخێرایی داوای پرۆژەی هێڵەئاسنینەکەی فوراتیش کرایەوە و سەرکەوتووانە روپێوکردن و ئاشکراکردنە خەرجیخۆرەکان بە درێژایی فورات و دیجلە دەستی پێکردەوە، "کۆمپانیای دەریاوانیی هەڵمیی فورات و دیجلە"سەرەتای کەوتنەوە چالاکیی خۆیی دەست پێکردەوە. لەمیانەی ئەم چالاکییانەوە میسۆپۆتامیا بە کردەوە گەڕایەوە ناو کایەی کاریگەریی بریتانییەکان و وەك نەریتی باویش زەمینەکانی ئەم کایەی کاریگەرییە بریتی بوون لە : بەرژەوەندی، ئیمتیاز، پێشەنگی، و هەموویشی لەلایەن دەسەڵاتێکەوە ئاسانکاریی بۆ دەکرا، کە پێیدەگوترا: فەرمانڕەوایی پاشەڵ.[242]

---

[242] سەرچاوەیەکی باشی تاوتوێکردنی "کایەی کاریگەری" بریتییە لە :
Fredrick L. Schumann's, in the Encyclopedia of the Social Sciences, XIV, 297 – 299.

Persian Gulf (Handbook, London, 1920) Official

Prentout, H, L'Ile de France sous Decaen (Paris, 1901)

Puryear, V. J., International economics and diplomacy in the Near East; a study of British commercial Policy in the Levant, 1834-1853 (London, 1935)

Rawlinson, H. C., England and Russia in the East (London, 1875)

De Rialle, Girard, An attempted French embassy to Persia under the auspices of Cardinal Richelieu, including an unpublished instructions by Louis XIII for a French embassy to Persia , Asiatic Quarterly Review, 2 ser., vols. 1-2 (January, 1891)

Roberts, P. E., History of British India (Oxford, 1938)

Schuyler, Eugene, Peter the Great, 2 vols. (New York, 1884)

Shupp, F. P., The European Powers and the Near Eastern Question, 1806- 1807 (New York, 1931)

Strandes, Justus, Die Portugiesenzeit von Deutsch- und English-Ostafrika (Berlin, 1899)

Susa, Nasim, The Capitulatory regime of Turkey; its history, origin, and nature (Baltimore, 1933)

Sykes, Percy, A History of Persia, 2 vols. (2nd ed., London, 1921)

Vambery, Arminius, The Coming Struggle for India (London, 1885)

Watson, R. A., A History of Persia, from the Beginning of the Nineteenth Century to the Year 1858 (London, 1866)

Wilson, A. T. The Persian Gulf (Oxford, 1928)

Foster, William, England's Quest of Eastern Trade (London, 1933)

Fournier, A. , Napoleon I (London, 1914)

Fraser, David, The Short Cut Route to India, the record of a Journey along the Route of the Baghdad Railway (London, 1909)

Fraser, Lovat, Some Problems of the Persian Gulf (London, Central Asian Society, 1908)

Hall, W. H., Reconstruction in Turkey (New York, 1918)

Hoskins, H. L., British Routes top India (Philadelphia, 1928)

Huart, Clement, Historie de Baghdad dans les temps moderns (Paris, 1901).

Hutton, James, The Shirley brothers, The Asiatic Quarterly Review, IV (1887)

Jorge, Nicolae, Geschichte der Europaischen Staaten, IV; Geschichte dẻs Osmanischen reiches, 1774-19171 (Gotha, 1911).

Keller, A. G., Colonization (Boston, 1908).

Longrigg, S. H., Four Centuries of Modern Iraq (London, 1925)

Low, C. R., History of the Indian Navy, 2 vols. (London, 1877)

Mesopotamia, (Handbook No. 63, London, 1920- Official)

Miles, S. B., The Countries and Tribes of the Persian Gulf, 2 vols. (London, 1919)

Miller, William, The Ottoman Empire and its Successors, 1801-1922 (London, 1936)

Moberly, F. J., (comp.), The Campaign in Mesopotamia, 1914-1918, 4 vols. (London1923 - 1927) Official.

Mowat, R. B. The Diplomacy of Napoleon (London, 1924)

Pelissie, du Rausas, G. , Le Regime des capitulations dans 1' Empire Ottoman, 2 vols. (Paris, 1902-1905)

2. Secondary Sources

Andrew, W. P., India and her Neighbors (London, 1878).

----------, Euphrates Route to India, in connection with the central Asian and Egyptian Questions (London, 1882).

Auzout, A., La France et Muscate aux XVIII eme et XIX eme Siecles; Revue d' Historie Diplomatique, XXIII (Paris, 1909).

Birdwood, G. C. M., Report on miscellaneous old records at the India office (London, 1891)

Boulger, D. C. , England and Russia in Central Asia, 2vols. (London, 1879)

Bruce, John, Annals of the Honorable East India company, 3 vols. (London, 1810)

Colquhoun, Archibald R., Russia against India: The Struggle for Asia (New York and London, 1900)

Coquelle, P., Napoleon and England, 1803 – 1813 (English Translation by Gordon Knox, London, 1904)

Coupland, R., East Africa and its Invaders: from the Earliest times to the death of Seyyid Said in 1856 (Oxford, 1938)

Curzon, G. N., Russia in Central Asia, in 1889, and the Anglo-Russian Question (London, 1889)

-----------, Persia and the Persian Question, 2 vols. (London, 1892)

Deutsch, H. C., the Genesis of Napoleonic Imperialism (Harvard University Press, Cambridge, 1938)

Dodwell, H. H. (ed.), The Cambridge History of the British Empire, vol. IV, British India 1479- 1858 (Cambridge, 1929).

Esptein, M., The Early History of the Levant Company (London, 1908)

Farley, J. Lewis, Turkey (London, 1866)

= = , 1871, VII, No. 386
= = , 1872, IX, No. 322
= = , 1872, XLV, No. c 534

b. Contemporary Memories, Narratives, etc.

Ainsworth, W. F. , A Personal Narrative of the Euphrates Expedition, 2 vols. (London, 1888)

(Anonymous) review of Lord Valentina's , G. V., Voyages and Travels, 1802-1806, 3 vols. (London, 1809), the Quarterly Review (1809), II

Chesney, F. R. , The Expedition for the survey of the Rivers Euphrates and Tigris, carried on by order of the British Government, in the years 1835, 1836, and 1837, 2vols. (London, 1850)

------------- , The Russo- Turkish Campaigns of 1828- 1829: With a view of the present state of affairs in the East (second ed. , London, 1854)

Hakluyt, Richard, The Principal Navigations, Voyages, Traffiques and Discoveries of the English Nation, 12 vols. (Glasgow, 1903 - 05)

Hedges, William, Diary, 1681- 1687 (Hakluyt Society ed., London, 1887)

Kaye, J. W., The Life and correspondence of Major- General Sir John Malcolm, 2 vols. (London, 1856)

Lardner, Dionysius, (ed.), The History of Maritime and India Discovery, 3 vols. (London, 1830-31)

New Letters of Napoleon I omitted from the edition Published under the auspices of Napoleon III- English translation by Lady Mary Lord (London, 1898)

Olivier, G. A., Travels in Ottoman Empire, Egypt and Persia, "Translation from the French" (London, 1801)

Pinkerton, John, General collection of the best and most interesting Voyages and travels in all parts of the world; many of which are now first translated into English, 17 vols. (London, 1808- 1814)

Purchas, Samuel, His Pilgrims, 4 vols. (London, 1625)

Select Bibliography

1. Primary Sources

a, Documents

Aitchison, C. U. Collection of Treaties, Engagements and Sanads relating to India and Neighboring Countries, I-XI (Calcutta, 1898) , XII-XIII (Calcutta, 1909)

Authentic official documents relative to the negotiation with France (Chappell, London, 1803)

Bernhardt, Gaston de (ed.) , Handbook of treaties, etc. Relating to commerce and navigation, between Great British and Foreign powers, wholly or partially in force on July 1, 1907 (London, 1908) Official

British and Foreign State papers 1812-1828, I-XV
Great Britain, Parliamentary Papers, Miscellaneous
(22nd December, 1806)

Hertslet, Edward, Treaties and tariffs regulating the trade between Great Britain and foreign Powers, containing most-favored-nation clauses applicable to Great Britain, in force on the 1st January, 1875: Turkey (London, 1875)

---------------, Treaties, etc. , concluded between Great Britain and Persia, and between Persia and other Powers, wholly or Partially in force on the 1st April, 1891 (London, 1891)

Hertselt, Lewis (comp.), Commercial treaties, I-XIII (London, 1827 - 1877)

Noradounghiam, Gabriel, Recueil d' actes internationaux de l' Empire Ottoman, 4 vols., (Paris, 1887-1903).

Owen, S. J. (ed.) , A Selection from Wellesley's Dispatches (Oxford, 1877)

Parliamentary Debate, 1808, X
= = , 1834, 3rd series, XXIV
= = , 1857, 3rd series, CXLVII
Parliamentary History, XXXVI
Parliamentary Papers, 1834, XIV, No.478
= = , 1837, XLIII, No. 540
= = , 1837 – 38, XLI, No. 356

ژیاننامەی نووسەر

زەکی ساڵح لە رۆژی (٢٧/ئۆکتۆبەر–تشرینی دووەم/١٩٠٨) لە بەغدا، عیراق لەدایکبووە. لە قوتابخانە میللییەکانی ناو بەغدا خوێندوویەتی. لە ساڵی (١٩٢٧) دا بڕوانامەی ئامادەیی لە دواناوەندیی مەرکەزیی بەغدا وەرگرتووە.

لە هەمان ساڵدا چووەتە زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت و سوریا و لە ساڵی (١٩٣١) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە. لەنێوانی ساڵانی (١٩٣١– ١٩٣٧) لە وەزارەتی پەروەردەی عیراق کاری مامۆستایی و بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانە میللییەکانی کردووە. لە (١٩٣٧– ١٩٤١) وەك قوتابییەکی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس پەیوەندیی کردووە بە بەشی مێژووی زانکۆی کۆلۆمبیاوە لە نیویۆرك. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٣٩) دا بڕوانامەی ماجستێر و دوو ساڵیش پاش ئەوە بڕوانامەی دکتۆرای بەستهێناوە.

کامیل محەمەد قەرەداغی

هەینی ٢٠/٣/٢٠٠٩ ز

٢٩ / ڕەشەمێ/ ٢٧٠٨ ك

سلێمانی

له بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی

بەرهەمی نووسین

١-فەرهەنگی ڕێزمانی كوردی، د. كەمال میراودەلی.

٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.

٣-حركات الخوارج في غربي إقليم الجبال وشهرزور والجزيرة الفراتية:عطا عبدالرحمن محي الدين.

٤- سۆفیزم و كاریگەریی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی

٥-قضـــاء هەڵـەبجـە، دراسە في الجغرافيه الإقليميە: عطا محمد علاءالدين.

٦-رۆڵی هۆكـــارە سیاســـییەكان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا: جاسم محەمەد محەمەد

٧-پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، ١٩٩١-١٩٩٨: هێرش عەبدوڵڵا حەمەكەریم.

٨-رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەورووپاو ئەمریكا، ١٩٤٩-١٩٩١ ، نەوزاد عەلی ئەحمەد.

٩-هوشیاری كۆمەڵایەتی، فواد تاهیر سادق

١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی.

١١-إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية، د. محمد رؤوف سعيد مهندس زمناكو سعيد

١٢-بەعەرەبكردن لە هەرێمە كوردنشینەكاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحیم ئەحمەد ئەمین

١٣-تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، صلاح الدين انور قيتولي

١٤-كۆیە، كامەران طاهر سەعید

١٥-بوون لە شیعری مەحویدا، د.محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا

١٦-شێواز لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، حەمە نوری عمر كاكی

١٧- ئەرمەنۆساید، مامەند رۆژە

١٨-كولتوور و ناسۆنالیزم، د. رەفیق سابیر

١٩- بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا، د. عبدالقادر حمە امین محمد

٢٠-رستەی باسمەند لە زمانی كوردیدا، كاروان عومەر قادر

٢١- جیۆگرافیای باشووری كوردستان، د. عەبدوڵڵا غەفوور

٢٢-دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، فاتیمە قادر مستەف

٢٣- ئیدیۆم چەشنو پێكهاتنی لە زانی كوردیدا، شیلان عومەر حسەین

٢٤-شیعری ناوچەی موكریان، د. عوسمان دەشتی.

25/Report on the Sulaimani District of Kurdistan، E.B. Soane.

بەرهەمی وەرگێڕان

١-كۆمەڵكوژییەكەی دەرسیم، حوسێن یڵدرم، لە سوێدییەوە: كاوە ئەمین.

٢-جەنگی عێراق، كاپلان و كریستڵ، لە ئینگلیزییەوە: عەبدولكەریم عوزێری.

٣-یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، لە روسییەوە: د. دلێر ئەحمەد

٤-سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، ئی.بی. سۆن، لە ئینگلیزیەوە: مینە.

٥- شەرەفخانی بەدلیسی- سەردەم، ژیان، ئەمریی، یڤگێنیا ڤاسیلیێڤا، لە روسیەوە: د.ئارام عەلی

٦-ریشەی كاریگەرییەكانی بریتانیا لەمیسۆپۆتامیادا، زەكی سالح،وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: كامل محمد قرداغی

- **گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە یەكی ساڵی ٢٠٠٨**
- **گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژمارە دووی ساڵی ٢٠٠٩**